# دیوان

سەرنووسەر
**سمكۆ عەبدولكەریم**

گۆڤارێكی مانگانەی ئەدەبی و ڕۆشنبیریی گشتییە
ناوەندی هەولێری مەكتەبی ڕاگەیاندنی یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان دەریدەكات

خاوەن ئیمتیاز
**مەسعودی مەلا هەمزە**

بەڕێوەبەری نووسین
**محەمەد گۆران**

ژمارە (٢٥) حوزەیرانی ٢٠٢٣ زایینی - پووشپەڕی ٢٧٢٣ كوردی

## لەتیف هەڵمەت

ئەو، كە دیوانی خوا و شارە بچكۆلانەكەی نووسیوە، من هێشتە لە دایك نەبوومە، كە دیوانی پرچی ئەو كچە ڕەشماڵی گەرمیان و كوێستانە-م بەرگوێ كەوت من هێشتە لەتیف هەڵمەت-م وەك شاعیرێكی یاخی نەناسی بوو.
هەر لە سەرەتای دەركردنی گۆڤاری دیوان هاوڕێیەكی ئەدیب، پێشنیازی ئەوەی بۆ كردم دیدارێك لە گەڵ هەڵمەت بكەم، ئامادەش بوو، هاوكاریم بكات.
بە تەلەفۆن قسەمان كرد، ڕەتی كردەوە و گوتی بەڵێنم داوە دیدار لەگەڵ هیچ كەناڵێك نەكەم، منیش كە ئەوم بە شاعیرێكی یاخی ناسیوە، زۆر نەمهێنا و نەم برد، ڕێزم لە هەڵوێستەكەی گرت.
لەو چەند ڕۆژە لە گەڵ محەمەد گۆران بەڕێوەبەری نووسین، چووینە سلێمانی و بەبێ هیچ پەیوەندییەكی پێش وەختە ماڵەكەیم دۆزییەوە و لە دەرگام دا، من كە یەكەم جارمە پێ دەنێمە نێو حەوشە و ماڵ و كتێبخانە بێ نازەكەی لەتیف، نازانم لوتف و گوفتی چۆنە، بە ڕوویەكی خۆشەوە، یان بە دەموچاوێكی تێك چرژاوەوە دەرگامان لێ دەكاتەوە.
كەمتر لە دەقەیەك دەنگێكی میهرەبانانەی ژنێك، بە هەمان دەنگی جاران، بەر لەكردنەوەی دەرگا گوتی كێیە؟ خۆمانین هاوڕێی لەتیف هەڵمەت.
ئەوان كە لە خانوویەكی كۆنی سادە و ساكاری سەردەمی حەفتاكان و هەشتاكانی سەدەی ڕابردوو دان، داوای لێبووردنی كرد و گوتی لەتیف هەڵمەت لە نێو نوێژدایە، منیش ناتوانم لەو كۆسپەی بەر دەراگا بێمە خوارێ و دەرگاتان لێ بكەمەوە، ئەگەر دەتوانن، دەكرێ چاوەڕێی بكەن، تا لە نوێژەكەی دەبێتەوە.
بە بیستنی ئەو دەنگە میهرەبانە، گوتم هیچ كێشەیەك نییە، بەوپەڕی ڕێزەوە چاوەڕێی دەكەین.
كە دەرگاكەی كردەوە و ئێمەی بە كۆشێك گۆڤاری دیوانەوە لەبەردەم خۆی بینی، زۆر خۆشحال بوو، بەڵام هێشتە دڵنیا نەبووم فەرمووی ژوورەوەمان لێ دەكات، یان نا؟!
هەنگاوێك چووە دواوە و گوتی فەرموون. بەرەو ژووری كتێبخانەكەی ڕێنوێنی كردین، دانەنیشت تا شیرناتی و ئاویشی لە پێش دانەناین.
دوای پێدانی چەند ژمارەیەكی گۆڤاری دیوان، هەمدیسان ڕووم لێنا و داوای چاوپێكەوتنم لێ كرد، بەهەمان ئاوازی ئەوجاری دیسان ڕەتی كردەوە، منیش نامەوێت قسە لە قسەیدا بكەم، بەڵام خۆ لانی كەم دەتوانم دیدارێكی تۆمار نەكراوی لەگەڵدا بكەم
ئیدی دانیشتنەكەم كردە پرسیار و وەڵام. دەتوانم بڵێم دیدارێكی كورتی تۆمار نەكراوم لە گەڵدا كرد، ئەگەر وەك هەندێك كەس خودانی پێوەری ئەخلاقیی ڕۆژنامەوانیی نەبوومایە، دەمتوانی تۆماریشی بكەم.

سەرنووسەر

هەولێر - شەقامی ١٠٠ مەتری نزیك كۆلێژی دەرمانسازی
govaridiwan@gmail.com
(گۆڤاری دیوان) لەتیلیگرام
تیراژ: (١٠٠٠) دانە
دیزاین: ئاسۆ حەسەن ئەحمەد (٠٧٥٠٤٤٧١٨٢١)
سەرپەرشتیاری چاپ: مەهدی ئەحمەد حوسێن (٠٧٥٠٤٥٥٠٢١٣)
چاپخانەی ڕۆژهەڵات - هەولێر (٠٧٥٠٤٤٩٥٦٥٤ - ٠٧٧٠٤٤٩٥٦٥٤)

هەموو ئەو وتار و بابەتانەی لە گۆڤاری دیوان بڵاودەكرێنەوە، ڕاوبۆچوونی نووسەرەكانیانە

# لەم ژمارەیەدا


*** دۆسیە: (جەلال سەعید)**

١. دەنگە ناوازەکەی جەلال سەعید / د. هاوژین صلیوە ..... ٤
٢. جەلال سەعید .. خاوەن گەرووە ڕەسەن و خۆشەکەی قەڵاو منارە / جەمالی دەلاک ..... ٥
٣. پەیوەندی من و جەلال سەعید! / ڕزگار خۆشناو ..... ١٢
٤. سەرەتای هونەرمەند جەلال سەعید/ وریا ئەحمەد ..... ١٤
٥. جەلال سەعید .. هونەرمەندە شۆخ و شەنگەکە / تاهیر کرمانج ..... ١٥
٦. ئاشنایەتیم لەگەڵ جەلال سەعید/ ئازاد سەعید ..... ١٧
٧. جەلال سەعید هونەرمەندێکی گران و سەنگین بوو/ جەلال شاکر ..... ١٨
٨. جەلال سەعید .. دەنگێکی ئارام بەخش / قەهار شێخانی ..... ١٩
٩. جەلال سەعید: نیوەی هەولێرم بە بووک و زاوا کردووە/ هێمن ئاری ..... ٢١

*** مێژوو:**

١. وتارە بڵاونەکراوەکانی مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی (بەشی دووەم و کۆتایی) پ.ی.د.ئەحمەد باوەڕ ..... ٢٨
٢. ئەنفال لە زەمینەسازییەوە بۆ جێبەجێکردن و دادگاییکردن (بەشی سێیەم) عەلی مەحموود محەمەد ..... ٣٨

*** ئەدەب:**

١. گفتوگۆی ئەدەبیی .. گەنگەشەی ڕۆژانە – بەشی یەکەم / گفتوگۆ/ سمکۆ محەمەد ..... ٤٤
٢. کەژاڵ ئیبراهیم خدر .. شاعیرە کوردە هاوچەرخەکە/ ئیبراهیم ئەحمەد الئیعیسر– و/ ڕەفعەت عومەر ..... ٥٥
٣. نیگایەک بۆ دوو دێڕی غەزەلێکی نالی / محەمەد مێرگەیی ..... ٥٨
٤. تێکشکاندنی دەق و فانتازیای لەتبوونی خود (سێیەم و کۆتایی) عەلی شێخ عومەر ..... ٦٢
٥. تەرم / سەهەند نالی ..... ٦٦
٦. گەمەی مناڵبوونەوە / محەمەد کەریم ..... ٦٧
٧. فاکسە شیعرێک بۆ شەهیدی نەمر ئاسۆی دەلاک / سەلاح جەلال ..... ٧٢

*** ڕۆشنبیریی گشتیی:**

١. ئاراستە نوێیەکان لە هونەر و جوانیدا / د. راوية عبدالمنعم عباس – و: سەرتیپ ئاغا واحد بەگ ..... ٧٨

*** دیدار:**

١. دیداری خالید هەرکی / دیمانە: سمکۆ عەبدولکەریم ..... ٨٦

*** هونەر:**

١. شەهابەی هەولێریی / ستار محەمەدئەمین ..... ١٠٢
٢. حەیران بێژ فەرحان هەمزە کۆر / هاشم حاجی عەلی ..... ١٠٨

*** خوێندنەوەی کتێب:**

١. خانزاد .. لە ڕۆمانی خانزاد-دا / پ.د. شوکریە ڕەسووڵ ..... ١١٠
٢. خوێندنەوەیەکی ڕەخنەیانە بۆ پەرتووکی لە بارەی شیعری جاهیلییەوە / دلزار حەسەن ..... ١١٤

*** لەبری بیرەوەری:**

١. شەو لەکێوان (بەشی ١٩) د. ئەرسەلان بایز ..... ١٢٠

*** وێستگەی دیوان:**

١. (١) پرسیار (شەفیقی حاجی خدر) ئا: ئیسماعیل پەروەر ..... ١٢٨
٢. دیوانی هەولێر (ڕەفیق سینەما و سینەما سەلاحەدین) نازم دڵبەند ..... ١٣٢
٣. گۆشەی دیوان (مام جەلال لە شیعرێکی برایم ئەحمەد دەدوێت) ئا: هەڵمەت عەبدولکەریم ..... ١٣٥
٤. یەکەم بابەت (لەتیف هەڵمەت) ئا: قەلەندەر ..... ١٣٦
٥. سینەما فیلم (ڕۆمانە فیلمی لەگەڵ بادا ڕۆیشت) ئا: پەروەر ..... ١٣٧
٦. دیوانی وەرزش (یانەی وەرزشی هەولێر) ئا: پەیام فەتحوڵڵا ڕەسووڵ ..... ١٣٩
٧. ساڵۆنی لاپەرە (٩) ئا: ڕەوەست نەوزاد ..... ١٤٢

*** لاپەرە ١٤٤:**


١. بە باڵابڕین بۆ (دیوان)ی پڕ لە جووڵە بۆ؟ عەبدوڵڵا زەنگەنە ..... ١٤٤

# دۆسیە

# جەلال سەعید

## ١٩٥٣ - ٢٠١٣/١٢/١٠

بۆچی دەگری دەناڵێنی بەقەولی پەیمان شکێنی
شەرتە نەشکێنم پەیمانم ئەگەر تۆ دڵم نەشکێنی
بۆچی وات کرد چاو کەژاڵم، دڵت دەرهێنام لە ڕیشە
کارێکی وابکە بتبینم، ژینم بۆتە غەم هەمیشە
ئەو کوێستانەی دەیبینی، چەن بەناڵەو هەورازە
قاسپەی کەو دەنگی بولبول، نەغمەی شەهین و بازە
خۆشە بڕۆی بۆ سەیران، لەگەڵ بێ ئەو چاو بازە
نێوان مانگی بەهارە فەصلێکی زۆر دڵگیرە
لەهاڕەی ئەو هەولێریان کوێستانی سەر سنوورە
قاقای کیژە هەولێریان جا لە نێو گوڵاڵە سوورە



# دەنگە ناوازەکەی جەلال سەعید

جەلال سەعید خاوەن دەنگێکی خۆش و کاریگەرە، دەنگێک لەنێو هەزارەها دەنگ دەناسرێتەوە، دەنگێکە خاوەن کۆدی خۆیەتی و وا ئاسان لاسایی ناکرێتەوە. دەنگێکی شیرین لەنێو قاوغێکی تاڵدا، وەک خواردنەوەی قاوەیەکی تاڵ بە شیرینییەکەوە. لە هەمان کات هەست بەتاڵی و شیرینییەکە دەکەی و تامێکی نوێی لێ بەرهەم دێت. دەنگێک وەک تامی تاڵی و بەرامەی بادەمچە خۆش. بە زمانی عەرەبیی بەو جۆرە دەنگە دەڵێن بحە. بەحە، بەزمانی سریانی پێی دەگوترێت (قالە مەڕیلە) واتا دەنگی تاڵ لە دەنگی نووساو جیا دەکرێتەوە، بە زمانی سریانی بە دەنگی نووساو دەڵێن: (قالە حویە) واتە: دەنگی گیراو(نووساو) لەسەر پیتی(ح)شەدەیەک هەیە حئەکە جەختکردنەوەیەکی قورگی پێوەدیارە. دەنگی تاڵ، واتە لە ناخەوە ئەو دەنگە هەڵگری حوزنێکە. دەنگی نووساو ئەو دەنگەیە، کە باش دەرنابڕدرێت و ناسروشتییەکی تیا دەبینی، بەڵام بە زاراوە سریانییەکە دەنگی تاڵ نووساو نییە و جۆرێکی دیکەیە.

جەلال سەعید وەک بولبول دەیچریکاند، بۆیە دەنگی نووساو و دەنگی تاڵ جیاوازن. دەنگی جەلال سەعید پڕپڕە لە دەنگی جاویدانی، دەنگێک خاوەنی کۆدی خۆیەتی و وا بەئاسانی کلیلی بۆ نادۆزرێتەوە.




**د. هاوژین صلیوە**


من مۆسیقی نیم تاوەکو لە ڕێی پەیژەی دەنگ و جۆری دەربڕینی ئەو کەڵە هونەرمەندە بدوێم. یان بڵێم لە کام جۆری گوتن و کام مەقام، کام پەیژە دەنگی خۆشترە، بەڵام وەک گوێگرێکی بەردەوامی گۆرانی و میزیکی خۆماڵی و بێگانان بە قووڵی دەچمە بنەوان و ناخی دەقەکان و شەپۆلەکانی مۆسیقا و دەنگی خۆش بۆچەند ساتێک ڕاپێچی دونیایەکی دیکەم دەکەن. دەنگی خۆش و شیعری جوان و ئـاواز و مۆسیقای سەرنج ڕاکێش، کە ئاوێتەی یەک دەبن. وەک شەبەنگێک لە چەند لایەکەوە دەورەت دەدەن و دەتخەنە ژێر ڕکێفی خۆیان.

لە ڕووی زانستی پزیشکییەوە، بەحە لە ناکاو ڕوودەدات و بۆماوەیەک بەردەوام دەبێت، دواتر نامێنێت. هۆکارەکەشی بە هۆی هەوکردنی گەرو و بۆڕییەکانی هەوا ڕوودەدات، کە بەهەوکردنی ڤایرۆسیی ناسراوە. یان بەهۆی حەساسییەی قورک لە ئەنجامی بەکارهێنانی مادەی کیمیاوی، یان لە ئەنجامی پێکانی گەروو لە ناوچەی دەنگەژێکان، ئەوە ڕوو دەدات. دەنگێکی نەشاز دەردەچێت و هەست بە کەم و کوڕییەک دەکەین، تەنانەت خودی نەخۆشەکە بەو دەنگە ڕانەهاتووە و دەچێت چارەسەری خۆی دەکات، جگەرە کێشان و ماندووبوونی قورگ دەبێتە هۆی دروست بوونی بەحەی کاتی. دروست بوونی کەم و کوڕی لە: سییەکان، بۆڕیی هەوا، دەنگە ژێکان، مەڵاشوو، زمان، ددان، کە لێو کاریگەریی بەسەر شێوەی گۆکردنی دەنگەکان دەبێت، بەڵام دەنگی جەلال سەعید پەیوەندی بەو شتانەوە نییە، دەنگەژییەکی خواکردی پڕ لە نەبرە و سۆزە. دەنگێکی تاڵ، بەڵام پڕپڕ لە تام و بەرامەی شیرینی.




# جەلال سەعید
## خاوەن گەرووە ڕەسەن و خۆشەکەی قەڵاو منارە





جەمالی دەلاک



***چاوی ڕەشی جوانە پیاو دەکا بە دێوانە***

***چین چینە زولفی ئاڵی داهاتووە بێ شانە***

***سنگی سپی کوێستانە جێڕاوگەی عاشقانە.***

یەکێک لە سەربەندی گۆرانییە خۆشەکانی هونەرمەند جەلال سەعید

لەکوچە و کۆڵان و گەڕەکە دێرینەکانی شاری هەولێرەوە تێی چریکاند و بە دەنگە بەسۆز و خۆشەکەی پانتاییەکی بۆخۆی داگیرکرد، ڕاستە لەم شارە دێرینەی کوردستان هەولێر گەورە بووە و گەشەی بە هونەرەکەی داوە، بەڵام دەنگ و هونەرەکەی بۆ هەموو کورد و کوردستان بوو.

هونەرمەند جەلال سەعید گەنجێکی خوێن گەرمی باڵابەرزی جوان و قەشەنگ و شیکپۆشی جل و بەرگی کوردیی، کەسێکی هێمن و دڵساف و هەست ناسک و خاوەن نەفسێکی بەرز، ماوەی زیاتر لە چل ساڵ خزمەتکردن بەهونەری مۆسیقا و گۆرانیی کوردیی، هونەرەکەی بۆ هونەر پێشکەش کرد، نەک هونەرەکەی بخاتە خزمەتی سەروەت و سامان.

لەوماوە دوور و درێژەی ژیانی هونەریدا، جەلال سەعید، بەسەدان گۆرانیی بەدەنگ و گەرووە پاراوە کوردییەکەی تۆمارکردووە، لە ئاهەنگ و بۆنەکان و تەلەفزیۆنەکاندا، ڕۆڵێکی گرنگ و دیاری هەبووە لە بوژاندنەوە و پاراستنی گۆرانییە فۆلکلۆرییەکان. خاوەنی دەیان شەوئاهەنگ و دانیشتنی ئازیزان و کۆڕی بادەنۆشاندا بەدەنگە خۆشەکەی بەهونەرە جوان و دڵنشینەکەی ئامادەبووانی سەرمەست وسەرحاڵ و کەیفخۆش کردووە.

جەلال سەعید، هونەرەکەی تەنیا وابەستە نەکردووە بەشارە جوانەکەی هەولێرەوە، بەڵکو هەموو شار و شارۆچکەیەکی وڵاتەکەی بەهی خۆی و خۆی بەخانەخوێ زانیوە.

هونەرمەند جەلال سەعید لە شارەکەی پێشەوا قازی محەمەد و هەژار و هێمن و محەمەدی مامڵێ-وە بۆ هەولێری شاری حەیران و مەقامات و ئەگلەنجە و قۆریات!

**“**

**سەعید ڕەمەزان حوسێن، باوکی هونەرمەند، پیاوێکی هەژار و کەم دەرامەت و نەدار، دەفژەنێکی بەتوانا، گەڕیدە بووە و نان و بژێوی ژیانی لەڕێی هونەری دەفژەنینەوە پەیداکردووە**

**”**

سەعید ڕەمەزان حوسێن، باوکی هونەرمەند، پیاوێکی هەژار و کەم دەرامەت و نەدار، دەفژەنێکی بەتوانا، گەڕیدە بووە و نان و بژێوی ژیانی لەڕێی هونەری دەفژەنینەوە پەیداکردووە، ئەم پیاوە دەفژەنە گەڕۆکە لەسەرەتای پەنجاکانی سەدەی پێشوو، ڕوو دەکاتە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لەشارە جوان و مەڵبەندەکەی کوردایەتی و هونەری ڕەسەنی کوردیی، لە شاری مەهاباد نیشتەجێ دەبێت، هەر لەو شارە، لە ساڵی ١٩٥٣ پەروەردگار کوڕێک بە سەعید ڕەمەزانی دەفژەن دەبەخشێت و ناوی دەنێن (جەلال)

جەلال سەعید ڕەمەزان حوسێن لە نێوەندی هونەریی و کۆمەڵایەتی بە جەلال سەعید نێوبراوە و ناسراوە.

دوای ئەوەی تەمەنی جەلال دەبێتە سێ ساڵ، خانەوادەکەی بنە و بارگە دەپێچنەوەو دەگەڕێنەوە باشووری کوردستان و ماوەی چەند مانگێک لەشارەکەی پاشای کۆرە و وەستا ڕەجەب شاری ڕواندز جێگیر دەبن، لە ساڵی (١٩٥٦) دەگەڕێنەوە شاری هەولێر.

لەساڵی ١٩٥٩ جەلال وەک هەرمنداڵێکی دیکەی کۆڵان و گەڕەک و شارەکەی دەیخەنە بەرخوێندن لە قوتابخانەی ئیبن خەلەکان ناوی تۆماردەکەن و دەخرێتە بەرخوێندن.

دەبێت هەمیشە بە حورمەتەوە ئاماژە بەڕۆڵ و دڵسۆزیی مامۆستای هونەر بدەین لە قوتابخانەکاندا، چونکە لەڕێی وانەی هونەرەوە، بەهرەمەند و قوتابیە دەنگخۆشەکان دەست نیشان کراون و دۆزراونەتەوە، لەگۆڕەپانی قوتابخانەکان بەر لە چوونە ژوورەوە بۆ وانەکانی خوێندن، قوتابیان لە گۆڕەپانی قوتابخانە ڕیزکراون و سرووده نیشتمانی و نەتەوەییەکانیان خوێندووە، جەلال سەعیدی هونەرمەند یەکێک بووە لەو بەهرەمەندە دەنگخۆشانە، کە لە قۆناغی خوێندنی سەرەتاییەوە ئەو بەهرەیان تێدا دۆزیوەتەوە و لە لایەن مامۆستاکان و هاوڕێ قوتابیەکانییەوە دەستخۆشیی لێدەکەن و زیاتر هانی دەدەن، کە بەردەوام بێت، دەنگخۆشییەکەی جەلال سەعید لە تەواوی قوتابخانەکەی پێی ئاشنا دەبن و ڕێز

لەخۆیی و بەهرەکەی دەگرن (ئەو ڕێزگرتنەم لەلایەن مامۆستاکانم، زۆر زۆر هانیدام، کە ڕێی گۆرانیی گوتن فەرامۆش نەکەم و بەردەوام بم)[1]

هونەرمەند لە ساڵی ١٩٦٦ بەسەرکەوتوویی خوێندنی سەرەتایی تەواودەکات و هەنگاو بۆ قۆناغی ناوەندی هەڵدەگرێت، لەگەڵ خوێندنەکەی سۆز و هەست و خۆشەویستی بۆهونەر و گۆرانیی درێژە پێدەدات و تاکە سەرچاوەیەک، کە لەهونەر و سۆزی دەنگی هونەرمەندان چێژ وەردەگرێت و ئاشنا دەبێت بە گۆرانیی، ڕادیۆی کوردیی بەغدایە، ڕۆژانە کات تەرخان دەکات بۆ بیستنی گۆرانییەکانی هونەرمەندان (عەلی مەردان ١٩٠٤_١٩٨١/٧/٢٤) (حەسەن زیرەک ١٩٢١_١٩٧٢/٦/٢٦) (محەمەدی ماملێ ١٩٢٥_١٩٩٩/١/٢٣) (تایەر تۆفیق١٩٢٢_١٩٨٧/١٠/٢٠) و (عەلی شۆخ کەمان ١٩٣٠_٢٠٠٨) و (حوسێن شۆخ کەمان ١٩٣٨_٢٠١٥/١١/٢٤) ناسراو بە برایانی زێ زێ) دەنگ و هونەری ئەم هونەرمەندە نەمرانە دەبنە هەوێنی هونەرێکی خۆڕسک و بێخەوش لەهەست و ناخی جەلال سەعید دا، لەگەڵ گوێگرتن لەو گۆرانیانە هەست و ڕۆحی جەلال سەعید پەلکێشی تێکست و میلۆدی ئەو گۆرانیانە دەبێت و لەبەرخۆیەوە دەیانڵێتەوە و هێدی هێدی لەسینەیدا تۆماریان دەکات و وەک ئەرشیفێک لەهەستیدا دەیانهێڵێتەوە و پێیان دەژی.

بەداخەوە نەداریی و کەمدەراتی خانەوادەکان هەمیشە بووەتە لەمپەر لە بەرانبەر منداڵەکانیان، کە نەتوانن درێژە بەخوێندن بدەن، جەلال سەعیدی هونەرمەند، تا پۆلی دووەمی ناوەندی دەخوێنێت. (گەر باسی قۆناغی منداڵیم بکەم، دەتوانم بڵێم لەناخۆشیی زیاتر هیچم نەدیوە، بەهۆی ئەم سەختییەوە خوێندنیشم بۆ تەواو نەکرا)[2]

بە نائومێدییەوە ڕوودەکاتە بازاڕ و شان دەداتە بەر کاسبی کردن لە پێناو دابینکردنی بژێوی ژیانی خانەوادەکەی، ماوەیەک شاگرد چایچی و ماوەیەک کرێکاریی و دواتر دەبێتە دەستگێڕی فرۆشتنی پۆشاکی منداڵانە لەنێو بازاڕەکانی شاری هەولێر، سەرەڕای فرۆشتنی



هێزی جەستەی لەپێناو نان دا، بەڵام هونەر ژیانی داگیرکردووە و ماندووبوونی ڕۆژانەی لەبیردەباتەوە، ڕۆژ بەڕۆژ حەز و خولیا و ئارەزووی بۆ کڕینی (تەسجیلێک) زیاتر بووە، تا شەوانە لەکاتی پشوودانیدا بەدەنگ و هونەری هونەرمەندان ڕۆحی ئارام بکاتەوە، دوای ماوەیەک تێکۆشان و کاسبی کردن برە پارەیەک کۆدەکاتەوە و ئاواتەکەی دێنێتەدی و تەسجیلێک لەگەڵ کۆمەڵێک کاسێتی هونەرمەندانی باوی ئەو سەردەمە دەکرێت و بە هەست و سەلیقەیەکی هونەرییەوە گوێ ڕادەدێرێ بۆ دەنگ و تێکست و میلۆدییەکان. وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا، کە باوکی هونەرمەند دەفژەنێکی بە توانا بووە، ئەو شێواز و هونەرەی باوکی کاریگەری لەسەر دادەنێت و خۆی فێری هەردوو ئامێری (دەف و زەڕب) دەکات.





کاتێک تەمەنی هەڵدەکشێ و پێ دەنێتە تەمەنی شازدە ساڵییەوە، لە ساڵی ١٩٦٩ هەستی نەتەوایەتی لەناخیدا چرۆ دەکات و چەکی پیرۆزی پێشمەرگایەتی دەکاتە شانی و دەبێتە پێشمەرگە، لە شۆڕشی ئەیلول، تا بەیانی ١١ی ئاداری ١٩٧٠

لەوکەشە ئارامەی دوای بەیانی ١١ی ئادار، لە ساڵی (١٩٧٠) لەگەڵ (فازیلی دیوانە)ی سازژەن یەکەم کاسێت تۆماردەکات و لەنێو خەڵکیدا بڵاودەبێتەوە، دەنگ و هونەری جەلال سەعید ناوبانگ دەردەکات، ئەم ناساندنە ڕێگە خۆش دەکات بۆ دەنگە بەسۆز و هەست بزوێنەکەی جەلال سەعید، هەر ئەمەش وادەکات بەردەوام بانگهێشت بکرێت بۆ زەماوەند و بووک گواستنەوەکان (دەتوانم بڵێم نیوەی شاری هەولێرم بەبووک و زاوا کردووە، ئەوان ئێستا یادەوەرییەکانیان لەیاد ماوە و هەمووشیان نەوەیان هەیە)[٣]

ئەم هونەرمەندە ڕۆژ بەڕۆژ هونەرەکەی دەناسرێت و دەبێتە جێی ستایش و ڕەزامەندی خەڵکی و پێشوازی گەرم لە کەسایەتی و هونەرەکەی کراوە. لەبەهاری ساڵی ١٩٧٤ بەهۆی پاشگەزبوونەوەی حزبی بەعس لە بەڵێنەکان و بڕیارەکانی ١١ی ئادار، شۆڕش دەست پێدەکاتەوە و جەلال سەعیدی هونەرمەند وەک هەستێکی نەتەوەیی جارێکی دیکە خۆی لەبەرەی گەلەکەیدا دەبینێتەوە و دەبێتەوە بەپێشمەرگە تا نسکۆی بەهاری ١٩٧٥ وەک زۆرینەی هاوڕێ پێشمەرگەکانی ڕوودەکاتە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و وەک پێشمەرگەیەکی ئاوارە لەشاری مەهاباد نیشتەجێ دەبێت، لەشاری مەهابادیش لەگەڵ هونەرمەندێکی ژەنیاری تار کاسێتێک تۆماردەکات، ئەم هونەرمەندە ژەنیارە پێشتر کاری هونەری لەگەڵ هونەرمەند و بلیمەتی نەمری گەلەکەمان حەسەن زیرەک کردووە.

جەلال سەعید، لە ساڵی ١٩٧٥ لەشاری مەهاباد، لەگەڵ خاتوو (خەدیجە مەجید) ژیانی هاوسەری پێکدێنێت و دوای چەند مانگێک خۆیی و هاوسەرەکەی دەگەڕێنەوە شاری هەولێر، بەرووبومی ئەو هاوسەرگیرییە هەشت منداڵە، دوو کوڕو شەش کچ، کوڕە گەورەکەی ناوی (شەماڵ)ە و ئەویش دەنگی خۆشە و ڕێبوارێکی دڵسۆزی ڕێگە پیرۆزەکەی باوکیەتی.

بەڵام لە ساڵی ١٩٩٢ هاوژینەکەی کۆچی دوایی دەکات، ئەو ڕووداوە کاریگەریی لەسەر هەست و هونەرەکەی دادەنێت، دوای دوو ساڵ، لە ساڵی ١٩٩٤ لەگەڵ خاتوو (شلێر فەتاح) ژیانی هاوسەریی پێکدێنێتەوە و دەبنە خاوەنی دوو منداڵی دی.

ئەم دەنگە ڕەسەنە چیاییە دوای ئەوەی دەگەڕێتەوە شاری هەولێر و سەرقاڵی کارو کەسابەت دەبێت، لەپاڵیشیدا هونەرەکەشی فەرامۆش ناکات و تێکەڵاو بە دونیای هونەر و هونەرمەندانی شاری هەولێر دەبێت، قۆناغێکی نوێ لەژیانی هونەری جەلال سەعید دەست پێدەکات (کە گەڕاینەوە کەوتمە نێو دنیای ئەگلەنجە و ئاهەنگەکانی هەولێرییان، ئەوکات باوبوو، لەگەڵ هونەرمەندان تاهیر تۆفیق، مشکۆ، محەمەد ئەربیلی، حەیدەر بەقاڵ، فوئاد ئەحمەد و محەمەد جەزا بەشداریم دەکرد)[٤]

یەکەم کاری هونەریی ئەم هونەرمەندە بۆ تەلەفزیۆنی کەرکوک، گۆرانییەک بووە بەناوی (کاڵی وەی کاڵی) لە ئاواز و هۆنراوەی فۆلکلۆریی (ئەم گۆرانییە تەنها یەک جار لە تەلەفزیۆنی کەرکوک پەخشکراوە، دواتر ڕاگیراوە هۆکارەکەی نادیاربووە)[٥]

دواتر لە ساڵی (١٩٧٨) لەگەڵ تیپی هونەری هەولێر چەند گۆرانییەک تۆماردەکات، ئەوبەرهەمەی تیپی هونەری هەولێر بەتەواوی کوردستاندا بڵاوبۆوە و دەنگدانەوەیەکی زۆرباشی هەبوو لەنێو جەماوەردا، هەمان ئەو بەرهەمانە لە تەلەفزیۆنی بەغدا بەشێوەی (ڕەنگاو ڕەنگ) تۆمارکران و بڵاوبوونەوە، هونەرمەندانی ئەو بەرهەمەی تیپی هونەری هەولێر (سەلاح محەمەد، محەمەد جەزا، ئیبراهیم سابیر، سامان محەمەد، عارەب عوسمان، قادر زیرەک و جەلال سەعید و ....تاد)

دواتر بەهاوکاری و پشتیوانی هەردوو مۆسیقاژەنی نەتەوەکەمان (وریا ئەحمەد و ڕزگار خۆشناو) گۆرانی (دڵ سووتاو)ی بۆ تۆماردەکەن.

> **"یەکەم کاری هونەریی بۆ تەلەفزیۆنی کەرکووک، گۆرانییەک بووە بەناوی کاڵی وەی کاڵی، ئەم گۆرانییە تەنیا یەک جار لە تەلەفزیۆنی کەرکووک پەخشکراوە، دواتر ڕاگیراوە هۆکارەکەی نادیاربووە"**



لەشاری هەولێر لەسەر پێشنیازی چەند هونەرمەندێکی دڵسۆز و خەمخۆری هونەر، بۆمەبەستی بەرزڕاگرتن و پاراستنی هونەری میللی و هەڵپەڕکێی کوردیی و بووژاندنەوەی ئەو هونەرە بەرزە و ناساندنی ئەو سامانە نەتەوەییە، لەڕێکەوتی (١٩٧٩/٢/٥) (تیپی هونەری میللی هەولێر) دادەمەزرێت، ئەم تیپە هونەرییە لەسەرەتاوە بەگرۆتینێکی هونەریی میللی جوانەوە دەستیان بەکار و چالاکییە هونەرییەکانیان کردووە، جیا لە ئەندامە دڵسۆزەکانی ئەو تیپە، بەهاوکاری و پشتیوانی چەندین هونەرمەندی موزیکژەن و هەروەها چەند هونەرمەندێکی دەنگخۆش، کە یەکێک لەو هونەرمەندانە بەدەنگە خۆش و ڕەسەنە کوردییەکەی تابلۆ هونەرییەکانی جوانتر کردووە و شەوق و زەوقێکی پڕ جۆشی هونەری بەنمایشی تابلۆکان داوە و هەمیشە لەو نمایشە هونەرییانە دەنگ و هونەرەکەی دیار و بەرچاو بووە، ئەویش هونەرمەند جەلال سەعید-ە، لەگەڵ هاوڕێ هونەرمەندەکانی وەک (سابیر عەبدولڕەحمان، قادر زیرەک، نیزام شکور و زیاد ئەسعەد و ...تاد) یەکێک لەهاوڕێ دێرینەکانی هونەرمەند جەلال سەعید، هونەرمەند (ئازاد سەعید) ئاماژە بەڕۆڵ و توانای هونەریی جەلال سەعید دەدات کاتێک کە لە تیپی هونەری میللی هەولێر دابووە (زۆربەی تابلۆکانی سەما و هەڵپەڕکێ لە تیپی هونەری میللی نەتەوەیی هەولێر، بەدەنگی جەلال سەعید تۆمارکراون)[٦]

لە ساڵی ١٩٨١ چەند بەرهەمێکی هونەریی تۆماردەکات، دیارترینیان گۆرانی (تۆی نازەنین) بووە، لە ساڵی ١٩٨٣، کە پێهاتووە لە دە تراک، کە بەهاوکاری هونەرمەندی ژەنیار و دەنگخۆش قادری سەیاحی تۆماردەکات.

جەلال سەعیدی هونەرمەند، لەکار و چالاکی هونەریی بەردەوام دەبێت، لە ئاهەنگ و بۆنەکان و شەو دانیشتەکاندا بەدەنگە خۆشەکەی چەندین بەرهەمی تۆمارکردووە و ئەمڕۆ لەخانەی ئەرشیفی هونەری مۆسیقا و گۆرانیدا وەک سامانێکی بەرز و لێوان لێو لە هونەری ڕەسەنی میللی چاوی لێدەکرێت، ئەو دەنگ و هونەرەیە بەشێوازی گەرووی جەلال سەعید، کە ئەمڕۆ هەوادارێکی زۆر بەتاسەوە گوێ لەبەرهەمەکانی دەگرن.

لەماوەی ژیانی هونەریدا جەلال سەعید لەگەڵ زۆر لەهونەرمەندانی گۆرانیبێژ لەشار و شارۆچکەکانی کوردستان پێکەوە دەنگیان ئاوێتەی یەکدی کردووە، کە لەو بوارەشدا جەلال سەعید خاوەنی دەیان لەو دانیشتن و


“

**جەلال سەعید لە ساڵی ١٩٨٠ لەگەڵ تیپی هونەرە میللییەکان، بە مەبەستی بەشداری کردنی لە فێستیڤاڵە هونەرییەکان، گەشتی دەرەوەی وڵات دەکات**

”



جەلال سەعید، عارەب عوسمان



ئاهەنگانەیە، هونەرمەند لەگەڵ ئەم هونەرمەندانە پێکەوە گۆرانییان خوێندووە (کەریم خەمزەیی، ئاوات ئامە قەرەج ١٩٥٩_ ١٩٨١/٤/٢٢) فەرهاد زیرەک و مەحموود محەمەد و ...تاد) بۆیەو مەبەستە پێوەندیم بە هونەرمەندی دەنگخۆش و دەنگ زوڵاڵ مەحموود محەمەد-وە کرد، سەبارەت بەکەسایەتی و هونەری جەلال سەعید، پێی ڕاگەیاندم (هونەرمەندی کۆچکردوو جەلال سەعید، براو هاوڕێی دێرینم ڕۆحی شاد بێت، تابلێی خاوەنی کەسایەتیەکی جوان و ڕۆح شیرین و گونجاو و دڵسۆز بۆ هاوڕێ و برادەرەکانی و هونەرەکەی، ماوەیەکی زۆر لەئاهەنگ و شەودانیشتن و تۆمارکردنی کاسێتدا پێکەوە گۆرانیمان تۆمارکردووە، هەمیشە بەحورمەتەوە لەهونەرەکەی دەڕوانی، خاوەنی نەفسیەتێکی زۆر بەرز بوو، زۆر شارەزا بوو لەچڕینی مەقامەکاندا، هیچ کات لەکاتی گۆرانیی گوتندا بۆ وشە دانەدەما، بەردەوام دەتگوت کانییەکی سازگارە و وشەی لێهەڵئەێنجێ، من وەک خۆم زۆر خۆش حاڵ دەبووم، کە بەیەکەوە گۆرانیمان دەگوت، دەنگی خۆش و شێوازی چڕینەکەی نەشئەی زیاتری دەدا بەمن)[7]

جیا لەو بەرهەمە تۆمارکراوانەی لە تەلەفزیۆن و ئاهەنگ و دانیشتنە هونەرە میللییەکان، جەلال سەعید لە ساڵی ١٩٨٠ لەگەڵ تیپی هونەرە میللییەکان، بە مەبەستی بەشداری کردنی لە ڤێستیڤاڵە هونەرییەکان، گەشتی دەرەوەی وڵات دەکات، لە وڵاتانی (ئەڵمانیای خۆرهەڵات و خۆراوا، ڕووسیا، چیکۆسلۆڤاکیا، پۆڵۆنیا و یۆنان) لەدوای ڕاپەڕینەوە بەهەموو توانا و هونەرە دڵگیرەکەیەوە بەشداری ئاهەنگ و بۆنە نیشتمانی و نەتەوەییەکانی کردووە و لە چەندین بەرنامەی تەلەفزیۆنی بۆ کەناڵە ئاسمانییەکان و لۆکاڵییەکان بە هونەرەکەی بوونی خۆی سەلماندووە.

**”لە ساڵی ١٩٦٩ هەستی نەتەوایەتی لەناخیدا چرۆ دەکات و چەکی پیرۆزی پێشمەرگایەتی دەکاتە شانی و دەبێتە پێشمەرگە“**

جەلال سەعید زیاتر بە بەستە خۆشەکانی ناسراوە، بەڵام زۆر خولیا و ئاشنای مەقام بووە و لەبەرهەمەکانیدا مەقامی چڕیوە، بەرهەمە هونەرییەکانی کە لەنێوەندی هونەریدا دیارن و هەواداران و بیسەرانی دەنگ و هونەرەکەی بە پەرۆشەوە گوێی لێدەگرن، هونەرمەند زۆربەی بەرهەمەکانی فۆلکلۆرن و خاوەنی زیاتر لە سەت ئاوازە، کە بۆ بەرهەمەکانی خۆی داناوە، بەڵام سوودی لە هۆنراوەی شاعیرانی وەک (هەژار، هێمن، خەیام، نالی، وەفایی، وەلی دێوانە، عەبدوڵڵا پەشێو، عەبدولڕەحمان بێلاف، ڕۆستەم باجەلان، ئەکرەم خامۆش، جەبار حەبیب و حەمە سەعید ئیبراهیم) وەرگرتووە.

بەشێک لەگۆرانی و مەقامەکانی هونەرمەند ئەمانەن:

(ساقی لەبادە، چاوجوان، بۆچی دەڕۆیی بەجێم دێڵی، ئەی وەی گەورە کچ، پەروانە ( پەروانەی سووتاو پەشێو حاڵ منم وەک قەقنەس سووتاو کۆی زوخاڵ منم) چاوی ڕەشی جوانە، بڕوات بێ نازدارەکەم، بۆچی دەگری دەناڵێنی، من بەدێوانە، گەردەلوولی ناخی دڵ، زەوی و ئاسمان (مەقام) لەداخی مەینەتی (مەقام) ساقی وەرە (مەقام) شێخی سەنعان (مەقام) قەتارەی ژان، لانەی شێواو، نەمزانی، شەو لەگریانم دەکا، کیژی لادێ، تەمەن بەرەو هەڵکشانە (تەمەن بەرەو هەڵکشانە، هەرئاخ و خەفەت و ژانە چی تیا ماوە ئەم ژیانە، جگە لەبادەی شەوانە) هۆنراوەی (حەمەسەعید ئیبراهیم و ئاوازی ڕەمەزان حسێن) ڕێگای قیامەت (ئایینی)



جەلال سەعید، ئازاد سەعید





نووسەر و پێشکەشکار و بێژەری تەلەفزیۆنی کەرکووک (هاشم جەباری) لەکتێبەکەیدا ئاماژەی بە سێزدە گۆرانی هونەرمەند جەلال سەعیدی داوە، کە لەتەلەفزیۆنی کەرکووک پەخشکراون[8]

ئەم ئەستێرە گەشاوەی ئاسمانی هونەری گۆرانیی میللی، دووچاری نەخۆشیی (شێرپەنجەی پرۆستات) دەبێت و ماوەی پێنج ساڵ بەو نەخۆشییە کوشندەیەوە دەناڵێنێ، لەو ماوەیەدا لە هەولێر و تورکیا دووجار نەشتەرگەریی بۆ دەکرێت، مەخابن ئەو هونەرمەندە باڵابەرزە دەنگ خۆشە ڕەسەنە لەتەمەنی شەست ساڵیدا، لەشەوی (٩ لەسەر ٢٠١٣/١٢/١٠) خۆری تەمەنی ئاوا دەبێت و بۆ هەمیشە چاوەکانی لێک دەنێت و ماڵاوایی لەقەڵا و منارە و گەڕەکەکانی تەیراوا و سەیداوە، خانەوادە و هونەرمەندان دەکات.

لەڕێکەوتی (٢٠١٣/١٢/١٠) بەئامادەبوونی جەماوەرێکی زۆری شاری هەولێر لە مەراسیمێکی شایستە بە مێژووی هونەر و کەسایەتی جەلال سەعید لە گۆڕستانی (شێخ ئەحمەد) ئەسپەردەی خاکی پیرۆزی کوردستانی دەکەن، یاد و یادەوەرییەکانی هەموو کات بەرزو بەڕێز بێت، دەنگ و هونەری جەلال سەعید هەمیشە بەشکۆداری و پیرۆزی دەمێنێتەوە.

**سەرچاوە:**


١-٢ کتێبی ژیان و هونەر، کۆکردنەوە و ئامادەکردن و ساغکردنەوەی، تاهیر کرمانج، هەولێر ٢٠١٧، لاپەرە ٣١٢

٣-٤-٥ گۆڤاری هەرێمی کوردستان، دیدار لەگەڵ هونەرمەند جەلال سەعید، ژمارە (٥٤٤) لە ٢٠١٠/٢/١٦

٦- پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ هونەرمەند ئازاد سەعید پسپۆر و ڕاهێنەری تیپی هونەری میللی سلێمانی، ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٢/٧

٧- پێوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ هونەرمەند مەحموود محەمەد، ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٢/٧

٨- کتێبی مێژووی تەلەفزیۆنی کەرکوک ١٩٦٧_١٩٩٩ هاشم جەباری، لاپەرە ٧١




* بەپێویستی دەزانم، کە سوپاسێکی بێ پایان ئاراستەی هاوڕێی هونەرمەند، نووسەر و هونەردۆست (تاهیر کرمانج) بکەم، لەڕێی پەیوەندی تەلەفۆنییەوە، بەزانیارییەکانی هاوکاری کردووم (ج،د)


**"جەلال سەعید زیاتر بە بەستە خۆشەکانی ناسراوە، بەڵام زۆر خولیا و ئاشنای مەقام بووە"**



# پەیوەندی من و جەلال سەعید!



ڕزگار خۆشناو

نزیکبوونەوەی من لەگەڵ کاک جەلال سەعید، دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی ١٩٧٥ کە تازە ماڵمان لە شەقڵاوە گواستبوەوە تەیراوەی هەولێر. من قوتابی پۆلی چواری، پەیمانگای موزیک بووم لە بەغدا، هاوینی ساڵی ١٩٧٥ کاتێک گەڕامەوە هەولێر، لە ڕێگەی کۆمەڵەی هونەرو وێژەی کوردیی، کە ئەو سەردەمە لە هەمان شەقامی تیپی هونەری هەولێر بوو.

من تەمەنم ٢٣ ساڵ بوو هەڕەتی گەنجێتیم بوو، زۆر حەزم لە کاری هونەری بوو، کۆمەڵێک گەنج لەوێ بوون، وەک جەلال سەعید و خزمێکی بە ناوی عوسمان، ئەویش هەر گۆرانیبێژ بوو، جا باش نایەتە بیرم کوڕی خۆشکی بوو، یان کوڕی برای، گۆرانیبێژێکی دیش لەوێ بوو، بە ناوی موحسین عەباس، کە بە داخەوە زۆر زوو بەجێی هێشتین، ڕەحمەتی کاک فازیل دێوانە سازی لێ دەدا و کاک جەلال-یش زەڕبی لێ دەداو لەگەڵ یەک دووەکی دی! هەر لە هەمان شوێن، من ماوەیەک ڕاهێنان و پڕۆڤەم پێ دەکردن و خۆمان حازر دەکرد، ئەوەی لە بیرمە دوای ئەوەی کۆمەڵێک گۆرانیمان ئامادە کرد چوینە هۆڵی گەل، لەوێ کاک جیهانبەخش کۆیی بێ بەرانبەر تۆماری کرد. ڕەحمەتی موحسین عەباس (گۆرانی گیانە وا شەو و درەنگە، دونیا کپ و بێ دەنگە)ی گۆت، کاک عوسمان (یاری شۆخ و نازەنین، ئاواتی ژین) جا نازانم کاک جەلال هەر زەڕبی لێ دا، یان گورانیشی گۆت! گۆرانییەکان گۆرانی میلی بوون (ئەو سەردەمە وایان ناودەبرد) ئەو بەرهەمە خرایە سەر کاسێت و هەر لە هەولێریش بڵاوکرایەوە! ئەو سەردەمە خەڵکێکی زۆر ڕەخنەیان لێ گرتم، کە گوایە چۆن لەگەڵ دۆم و قەرەج کاری هونەریی دەکەم! بەڵام من گوێم لە خەڵک نەگرت و بوێرانە کارەکانم کرد، چونکە بۆ من ئەوە گرنگ بوو، کە ئەوانیش وەک ئێمە مرۆڤن و کوردن و هونەرمەندن و دەنگیان زۆر خۆشە! دەمزانی ئەوان خاوەنی ڕێچکەو تام و بۆیەکی کوردی ڕەسەنن!

ساڵی ١٩٧٨ بە تەما بووین لە تیپی هونەری هەولێر بۆ زۆربەی هونەرمەندانی هەولێر گۆرانی تۆمار بکەین، بۆ ئەو مەبەستەش ماوە درا بەو کەسانەی، کە پێیان وایە دەنگخۆشن و دەیانەوێ گۆرانی تۆمار بکەن، لە دوای تاقیکردنەوەی دەنگ، کە لایەن لێژنەیەکی هونەری پسپۆڕ، کە لە سێ چوار کەس پێکهاتبوو، بڕیاری وەرگرتن و وەرنەگرتنی لەسەر دەدرا! یەکێک لەو کەسانەی هاتبوو کاک جەلال سەعید بوو، بەڵام زۆر بە داخەوە یەکێک لە ئەندامانی لێژنەکە (و. ئە) دەنگی جەلالی بە دڵ نەبوو، گوایە دەنگی بەرغی گرتووە و نووساوە و بە عەمەل گۆرانی گوتن نایێ! من بە پێچەوانەی ئەو ئەندامە، کە ژەنیارێکی خۆڕسک بوو، نەک ئەکادیمی، وەڵامم داوە و جەختم لەوە کردەوە، کە بە تەواوی، پێچەوانەی قسەکانی ڕاستن! چونکە بەڕای من، دەنگی هونەرمەندی خوالێخۆشبوو جەلال سەعید، دەنگێکی زۆر ناوازە و جیاوازە! نەبڕە و بەحەی دەنگی زۆر نامۆیە! دەنگەکەی جۆرێک لە عادزی و خەمباری لێ دەبیندرێ، کە ئەوەش تایبتمەندییەکی داوەتە ئەو دەنگە، کە بە هی کەس ناچێت و لاسایی کردنەوەشی مەحاڵە! بۆیە من جەختم لە وەرگرتنی ڕەحمەتی کردەوە، ئەوەبوو من ئاوازی (چاوی ڕەشی جوانە)م بۆ دانا، بەو گۆرانییەش زۆر بە ناوبانگ بوو! ئەوەی لای من سەیر و سەمەرە بوو، هەمان ئەو کەسەی، کە ڕێگر بوو لە وەرگرتنی کاک جەلال دوایێ خۆی ئاوازی بۆ دانا! دوای چەندەها ساڵ لە پڕۆگرامێکی ئەژدەر وەهبی داوەت کرام، کە تیایا کاک جەلال-یش داوەت کرابوو! زۆر خۆشحاڵ بووم، کە جارێکی دی بە دیداری شادبوومەوە! وەک مرۆڤێکی بە ئەمەک و بە وەفا، هەر جارێک منی بدیتبا، دەیگوت من هەتا دەمرم خۆم بە

❝ من ئاوازی (چاوی ڕەشی جوانە)م بۆ دانا، بەو گۆرانییەش زۆر بە ناوبانگ بوو ❞

قەرزباری تۆ دەزانم! چونکە ئەگەر تۆ نەبای، منیان لە تیپی هونەری هەولێر، وەرنەدەگرت! ئەوە جگە لەوەی، کە هەر ئەتووش یەکەمین ئاوازت بۆ دانام کە پێی مەشهوور بووم! منیش پێم دەگوت، زۆر خۆشحاڵم، کە توانیت جێگەی خۆت بکەیەوە و ببیتە ئەو گۆرانیبێژە پڕ ئاستە و سەرکەوتوو بووی و خزمەتێکی زۆر گەورەی موزیک و گۆرانیی کوردیت کرد، ئافەرین! هەر سەرکەوتوو بەردەوام بی! منیش زۆر دڵخۆشم چونکە وەرگرتنی تۆ لەو گرووپە بڕیارێکی ڕاست و درووست و پێویست بوو! تەنیا من یەک گلەیی بچووکم لێت هەیە! نەدەبا بە هیچ جۆرێک، ئامادەبی، ئاوازی کەسێک بڵێی کە دژی وەرگرتنی تۆ بوو لەو گرووپە و حەزی لە دەنگت نەبوو!

**گراتس ـ نەمسا**

**٢٠-٦- ٢٠٢٣**



جەلال سەعید، ڕزگار، ئیبراهیم سابیر عارەب عوسمان/ئەرشیفی ڕزگار خۆشناو



“

***دەنگێکی زۆر ناوازە و جیاوازە! نەبڕە و بەحەی دەنگی زۆر نامۆیە! دەنگەکەی جۆرێک لە عادزی و خەمباری لێ دەبیندرێ***

”

# سەرەتای هونەرمەند جەلال سەعید



یەکەم جار جەلال سەعید هاتە تیپی هونەری هەولێر و لەوێ بینیم، ئێمە پێشر، لەساڵی ١٩٧٨ ئاگاداریيەکمان بڵاوکردبۆوە. جەلال سەعید یەکێک بوو لەوانەی هات بۆ ئەوەی دەنگی تاقی بکەینەوە، لێژنەیەکمان دانابوو، من و ڕزگار خۆشناو و چەند هونەرمەندێکی دیکە بووین، عودمان لەگەڵ دەنگەکە دەژەنی و گوێمان لێ ڕادەگرتن، بزانین دەنگیان چۆنە؟

جەلال سەعید یەکێ بوو لەوانەی من سەرەتا لێی بەشک بووم، لەبەر ئەوەی دەنگی وەکو دەنگی (ئیبراهیم سابیر)ی کۆیە، کە گۆرانی دەگوت دەنگەکەی زۆر قەبە و نەوعێک بوو. خەمی ئەوەم بووم دەمگوت ڕەنگە لەکاتی تۆمارکردن نەتوانین کۆنترۆڵی دەنگەکەی بکەین، بەڵام کە یەکەم گۆرانیمان بۆ تۆمارکرد (چاوی ڕەشی جوانە) کە ئاوازەکەی فۆلکلۆرە و ڕزگار خۆشناو مۆسیقاکەی بەتیپی میللی بۆ ئامادەکردبوو، واتا بەئامێر تۆمار کرابوو، گۆرانییەکە سەرکەوتنی بەدەست هێنا.



وریا ئەحمەد

”
جەلال سەعید یەکێ بوو لەوانەی من سەرەتا لێی بەشک بووم، لەبەر ئەوەی دەنگی وەکو دەنگی ئیبراهیم سابیر-ی کۆیە، کە گۆرانی دەگوت دەنگەکەی زۆر قەبە و نەوعێک بوو
“

پاشان من زیاتر لەگۆرانییەکم بۆ تۆمارکرد، کە لەساڵی ١٩٨٢ تۆمارکران، لەوانە: (بۆچی دەگری دەناڵێنی) و گۆرانییەکی دیکەی (قادری سەیاحی) بوو، کە دەڵێ (تۆی نازەنینم گیانەکەی شیرینم) هەروەها (ئەمان سەیدزادە) کە زۆر دەنگی دایەوە، ئەو سێ گۆرانییە مۆسیقاکەی لە ئامادەکردنی بەندە بوو، پاشان لەبەر هەڵات هەڵاتەی جەیش شەعبی و لەبەر وەرە وەرە ببە بەعسی، تیپەکە ئەو ڕۆڵەی نەما و هەریەکە لە لایەک خۆمان شاردبۆوە و زۆر ئاگام لەجەلال سەعید نەما. دواتر لەتیپی میللی لەوێش گۆرانییان بۆ جەلال سەعید تۆمارکرد، تیپی مۆسیقای میللی هەڵپەڕکێ، ئەوانیش یەک دوو گۆرانییان بۆ تۆمارکرد.

ئەگەر باس لە کەسایەتی جەلال سەعید بکەم، بەڕاستی کەسایەتییەکی جوان بوو، پیاوەکی هەژار، بەڵام زۆر بەعیززەت نەفس بوو، وای لێ دەکردی ڕێزی لێ بگری ئەوەندە ڕێزدار بوو قەت تەنازوولی نەدەکرد، زۆر زۆر کەسێتی خۆی خۆش دەویست.

وەکو تیپی زیروبەم کە تیپەکە لەدامەزراندنی خۆم بوو، سەرەتا ناوەکەی تیپی هونەری هەولێر بوو بەڵام دواتر گوتیان تیپی دیکەش بەو ناوە هەیە و ناوەکەم گۆڕی بەزیروبەم، سێ ڕۆژ پێش کۆچکردنی، ئێمە وەکو تیپ چووینە لای جەلال سەعید لەماڵەوە و لەپشت سەری دانیشتین، بەو بوودجە کەمەی، کە هەمان بوو، هاوکارییەکی کەمی دارایيمان پێشکەش کرد، زۆر دڵخۆش بوو بەسەردانەکەی ئێمە و چەند وێنەیەکیشمان بۆ یادگاری گرت و تا ئێستەش وێنەکانم لای خۆم پاراستووە.



# جەلال سەعید ..

# هونەرمەندە شۆخ و شەنگەکە

تاهیر کرمانج

هونەرمەند جەلال سەعید جگە لەوەی بە ڕواڵەت یەکێک بوو لە جوانترین گەنجە شۆخ و شەنگەکانی شاری هەولێر، لە ناخەوەش کەسێکی زۆر بە ئەتەکێت و بەڕێز بوو، تا بڵێی نەرم و نیان و پاک و پۆشتە و وەفادار و هەژار دۆست بوو، هەرچەند وەسفی ئەم پیاوە بکەین تەواو نابێت.

لە ژیانی ڕۆژانەیەدا ئەزموونێکی زۆری هەبوو، دەتوانم بڵێم جەلال سەعید، لەنێو هونەرمەندانی شاری هەولێر و باشووری کوردستان بەگشتیی هونەرمەندێکی کەم وێنە بوو.

ناسینم لەگەڵ ئەم کەڵە پیاوە، کە بە تەمەن دە ساڵ لەمن گەورەتر بوو، بۆ ساڵی ١٩٧٥ دەگەڕێتەوە، لە سەرەتای تەمەنی هەرزەکاریم دابووم، کاتێک لە ڕێگەی کارکردنەوە، نەک هونەر، ئەو پیاوە بەرێزەم ناسی. ئەوکاتە من لەگەڵ برا گەورەکەم لەنێو قەیسەری شاری هەولێر کاری نایلۆن فرۆشیمان دەکرد. کاک جەلال و کۆمەڵێک ناسیاوی دیش قاتی ئێرانی منداڵانیان دەفرۆشت. ئەوکاتە کەمێک حەزی هونەریم هەبوو، کاک جەلال-یش زۆرجار لەبەرخۆیەوە بەدەنگێکی کز گۆرانی دەگوت، منیش سەبر سەبر خۆم لێ نزیک دەکردەوە، بۆ ئەوەی گوێم لەدەنگی بێت، کە بینی هەست لە دەنگی ڕادەگرم، پێی گوتم: دەڵێی حەزت لەگۆرانییە؟

منیش گوتم: بەڵێ

گوتی: دەنگی منت پێخۆشە؟

گوتم: بەڵێ

گوتی: دەزانی گۆرانیبێژم؟

گوتم: نەخێر.

گوتی: ئەمن جەلال سەعیدم.

گوتم: نایناسم


گوتی: باشە ئەگەر لە ماڵەوە تەسجیلتان هەیە، بەیانی شریتەکی خۆمت بۆ دێنم.

گوتم: بەڵێ هەمانە تازە کڕیومانە.


گوتی زۆرباشە بەیانی بۆت دێنم.

ئەوەبوو بەیانی شریتەکەی بۆ هێنام، ئەوە بۆ من هەستێکی زۆر خۆش بوو، چونکە یەکەمجار بوو کەسێک شتێکم بەدیاری بداتێ، بەتایبەتی دیارییەکە لەلایەن هونەرمەندێکەوە بێت.

ئەو ڕۆژە لەخوام دەویست زوو ئێوارە دابێت و بچمەوە ماڵێ گوێ لەشریتەکە بگرم. ئەو شەوە پێنج جار گوێم لەهەردوو دیوی شریتەکە گرت، لێی تێر نەدەبووم.




**تایەر کرمانج و جەلال سەعید، پازدە ڕۆژ بەر لە مردنی**



لە ڕاستیدا ئەگەرچی ئێمە ڕۆژانــە یەکدیمان دەدیت، بەڵام دوای ئەو ڕۆژە خۆشەویستیم بۆ ئەو پیاوە زۆر زیاتر بوو.

کاتێک برا گەورەکەم ژنی مارە کرد، لەبەر ئەوەی ساڵێک پێشتر، برا بچووکەکەم بە کارەساتی ئۆتومبێل گیانی لەدەست دابوو، نەیدەویست بەم بۆنەیەوە هیچ ئاهەنگێک بگێڕێت.

ڕۆژێکیان کاک جەلال بەگوێیدا چرپاندم و گوتی: تۆ بزانە چ ڕۆژێک ڕۆژی ژن گواستنەوەیە و هەقت نەبێت و لای کەسیش باسی مەکە. دوای ئەوەی زانیم چ ڕۆژێکە بە جەلال سەعید-م گوت.

کاک جەلال-یش ئەو ڕۆژە بەخۆی و ساڵح غەفوور و سوورە و ساڵحە ڕەش و بەکری برای و عوسمان حوسێن و نەریمان و چەند کەسێکی دی، خولاسە دە دوازدە کەس بوون، لەسەری کۆڵانی ماڵی ئێمە بە تەپڵ لێدان و گۆرانی گوتن بەدەرکەوتن و هاتنە ماڵێ، ماڵەوەشمان ناچاربوون بێدەنگی هەڵبژێرن، ئەوەبوو ئەو شەو و ڕۆژە ئاهەنگەکەیان ڕازاندەوە و ئێمەش تێر شایی و هەڵپەڕکێ بووین. دوای ئەوەش ڕێگە خۆش بوو بۆ ئەوەی جارێکی دی تەلەفزیۆنیش هەڵکەین، چونکە ئەو سەردەم وا باوبوو، ماڵێک کەسێکیان لێ مردبووایە، بۆ ماوەیەکی زۆر تەلەفزیۆنیان پێنەدەکرد. لەو ڕۆژە بەدواوە، ڕۆژ بەڕۆژ پەیوەندیمان لەگەڵ جەلال سەعید پتەوتر دەبوو.

ساڵی ١٩٧٨ کاک جەلال لەگەڵ ماڵی باوکی کەمێک ناکۆکی هەبوو، بۆیە داوای لەمن کرد، کە لە نزیک ماڵی خۆمان لە گەڕەکی (کوران) خانوویەکی بۆ بەکرێ بگرم، ئەوەبوو خانووەکم لە حاجی حوسێن حەمەدەمین باوکی شەهید خالید بەکرێ گرت، مانگێ بە دینارەک و نیوی، کە لە ژوورێک و بەرهەیوانێک پێک هاتبوو. دواتر بەرهەیوانەکەی کرد بە چێشتخانە، هەرچەندە کەلوپەلی ماڵەکەشی کەم بوو، بەڵام نە من نە کاک جەلال توانای هێنانە خوارەوەی کەلوپەلەکانمان نەبوو، ئەوەبوو بانگی وشیار عەبدوڵلای شاعیرم کرد، تا لە هێنانە خوارەوەی کەلوپەلەکان هاوکاریمان بکات.

یەکێک لە خووە سەیرەکانی کاک جەلال ئەوەبوو، لەدەرەوە زۆر دۆست و هاوڕێی هەبوون، بەڵام بۆ ماڵەوە زۆر کەمی هەبوو، چونکە هێندە خۆشەویست بوو، کەم لە ماڵەوە دەبوو.

سەردەمانی زوو هاوڕێکانی ئەمانە بوون (عارەب عوسمان، خدر یابە، فازڵ دیوانە، شەریف کوردستان، حاجی عەباس، خدر حەیران، ئازاد خەپە، شەعبان خەیات، جووتیار خەیات، عەبدولڕەحمان بێلاف، ڕەحمان قوربانی) و چەندانی دی.

پەیوەندی برادەرایەتی و دۆستایەتی من و کاک جەلال بەردەوام بوو، بگرە ڕۆژ بەڕۆژیش پتەوتر دەبوو، هەرکاتێک میوانی ڕۆژهەڵاتم دەهات، پێم دەگوت شەو وەرە میوانم هەیە، ئەویش بە پێکەنینەوە دەیگوت: دیسان شەدە بەسەرەکانن؟ منیش دەمگوت: بەڵێ، دەیگوت: بەسەرچاو ئێوارە دێم، ئیدی تا درەنگانی شەو، دەبووە بەزم و گۆرانی، هەمووشم بە ڤیدیۆ تۆمار کردووە و لای خۆم پاراستوومن.

لە کۆتاییشدا وەک مژدەیەک بۆ خوێنەران و هونەردۆستان و گوێگرانی دەنگی هونەرمەند جەلال سەعید، کتێبێکم لەسەر ژیان و بەرهەمەکانی ئەو هونەرمەندە ئامادە کردووە، بە ناوی (دەنگێک لەکۆچەریانەوە) هەوڵدەدەم لە ماوەیەکی نزیکدا چاپی بکەم.




**تایەر کرمانج، جەلال سەعید، عەبدولڕەحمان بێلاف**




# ئاشنایەتیم لەگەڵ جەلال سەعید

ئاشنایەتی من لەگەڵ هونەرمەند جەلال سەعید دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی حەفتاکان، کە لە گەڕەکی سەیداوە ماڵمان نزیک یەک بوو، زۆرجار لە ئاهەنگی بووک گواستنەوە، یان ئەگلەنجە و هەندێک بۆنە ئامادە دەبووم، ڕۆژ بەڕۆژ خۆشەویستیم بۆ ئەو هونەرمەندە زیاتر دەبوو، خۆشم زۆر سەرسام بووم بەدەنگ و کەسایەتییەکەی، تا وای لێهات بووینە هاوڕێیەکی نزیکی یەکدی.
لە ساڵی ١٩٧٩ دووبارە لە تیپی هونەری میللی هەولێر بەیەک شادبووینەوە ئەو بەگۆرانیبێژ وەرگیرا، منیش وەک ئەندامی تیپی هونەری میللی و هەڵپەڕکێ، بەیەکەوە دەست بەکار بووین، لەماوەی کارکردنمان لە تیپ، لە چەندین سەفەری هونەریی و ڤیستیڤاڵ و بۆنەکان بەیەکەوە بەشدار بووین، وەک فیستڤاڵەکانی یەکێتیی سۆڤیەت، ئەڵمانیا، بەغدا و میهرەجانی ڕەبیع لە مووسڵ، بابل و بەسرە و چەندانی دی. هونەرمەند جەلال سەعید جگە لەوەی، کە



گۆرانیبێژێکی دەنگخۆش و سەرکەوتوو بوو لە هەمان کاتدا عازف دەف و زەربێکی زۆر بەتوانا بوو، من ئەوەندە سەرسام بووم بە زەرب و دەف لێدانەکەی، بۆیە هەر بە خۆشی ئەو خۆم فێری زەرب و دەف لێدان کرد.
زۆرجار پرۆڤەی لە گەڵم دەکرد و ڕێنمایی بەسوودی پێدەدام وانەی زۆر باشی لێوە فێربووم، زۆربەی زۆری تابلۆکانی تیپی هونەری میللی هەولێر بەدەنگی ئەو تۆمار کراوە، وەک تابلۆی (کوێستان، شوان، بادینی، لۆرکێ، نەورۆز، دوورنە، شوانە هۆ شوانە، مەشکە) ئەو گۆرانیانەی، کە لەنێو تابلۆکانیشدا گوتوونی ئەمانە بوون: (سەبری دەڵێ من شوناکەم، مەکە لۆمەی گرینی من، خوم خومێ بێریڤانێ، لۆرکێ لۆرکێ، شوانە هۆ شوانە مەشکە هەی مەشکە) هتد.
زۆربەی تابلۆکانی سەما و هەڵپەڕکێ لەتیپی هونەری میللی نەتەوەیی هەولێر بە دەنگی ئەو تۆمار کراون، هەمیشە تابلۆکانی پڕ جۆش و خرۆش دەکرد، تا وای لێهاتبوو ئەگەر تابلۆکان بەدەنگی ئەو تۆمار نەکرابان هەستت دەکرد، کە تابلۆکان کەموکورتیی تێدایە، ئەو تام و چێژەی نییە.
هونەرمەند جەلال سەعید لەماوەی ژیانیدا خزمەتێکی زۆری بە گۆرانی کوردیی و تیپی هونەری میللی نەتەوەیی هەولێر کرد و بە دەنگە زوڵاڵەکەی دەورێکی کاریگەر و بەرچاوی هەبوو، هەر بۆیە خەلک دەیانگووت تیپەکەی جەلال سەعید. لەگەڵ ئەوەشدا هونەرمەندێکی قسە خۆش بوو. کەسایەتیەکی دیار و سەنگین بوو، کەسێکی بەهەڵوێست بوو.
هیوادارم لەداهاتوو لایەنی پەیوەندیدار گرنگی زیاتری پێ بدات، چونکە جەلال سەعید شایانی هەموو جۆرە گرنگی پێ دانێکە.



**ئازاد سەعید**



# جەلال سەعید هونەرمەندێکی گران و سەنگین بوو

جەلال شاکر

من و هونەرمەند جەلال سەعید لەساڵی (١٩٨٤)وە یەکتر دەناسین تاکو ساڵی ١٩٩٦ بەیەکەوە لەتیپی هونەری هەولێر بووین واتا بۆ ماوەی ١٢ ساڵ لە چەندین کاری هونەریدا بە یەکەوە بەشدار بووین. جەلال سەعید هونەرمەندێکی قسە خۆش و پیاوێکی دەم بە پێکەنین و گران و سەنگین بوو، ڕێزی خەڵکی زۆر دەگرت بەتایبەت مۆسیقاژەنەکان.

لەوماوەی لە تیپ بەیەکەوە بووین دەیان یادەوەریمان بەیەکەوە هەیە. جارێکیان بۆ ئاهەنگێک داوەت کرابووین، ئەوانەی لەوێ بوون زۆربەیان کەسانی خواپێداو بوون، ئێمەش، کە چووینە ژورێ و سەلامان کرد، هەندێکیان هەڵنەستانەوە و گوتیان شوێنی ئێوە لەخوارەوەیە، هەردووکمان زۆر تووڕەبووین، جەلال سەعید جوابی دانەوە و پێیانی گوت: ئێوە کێن، کە ئێمەی هونەرمەند بە کەم دەزانن، بەخوای ئێرە شوێنی ئێمە نییە. دیاربوو ئەوان زۆر شەرمەزار بوون. کاک جەلال گوتی: با بڕۆین، منیش ئەوانم ڕەزیل کرد، دوایی گوتیان بمانبوورن ئێمە هەڵە بووین، چیتان دەوێت دەتان دەینێ، پێمان گوتن: پارە هەموو شتێک نییە، کە ئێوە پێی دەنازن، ئەوەبوو ڕۆیشتین و ئەوێمان بەجێهێشت.

> «کاک جەلال دایم سوحبەت و قسەی خۆشی دەکرد. هەر ئەو قسە خۆشانەش بوو جەلال سەعیدی کردبووە خۆشەویستی هەمووان»

جارێکی دیش ئێمە وەک تیپی مۆسیقای هەولێر چووینە گەشت و سەیران، جەلال سەعید دەیزانی، کە شێرزاد زۆر لە ماری دەترسێت، بۆیە مارێکی لاستیکی لەگەڵ خۆی هێنابووە نێو کۆستەری، دیاربوو جەلال سەعید هەر شێر و ڕێوی بۆ شێرزادی دەهێنایەوە و باسی ماری دەکرد، شێرزاد-یش پێی گوت: جەلال ئەمن زۆر لە ماری دەترسێم، لۆیە باسی ماری مەکە، جەلال-یش لەو کاتەدا مارە لاستیکەکەی فڕێ دایە سەر کۆشی شێرزادی، شێرزاد وەخت بوو خۆی لە کۆستەری فڕێداتە خوارێ، زۆر تووڕە بوو، لەو کاتەدا هەموومان دامانە قاقای پێکەنین.

کاک جەلال دایم سوعبەت و قسەی خۆشی دەکرد. هەر ئەو قسە خۆشانەش بوو جەلال سەعیدی کردبووە خۆشەویستی هەمووان، بۆیە، کە کۆچی دوایی کرد من و تەواوی برادەران زۆر دڵگران بووین بە لە دەستدانی ئەو هونەرمەندە بە ئەزموونە.



نووسەر لەگەڵ جەلال سەعید



# جەلال سەعید ..
# دەنگێکی ئارام بەخش



قەهار شێخانی

لەنێو دونیای ئاواز و گۆرانی کوردیدا، جەلال سەعید یەکێکە لەو دەنگە زۆر تایبەتانەی، کە ئێستەش هونەری کوردیی شانازی پێوە دەکات، چونکە ئەو بە گۆرانییە پڕ لە سۆزەکانی باسی لە ئەویندارییەکی پاک دەکرد، دەنگەکەی هێندە ئارام بەخش بوو، هێندە بە حوزنەوە گۆرانی دەگوت، هەرکەسێک بۆ جارێک گوێی لێ بگرتایە هۆگری دەنگی دەبوو، بۆیە لێزانی و شارەزایی ئەو لەگۆرانی گوتندا بە ئاسانی هەستی پێ دەکرا. چونک خۆی لەخۆیدا قوتابخانەیەکی تایبەت بوو.

جەلال سەعید، لە مەهابادی چوارچرا ژیانی ناسی و تێکەڵ بەسروشتی موکریان بوو، لە هەولێر پێی گرت و لەکۆڵانە تەنگەبەرەکانی بەرائەتدا هەستی بە نەهامەتیەکانی ژیان کرد.

جەلال سەعید. پیاوێکی ڕەش ئەسمەری باڵا بەرز بوو، مرۆڤێک سادە و ساکار بەقەد سادەیی خۆی، وەک ئاو نەرم نەرم دەدوا، هیچ کات لە سێبەری ژیاندا نەحەسایەوە، بۆیە هەردەم جەفای کۆ دەکردەوە و دەفی ڕۆحی خۆی دەژەنی و دڵی خۆی بەگۆرانی دەدایەوە، لەگەڵ ئەو هەموو ئازارەش هێندە بەحورمەت بوو، ڕێزی لەگمەی کۆتر دەگرت. لە ڕۆیشتندا هێندە بە ئاگاییەوە هەنگاوی دەنا، نەبادا ئارامی چۆلەکەیەک تێک بدات، لە گەورەیی خۆی بوو ڕێزی لە گەورە و بچووک دەگرت هەردەم دەست لەسەر سینگ بۆ میللەتەکەی وەستابوو.

جەلال سەعید هونەرمەندێکی ئاکار جوان بوو بەشکۆوە سڵاوی لەگۆرانی دەکرد، دەروێش ئاسا سەرمەستانە دەفی ژیانی دەژەنی و نەیدەویست گوێگر هەست بەحەسرەتەکانی بکات، چونکە دەیزانی کەس ناتوانێ لە میحنەتیەکانی ئەو تێبگات.

جەلال سەعید، هەر لەمنداڵییەوە لەبەر دەرکی ڕەشماڵاندا خەم و ئێش و ئازاری ژیان دڵیان بە تالان برد، بە مژۆڵ جەرگیان هەڵکۆڵی، بێ دەرەتانیش، دەسماڵی پولەکەداری خستە سەرشانی و شەدەی گێلگێلەداری وەک تاجی پاشایەتی لەسەرنا.

جەلال سەعید. لەهونەردا لەهیچی کەم نەبوو، دەیتوانی تابلۆی ژیان بەجوانترین شێوە بنەخشێنێ، بەڵام نە شەنگە بێرییەک وەک شوانێکی ڕەنجەڕۆ ئەوی ناسی و نە کەسیش ئاگای لەحاڵی بێ حاڵی ئەو بوو، بۆیە بە چاوی پڕ لەگریان و بەدڵی شکاوەوە بێ ئاوڕدانەوە لەگەڵ کاروانی ژیان ڕۆیی، تا گەیشتە کوێستانی سامڕەندی بێ هیوایی.

ئەو، هەردەم موریدی خەڵوەتی عیشق بوو، بۆیە لەسوچی میعرابی زیکردا لە تەنیاییدا وەک مۆم دەسووتا، شەپۆڵی خەمی غوربەتی وێڵی کردبوو، لە کەلاوەی خانەقای عومریشیدا بەدوای تریفەی مانگ و بریسکەی سەرابدا دەگەڕا.

جەلال سەعید، هەردەم ژیانی دەخستە نێو پێکێک شەراب بۆ ئەوەی نەهامەتییەکانی بیر بچێتەوە، شەوان چ ڕازێکی هەبوایە بەیانی لەلای گۆرانییەک دەی درکاند، هەموو کات سڵاوی لەکۆڵانی یادەوەرییەکان دەکرد و نامەی ئەویندارانەی بۆ گۆرانی دەنارد و لە تەنیشت عاتیفە دادەنیشت، خەون و خەیاڵەکانی لەقەدی شنەبایەک دەئاڵاند و دەیکردنە ئاوازێکی سەرمەدی و بەگوێی ژیاندا دەیچرپاندن، بەدەم گۆرانی گوتنەوە گۆزەی حەزەکانی پڕ دەکرد لەئاوی چاو، ڕووە و خۆر دادەنیشت، بۆ ئەوەی حیکایەتی گۆرانیەکمان بۆ بگێڕێتەوە، کەچی خەیاڵ دەیبردەوە لای ئێنجانە دڵشکاوەکانی بەر پەنجەرەی زەمەنی مرۆڤە جوانەکانی گەڕەکی سەیداوە، تاکو لەوێوە بتوانێ



بچێت گوڵەکانی موحیبەت ئاوبدات، کە دەچووە ئەویش هاوڕێیەتی لەگەڵ با دروست دەکرد و بە شوێن هەنگاوەکانی پەپوولەدا دەڕۆیشت، تا لە چاوان ون دەبوو.

جەلال سەعید، لە نەخشاندنی تابلۆی گۆرانییەکانی ژیاندا هونەرمەندێکی دەست ڕەنگین بوو، هەر شەوێک بێتاقەت بووایە، دڵی پڕ لە حەسرەتی مەستی پێکێک دەبوو، کە پڕبێت لەشیلەی لێوی پەپوولە.

ئەو، ئەو دەمانە دڵتەنگ دەبوو، کە خێڵەسات بەرەو کوێستان دەگەڕانەوە، چونکە نازدار ئازیزەکەی بارگە و بنەی لەکۆڵ دەنا، ئەویش دەست بەنزا بوو بۆ ئەوەی لەو هەوراز و نشێوەی ڕێگە هەڵنەدێرێ و بەسەلامەتی بگەنە مەنزڵ، دوای ماوەیەک دڵی ئۆقرەی نەدەگرت، دەبووە کوڕە کۆچەری هەوار بە هەوار بەدوای دەواری کچی وڵاتی بەفردا دەگەڕا، چونکە ئەو خەونی دیتبوو لەو کوێستانانەدا وەک پەری بە بەرگی سپییەوە نەرم نەرم دادەباری.

ئەو هەردەم لە درزی خەمەکانییەوە، لە ژیانی دەڕوانی، دەیگوت وەرە ساقی لە داخی مەینەتی دەوران دڵم پڕ لە ئاگرە، بۆیە لە تاڵی ژین پیاڵەی دەستم بۆ پڕکە، چونکە بیست بەهاری تەمەنم ژماردن هەر نەگەیشتمە سەر لێواری خەندەیەک، بزەیەک سڵاوێکی لێ نەکردم، پێکەنینێک دەستی نەگرتم، شادییەک قۆڵی لە قۆڵی هەڵنەکێشام و پیاسەسەکی ئێوارانی لەگەڵ نەکردم.

جەلال سەعید، لەدوا ساڵەکانی تەمەنیدا. هەندێک جار ژیان ئەوەندە بێتاقەتی دەکرد، بێ دەنگ دەبوو، وەک بێدەنگی مشتێک ئاو، کە لە ڕووبارێک جێ مابێت. وەک بەردێک، کە بۆ ئەبەد خرابێتە نێو دیوارێک، دڵتەنگ دەبوو وەک دڵتەنگی گەڵایەکی وەریو، کە دڵنیابوو جارێکی دی بە لق ناگاتەوە، چونکە دەیزانی ئەم زەمەنە، زەمەنی لاویەتی نییە، ئێستە وەرزی پایزی تەمەنە، ڕۆژێک دێت ژمارەی ساڵەکانی تەمەن کۆتاییان دێت، شەوێک ڕەشەبای مردن هەڵدەکات و ڕۆحی بەرزەفڕی بەرەو ئاسمان لە شەقەی باڵ دەدات، ئەویش وەک باقی خەڵکی دی لە لای دۆستەکانی دەبێتە یادەوەری، لەهەموو مەجلیسێکدا لاپەرەی بیرەوەرییەکانی هەڵدەدەنەوە، حەیف ئەوکات گۆرانییەکان بەبێ دەنگی دەدوێن، تابلۆکان بە ڕاکشایی سەما دەکەن، لەدوای ئەو چیدی کوێستانەکان بە ناڵە و هەزار نابن و قاقای کیژە هەولێرییانیش تا ئەوسەری ژیان ناڕوات، ئەو بێ وەفا نەبوو، بەڵام ژیان بێ وەفا بوو، پەیمانی لەگەڵدا شکاند زوو مردنی بۆ هێنا.





# جەلال سەعید:
# نیوەی هەولێرم بە بووک و زاوا کردووە



دیداری / هێمن ئاری



**– گەر لەبارەی ژیانی منداڵی و قۆناغەکانی ئەوسا پرسیارت لێبکەین چۆن وەڵاممان دەدەیتەوە؟**

+ لە ساڵی ١٩٥٣ لەشاری مەهاباد لە دایک بووم، ئەوەی من ئاگاداربم لە منداڵییەوە هاتووینەتە هەولێر، ئەوکات باوکم ژنێکی دیکەی هێناوە و هاتووەتە ئەم دیوەی کوردستان، من لەگەڵ بەکری برام و واحید و موزەفەر و موعسوومی خوشکم و دایکم لەوێ ماوینەتەوە، تا تۆزێک گەورە بووین، لەگەڵ بەکری برام لە مەهاباد، بۆ خۆ ژیاندنمان کاری بۆیاغ چیاتیمان دەکرد. تەمەنم هەر نزیکەی چواردە ساڵ دەبوو، دەفەیەکم پەیداکرد و لە چایخانەکان لەگەڵ کاری بۆیاغچێتی گۆرانیم دەگوت.

ئەوکات ماملێ و ڕەسووڵی نادری و هونەرمەندان، کە گوێیان لەدەنگم دەگرت، هەستیان دەکرد دەنگم خۆشە، ئیدی دوای شۆڕشی (عەبدولکەریم قاسم) هاتینە ئەوبەشەی کوردستان.

لەساڵانی حەفتاکان هاتمە نێو بواری هونەرەوە، لەپاڵ هونەرەکەشمدا کاری حەدادی و دارتاشیم دەکرد، لەگەڵ چەند برادەر و هونەرمەندێکی دیکەی وەک قادر زیرەک و ڕەحمان قوربانی، ئیدی لەکاتی کارکردنیشدا هەر گۆرانیمان دەگوت. دوای دەست هەڵگرتن لە کار و دوای عەسران دەچووینە باخچەی خانزاد، لەوێ دادەنیشتین و تا درەنگانی شەو گۆرانیمان دەگوت، گەر یەکێکمان پارەمان پێبوایە بەبێ جیاوازی دەچووین لەفەیەکمان دەخوارد، گەر باسی منداڵیم بکەم، دەتوانم بڵێم لە ناخۆشی زیاتر هیچی دیم نەدیوە، بە هۆی سەختی ژیانمەوە، خوێندنیشم بۆ تەواو نەکرا و هەر تا پۆلی شەشی سەرەتایم خوێند.

**– ئەی یەکەم بەرهەم، کە بڵاوت کردەوە و تۆی ناساند، چی و کەی بوو؟**

+ وەکو گوتم پێشتر لەگەڵ برادەران گۆرانیمان دەگوت، بەڵام ساڵی ١٩٧٠ لەگەڵ فازڵ دێوانە بەسازێک یەکەم بەرهەمم تۆمار کرد و دەنگی دایەوە، لەڕێی ئەو بەرهەمەوە خەڵک منی ناسی، دواتر لە ساڵی ١٩٧٢ و ١٩٧٣ بەردەوام بووم.

لە نسکۆی ساڵی ١٩٧٤ کە چووینە ئێران بوومە پێشمەرگە، لە ئێران کاسێتێکم لەگەڵ تار لێدەرەکەی حەسەن زیرەک تۆمار کرد، کە گەڕاینەوەش کەوتمە نێو دونیای ئەگلەنجە و

“ نۆکاو و سەروپێ ئامادە دەکرا، خێزانەکان دەچوونە سەربان و پیاوەکانیش لە خوارەوە، تا بەرەبەیان ئاهەنگیان دەگێڕا ”



جەلال سەعید، محەمەدی ماملێ

ئاهەنگەکانی هەولێرییان، ئەوکات باوبوو بە یەکەوە گۆرانیمان دەگوت. لەگەڵ هونەرمەندان تایەر تۆفیق و مشکۆ و محەمەد ئەحمەد ئەربیلی و حەیدەرە کەچەڵ و فوئاد ئەحمەد و محەمەد جەزا بەشداریمان دەکرد و گۆرانیمان دەگوت، ئیدی لەهەشتاکانیش لەگەڵ تیپی هونەرە میللییەکان بەردەوام بووم، کە کاری زۆر باشمان کرد، ئیدی لەوساوە تا ئێستە هەر خەریکی کاری هونەریم.

**– دەکرێ بڵێین تیپی هونەرە میللییەکان جەلال سەعیدی زیاتر ناساند؟**

+ گۆرانی تیپە میللییەکان جیاواز بوون لەگەڵ ئەو گۆرانیانەی بۆ تیڤییەکان تۆمارم دەکردن، دوای ئەوەی زیاتر ناسرام چەند کارێکی دیکەم کرد، ئەو کارانەی کردوومن تابلۆکان دیارن، بۆیە دەڵێم جیاوازی لەنێوان گۆرانییەکانی خۆم و تیپی هونەرە میللییەکاندا هەیە، چونکە ئەوان بە ژمارە دەڕۆن.

**– تۆ لە ساڵانی هەشتاکان ئەستێرەیەکی درەوشاوە بووی، لەزۆربەی ئاهەنگەکانی بووک گواستنەوەش بەشداریت دەکرد، دەکرێ بڵێین لەسەدا چەندی ئاهەنگەکانی بووک گواستنەوە

**بەشدار بوویت؟**

+ (بەپێکەنینەوە) بەخوا دەتوانم بڵێم نیوەی هەولێرم زیاتر بە بووک و زاوا کردووە، ئەوان ئێستە یادەوەرییەکانیان لەیاد داماوە هەمووشیان نەوەیان هەیە.

**– تام و چێژی بەشداریکردنی ئەوکات، لە ئاهەنگەکاندا چی بوو؟**

+ ئەوکات بەس لە هەولێر ئەگلەنجە دەکرا، هەروەها ڕێزێکی گەورەیان لە هونەرمەند دەنا، ئەوکات ئاهەنگەکان دوو ڕۆژ بوون، سەرەتا مەولوودیان دەگێڕا، دوای مەولوود خوێندنەوە، سرەی هونەرمەندان و گۆرانی گوتن دەهات، ئیدی نۆکاو و سەروپێ ئامادە دەکرا، خێزانەکان دەچوونە سەربان و پیاوەکانیش لە خوارەوە، تا بەرەبەیان ئاهەنگیان دەگێڕا.

**– ئەو هونەرمەندانەی ئەوکات لە ئەگلەنجەکان بەشدارییان دەکرد کێ بوون؟**

+ تایەر تۆفیق، محەمەد جەزا، مشکۆ، عارەب عوسمان و قادر زیرەک... هتد.

**– بەشداریتان لەو ئەگلەنجانە پەیاکردنی بژێوی ژیان بوو، یان حەزێکی هونەریی؟**

هێندە چاومان لەبژێوی ژیان نەبوو، بەڵام خاوەنی ئاهەنگەکە، لەزەرفێکدا بۆ هەر یەکێکمان هەندێک پارەیان دادەنا، بەبێ ئەوەی خۆمان داوای بکەین، ئەو چل پەنجا دینارەی ئەوکاتیش لەچاو ئێستە زۆر بوو، وەک بژێویش هێندە پێویستمان پێ نەبوو، بەڵکوو بە ڕۆحێکی هونەریی بەشداریمان لە ئەگلەنجەکاندا دەکرد، پێشتریش لە ساڵی ١٩٧٦، کە لە ئێران هاتینەوە لەگەڵ عارەب عوسمان و عوسمان حوسێن و سوارە کەریم، دوو سێ ڕۆژ لە گوندەکان دەماینەوە و بە تەپڵ گۆرانیمان دەگوت، تا ساڵی ١٩٨٠ بەردەوام بووین، دوای هەشتاکانیش لە ئەگلەنجەی شەوان، لە ماڵەکان بەردەوام بووین، لەسەرەتای ساڵی ١٩٩٠ و دوای ڕاپەڕین ئاهەنگەکان چێژی جارانیان نەما، خۆشم لەساڵی ١٩٩٤ وازم لەئاهەنگ گێڕان هێناوە، تەنیا ئەگەر برادەرێک داوا بکات، لەگەڵ چەند برادەرێک هەر بۆ خۆشی دەچین.

**– گەر گوێ لەبەرهەمەکانی ساڵانی زووی جەلال سەعید بگرین دەنگی جیاوازە لەگەڵ ساڵانی دوایی، باسی ئەوەش دەکرێت، گوایە لەئێران، لە لایەن چەند هونەرمەندێک (کلت) بۆ لە چای کراوە، بۆ ئەوەی دەنگت تێک بچێت، ئەمە تا چەند ڕاستە؟**



+ خۆشم ئەوەم بیستووەتەوە، بەڵام ئەم قسەیە دوورە لە ڕاستی، بێگومان دەنگی منداڵیم لە دەنگی ئێستەم جیاوازترە، گەر تفەنگێک زۆری تەقە پێ بکرێت دەنگی بەباشی نامێنێت، تۆش گەورە دەبی و جگەرە دەکێشی و مەشرووب دەخۆیتەوە و پیر دەبیت، ئیدی دەنگەکە وەک خۆی نامێنێت و گۆرانی بەسەردا دێت، بیرمە شەوێک لەگەڵ تایەر تۆفیق و فوئاد ئەحمەد و حەیدەرە کەچەڵ، لە ئەگلەنجە بووین، گۆرانیم گوت، تایەر تۆفیق گوتی: وەڵڵا زوهرە حوسێن هەیە، عێراقی بە دونیا ناساندووە، تۆش دەبیت بە زوهرەی کوردستان، ئەوکات دەنگم جیاواز بوو لەگەڵ ئێستە.


**“ دوای ڕاپەڕین ئاهەنگەکان چێژی جارانیان نەما، خۆشم لەساڵی ١٩٩٤ وازم لەئاهەنگ گێڕان هێناوە ”**

**– لەگەڵ کام گۆرانیبێژەکانی ئەوکات ئاسوودە بووی؟**


+ لەگەڵ هەموویان ئاسوودە بووم، بەڵام هەڵسان و دانیشتنم زیاتر لەگەڵ قادر زیرەک و عارەب عوسمان بووە، بەڵام مامۆستا تایەر تۆفیق تووڕە و توند بوو، دەبووایە خۆی لەگەڵ بگونجێنی.

**– ئەی لەگەڵ عیشق و دڵداری چۆن بوویت؟**

+ هەموو شتێ لەخۆشەویستیدا دروست دەبێت، مەرج نییە خۆشەیستی تەنیا بۆ ڕەگەزی بەرانبەر بێت، ڕەنگە خۆشەویستی منداڵێک سەرنجت ڕابکێشێت، کرێکارێک، ڕەشماڵێ، دۆڵێک، دەوەنێک، کوێستانێک، ئیدی جاری واش هەبووە لە ئاهەنگەکان، یان شوێنێک، ئافرەت لێم نزیک



**جەلال سەعید و خانەوادەکەی**



بووتەوە، بەڵام هەمیشە لە ترسی کۆمەڵگە و پاراستنی کەسایەتیم، خۆم بەدوور گرتووە، ئەگەرچی زۆر جاریش گرفتمان بۆ دروست بووە، بەڵام هەمیشە کەسایەتی خۆم خۆشتر ویستووە، خەڵکی هەولێریش ئەوە باش دەزانن .

**– ئەی ساڵی چەند ژیانی خێزانیت پێکهێنا؟**

+لە ساڵی ١٩٧٤ کە بووم بە پێشمەرگە، دۆستایەتیم لەگەڵ برای خێزانەکەم هەبوو، بەیەکەوە بووین، ئەو کچەیان پیشکەش کردم. ئیدی هەر لەو ساڵە لە مەهاباد گواستمەوە. خێزانەکەم ناوی (خەجیج) بوو، ساڵی ١٩٩٢ کۆچی دوایی کرد، دوو کوڕ و شەش کچم لێی هەبوو، بەناوەکانی (شەماڵ، هەڵگورد، کەژاڵ، زریان، بێریڤان، هەڵبەست، ژاڵە، سکاڵا)

**– ئەی خێزانی دووەمت ساڵی چەند هێنا؟**

+ لە ساڵی ١٩٩٤ شلێر خانم هێنا، لەویش کچێک و کوڕێکم هەیە بەناوەکانی (ستار و شەوگار) ژیانێکی سادە و ساکارمان هەیە.

**– خێزان و منداڵەکانت تاچەند حەزیان لە دەنگی تۆیە، روویداوە لە تیڤی گۆرانییەکی تۆی لێدابێت و لایان دابێت؟**

+ زۆر حەزیان لێیە و هەمیشە هاندەرم بوونە، زۆرجار بۆ بەرنامە و چاوپێکەوتن داوام لێ دەکەن ناچم، دەڵێن بۆ ناچی.

**– قەت گۆرانیت بەسەر هیچیان نەگووتوە؟**

+ نەخێر، بەڵام بەسەر کچەکان گۆرانیم گووتوە.

**– کام گۆرانی ڕەنگدانەوەی واقیعی ژیانی خۆتە و زیاد لەپێویست حەزت لێیەتی؟**

+ زۆرن، بەڵام (شەو لەگریانم دەکات، بۆچی دەڕۆی بەجێم دێڵی، بۆچی دەگری دەناڵێنی) بەڵام ئەوەی دەروێشانە دەمهەژێنێ و سەرمەستم دەکات (شەو لەگریانم دەکا)یە لە ساڵی ١٩٧٦وە خەریکی ئەم گۆرانییە بووم، بۆم تۆمار نەدەکرا، تا ساڵی هەشتاکان تۆمارم کرد، دەتوانم بڵێم لە سەدا نەوەتی خەڵک بەدڵیان بوو.

**– زۆرجار، کە پیاو ژنی دەمرێت و ژنێکی دیکە دەهێنێتەوە، بۆ منداڵەکانی ژنی یەکەمی، کێشە دروست دەبێت، لەم رووەوە کێشە لەنێوان خێزانی دووەمت و منداڵەکانتدا هەبووە؟**

+ ڕاستە، بەڵام باوەڕت هەبێت، لەم ڕووەوە



**جەلال سەعید و زیاد ئەسعەد**

خەڵک حەسوودیم پێدەبەن، دەتوانی ئەو پرسیارە لەخۆشیان بکەیت، سەری منداڵەکانی یەک یەک دەشووشت و وەک منداڵی خۆی سەیری دەکردن، ئێستە کچەکانم لە دایکی خۆیان زیاتر خۆشیان دەوێت، زۆر بەجوانی گەورەی کردوون، بۆیە زۆر لێی ڕازیم خواش لێی ڕازی بێت، ئێستەش کە شەماڵ ژنی هێناوە بەیەکەوە لە ماڵێکدا دەژین.

**– ئەی لەکاری ماڵەوە تاچەند هاوکارییان دەکەی؟**

+ ئەوەی پێویستیان بێت بۆیان دەکەم، خۆشم حەزم لە جوولانەوەیە، زۆر چێشت هەیە خۆم حەز دەکەم لێیبنێم.

**– ئەو خواردنانە چین خۆت حەز دەکەی ئامادەیان بکەیت؟**

+ زۆر جار دەمەوێت مریشک، یان فرۆجێک لێبنێم جووجە قۆرەی پێدەڵێن بەسرکە و پەسیرە چاک دەکرێت، زیاتر لەوانە شارەزام .

**– بە پێچەوانەی تۆ، عارەب عوسمان دەڵێ هەر کارێک پەیوەندی بەئافرەتەوە هەبێت نایکەم؟**

+ (بەپێکەنینەوە) وەڵڵا لەوانەیە مام عارەب سەری لەم شتانە دەرنەچێت و نەیانزانێت، ئەو حەز دەکات بە ئامادەکراوی بێتە بەردەستی و بیخوات.

**– هونەر تاچەند شانسی پێت داوە؟**

+هونەر ئەرک و قورسایی زیاترە، لایەنە تاڵییەکەی

> ❝ **زیاد ئەسعەد هەر لە منداڵییەوە دەنگێکی خۆشی هەبوو، هەستم دەکرد توانایەکی باشی هەیە، کە شمشاڵی لێدەدا مرۆڤ لەگەڵی دەتوایەوە** ❞



– سەردەمی ئێوە، بە سەردەمی زێڕین ناودەنرا، ئەی ئێستە چ سەردەمێکە؟

+ وەکو گوتم ئێمە سەردەمی زێڕینمان بەڕێکرد، خۆمان گەیاندە دەنگە ڕەسەنەکانیش، کلتوور و دابونەریتی باپیران و وڵاتەکەی خۆمان پاراست، هێنامان تا سەردەمی زێڕین و قورگی زێڕین، گەر ئەوان یادمان بکەنەوە دڵخۆشمان بکەن.

– تۆ لەبری سەردەمی زێڕین، چ ناوێک لەم سەردەمە دەنێیت؟

+ من نە دەوێرم و نە دەتوانم هیچ ناوێکی لێبنێم، ئەوانەی زیاتر لە ناوەندە هونەرییەکانن، ڕۆژنامەنووس و نووسەرەکان دەبێت ئەو ناوەی لێبنێن و ناوێکی بۆ بدۆزنەوە، وەک چۆن ناوی سەردەمی زێڕینیان دۆزیەوە (بەپێکەنینەوە) بە بڕوای من ئەم سەردەمەشمان گەر زێڕیش نەبێت، زیو دەبێت.

– دوو ساڵ پێش ئێستە پێتگوتم: زۆر شت هەیە خۆمی لێ دەپارێزم، تا بە گەنجی بمێنمەوە، بەڵام ئێستە هەست دەکەم رووخسارت گۆڕاوە، ئێستە تا چەند ئاگات لە خۆتە؟

+ وەڵڵا پیر بووم و پیرتریش دەبم، ئێستە لەبەر ئەوەی لەم یەک دوو ساڵە تووشی نەخۆشی بووم، زیاتر ئاگاداری خۆمم، ئێستە خۆم زیاتر خوشدەوێت، تا بمێنین، چونکە ئەرکمان لەسەر شانە و بەهرەیەکە خوا پێی داوین، گۆرانییەکیشم گوتووە (تەمەن بەرەو هەڵکشانە) ئێستە هەست دەکەم تاقەتی جارانم نەماوە، کاتی خۆی لە



لە شیرینەکەی زۆرترە، ئەو سەردەمەی ئێمەی دروست کرد ترسناک بوو، زۆرجار خەریک بووە لەسەر هونەر بکوژرێم.

– قەت لەئاهەنگ و ئەگلەنجەی شەوان لە سەر ئافرەت کێشەت بۆ دروست بووە؟

+ زۆرجار کێشەم بۆ دروست بووە، بۆ هەر ئاهەنگێکیش چووبم، خەڵکەکەم بە چاوی دایک و خوشکی خۆم سەیر کردووە، لەژیانمدا ئەم شتانەم نەکردووە، بۆ پاراستنی کەسایەتی خۆم لە ئافرەت نزیک نەبوومەتەوە، هەر کێشەیەکیشم بۆ دروست بووبێت خۆم پاراستووە، بۆیە دەتوانم بڵێم لە لایەک هونەر کێشەی بۆمان دروست کردووە، لە لایەکی دیکەشەوە وایکردووە خەڵک ڕێزمان لێ بگرێت، لەڕووی ماددەشەوە ڕێزمان لێنراوە، بەڵام بە بەراوورد لەگەڵ کەسانێکی دی، ڕەنگە جیاوازی کرابێت، ڕەنگبێت کەسانێک هەبن، چارەکی ئێمە خزمەتی هونەریان نەکردبێت.

– پێتوانییە هونەری ئەمڕۆ زیاتر بۆ گیرفان پڕ کردن بێ، نەک خزمەتکردن؟

+ هونەر وردە وردە لەتوانەوەیە و بووەتە بەفری بەر ڕۆژ، ئەو هەستە نەماوە، شیعر و ئامێر و تەکنیکی ئێستە لەجاران باشترە، بەڵام چێژی ئەوساکەی نەماوە، ئێستە دەزگای ڕاگەیاندنەکان فراوانبوونە، کاتی خۆی یەک تیڤی هەبوو، هەموو خەڵک چاوی لەم شاشەیە بوو.

– تاچەند لەگەڵ ئەو کارانەی ئێستە کۆکی؟

+ من ناتوانم گلەیی لەگەنجی گۆرانیبێژ بکەم و بڵێم ئەم کلیپە، یان ئەم کارەت بۆ وا کردووە، چونکە ڕەنگە ئەم کارە بۆ ئەم سەردەمەی ئەو، ئەوەی لێ بوەشێتەوە، بەڵام لەمن ناوەشێتەوە.

– واتە جەلال سەعید ئامادەنییە کاری وا بکات؟

+ نەخێر، بەڵام ئامادەم کلیپ لە وڵاتەکەی خۆم، لەدەشتی خۆشناوەتی و کوێستان و سەیرانگاکان بکەم.

– ڕات چییە لەسەر ئەو کارانەی لەدەرەوە دەکرێن؟

+ ئەوە دەبێت خەڵک بڕیار بدات، ڕەنگە خاوەن بەرهەمەکە، یان هونەرمەندەکە هێندەی دونیا بەدڵی بێت، بەڵام پێویستە بزانێت، خەڵک چی دەڵێن، شارەزایان چی دەڵێن.



ڕۆیشتن گۆرانیم دەگوت، ئێستە بەزۆریش حەزم لێی نییە.

**– دەستی نووسینی شیعر و ئاوازدانانیشت هەیە؟**

+ زۆرجار شیعرم بۆگۆرانییەکانم داناوە، زۆربەی ئاوازەکانیش هی خۆمن، لە ئامێری زەڕب و تەپڵ و دەف باشم.

**– شەماڵی کوڕت دەنگی زۆر لە تۆ دەچێت، ئایا تۆ هیچ پشتگیرییەکی دەکەی؟**

+ خەڵکیش لە دەنگی ڕازین و دەڵێن لە سەدا نەوەت و پێنج دەنگی باوکییەتی، خۆم یەکەم جار لەنێو تەکسییەک گوێم لەدەنگی بوو، گۆرانی منی گوتبووەوە، وامزانی دەنگی خۆمە، هەموو پشتگیریەکی دەکەم و یارمەتی دەدەم.

**– تاچەند حەز دەکەی شەماڵی کوڕت لاسایی تۆ بکاتەوە؟**

+ خۆشی حەز دەکات و منیش حەز دەکەم، ڕەسەنایەتییەک بەدەنگییەوە دیارە، ڕێچکەی خۆشی دیاریی کردووە، هەندێک جار گۆرانی بەوشێوەیە دەڵێت، زۆر جاریش گۆرانییەکانی من وەک خۆی دەڵێتەوە.

**– گەر هونەرمەند نەبوایت، حەزت دەکرد چی بوایت؟**

+ گەر هونەرمەند نەبوومایە، ڕەنگە ئێستە لەژیاندا نەمابوومایە، چونکە زۆر کەسێکی بزێو بووم، زۆرێک لە برادەرانم بوونە پێشمەرگە و شەهید بوون، بەڵام لەبەر هونەرەکەم من نەمتوانی بچمە شاخ، گەرنا ڕەنگە منیش شەهید بوومایە.

"گەر هونەرمەند نەبوومایە، ڕەنگە ئێستە لەژیاندا نەمابوومایە، چونکە زۆر کەسێکی بزێو بووم، زۆرێک لە برادەرانم بوونە پێشمەرگە و شەهید بوون"

**– باسی ئەوە دەکرێت، کە لە دەست پێکدا زۆر هاوکاریی زیاد ئەسعەد-ت کردووە؟**

+ زیاد ئەسعەد هەر لە منداڵییەوە دەنگێکی خۆشی هەبوو، هەستم دەکرد توانایەکی باشی هەیە، کە شمشاڵی لێدەدا مرۆڤ لەگەڵی دەتوایەوە، شەوێک لە ئەگلەنجەی ژنهێنانی برادەرێکدا، یەک دوو برادەر زیاد-یان لەگەڵ خۆ هێنابوو، ئەوکات زۆر منداڵ بوو، سەرەتای ساڵی ١٩٧٩ بوو، گوتیان دەنگی خۆشە و زۆر بەباشی شمشاڵ لێدەدات، کە گوێم لە دەنگی بوو، زانیم کەسێکی بەتوانایە، بەیانییەکەی هێنامە تیپی هونەری میللییەکان. مامۆستا شێرزاد و برادەران، کە گوێیان لێ گرت پێی سەرسام بوون. یەکسەر گرێبەستێکیان بۆ کرد، ئیدی لە هونەرە میللییەکان لەگەڵم بەشداری دەکرد، خۆشی لە هەڵبژاردنی کارەکانی سەرکەوتوو بوو، توانی خۆی پێبگەیێنێت، هانی زۆرێک لە هونەرمەندانی دیکەشم دا لەگەڵ من لەم تیپە کار بکەن.

**– بەچ شتێک زیاتر بێزار دەبیت؟**

+ کە بەڵێنێکت پێدەدرێت و نایبەنە سەر، لەگەڵ قەرەباڵغی.

**– بەچی دڵخۆش دەبیت؟**

+ ئەوکاتەی لەنێو خەڵک سەربەرزم و جەماوەرەکەم ڕێزم لێدەگرن، وادەزانم تازە لە دایک بوومە.

**– لەگەڵ وەرزش چۆنی؟**

+ کاتی خۆی زۆرم حەز لێ بوو، بەڵام ئێستە هێزم نییە، لەبەر نەخۆشی ناتوانم، پزیشک ڕۆیشتنیشی لێ قەدەغە کردووم.

**– لەنێو هونەرمەندانی هەولێر بە هونەرمەندە دڵتەڕەکە ناوت دەرکردبوو، ئێستە دوای ئەو نەخۆشییەت چۆنی؟**

+ ڕاستە، بەڵام بڵێین و نەڵێین مرۆڤ وەک خۆی نامێنێت، لەبەر ئەوەی نەخۆشم، بێگومان وەک جاران نەماوم.

**– لەگەڵ خواردن چۆنی؟**

+ ئەوەی حەزم لێبوو لێم قەدەغە کراوە، حەزم لە گۆشتی سۆرە، تامەزرۆی هێلکەم، کەچی ناتوانم بیانخۆم، وازم لە جگەرە و خواردن و خواردنەوە هێناوە، حەزم لە برنجیش نییە، تەنیا بۆم هەیە سینگی مریشک بخۆم، دەنا وەک حەز خۆم، من حەزم لە کفتە و سەوزە و میوەیە، گژوگیای بەهاری وەکو تۆڵکە، کەنگر و کاردیم لە گۆشت مامز پێخۆشترە.

**– چ خۆزگەیەت هەیە بەدی نەهاتووە؟**

+ هیچ مرۆڤێک نییە تەواوی خۆزگە و ئاواتەکانی بێتە دی، گەر بەخۆزگە بێت، بەقەد دونیا حەزم لە (مەزرەعەیە) کە مریشک، کەڵەباب، عەلەشیش، کۆتر و تەیر بەخێو بکەم، ئەمە دوایین خۆزگەی منە، ئەگەر ئەم خۆزگەیەم بێتە دی چاک دەبمەوە، بەڵام ئەوەش مەحاڵە تازە بەدی نایەت.

*** گۆڤاری هەرێم، ژمارە ٥٤٤، لە ٢٠١٠/٢/١٦**

# مێژوو

- **وتارە بڵاونەکراوەکانی مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی (مێژووی نەبەرد و خەباتی کورد) بەشی دووەم و کۆتایی**


پ.ی.د. ئەحمەد باوەڕ

- **ئەنفال لە زەمینەسازییەوە بۆ جێبەجێکردن و دادگاییکردن (بەشی سێیەم و کۆتایی)**

عەلی مەحموود محەمەد

## وتارە بڵاونەکراوەکانی مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی

# مێژووی نەبەرد و خەباتی کورد



بەشی دووەم و کۆتایی



پ.ی.د.
ئەحمەد باوەڕ

# وتاری سێیەم:

گوێ گرە خۆشەویستەکان ئەم کاتەو هەمووکاتێکتان خۆش

لە وتارەکانی پێشوودا بۆمان ڕوون کردنەوە، کە ئەم نەتەوەی کوردە، لە چوار هەزار ساڵ لەمەوبەرەوە لە خەبات و نەبەردایە دژی نەیاران و دوژمنان و داگیرکەران، بەڵام مێژوونووسان هەمیشە ئازایێتی دلاوەرێتی کوردییان بەناوی خەڵکی ترەوە تۆمارکردووە و مەیدانی ئەوەیان نەداوە، دلاوەرانی کورد بناسرێن و هیچ کاتێک بە دوور و درێژی باسی نەبەرد و خەباتی کورد نە نووسراوە. تەنیا لە قوژبن و گۆشەی لاپەڕەکانی مێژوودا، زۆرکورت ناوی کوردێ براوە، ئەویش یا بە یاغی دراوەتە قەڵەم، یان «خارجی» (khariji) ناوبراوە و ناتۆرەیەکی دژی ئیسلامی پێوەنراوە، پالافتەی قسە، لە سەرەتای ئیسلام بەدواوە، مێژوو جارجارێ ناوی لە کوردێ بردووە، تەنانەت لە دەورانی ئەمەوی و لە دەورانی عەباسی دا و نەبەردی ئەم کوردە دژی ستەم دژی دەس درێژی، دژی داگیرکەرانی وڵات خراوەتە قاڵبێکی وەهاوە کە ئەوکەسەی چاوی بە هەڵەدا خشاندبێ و ئەوباسەی خوێندبێتەوە، لەباتی ئەوەی ئافەرین لەو کوردە قارەمانە بکات، نەفرینی لێ کردوە، لە باتی ئەوەی بەزەیی بەحاڵیانا بێت، بە نوشوست وتێ شکانیان بووژاوەتەوە، بۆ نمونە.. «ئەبوموسلم» کە بەخۆراسانی ناوی بەرزبۆتەوە، ئەم پیاوە، لە بنەڕەتا لە کوردەکانی «نەهاوەند» بووە، پڕوپاگاندە بۆ جونبوشی نهێنی دژی «ئەمەوی» بکات، هێزی نهێنی بۆ ڕوخاندنی «ئەمەوی» پێک بهێنێ، ئەبوموسلم بەهێزی کورد و فارسەوە دێتە «شارەزوور» لەگەڵ سوپای «مەروان» ئەکەوێتە شەڕ لەسەر «زێی بچوک» لە هەرێمی «ماحوز» لای خۆرئاوای شاری کەرکووک لەشکری سوپای «ئەمەوی» تێک ئەشکێنێ، خەلافەتی ئەمەوی ئەڕوخێ، خەلافەتی «عەبباسی» لەسەر ئارەزووی کۆمەڵە نهێنیەکان کاروباری وڵات ئەگرێتە دەست. ئەم خەلافەتە پەیمان ئەبەستێ کە دەربەستی مافی میللەتان بێت، فەرق لە نێوانی عەرەب و عەجەمدا نەهێڵێ، بیر و ئەندێشەی چەپەڵی دەورانی ئەمەوی لەسەر لاپەڕەی ڕۆژگار بسڕێتەوە، ئیتر کەس نەتوانێ عەرەب بە بەرتر دابنێ لە عەجەم ، کەس نەتوانێ گەلان بچەوسێنێتەوە، کەس نەتوانێ بەزۆرملێ و مل هوڕی دەسکەوتی وڵات داگیربکات و خەڵک بەڕووتی و جەنجاڵی بهێڵێتەوە... خەلیفەی عەباسی «ئەبوالعەبباس سەفاح» دائەنیشێتە سەر تەختی خیلافەت، تا دەسەڵات پەیدا ئەکات ڕێی ئیسلامەتی ئەگرێتەبەر.. بەڵام هەرکە ئەبێتە خێوی دام و دەزگا، ئەبێ بە خێوی لەشکر و سوپا، ئەبێ بەخێوی کۆشک و تەلاری پڕ لە غولام و کەنیزە و دەست و پا.. ئەکەوێتە بیری ئەوەی سەرانی شۆڕشگێڕان لەناو ببات.. بەڵام زۆر ناژی.. لە نیازەکەیا شکست ئەخوا و سەرناکەوێ.. پاش مردنی ئەبو جەعفەری مەنصوری برای لە جێی دائەنیشێ، ئەو یەکەمین مەبەستێ کە لە مێشکی دا جێ ئەگرێ و شە و ڕۆژ ئەبێ بە ماخۆلیای ئەوە دەبێ کە ئەبوموسلیم لەنێو ببات. ئەوقارەمانە مەزنە سەرنگون و نابوت بکات کە خەلافەتی عەباسی دامەزراندووە جا بۆئەوەی خۆی بکات بەهەق بەدەست، صەدەها بەهانە بۆ «ئەبوموسلیم» ئەدۆزێتەوە کە خەڵک لە کوشتنی «ئەبوموسلیم»دا لێی نەڕەوێنەوە. جارێ ئەبوموسلیم لە خۆراسانەوە ئەنێرێ بۆشەڕ لەگەڵ یەکێک لە بنەماڵەی عەباسی.. جارێ داوا لە ئەبوموسلیم دەکات سەرداریێتی خۆراسان بدات بە سەرداریێکی تری و خۆی بڕوات سەرداریێتی هەرێمی شام بگرێتە ئەستۆ.. مەبەستی ئەوە ئەبێ ئەبوموسلیم لە هەرێمی ئێران دووربخاتەوە، کە کوشتنی ئاسانتر بێت.. سەرئەنجام دەست و پێوەندانی، تەڵەکەبازانی چڵکاوخۆری دەوروپشتی هان ئەدات کە ئەبو موسلیم بانگهێشت بکەنە شاری بەغدا بۆلای

> “فەرمانڕەوای کوردی بەرزیکانی حەسنەوی کوڕی حوسەین وەیهی سەرداری شارەزوور و دینەوەر چاکی خەباتی کرد بەدارا، کەمەری مەردایەتی بەخەنجەر و گورز و قەڵخان ڕازاندەوە و بەهێزی کوردەوە ڕوی کردە هەولێر و لەسەر زێی گەورە سپای ئەبو تەغلەبەی حەمدانی تێک شکاند و تاوەکو شاری ڕەقە ڕاوی نا”

خەلیفە.. «ئەبوموسلیم» بۆئەوەی نەترسی و نەبەزی خۆی بنوێنێ و کەس نەتوانێ تۆمەتی ترسنۆکی و کەم زاتی بداتە پاڵ ئەچێ بۆلای ئەبوجەعفەری منصور، ئەویش پاش دووان و گلە و گازندەیی درۆکانێ دەستوور ئەدا بە جەللادە سەرپەڕێنەکانی لە گەردنی ئەدەن.. ئینجا ئەبو دولامەی شاعیری بەردەستی مەنصور ئەڵێ:

***أبا مجرم ماغير الله نعمة***

***على العبد حتى يغيرها العبد***

***أفي دولة المنصور حاولت غدرة***

***ألا ان اهل الغدر اباك الكرد***

بەڵێ پاداشتی (ئەبو موسلیم) ئەوە ئەبێ ناوئەنرێ «ئەبومجریم» واتا خێوی تاوان، گازندەی لێ دەکرێ بۆچ پشتی کردۆتە خوانی نیعمەتی عەباسی ئەو خوانەی کە خودی «ئەبو موسلیم» بۆ ئەوانی ڕاخستووە.. پاشان تاوانباری دەکات بەوەی کەویستویە خیانەت لە «منصور» بکات، وە شایانی خیانەت نابێ مەنصور بێت، بەڵکو دەبێ ئەبو موسلیم بێت کە باوباپیرانی کوردە.

ئا ئەمە پاداشتی قارەمانێکی کورد کە خزمەتی بێگانەی کردووە و وڵاتێکی خستۆتە ژێر چنگی بێگانەی ناکەسەوە، کە خۆی بەشمشێر ئازادی کردوە، ئەمەیە سەرمەشق و پەند بۆئەوانەی دەبن بە نۆکەری بێگانە.. تا وتاری ئایندە بەخواتان ئەسپێرین.

**ڕۆژبەیانی**

## وتاری پێنجەم:

گوێ گرە بەڕێزەکان: سەربەرزی و سەرفیرازیتان هیوای نووسەر و بەڕێوەبەرانی ئەم بەنارنامەیە.

مێژوو گەواهی عەدلە کە دەورانی «خەلافەتی ئەمەوی» دەورانی بڵاوکردنەوەی ئایینی ئیسلام نەبوو، دەورانی داگیرکردنی وڵاتان و پەرەپێدان بە دەسەڵاتی خیلافەت بوو، ئەوەی ئەخرایە پشتگوێ تەنیا فەرمانی ئیسلام و مافی ئینسان بوو.. ئەوەی کە گوێی ئەدرایە و کارمەندان و فەرمانبەران دەربەستی دەهاتن، تەنها دامەزراندنی دەرەبەگی و فیودالی مافی بنەماڵە و ناسینی پلەی مافی چینایەتی بوو... میللەتانی موسوڵمان لە ڕژێمی (ئاغاییتی و نۆکەری) بەتەنگ هاتبوون و شۆڕشیان هەڵگیرسان تا لەو ڕژێمە چەپەڵە ڕزگاریان بێت، ئەوەبوو بەهۆی خەبات و کۆششی کۆمەڵە نهێنییەکان و لە سایەی شمشێر و نێزەی پەیڕەوانی «ئەبوموسلیمی خۆراسانی»یەوە ڕژێمی ئەمەوی ڕوخا، خیلافەتی عەباسی جێی گرتەوە.. هیوا وەهابوو کە گەلانی ژێرفەرمانی خیلافەت سەربەستانە و ئازادانە ژیان بەسەربەرن و لە ڕەنج و ستەم و چەوسانەوە ڕزگاریان بێ، تابتوانێت لە کانی دڵەوە هەوڵ بۆ پاراستنی ئەم خەلافەتە بدەن.. بەڵام بنەماڵەی عەباسی کە لە سای ئاری نەژادانەوە جڵەوی فەرمانی وڵاتیان کەوتبوە دەست، هەوڵی ڕاستەقینەیان ئەوەبوو، کە سەردارانی بەناوبانگی ئاری نەژاد، بەتۆمەتی خیانەت تاوانبار بکەن و کار و فەرمانیان لە دەست وەربگرنەوە و ئەوانیش هەروەک دەورانی ئەمەوی میللەتان بە نۆکەری ئاغایانی عەرەب بدەنە قەڵەم.. ئەوەیان لە بیرنەمابوو، کە پێغەمبەر فەرمویوی «موسوڵمان برای موسوڵمانە، ستەمی لێ ناکات، زەبونی ناکات، نایچەوسێنێتەوە» هەروەها ئەوەیان بەبیردا نەدەهات کە خەلیفەی دووەم وتبووی: « لەکەیەوە کەوتونەتە ئەوەی خەڵق، بەبەندەیی و هەڵقە لە گوێی خۆتان حسێب بکەن، لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەودایکانەی ئەوانی خستۆتەوە، ئەوانی بەئازادی هێناوەتە ناو..»... بەڵێ بنەماڵەی عەباسی ئەمانەیان فەرامۆش کردبوو.. کە میللەتی شۆڕشگێڕ ئەوانی هێناوەتە سەرتەختی

خیلافەت، کە خزمەتکاری گەل بن، وڵاتەکە لە دزی و درۆزنی و خوێنڕێژی بپارێزن، داد بە وڵاتـا بڵاوبکەنەوە، خەڵک بـەرەو پێشکەوتن و شارستانێتی بـەرن، خوێندن و هونەر باو پێبدەن.. بەڵێ ئەمانەیان فەرامۆش کردبوو، کەوتبوونە کوشتار و قەڵاچۆی میللەت و لە ناوبردنی ئەو فەرمانده و پیاوە لێ هاتووانەی کـە ئـازادی میللـەتـەکەیان دەویـسـت وەک «ئەبوموسلیم» و«بەرمەکیەکان» و «بابەکی خورەم دین»و هەروەها کەسی تری ڕابەری ئازادی و نیشتمانی.. جا کە بۆمیللەت دەرکەوت ئەمانەش گورگن لە پێستی مەڕدا و جوببەی خەلافەت نەیتوانیوە «گیانی موسڵمانەتی»یان بکات بە لەشدا، میللەت کەوتنە شۆڕش و نەبەرد بۆئەوەی لە ڕێی پەستی لایان بدەن و بەرەو ڕێی ئینسانی ڕێنمایی یان بکەن. لەم هەلەدا زۆر لەوانەی هەل پەرست بوون خۆیان لە خەلافەتی عەباسی نزیک کردەوە و نازناوی سەرداریێتی یـان وەر گـرت و بـوونـە کوتـەکی دەسـتی خەلافەت بۆ سەرپێ شۆڕکردنی میللەت. یەکێ لەو بنەماڵانە «حەمدانی»یەکانی دەوری موصل بـوون، کە ئەیانەویست بەهۆی نۆکەرییەوە هەرێمی کوردستان بۆ قەبوڵی زۆر و زەبری عەباسی ئامادە بکەن، سەر بە میللەتی کورد دانەوێنن، زبانی عەرەبیان لێ بکەن بەزبانی ڕەسمی، بەڵام نەیانتوانی ئامانجی خائینانەی خۆیان بگەیەننە بەرهەم فەرمانڕەوای کوردی بەرزیکانی «حەسنەوی» کـوڕی «حوسەین وەیهی» سەرداری «شارەزوور» و «دینەوەر» چاکی خەباتی کرد بەدارا، کەمەری مەردایەتی بەخەنجەر و گـورز و قەڵخان ڕازانـدەوە و بەهێزی کـوردەوە ڕوی کـردە «هەولێر» و لەسەر زێی گـەورە سپای «ئەبو تەغلەبەی حەمدانی» تێک شکاند و تاوەکو شاری «ڕەقە» ڕاوی نا.. بەم شاڵاوە پیرۆز مەندانەیە، نەوەک هەرچاوی «ئەبوتەغلەبەی حەمدانی» شکاند کە نەتوانێ جارێکی تر ڕووبکاتە خاکی کوردستان، بەڵکو ترسی خستە جەرگی «ڕوکن ئەلدەولەی بویە»شەوە کە هەرگیز خەیاڵی ئەوە نەخاتە مێشکەوە پشتیوانی لە دوژمنانی میللەتی کورد بکات و خیانەت لەو گەلە بکات کە زۆرجار «جـاشـی زۆڵـەکـورد» ویستویە بیکات بە لوقمەی قاورمە و بیکات بە قورگی ئاغایانی درنـدەی بێگانەدا.. بەڵێ ئـەم میللەتە کوردە خەباتکارە زۆرجار بووە بە قۆچی قوربانی ئەو خائینانەی ویستویانە بەناوی ڕابەرییەوە خۆ بخەنە کۆشی دوژمن ..بەڵام هەرگیز میللەتەکە نەفەوتاوە و خەبات و نەبەرد نەکەوتووە و گرمانیویەێتی وەکو هەور نەڕاندویە: کوا هەقی ئینسانی مـەرد، ئێستەش چاکترین هەلە بۆ وەدەس هێنانی ئەو هەقەی کە تەنیا بە نەبەرد و خەبات دێتە دەست نەوەک بە پاڕانەوە.. تا وتاری ئایندە خواتان لەگەڵ.

ئیمزا: ڕۆژبەیانی

> “داوا لە ئەبوموسلیم دەکات سەرداریێتی خۆراسان بدات بە سەردارێکی تری و خۆی بڕوات سەرداریێتی هەرێمی شام بگرێتە ئەستۆ. مەبەستی ئەوە ئەبێ ئەبوموسلیم لە هەرێمی ئێران دووربخاتەوە، کە کوشتنی ئاسانتر بێت”

## وتاری شەشەم:

گوێ گرە بەڕێزەکان سەرفرازیتان هیوای بەڕێوەبەرانی ڕادیـۆ کوردییەکانی ئێرانە.. هۆی بەختیاریمانە کە جارێکی تریش پێکەوە گوێ ئەدەینە باسی خەبات و نەبەردی گەلی کورد.. لە وتـاری پێشوودا، گەڵاڵەیێ لەسەر گوزشتی خەبـاتکارانەی «حـەسـەن وەیهی کوڕی بەرزیکانی» ڕوون کرایەوە.. خەلیفەکانی عەباسی لە صەدەی چوارەمی کۆچیدا دەسەڵاتی فەرمانڕەواییان نەمابوو.. وڵاتی پان و پۆڕی ئیسلام لەلایەن هەندێ فەرمانڕەواوە بەڕێوە ئەبرا.. وڵاتی «خۆراسان» و «ما وراء النهر» لەژێر دەسـەڵاتی سامانییەکاندا بـوو، بەشی ناوەندی ئێران لە ڕەی و ئەسفەهانەوە تاوەکو هەرێمی کوهستانی واتـە عێراقی عەجەمی بەدەست بنەماڵەی «ئال بویە»وە بوو، وڵاتی کوردستانی شیمالی غەربی واتە هەرێمەکانی موصل و دیاربـەکر بـەنـاو بـەدەسـت «بـەنی حـەمـدان»ەوە بـوو، هـەروەهـا سامانییەکان

که فەرمانڕەوای هەرێمی خۆراسان بوون ئەیانەوێت پەرە بدەن بەهەرێمەکانی ژێر دەستیان و چاویان لە «ڕەی» و «ئەصفەهان» بوو، ڕوکن ئەلدەولە حەسەنی ئال بویە لەگەڵ سامانییەکان کەوتە شەڕەوە، هاواری بردە بەر «حەسەن وەیهی بەرزیکانی» ئەویش بە سوپای کوردەوە یاریدەی دا بەم پێیە «حەسەن وەیهی بەرزیکانی» لە هەرێمی کوردستانی ئێران و کوردستانی عێراقدا خۆی بە یەکانە فەرمانڕەوا ئەدایە قەڵەم.. «موعیز الدەولەی ئال بویە»ی برای ڕوکن الدەولە ئەیەویست هەرێمەکانی ژێر دەستی داگیر بکات و کوردستان بخاتە ژێردەستی خۆی و سوپایەکی بەهێزی لەژێر فەرمانڕەوایی «میرنال کوش»دا ناردەسەر کوردستان، بەڵام «حەسەن وەی» لەگەڵی کەوتە شەڕەوە.. لەم کاتەدا «ڕوکن الدولەی بوەیهی» لەگەڵ کوردەکانی گورگان لە شەڕدا بوو، ئەو حەلە هەرێمی گورگان کوردنشین بوو، ڕوکن ئەلدەولە بەرانبەر بەخەبات و نەبەردی کورد شڵەژابوو.. هاواری نارد بۆ«موعیز ئەلدەولە»ی برای بگاتە فریای.. سەیر ئەوەیە کە خودی «موعیز ئەلدەولە»ش هەر لەگەڵ کوردا لە شەڕدا بوو.. کورد ئەیەویست لە هەرێمی کوردستاندا سەربەخۆ و سەربەست بژی.. نەی ئەویست کەس فەرمانڕەوای بێت. ئەیەویست بەناوی دۆستایەتی و ئیسلامییەوە کۆمەک و یارمەتی خەلافەتی عەباسی و فەرمانڕەوایانی پەیڕەوی ئەوان بێ.. موعیز ئەلدەولە ئەیەویست لە قەڵەم ڕەوی فەرمانڕەوایی «حەسەن وەیهی»دا «خطبة الجمعة» واتا وتاری ڕۆژی هەینی بەناوی ئەوەوە بخوێندرێتەوە.. لەسەر ئەمە کەوتبوونە شەڕەوە، موعیز ئەلدەولە کە دی ڕوکن ئەلدەولەی برای حاڵی بەدەست کوردەوە شرە، ناچار لەگەڵ حەسەن وەیهی خۆی ڕێکخست و کۆمەڵێکی ناردە لای بۆ ئاشتبوونەوە.. بەم کۆمەڵەدا پەنجا هەزار دینار و هەندێ ئەسپ و هێستری لەگەڵ خەڵاتی تردا بۆ«حەسەن وەیهی» نارد.. حەسەن وەیهی بەرزیکانی لەو حەلەدا پایتەختی «دینەوەر» بوو، کە ئەمڕۆ دێیەکی بچووکە و لەو حەلەدا

> **لە مێژووی کوردا، زۆر پیاوی وا هەڵکەوتووە، کە ژیانی خۆی لە ڕێی خزمەتی گەلەکەی خۆی بەختکردووە، بەڵام هەندێ هەڵە بۆتە هۆی لەناوبردنی**

شارێکی جوانکیلە بوو، مزگەوتی زۆری هەبوو، قوتابخانەی ئایینی زۆری تیدا بوو، مەلا و شێخی بەناوبانگی هەبوو، تەنانەت دەرویش و صۆفی دینەوەر لەوڵاتی ئیسلامدا زۆر بە ناوبانگ بوون، وادیارە بنەڕەتی تەریقەت و وڵاتی کوردستان لێرەوە سەرچاوەی گرتبوو، ئەم حەسەن وەیهیە کە دژی ئال بویە و ئال حەمدان و خودی خەلیفەکانی عەباسی لە خەباتدا بوو، ئەم جێگانەی لە ژێر دەستابوو: ئوستانی کرماشان، ئوستانی کوردستان، ئوستانی هەمەدان، ئوستانی سلێمانی، ئوستانی کەرکووک، ئوستانی هەولێر و هەندێک لە هەرێمەکانی ئوستانەکانی ئیلام و خورەم ئاوا و خوزستان.

عیزئەلدەولەی کوڕی موعیز ئەلدەولەی ئال بویەش پاش مردنی باوکی دیسانەوە هەوڵی ئەوەی ئەدا کە وڵاتی کورد لەژێر چنگی «حەسەن وەیهی» دەربکات وە یەکێک لە فەرماندە کوردەکانی بەسوپاوە ناردە سەری کە ناوی «مەملانی کوڕی مسافر» بوو.. حەسەن وەیهی لە سەرەتادا بەرانبەر بە شاڵاوی ئەوان خۆی بە شکست خواردوو نیشان داو لە مەیدانی شەڕا ڕایکرد بەڵام پاشان کە دی سوپای مەملان لە جێگایەکدا خەریکی لەشکر بەزە، دەستووری دا بە پەیڕەوانی خۆی هێزێکی زۆریان کۆکردەوە و بەدەوری لە شکرەکەی «مەملان»دا هەڵچنی و لە هەلێکدا ئاگری تێ بەردا، سوپای عیزئەلدەولە بە فەرماندەیی «مەملان» کاتێکیان زانی ئاگر ئابلۆقەی داون، سوپای حەسەن وەیهیش لەپشتی ئاگرەکەوە وەک چەپەر دەوری داون. ناچار مەملان کەوتە دەخالەت و فەریادی بەرزکردەوە، بەم جۆرە حەسەن وەیهی کورد لە خەبات سەرکەوت و دوژمنەکەی خۆی زەبوون کرد، ئا ئەمەیە هەنگاوێکی تر لە هەنگاوەکانی کورد، لە ڕێگەی خەبات و جەوانمەردیدا.

گوێ گرە خۆشەویستەکان تا وتارێکی تر بەخواتان ئەسپێرین ئەم کاتە و هەموو کاتێکتان سەربەرزی بێ.

# وتاری حەوتەم:

گوێ گرە ئازیزەکانی بەرنامەی نەبەرد و خەباتی کورد، ئەم کاتە و هەموو کاتێکتان خۆشی و شادی بێت.

دوژمنانی خاوەن زۆر و دەسەڵات، هەمیشە لە بیر و ئەندێشەی ئەوەدا بوون، کە هەرێمی شاخاوی زاگرۆس بخەنە ژێر ڕکێفی دەسەڵاتی خۆیان و بەو جۆرە میللەتی کوردی نیشتەجێی ئەم هەرێمە چیایی یە، تەرتەوەرتە بکەن و لە نیشتمانەکەیان دەریان پەڕێنن و ناوی کوردستان بۆ هەتاهەتا بسڕنەوە.. بەڵام زۆر لە نەبەزەکانی میللەتی کورد، هەرچەندە بە هۆی خۆخۆری سەردار و سەرۆک و دەرەبەگەکانەوە، لە ناکۆکی و دووبەرەکیشدا بوون، هەرگاه هەستیان بە بڤەو تەرگزە و خەتەر کردبێت، بۆ بەرگری لە وڵات و لە میللەت و ئامادەبوون و داوێنی چالاکی یان هەڵماڵیوە و لە کەژ و چیا و گەلیەکاندا بۆ بەرەنگاریی دوژمن، خۆیان لە بۆسەداوە.. ڕابەرانی صەفەوی و تەنانەت شائیسماعیلی یەکەم و طەهماسبی کوڕی، هەوڵیان دا کە چیاکانی کوردستان سەرشۆڕبکەن. بەڵام هەرێمی کوردستان لەوە گەردن کەشتر و سەربەرزتر بوو کە مل بۆ داگیرکەران شۆڕبکات.. بۆ وێنە «تەیموروهەڵۆ» کە کوڕانی سوڵتان عەلی سورخاب واتا (زۆراب) بوون، خەریک بوون لە ڕێی کوردایەتی لابدەن و ڕێگای چەپەڵی خیانەت بە کوردایەتی بگرنەبەر و دژی دەسەڵاتی «بەساط بەگی سورخاب بەگ»ی مامیان بجوڵێنەوە و دەسەڵاتی سەرداریێتی ئەردەڵانی لە دەست دەر بێنن. بەم بیرە نالەبارەوە خۆیان دایە پەنای «شائیسماعیلی سەفەوی کوڕی شا تەهماسپ»... بەڵام ئیسماعیلی دووەم لەوە زۆر بێ دەسەڵات تربوو، کە بتوانێ پشتیوانی لەم بەگزادەیەی ئەردەڵان بکات دژی (بەساط بەگ) ی مامیان.. تەنانەت ئیسماعیلی دووەم تەنیا یەک ساڵ بەناوی شای ئێرانەوە فەرمانڕەوایی کرد و مرد.. ناچار«تەیمور» و«هەڵۆ» گەڕانەوە خاکی کوردستان، وازیان لەوە هێنا کە بەپشتیوانی بێگانە وڵاتەکەیان وێران بکەن. خەڵکی کوردستان کە ئیخلاصی و دڵپاکی (تەیمور)یان بۆدەرکەوت لە دەوری کۆبوونەوە، لەم هەلەدا (بەساط بەگ) کۆچی دوایی کرد، وڵاتی ئەردەڵان بۆ«تەیمورخان» تەخت بوو کەوتە پەرەپێدانی قەڵەمڕەو و سنووری وڵاتەکەی. لەم حەلەدا حکومەتی عوسمانی بەهۆی خیانەتی هێندێ لەسەردارانی کوردی وەک «سوڵتان حوسەینی بادینان» توانیبوی بەشێ لە کوردستانی خواروو داگیربکات و ناوی کوردستان بگۆڕێت بە وڵاتی شارەزوور (تەیمورخان) کەوتە هەوڵ و تەقەلا، هەموو خاکی ئەردەڵان و شارەزووری لە دەست نۆکەرانی عوسمانی دەرهێنا و هەرێمی سونقور و دینەوەریشی داگیرکرد و هەرێمێکی ئازادی کوردی دامەزراند، هەرێمی کرماشان و هەرێمی گەرۆسیشی خستە سەر قەڵەم ڕەوی خۆی و بریاری دا ساڵانە خەرج و باجێ بدات بە حکومەتی عوسمانی بۆئەوەی خۆی لە دەرەبەگ و ئیلیخانەکانی سەر بە (صەفەوی) ڕزگار بکات، بەڵام «شاهوێردی خانی» ئەمیری لوڕستان و «عومەر بەگی کەلور» کە سەر بە(صەفەوی) بوون هەوڵیان ئەدا سەرداریێتی کوردستان بروخێنن و جارێکی تر ئەو هەرێمە شاخاوییە یاخییە، سەرشۆڕبکەن و بیخەنەوە ژێرچنگی (صەفەوی) وەلێ تەیمورخان لە ناومیللەتی کوردا زۆر خۆشەویست بوو، لەسەر داخوازی مرۆڤ و کوڕانی میللەتی کورد، کوردستانی ژێر دەسەڵاتی خۆی کرد بە چوارهەرێم : هەرێمی یەکەم کە بریتی بوو لە: سنە، حەسەن ئاوا، قزڵجە، زەڵم، شارەزوور ئەم قەڵایانە و شارۆلکانەی سپارد بە (سوڵتان عەلی) کە کوڕی گەورەی بوو، هەرێمی (قەرەداغ)یشی سپارد بە کوڕی دووەمی خۆی کە ناوی (بوداق بەگ) بوو، هەرێمی (مەریوان) یشی خستە ژێردەسەڵاتی کوڕی سێیەمی خۆی کە ناوی (مراد بەگ) بوو، هەرێمی (شارباژێڕ) یشی سپارد بە (ئەمیر عەلەم ئەلدینی) کوڕی.

ئەم سەر زەویـیەی کوردستان، کە لە ژێر دەسەڵاتی (ئەمیر تەیمور)دا بە ئازادی و

> “ شاوێردی خان فەرمانڕەوای لوڕستان یەکێکە لە پیاوە هەرە گەورە و خەباتکارانی کورد کە لەسەرەتای سەدەی یازدەیەمی کۆچیدا ژیاوە، واتا نزیکەی چوارسەد ساڵ لەمەوبەر ”

سەربەستی بەرێوە دەچوو، ئەمرۆ لە ئێرانا بەشی زۆری ئوستانی کرماشان و کوردستان و لە کوردستانی عێراقیشدا ئوستانی سلێمانی و کەرکوکی بەر ئەکەوت.

سەرئەنجام ئەم (تەیمورخان)ە بەهۆی خیانەت و نۆکەرێتی (دەوڵەتیار سوڵتان)ی (سیامەنصور) ەوە کە بەفەرمانی پیاوانی دەرباری صەفەوی لەشکری کردە سەر کوردستان تەیموورخان لە کاتی شاڵاو بۆسەر قەڵای (زەرین کەمەر) کە ئەکەوێتە ئوستانی زەنگانی ئێستاوە کوژرا.. وەلێ کوژرانی ئازا و دلاوەری کورد دیسانیش رێیان نەدا لە شکری دوژمن هەرێمی زاگرۆس داگیر بکەن..

گوێ گرە بەرێزەکان تا وتاری ئاینده بە خواتان ئەسپێرین.

**رۆژبەیانی**

١٣٥٨/٤/٢٦

## وتاری هەشتەم:

گوێ گرانی بەرێز ئەم کاتە و هەموو کاتێکتان شادبێ

میللەتی کورد هەمیشە لە رێی ئازادی و سەربەستی ژیاندا لە خەبات و تێکۆشاندا بوون، هەرگاه سەردارێکی کورد، زۆر لە دەسەڵاتی داگیرکەری وڵات نزیک بووبێتەوە، سەردارێکی تری لێ راپەریوە، لەکار دووری خستۆتەوە و جڵەوی رامیاری وڵاتی گرتۆتە دەست.

شوجاع الدین خورشید کوڕی ئەبو بەکر کوڕی محەمەدی کوڕی خورشید، یەکێک بوو لەسەرانی لوڕی بچووک و باپیرە گەورەی لە کاتی خۆیدا لە وەزیرانی سەلجوقییەکان بوو، ئەم شوجاع الدینە پاش ئەوەی کە دی «سورخاب عەییاری» لە نەتەوەی سەردارانی عەییاری کە لەنیوەی سەدەی شەشەم بەدواوە دەسەڵاتێکی بچووکی بەسەر هەندێک جێی لوڕستاندا هەبووە، کاتێک کە شوجاع الدین هەستی بەوە کرد کە ئەم بنەماڵەیە سەربەستی و ئازادییان لە دەست داوە و بەدەرباری خەلافەتی عەباسییەوە بەستراون و خەرج و باجێکی زۆر لە میللەت کۆ ئەکەنەوە بۆ دەرباری عەباسی و دزو درۆزنانی دوژمنی کورد. ئەم شوجاع الدینە بڕیاریدا کە وڵاتی لوڕستان و هەرێمی کرماشان لە دەست پاشماوەی ئەم بنەماڵەیە دەربهێنێ و سەردارییەکی بەهێز دابمەزرێنێ.. شوجاع الدین پاش ئەوەی بەسەر وڵاتاندا زاڵ ئەبێت و بنەماڵەی عەیاری دوور ئەخاتەوە، وادیارە خەلیفەی عەباسی حەسەن موستەزیئی mustazie کوڕی موستەنجید لەم کارە دڵگیر و نارەحەت ئەبێت، بڕیار ئەدات سوپایان بڕوات بۆ شەڕ لەگەڵ (شوجاع الدین خورشید) بەڵام شوجاع الدین خورشید نایەوێ لەسەرەتای فەرمانڕەوایی خۆیدا کوردستان و لوڕستان تووشی کوشتار و خوێنڕژان بکات لەبەرئەوەی (نورالدین)ی برای خۆی ئەنێرێت بۆ لای خەلیفەی عەبباسی، کە فەرمانڕەواییەکەی بە رەسمیەت بناسێ، هەردوولا بەخۆشی لەگەڵ یەک بژین، بەڵام خەلیفەی عەباسی خود پەسەند و مەغرور ئەبێ و خۆی لەوە مەزنتر ئەزانێت کە (شوجاع الدین) بتوانێت سەردارێکی سەر بە ئەو، لەسەر کاری فەرمانڕەوایی لابدات، لەبەر ئەوە هەرکە (نورالدین) گەیشتە لای دەستووری دا بردیانە زیندان، بڕیاری دا کە نابێ لە زیندان رزگار بکرێت تا قەڵای (مانگرە) کە لە چیای باڵا گریوەدایە نەداتەوە بە (سورخاب بەگ).. نورالدین لە زیندانەوە پەیکی بۆکاکی نارد، ئامان نەکات قەڵای (مانگرە) لە دەست بدات، تاوەکو ئەم قەڵا سەختە مابێ، هەرێمی لوڕستان و کوردستان لە شەڕی سوپای عەرەب ئەمێنن.. نورالدین ماوەیەک لە زیندانی عەباسی دا ماوەیەوە و مرد.. شوجاع الدین لەتاو مردنی براکەی شێرگیرتر و ئازاتر بوو.. بەرانبەر بەهێز و سوپای خەلیفە کەوتە شەڕەوە، سوپای عەرەب کە بینیان شەڕ لە چیادا بۆ ئەوانی دەشت نشین زۆر سەختە داوای ئاشتیان کرد «شوجاع الدین محەمەد» بڕیاری

> **"میژوو گەواهی عەدلە کە دەورانی خەلافەتی ئەمەوی دەورانی بڵاوکردنەوەی ئایینی ئیسلام نەبوو، دەورانی داگیرکردنی وڵاتان و پەرەپێدان بە دەسەڵاتی خیلافەت بوو"**

ئاشتبوونەوەی لەگەڵ خەلیفەدا، بەو مەرجەی کە خەلیفە ئەو بەسەردار و فەرمانڕەوای لوڕستان و کوردستان بناسێ و هێز و سوپای خۆی لە هەموو هەرێمەکە بکێشێتەوە بەرانبەر بەوە (شوجاع الدین) بەڵێنی دا (دژسیاه) و شاری (طەرازگ) کە لە هەرێمی خوزستانی ئەمڕۆدا بوون ئەم دوو هەرێمە بدات بە موچەخۆرانی خەلیفە و بەم جۆرە ڕێک کەوتن. شوجاع ئەدین پاش ئەوە هەوڵیدا وڵاتەکەی لە دز و درۆزن و دوژمن بپارێزێت و فەلاحەت و زەراعەت پەرەپێبدات و خەڵقی وڵات بەرە و پێشەوە ببات.. ئا لەم کاتەدا کە (شوجاع الدین) لوڕستان و کوردستانی کردبووە پارچەیێ لە بەهەشت، لەم کاتەدا یەکێک لە سەردارانی ئیلی بەیاتی تورک کە لەلایەن مەغۆلەوە هێنرابوون بۆ لوڕستان و هەرێمێکیان داگیرکردبوو، ناویان نابو (بەیات) و کەوتبوونە دەست درێژی بۆ «وەروگرد» واتا شاری (بروجرد)ی ئەمڕۆ.. شوجاع الدین هاتە جۆش و بڕیاریدا گوێیان ڕاکێشێ و فێرە ئەدەبیان بکات، بۆ ئەم مەبەستەش هێزێکی گەورەی بە فەرمانەدیی (بەدرەدین)ی برای و (سەیفەدین ڕۆستەمی برازای) ناردە سەر عێلی بەیات و تاروماری کردن و سەردارەکەیانی بەدیل گرت.. جاران سەردارانی کورد و لوڕ بەم جۆرە بەرگریان لە خاکی کوردستان ئەکرد.

تا وتاری ئایندە بەخواتان ئەسپێرین.

ڕۆژبەیانی

١٣٥٨/٥/٣

## وتاری نۆیەم:

گوێ گرە خۆشەویستەکان ئەم کاتەو هەمووکاتێکتان شادی و خۆشی بێ

ئەم میللەتەی کوردی ئێمە لە هەموو دەورانێکدا لە ڕێی سەربەستی و ئازادی ژیاندا، درێژەی بە خەبات و تێکۆشانی خۆی داوە (شاوێردی خان)ی فەرمانڕەوای لوڕستان یەکێکە لە پیاوە هەرە گەورە و خەباتکارانی کورد کە لەسەرەتای سەدەی یازدەیەمی کۆچیدا ژیاوە، واتا نزیکەی چوارسەد ساڵ لەمەوبەر.. لەم سەردەمەدا پاشایانی سەفەوی سایەی دەسەڵاتیان بەسەر هەموو خاکی ئێراندا پەرەی وەشاندبوو.. بەڵام «شاوێردی خانی لوڕ» لەبەرئەوەی کە میللەتەکەی خۆشیان دەویست و فەرمان بەرێیان ئەکرد، هەر بەناو خۆی بەستبوو بەم دەسەڵاتەوە، لە ڕاستیدا زۆر سەربەستانە و ئازادانە وڵاتەکەی بەڕێوە دەبرد.. «شا محەمەد خودابەندەی سەفەوی» لەبەرئەوەی دەسەڵاتی ئەوەی نەبوو کە سەربە «شاوێردیخان» شۆڕش بکات و سەرکوتی بکات، خۆی لێی نزیک ئەکردەوە و خوشکەکەی بۆ «حەمزە میرزا»ی کوڕی خواست و بەمجۆرە پەیوەندی لە نێوان سەفەوی و شاوێردیخان دا پتەو بوو.. بەڵام ئەبوو شاوێردیخان لە دەست درێژی ئەوان ئەمین بێت، لەم کاتەدا نێوانی (عوسمانی) و (سەفەوی)ش شێوابوو.. لە هەردوولا تاڵان و بڕۆ بوو.. عێڵ و تیرە کوردەکان لە هەمەدان بەرە و خوار هەموو ڕوویان کردە (لوڕستان) کە لەسایەی دادپەروەرێتی «شاوێردی خان»دا خۆیان لە شەڕ و شۆڕ و بڕۆی (قزڵباش) و(عوسمانی) ڕزگار بکەن، شاوێردی خان بۆئەوەی هەرێمی لوڕستان و کرمانشاه تا هەمەدان لە هەرا بەدوور بگرێت پەیمانی دۆستایەتیشی لەگەڵ «چغالەزادەی فەرماندەی سوپای عوسمان» بەست .. کە خەریکی داگیرکردنی غەربی ئێران بوو.. لەم حەلەدا بەمردنی «شا سوڵطان محەمەدو حەمزە میرزا» شاعەباسی سەفەوی جڵەوی فەرمانڕەوایی ئێرانی گرتە دەست و پەیک و نامەی لەگەڵ (شاوێردی خان) گۆڕیەوە و نازناوی (خانی)ی دایێ و داوای لێکرد ژنەکەی «حەمزە میرزا»ی برای کە خوشکی بوو بینێرێتەوە بۆ ئیسفەهان کە لە حەرەمسەرای دەربار‌دا بمێنێتەوە.. شاوێردی خان ئەم دۆستایەتی یەی بە هەل دەزانی بۆئەوەی پەرەبدات بە قەڵەمڕەوی فەرمانڕەوایی خۆی.. شا عەباس نەی ئەویست مەیدان بەوە بدات کە (شاوێردی خان) زۆر بەهێزبێ.. لەبەرئەوە دەستووری دا بە «ئۆغلۆ سولطان بەیات» کە بڕواتە هەرێمی لوڕستان

**“ بنەماڵەی عەباسی کە لە سای ئاری نەژادانەوە جڵەوی فەرمانی وڵاتیان کەوتبوە دەست، هەوڵی ڕاستەقینەیان ئەوەبوو، کە سەردارانی بەناوبانگی ئاری نەژاد، بەتۆمەتی خیانەت تاوانبار بکەن و کار و فەرمانیان لە دەست وەربگرنەوە ”**

بۆ سەربازکۆکردنەوە، بۆ شەڕکردن لەگەڵ «عەبدولموئمین خان ئۆزبەگ».. شاوێردیخان ئەیزانی ئەم بەهانەیە و بۆ ئەوە نێردراوە کە دەسەڵاتی ئەو بێهێز بکات.. لەبەرئەوە هەرکە «ئوغرلو سوڵطان بەیات» وەروگرد «کە ئەمڕۆ پێی دەوترێ بروجەرد» شاوێردی خان سپای ناردە سەری و کوشتی و لەشکرگاهەکەی تالان کردن و «حسێن خان سەلویزی» کوڕەخاڵۆی خۆی ناردە لای شاعەباس کە بۆی ڕوون بکاتەوە هۆی کوشتنەکەی چی بووە، شا عەباس کە خۆی دەیزانی (ئوغرلوسوڵطان بەیات)ی بەچی مەبەستێ ناردووە و بۆچی کوژراوە، بە سوپایەکی زۆرەوە هەڵی کوتایە سەر (شاوێردی خان) و بەرەو (خوڕەم ئاوا) کەوتە ڕێ (شاوێردی خان) کە دی سوپای شاعەباس ئەوەندە زۆرە وڵاتەکە وێران ئەکات (خوڕەم ئاوا)ی بەجێهێشت و ڕوی کردە (صەیمەرە) شاعەباس (مەهدی قولی خانی شادلو)ی کرد بەفەرمانڕەوای لوڕستان و خۆی بە سوپاوە ڕووی کردە (صەیمەرە) بەر لەوەی دوو سوپا بکەونە شەڕەوە یەکێک لە فەرماندەکانی (شاوێردی خان) کە ناوی (میر قەیصەرخامەی بێدل) بوو، خیانەتی کرد و بە دووهەزار سوارەوە خۆی دایەپاڵ (شاعەباس) و ناڵ و پاڵانی جاشێتی بەسەر تەپڵە و بارانی ئازادی دا تەرجیحدا، (شاوێردی خان) خۆی گەیاندە چیای (کەبیرکوە) کە کەڵوڕەکان پێی دەڵێن (گەورە کوە) و خۆی لەوێ قایم کرد، بەڵام شا عەباس بەهۆی هێزە گەورەکەی میر(میرقەیصەر)ی خائینەوە کە شارەزای ڕێوبان و شیو و دۆڵی هەرێمی چیای (گەورە کوە)بوون، توانی گەمارۆی (شاوێردی خان) بدات، پاش چەند ڕۆژێک شەڕ (شاوێردی خان) شکا و هەلقەی گەمارۆکەی دادڕی و خۆی ڕزگارکرد چووە دیوی کوردستانی عێراقەوە کە لەژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانیدا بوو، شاوێردی خان لەوناوەدا ماوەیێ بەسەری برد، بەڵام چوون دەیزانی کە میللەتی کوردی لوڕستان ئەویان تاڕادەی پەرستن خۆش ئەوێت بە هێزێکەوە گەڕایەوە و (صەیمەرەی) کردە ناوچەی فەرمانڕەوایی خۆی و پاشان (خوڕەم ئاوا)شی داگیرکرد و بەمجۆرە ساڵەهای ساڵ بەخەبات و تێکۆشانی خۆی فەرمانڕەوایی کرد و ساڵی ١٠٠٦ی کۆچی کوژرا.

> “سوڵتان حوسەینی بادینان توانیبوی بەشێ لە کوردستانی خواروو داگیربکات و ناوی کوردستان بگۆڕێت بە وڵاتی شارەزوور”

گوێ گرە خۆشەویستان تابەرنامەیەکی تر بەخواتان ئەسپێرین .

ڕۆژبەیانی

## وتاری دەیەم:

گوێ گرە خۆشەویستەکان ئەم کاتە و هەموو کاتێکتان شاد

لە مێژووی کوردا، زۆر پیاوی واهەڵکەوتووە، کە ژیانی خۆی لە ڕێی خزمەتی گەلەکەی خۆی بەختکردووە، بەڵام هەندێ هەڵە بۆتە هۆی لەناوبردنی.. میرکوێرەی ڕەواندز، کە یەکێ بووە لەو بلیمەتانەی گەلی کورد کە سەرتاپای ژیانی خەبات و تێکۆشان بوو، بۆسەربەرزی میللەتی کورد. حەمە پاشای کوڕی میر مستەفای کوڕی ئۆغۆزبەگی سۆرانی، لاوێکی ئازا و بەجەرگ و دلێر بوو، نیمچە خوێندەواریەکیشی هەبوو، لەبەرئەوەی چاوێکیشی کوێربوو و هەمیشە دەیبەست، بە ناوی «حەمەپاشای کوێرەی ڕەواندز» ناوبانگی دەرکردبوو، باوک و باپیرانی بە ڕەسەن لەبنەماڵەی میرانی سۆران بوون، لە مێژوودا کە بوترێ (سۆران) مەبەست ئەو هەرێمەیە کە دەکەوێتە نێوان زێی بچوک و زێی گەورەوە هەر لە زنجیرە چیای حەمرینی کوردستانی عێراقەوە، کە سنوورێکی خواکردە لە نێوان کوردستانی عێراق و عەرەبستانی عێراقدا تاوەکو دەوروبەری شنۆ.. ئەم هەرێمە لەبەرئەوەی نزیکەی شەش سەد ساڵ لەژێر فەرمانی بنەماڵەی میرانی سۆران دا بووە، بە ئەمارەتی سۆران ناسراوە.. ئەمڕۆ بەشی کوردستانی عێراقی ئەم ئیمارەتە پێی دەوترێ ئوستانی هەولێر.

حەمە پاشای کوێرەی ڕەواندز، لەسەردەمی میرێتی باوکی یا یەکێ بوو لە سەرۆک لە

شکرەکانی سۆران کە باوکی ساڵی ١٣٤٥ کۆچی دوایی کرد بەپێی ڕاسپێری خۆی (حەمەی کوڕی) لەجێی دانیشت و پەرەی دا بە قەڵەمڕەوی و تەنگی فەرمانڕەوایی کەی باوکی لە دەوروبەی (ڕەواندز) بۆ سەرەوە عێل و تیرەکانی (شێروان) و (برادۆست) و (سورچی) خستە ژێر فەرمانڕەوایی خۆی و شاری (حەریر)ی لەژێر چنگی فەرمانڕەوایانی بابان دەرهێنا و شاری هەولێری لە حکومەتی عوسمانی وەرگرتەوە و ئاڵتون کۆپری و کۆیە و ڕانیەشی هەر لە بابان دارنییەوە، بەم جۆرە توانی دووڕووباری گەورەی زێی بچوک و زێی گەورە بکات بەدوو سنووری خواکرد لە نێوان سۆران و باباندا لە خۆرهەڵاتەوە و لە نێوان سۆران و بادینان لە خۆرئاواوە.. ئینجا یەکێک لە سەردار سپاکانی خۆی کە ناوی (مراد پاشا) بوو نارد بۆ بەشی موکریان، لاجان، نەڵۆس و پەسوێی داگیرکرد و قەڵای کۆنی (جەڕان)ی ئاوەدانکردەوە و لەگەڵ عەباس میرزای کوڕی فەتح عەلی شای قاجاردا کەوتە شەڕەوە و سوپای تەورێزی شکاند و ناچار (محەمەد شای قاجار) کە بوو بەجێنشینی فەتح عەلی شاه، لەگەڵ میرە کوێرەدا بەئاشتی ڕێک کەوت.

میرە کوێرەی ڕەواندز لەسەر فتوای هەندێ ووشکە مەلا هەڵی کوتایە سەر داسنییەکان و کەوتە تاڵان و کوشتاریان.. با لێرەدا ڕوونی بکەینەوە کە (داسنی) کێن؟ داسنییەکان پەیڕەوی کۆنی ئایینی (دیویەسنا)ن وشەی (دیویەسنا) گۆڕاوە بووە بە (داسن) و ئەمڕۆ کە ناوە بۆ چیایێ لە ژوور ئوستانی موصلی کوردستانی عێراقەوە، کە بەشێکە لە چیای (مەقلوب) و ئەمڕۆ داسنییەکان بە ناوی (یەزیدی) بە ناوبانگن کە هەر ئایینی (ئیزەدی)یە و هیچ جۆرە پەیوەندیەکی لەگەڵ (یەزیدی کوڕی مەعاویەی ئەمەوی) دا نییە، لەوکاتەدا کە میری کوێرە هەڵی کوتاوەتە سەر داسنییەکان، سەرۆکی داسنی ناوی «عەلی بەگی کوڕی حەسەن بەگی کوڕی جولو بەگ» بووە، ئەم میری داسنییە لەسەر ناخۆشی سنوور و دەستدرێژی هەندێ کەس لە عەشایەری مەزوری دەوری ئەلقوش، عەلی بەگی ئەلقوشی کوشتبوو ئەم عەلی بەگی ئەلقوشە مامی (مەلا یەحیای مزوری)ی بەناوبانگ بوو، مەلا یەحیا فەریاد ئەباتە پێش و مەلای خەتێ کە شیخ الاسلامی حکومەتی سۆران بوو، داوا دەکات میرە کوێرەی سۆران خوێنی مامی وەربگرێ لە داسنییەکان و بەم جۆرە مەلای خەتێ هانی میری سۆران ئەدات کە هەڵکوتێتە سەر داسنییەکان و قەڵاچۆیان بکات. ئەمیرمحەمەد پاشای کوێرەی ڕەواندز کە ساڵەهای ساڵ لە ڕێی سەربەستی و ئازادی وڵاتەکەیدا لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی و لەگەڵ قاجاردا لە شەڕدا بوو.. بەشی زۆری سەرپەل و سەرلق و سەر لەشکرەکانی سپاکەی کۆنە فەقێ و کۆنە مەلا بوون چوون ئەمانە هەموو خوێندەواربوون، لە کاروبارییاندا زۆر سەرکەوتو بوون، بەڵام بە پێی قسەی مێژوو نووسەکان شاڵاوی (میرەکوێرە) بۆسەر داسنییەکان کارێکی خراپ بووە، بۆتە هۆی دووبەرەکی و ناکۆکی لەنێوانی کوردەکاندا و میللەتی کورد هیچ حەلێ بەناوی ئایینەوە شەڕی لەگەڵ کەمایەتییەکانی ناو کوردستاندا نەکردووە.. هەرای ئاشووری کەرکووک و هەرای ئەرمەنی تورکیا و هەرای ڕەزائیە، کە نیسبەت دراون بە کوردەوە ئەم کوشتارانە تەنیا کاری ئیمپریالیزم و کاری دوژمنانی کورد بووە.

گوێ گرەبەڕێزەکان لێرەدا کات تەواو بوو، تا وتاری ئایندە بەخواتان ئەسپێرین.

ڕۆژبەیانی - ١٣٥٨/٥/١٦

"

**شاهوێردی خانی ئەمیری لوڕستان و عومەر بەگی کەڵوڕ کە سەر بە صەفەوی بوون هەوڵیان ئەدا سەرداریێتی کوردستان بڕوخێنن و جارێکی تر ئەو هەرێمە شاخاوییە یاخییە، سەرشۆڕبکەن و بیخەنەوە ژێرچنگی صەفەوی**

"

* تێبینی: وەک پێشتر و لە پێشەکی نووسینەکەشدا ئاماژەی بۆکرا، وتاری چوارەمی بەرنامە مێژووییەکەی مەلاجەمیلی ڕۆژبەیانی ونبووە. تەنانەت خوالێخۆشبوو ڕۆژبەیانی خۆیشی دواتربەزمانی عەرەبی و لە پارچە کاغەزێکی جیاکاردا و لەم بارەیەوە، نووسیویەتی :«نقص العدد ٤ أی المقال الرابع»
* سەرجەم ئەو گوتارانەی لە ماوەی ساڵی ١٩٧٩ لە ڕادیۆی کوردی تاران بە ناوونیشانی مێژووی نەبەرد و خەباتی کورد- تأریخ مبارزات کرد پێشکەش کردووە
* مامۆستای زانکۆی گەرمیان- کۆلێژی پەروەردە

# ئەنفال لە زەمینەسازییەوە بۆ جێبەجێکردن و دادگاییکردن



عەلی مەحمود محەمەد

بەشی سێیەم

## گــۆڕە بــە کۆمەڵەکان

گــروپــەکــانــی دیــکــەی ئــەنــفــالــکــراوان لە بیابانە جـۆراو جۆرەکانی عێراق زیندە بەچاڵ کران و خرانە نێو زیاتر لە٣٠٠ گۆڕی بە کۆمەڵ، شوێنی ١٥١یان دیاریکراون، ئەوانی دیش تا ئێستە نەدۆزراونـەتـەوە و ژمارەیەکی کەمیشیان هەڵدراونەتەوە،

لە هەر گۆڕێکی بە کۆمەڵدا ئێسک و پروسکی دەیـان عـومـەر خـاوەر دەبینرێن، ژنـان بـەدەم چـوون بـەرەو پیری مـەرگەوە، منداڵەکانیان لە باوەشیاندایە، یان لە سکیاندایە هێشتا چاویان بە ژیان هەڵنەهێناوە، کەم نین ژمارەی ئەو منداڵە گوللە بارانکراوانەی، لە سکی دایکیانن، تۆ بڵێی کاتی گوللەبارانکردنیان چ حەشرێک بووبێت، هەڵدانەوەشیان هـەمـان حـەشـر، لـە تابلۆیەکی مەترسیدار دەچـن، وێنەکان زۆر ناخ هـەژێنن، هـەمـوو جەستەیەک خـۆی لـەبـەر تەلەسیم و سیحری مەترسییەکانی چرکە ساتی هەڵدانەوەی ئەو گۆڕە بە کۆمەڵانە ڕاناگرێت. ڕوفاتەکان کە دەردەکەون دەڵێی ڕوح لە جەستەیاندا ژیاوەتەوە، هەموو دێنە قسە، ئێسکەکان دەناڵێنن، جلوبەرگ و شمەکەکانیان نزا و تکایانە، هێزێک سەیرکەران پەلکێشی خۆی دەکات.

بەداخەوە، تا ئێستە تەنیا ١٧٦٩ ڕوفاتی ئەنفالکراو هێنراونەتەوە کوردستان و بە خاک ئەسپەردە کراون، کەیسی جینۆسایدی ئەنفال بێ بەری کراوە لە هێمایەکی گرنگی خۆی کە ڕوفاتەکانن.

## ژمارەیان چەندە

لـە گـەڵ ئەنفالکردنی ١٨٢٠٠٠ هاووڵاتی کە زۆرینەیان ژن و منداڵی سڤیل بوون، نەک سیاسەتیان نەزانیوە، بگرە بڕیاری مانەوەش لەو ناوچە قەدەغەکراوانە بەدەستیان نەبووە، چونکە بڕیار لای پیاو، یان باوک و برا و گەورەکانیان بووە، تەنانەت ماڵ و منداڵی ئەوانەشی تێدا بوو، کە سەرباز بوون لەبەرەکانی جەنگی عێراق-ئێران یاخود دیلی جەنگ بوونە، لەو ژمارە ٦ پیتییە، کە ئەنفالکران، تەنیا ١٣ کەسیان لە کۆمەڵکوژی گـۆڕە بە کۆمەڵەکان ڕزگاریان بووە، ئەویش بە ئیرادەی خۆیان، بە سەرکێشییەک، هیچ دەرهێنەرێک ناتوانێت سیناریۆکەی داڕێژێتەوە، هەر یەکەیان چیرۆکی تایبەتی خۆیان هەیە، ئێستە ٩-یان لە ژیاندا ماون، هەروەها ١٣٨ تاقانەی ئەنفالمان هەیە لەگەڵ «٢٨ هەڵەبجە، ٣ بارزانی» وەلێ لەم ئامارەدا ئەو ژنانە هەژمار نەکراون، کە تەنیان و کەسوکاری خۆیان ماوە، بەوانەوە کۆی گشتییان دەگاتە ٣١٢ کەس»

هەروەها لەنێو ئەنفالکراواندا ١٥٢ هاووڵاتی ئاشوریی و کلدانی کریستان و ١٨٣ هاووڵاتی ئێزیدی هـەن. ڕێکخراوی هیومان ڕایت ۆچ، کە کاری مەیدانی لەسەر ئەنفال کردووە، لە ڕاپۆرتەکەیدا ژمارەی ئەنفالکراوان لە نێوان ٥٠٠٠٠ بۆ ١٠٠٠٠٠ و زیاتریش دیاریکردووە.

عەلی حەسەن مەجید کە ئەندازیار و بکەری سەرەکی تاوانەکەیە ژمارەی ئەنفالکراوانی بە

۱۰۰۰۰۰ کەس دیاری کردووە.

ڕێکخراوی لێبووردنی جیهانیش لیستی ناوی ۱۷۰۰۰ ئەنفالکراوی لایە. ڕاپۆرتی دەستەی پارێزەرانی بەرگریکاری قوربانییەکان لە دۆسیەی تاوانی ئەنفال لە بەرگرینامەکەیاندا بۆ چوار قۆناغی ئەنفال، چوار ژمارەیان بڵاوکردووەتەوە ۲۸۷۷۷ ئەنفالی سێ، ۱۷۳٤۰ ئەنفالی پێنج، شەش و حەوت، ۲۱۹۱۱ ئەنفالی دوو، ۲۸۵۵۰ ئەنفالی چوار.

هەروەها بەپێی بەڵگەنامەیەک بە واژۆی سەرکردەی ئۆپەراسیۆن لیوا ڕوکن یوسف محەمەد ئەلزەرب، فەرماندەی لەشکری پێنج لە جۆری (ئەو پەڕی نهێنی و تایبەت) بە ژمارە (ح۲ ۲٤۲۲) لە (۲۵ ک. ۱. ۱۹۸۸) بۆ فەرماندەیی گشتیی سوپای ناردووە، لە شاڵاوی ئەنفالی هەشتدا ۱۳۵۵۳ کەس دەستگیرکراون، بەپێی بەڵگەنامەی بەڕێوەبەرایەتی ئەمنی سلێمانی ژمارە ۲۵۱٦۳ی ڕێکەوتی۲۹-۱۰-۱۹۸۸ بۆ بەڕێوەبەری ئەمنی ناوچەی ئۆتۆنۆمی ناردووە دەڵێت: ۹۰۳۰ کەس لە ئەنفالەکان دەستگیر کراون، بەمەش تەنیا بەپێی ئەم دوو بەڵگەنامەیە دەردەکەوێت، کە لە پرۆسەی ئەنفالی هەشت و ئەنفالەکانی سنووری پارێزگای سلێمانی، ۲۲۵۸۳ کەس ئەنفالکراون.


### وێرانکاری و زیانە مادییەکانی ئەنفال

لە پرۆسەی ئەنفالدا وێڕای کۆمەڵکوژی مرۆڤ، ۲٤۵۱ گوند لە ناویاندا ۳۱ گوندی کریستان خاپوور کران، ٤ قەزا، ۳۰ ناحیە، ۲٤۵۰ مزگەوت و ۲۷ کەنیسە و ۱۷۵٤ قوتابخانەی سەرەتایی و ناوەندی و۲۷۰ نەخۆشخانە ڕووخێندران، لەگەڵ ئەو گوندانەی پێشتر وێران کرابوون، کۆی گشتیی ٤۰٤۹ گوند لە کوردستاندا لە لایەن حزبی بەعسەوە خاپوور کران. کە ۷٤۲ گوندیان لەنێوان ساڵانی ۱۹۷٤ بۆ ۱۹۷۹خاپوور کرابوون.

دوای کۆتایی ئۆپەراسیۆنی ئەنفال لە هەرسێ پارێزگەی هەولێر و سلێمانی و دهۆک تەنیا ٦۷۳ گوند مابوون، بەشی زۆری ئەمانەش بەپێی بڕیاری ۳٤٤۸ی مەکتەبی باکووری حزبی بەعس فەرمانی چۆڵکردن و خرکردنەوەیان بۆ دەرچوو بوو. ئەوەش بەهۆی ڕێگەدان بە دروستکردنی بەنداوی بێخمە لەسەر زێی گەورە. ئەم گوندانە زیاتر لە ٤٥۰یان لە ئاکرێ و مەخموور و هەولێر بوون، نزیک ۳۰۰یشیان گوندی سورچییەکانی ئاکرێ بوون.


لە کانوونی یەکەمی ۱۹۸۸دا، ۱٤ گوندی دەشتی حەریر ڕووخێنران، لە ڕێککەوتی ۱۵-٤-۱۹۸۹ش بڕیاری ڕوخاندنی گوندەکانی برادۆستی و دۆڵەمەڕی نزیک لە میری درابوو. هەندێک پێیان وایە پێش ڕاپەڕین تەنیا ۳٤۸ گوند لە کوردستان مابوون، ئەوانەش خەڵکەکەی چەکداری حکومەت بوون.

دوای پرۆسەی ئەنفال یەک گوندی کوردنشین لە پارێزگەکانی کەرکوک، دیالە، سەڵاحەدین و موسڵ نەمابوون، ٤۲٤۸۸ کیلۆمەتر چوارجار خاک تەعریب کرابوو. بەگشتیی لە کۆماری عێراقدا تا ڕاپەڕین ۵۰۳۵ گوند و شارەدێ و ناحیە و قەزای کوردستان وێران کرابوون. لە ئەنفالدا دوو ملیۆن مەڕو بزن و ڕەشە وڵاخ تاڵان کران.



نووسەر بە دیار یەکێک لە گۆڕە بە کۆمەڵەکانەوە

تەختکردنی گوندەکان لەگەڵ زەوی، نەک خانوویەک لە گوندێک، بگرە تاکە خشتێکیش بە پێوە نەما، بە پانتایی زیاتر لە پەنجا هەزار کیلۆمەتر چوارگۆشە، جگە لەوانەی چەکداری حکومەت بوون، یان تەعریب کرابوون، ڕوخاندنی سەرجەم قوتابخانە، نەخۆشخانە، مزگەوت، کەنیسە و شوێنە پیرۆزە مێژووییەکان لەپاڵ خانوو و ڕەز و باخ و پرۆژەی ئابووریی خەڵک، بیر و کارێز و کانیاوەکانیش پڕکرانەوە، لوغم ڕێژکردنی سنووری گوندەکان کرا، بۆ ئەوەی ئاوەدانیان بۆ نەگەڕێتەوە.



8454

المحكمة الجنائية العراقية العليا

هيئة التحقيق

دوای خاپوورکردنی هەر گوندێک، کۆپتەر لە ئاسمانەوە گوندەکانی دەپشکنی، تا هیچ دیوارێک بە پێوە نەمێنێت، تەنانەت گۆڕی مردوەکانیشان تەقاندووەتەوە. ڕوخاندنی گوندەکانی دەرەوەی جوگرافیا و زەمەنی ئەنفالەکانیشی گرتووەتەوە، بەم شێوەیە هەموو مرۆڤەکان بە زۆر لە گوندەکانیان دابڕان، دواتر بە زۆر خێزانەکانیان لەیەک جیا کردەوە، ژن و پیاو یەکدییان نەبینییەوە، کاتێک لە خانووەکانیان دەردەکرانە دەرێ، ئەوانەی بە ئەنفال بردران، ماڵەکانیان دوا ژوانی پێکەوەییان بوو.

هەروەها هەشت بۆ دە ملیۆن مینیش لەنێو گوندە ڕووخاوەکان و دەوروبەریان چێندران، بە پانتایی زیاتر لە ٧٧٦ کیلۆمەتر چوارگۆشە، لە ٣١٤٩ ناوچەی دیاریکراوی زانراو، تا ئێستە زیاتر لە ١٣٤٩٢ کەسیان بەم هۆیەوە بریندار، یان مردوون، هەنووکە ١٠٧٨٠ کەم ئەندامیان لە ژیاندا ماون و نزیکەی ١٠٠٠٠٠ ئاژەڵیشیان کوشتووە.

> **"دوای کۆتایی ئۆپەراسیۆنی ئەنفال لە هەرسێ پارێزگەی هەولێر و سلێمانی و دهۆک تەنیا ٦٧٣ گوند مابوون، بەشی زۆری ئەمانەش بەپێی بڕیاری ٣٤٤٨ی مەکتەبی باکووری حزبی بەعس فەرمانی چۆڵکردن و خڕکردنەوەیان بۆ دەرچوو بوو"**

## کۆکردنەوە لە ئۆردوگا زۆرە ملێکان

نزیک لە ملیۆنێک کەسی ناوچە قەدەغەکراوەکان، کە لە کۆی پرۆسەکانی ئەنفال ڕزگاریان بووە، لە ئۆردوگا زۆرەملێکان لە ژێر چاودێری توندا نیشتەجێکران «نوسراوێکی ئەمنی هەولێر لە ڕێکەوتی ١٦-٩-١٩٨٨دا، باسی ١٢٧١٤ خێزان دەکات، کە تەنیا لە ئۆردوگاکانی خوارەوە نیشتەجێکراون: جێژنیکان ٤٢٤١ خێزان، گردە چاڵ ٢٧٩٤، بەرحوشتر ٢٣١٤، شاخۆڵان ٢٣٨٧»

هاووڵاتیانی گەرمیانی خواروو بۆ سمود، گەرمیانی باکوور بۆ شۆڕش، ناوچەی زێی بچووک بنەسەڵاوە و دارەتوو، قەڵادزێ بۆ دارەتوو و جدیدە .... هتد گواسترانەوە.

لە سنووری پارێزگەی سلێمانی، هاووڵاتیانی گوند و ناحیە و قەزا ڕووخاوەکان لە ئۆردوگاکانی «ڕزگاری، سمودی جاران، نەسر، برایەتی، هەڵەبجەی تازە، شۆڕش، تەکیە، بازیانی ١ و بازیانی ٢، پیرەمەگرون، باینجان، ئاڵایی، گۆپاڵە، حاجیاوا، سەروچاوە و تاسلۆجە» نیشتەجێکران.

بەم شێوەیە هێزەکانی حکوومەت هەزاران گوندی وێران کرد، خانووبەرەی پارێزراوی وەک مزگەوت و قوتابخانە و نەخۆشخانەی لەگەڵ زەویدا تەختکران، ماڵی هاووڵاتیان ڕووخێنران و دەستیان بەسەر سەروەت و سامانیاندا گرت و تاڵانیان کرد، خەڵکەکە بە زۆر و بە نادڵی دوورخرانەوە و گواسترانەوە بۆ ئۆردوگا زۆرەملێکان. لە کاتێکدا خەڵکانی سڤیل بەشداریان نەبووە لە چالاکی جەنگیدا.

گۆڕستانی ئۆردوگاکان وێڕای نوێ بوونیان لە گۆڕستانی شارە گەورە و کۆنەکان زۆر زوو گەورەتر بوون، بەهۆی زۆری ژمارەی مردن بە هۆکاری نەخۆشی و بێکاریی و هەژاریی و ژیانی ناهەموارەوە.

## ڕۆڵی جاشەکان

ئۆپەراسیۆنی ئەنفال سوپای عێراق و هێزە تایبەتەکان و ئەمن و ئیستخبارات، بە هاوکاری زیاتر لە ٣٦٦ فەوجی جاش و دەیان مەفرەزە خاسەی جاشی کورد ئەنجامدران. هاشم سوڵتان ژمارەیانی بە ٢٥٠٠٠٠ کەس دیاریکردووە، لە

گوتەیەکی بەرگریدا لە پرۆسەی دادگایی ئەنفالدا.

لەسەرجەم ئۆپەراسیۆنەکاندا دیدەرەکان شایەدی ئەوە دەدەن، جاشەکان لە هەموو ئۆپەراسیۆنەکان پێش سوپا کەوتوونە، زۆرینەی خەڵکەکە بە چاوساغی و درۆی ئەوان دەستگیرکراون، بەپێی بەڵگەنامەکان هیچ فەوج و مەفرەزەیەکی تایبەتی جاش نییە، بەشداری چەند پرۆسەیەکی ئەنفالیان نەکردبێت، یاخود هاوکات لەگەڵ بەشداری لەو کات و شوێنەدا ئەرکیان پێ نەسپێردرابێت.

## پانتایی ئەنفال

لەماوەی ١٩٧ ڕۆژی هەشت قۆناغی ئەنفالدا، کە شەش جوگرافیای جیای گرتەوە، لە جوگرافیایەک بە پانتایی زیاتر لە سی هەزار کیلۆمەتر چوار گۆشە پرۆسەکە ئەنجامدرا، ئەنفالی یەک، چوار، هەشت پانتایی جوگرافیاکەیان دیاریکراوە بە «١١٥٤، ٣٩٨٥، ١٠,٣٦٠ « ١٥٤٩٩کم دووجا، سێ جوگرافیایەکەی دیکەش ئەنفالی دو، سێ، پێنج، شەش، حەوت ڕووپێوی زیاتر نەبێت لەو ڕووپێوە کەمتر نییە. واتە پرۆسەکە زۆر زیاتر لە ٧٥٪ ڕووپێوی هەرێمی کوردستانی گرتەوە، وێڕای ناوچەکانی هەڵەبجە، سەید سادق، خورماڵ، سیروان، هەورامان، شارەزوور، پێنجوێن، ناڵپارێز و بەشێکی زۆری شارباژێڕ، حاجی ئۆمەران و سیدەکان و ..... کە لەو کاتەدا ڕاستەوخۆ ببوونە گۆڕەپانی شەڕی عێراق – ئێران.

هاوکات لەگەڵ پرۆسەی ئەنفالی یەکدا، تاوانی هەڵەبجە لەو ناوچانە ئەنجامدران.

لە جەنگی هەڵەبجە، کە ئێران ناوی لێنابوو فەجری دە، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ناوی نابوو ڕزگارکردنی هەڵەبجە، ئێران توانی هەشت سەد کیلۆمەتر چوار گۆشە خاک و سەد و دوو گوند و شاری هەڵەبجە و چەندین شارۆچکەی دی وەک تەوێڵە، بیارە، خورماڵ و سیروان و.....بگرێت، مەزەندە دەکرێت بەرەی شەڕ زۆر لەوەش بەرفراوانتر بووبێت.

ناوچەی سێگۆشەی سنووری عێراق-ئێران-تورکیا- خواکورک، کە هاوزەمان لەگەڵ ئەنفالی ٥،٦،٧دا شەڕی قورسی تێدا ئەنجامدرا. پێنجوێن، دەشتی شلێر، کەناریۆ، حاجی ئۆمەران و سیدەکان.... بەرەی شەڕی ئێران – عێراق بوون، ناوچەی کەندیناوە، شەمامک و قەرەچوغ-یش لە دەشتی هەولێر پێشتر لە هەڵمەتەکەی بەهار و هاوینی ساڵی پێشتر وێران کرابوون، خانووی تێدا نەمابوو. بەم شێوەیە جەنگ و ئەنفال جگە لە ناوەندی شارەکان سەرتاپای جوگرافیای کوردستانی گرتەوە.

## دەربازبووەکانی هەڵەبجەش ئەنفالکران

لە شەڕی هەڵەبجە لە ڕۆژانی ١٣،١٤،١٥، و ١٦-٣-١٩٨٨ و دواتر، دەربازبووەکان بە ئاراستەی ناوچەکانی ژێر قەڵەمڕەوی بەعس، دەستگیرنەکران و نەبردرانە ئۆردوگای تایبەتیش، لەبەر ئەوەی لە لایەن بەعسەوە، شەڕەکە بە بەشێک لە ئەنفال دانەنرا بوو، هەرچەندە لەو ڕۆژانە ڕەشبگیری لە پرۆسەی ئەنفالیش لە شێوەی دوواترنەبوو، بەڵام ئەوانەی دواتر لە پەلاماری گرتنەوەی شاری هەڵەبجەدا دەستگیرکران، یان بە لێبووردنە ساختەکەی مانگی ٨ ی ساڵی ١٩٨٨ گەڕانەوە، کە بە هەمووەوە سەدان هەڵەبجەیی لە هەموو تەمەنێکیان تێدا بوو ئەنفالکران. لە ٢٣ی ئابی ١٩٨٨ لە مەرزی سنوورەوە هێنراونەتە تەواریەکەی نێو شاری سلێمانی، لە ٢٩ی هەمان مانگدا گەیشتوونەتە نگرە سەلمان، گەنجەکانیش جیاکراونەتەوە، وەکو ئەنفالکراوەکان ئیدی نەبینرانەوە. ئەوانەی نگرە سەلمان دواتر بە لێبووردنە گشتییەکەی ٦-٩-١٩٨٨، لەگەڵ ئەنفالکراوەکان گەڕانەوە، کە هەندێکیان گواسترانەوە بۆ ئۆردوگای بەرحوشتر لە شاری هەولێر و لەوێ جێگیرکران.

لە پرۆسەی کیمیاباران کردنی شاری هەڵەجەدا ١١٦٥کەس ئەنفال کران، لەوانە ١٧٦ کەسیان ڕووفاتیان لە گۆڕە بە کۆمەڵەکاندایە.

## بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی

جگە لە ئەنفالی سێ، هەموو قۆناغەکانی ئەنفال بە لێدانی کیمیاوی دەستیان پێکردووە، هەرچەندە بەڵگەکان دەیسەلمێنن کە لە ئەنفالی سێ-شدا لە گوندی تازە شار بەکار هاتووە.

لە ڕێککەوتی ٢٣-٢-١٩٨٨ەوە بۆ ٦-٣-١٩٨٨، لە چوارچێوەی ئۆپەراسیۆنەکانی ئەنفالدا، لانی کەم

"

**ڕێکخراوی هیومان ڕایت وۆچ، کە کاری مەیدانی لەسەر ئەنفال کردووە، لە ڕاپۆرتەکەیدا ژمارەی ئەنفالکراوان لە نێوان پەنجا هەزار بۆ سەد هەزار و زیاتریش دیاریکردووە. عەلی حەسەن مەجید-یش کە ئەندازیار و بکەری سەرەکی تاوانەکەیە ژمارەی ئەنفالکراوانی بە سەد هەزار کەس دیاریکردووە**

"

٤٨ جار، لە ١٥٢ گوند زیاتر بە چەکی تایبەتی کیمیاوی «گازی خەردەل، مێشک، سارین.....» دراوە و هەزاران قوربانی لێکەوتووەتەوە، جگە لەو لێدانانەی پێش ئەنفال ئەنجامدران. کە سەرجەم ئەو گوند و شار و شارۆچکانەی کیمیابارانکران، لە ئەنفال و پێش ئەنفال ژمارەیان دەگاتە ٢٤٠ گوند» هەڵەبجە ٣٢، سلێمانی ٨٤، کەرکووک٢٦، هەولێر٥٣، دهۆک ٤٥ «و تەنانەت هەندێک ئامار ژمارەکە بۆ زیاتر لە ٢٥٠ گوند و شار و ٣١ شاخ بەرز دەکەنەوە.

عێراق لەنێوان ساڵانی ١٩٧٨ بۆ ١٩٩٧، ٦٨٢٣١ تەن گازی کیمیاوی بەرهەم هێناوە، لەو برە ٨٤٥٠ تەنی دژ بە کورد بەکارهێناوە، ٢٩٢٠٠ تەنی لە شەڕی ئێران بەکارهێناوە.

عێراق گازی خەردەل، سیانید، تابوون، سارین، ژەهری بۆتۆلاینیۆم، ڤی ئێکس-ی بەکارهێناوە. یازدە دامەزراوەی بۆ بەرهەم هێنانی چەکی کیمیاوی دروست کردبوو، ٢٠٧ کۆمپانیای بیانی چەکە کۆکوژەکانیان داوە بە عێراق کە لە ٩٠٪یان ئەوروپی و ئەمەریکی بوونە، لە ١٠٪ی لە ١٤ وڵاتی دیکەوە بوونە.

بەپێی هەندێک سەرچاوە دەوروبەری ٢٣،٦٪ ڕووبەری خاکی کوردستان بەر چەکی کیمیاوی کەوتووە، کە دەکاتە ٢٤٠٠٠ کم دوجا و لە ١٧٪ی ڕوبەری کوردستان بە ڕێژەی کەمتر بەر کەوتووە، کە دەکاتە ١٨٠٠٠ کم دووجا.



پتر لە ملیۆنێک هاووڵاتی جارێک، یان زیاتر بە قورسی بەر چەکی کیمیاوی کەوتوون، ملیۆنێکی دیش بە سووکی بەرکەوتوون. کە ئامانجی بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی بەرانبەر بە گوندنشینانی سڤیل کۆمەڵکوژیکردنی ڕاستەوخۆیان بوو.

کیمیابارانکردنی شاری هەڵەبجە و دەوروبەری، وەک یەکەم شاری قوربانی چەکی کیمیاوی، کە زۆرترین ژمارەی مرۆڤی تێدا کوژرابێت لە مێژووی مرۆڤایەتیدا، چووە پەرتووکی گینسەوە، کە لە کات و ساتی ئەنفالی یەکدا ئەنجامدرا. هەرچەندە قوربانییەکانی شاری هەڵەبجە بە چوار هەزار کەس هەژمار کراوە نەک پێنج هەزار کەس، وێڕای مردن و بریندارەکانی دواتر، یاخود ئەوانەی لەو چرکە ساتەدا لەو جوگرافیایە مردن هاووڵاتی خودی شارەکە نەبوون ژمارەیان سەدانە و هەژمار نەکراون، بە سەربازانی ئێرانی-شەوە.

بە هۆی چەکی کیمیاوییەوە ڕاستەوخۆ دەیان هەزار کەس بوونەتە قوربانیی، لە ناویاندا نزیک دوو هەزار هاووڵاتی کریستان شەهید و بریندار بوون.

## چارەنووسی ون

لە دوای داگیر کردنی کوێت لە ڕێکەوتی ٢٥-٩-١٩٩٠-وە، حکوومەتی عێراقی بڕیاری دا لە وەڵامی کەسوکاری ئەنفالکراوان، ڕستەی (لە ئۆپەراسیۆنی پاڵەوانانەی ئەنفال گیراون و تا ئێستە ڕاگیراون) بگۆڕێت بۆ ڕستەی (زانیاریمان لەسەر چارەنووسیان نییە) بەمەش هەموو دەرگاکانی هەواڵی بەڕووی کەسوکاریان داخست و هەموو هیوا و ئومێدێکیان لاواز کرد.

ئەنفالکراوان لە مافی ئاسایشی کەسی و پاراستنی کەرامەت، مافی ئەشکەنجە نەدان و مامەڵەی نامرۆڤانە، مافی دادگاییکردنی دادپەروەرانە و کەسایەتی یاسایی، مافی ژیان لەگەڵ خێزانەکانیان، مافی ژیان و پێکەوەنانی خێزان، مافی زاوزێ، مافی خواردن و خواردنەوە. هەناسەدان و چارەسەرکردن و خاوەندارێتی و.... بێبەشکران لەپاڵ سەندنەوەی ژیانی بە کۆمەڵ لێیان بێ دادگاییکردن.

“ کیمیابارانکردنی شاری هەڵەبجە و دەوروبەری، وەک یەکەم شاری قوربانی چەکی کیمیاوی، کە زۆرترین ژمارەی مرۆڤی تێدا کوژرابێت لە مێژووی مرۆڤایەتیدا، چووە پەرتووکی گینسەوە ”

# ئەدەب


- **گفتوگۆی ئەدەبیی .. گەنگەشەی ڕۆژانە - بەشی یەکەم**

  گفتوگۆی/ سمکۆ محەمەد
- **کەژاڵ ئیبراهیم خدر .. شاعیرە کوردە هاوچەرخەکە**

  ئیبراهیم ئەحمەد الئیعیسر - و/ ڕەفعەت عومەر
- **نیگایەک بۆ دوو دێڕی غەزەلێکی نالی**

  محەمەد مێرگەیی
- **تێکشکاندنی دەق و فانتازیای لەتبوونی خود (سێیەم و کۆتایی)**

  عەلی شێخ عومەر
- **تەرم**

  سەهەند نالی
- **گەمەی منداڵبوونەوە**

  محەمەد کەریم
- **فاکسە شیعرێک بۆ شەهیدی نەمر ئاسۆی دەلاک**

  سەڵاح جەلال

# گفتوگۆی ئەدەبیی

## گەنگەشەی ڕۆژانە

گفتوگۆی:
سمکۆ محەمەد لەگەڵ عەباس عەبدوڵڵا یووسف

بەشی یەکەم



**عەباس عەبدوڵلا یووسف. ناسراو بە ع.ع. یووسف، یەکێکە لە کۆڵەگەکانی بونیادی بزووتنەوەی ڕۆشنبیریی لە هەولێر.**

**لەسەر دەستی ئەو چەند کەسێک هاتوونەتە نێو دونیای خوێندنەوە و بوونەتە ئەدیب و پێشگەیشتوون، چونکە سەردەمانێکی زۆر، عەباس هەم یاخیگەر بووە، هەم کتێبفرۆش. یاخیگەر بەو مانایەی، ماوەیەک لە هۆتێلێک بەناوی سەفین بە تەنیا ژیاوە، کە ئەمەش بۆ هەرکەسێک قورسترین بژاردەیە. کتێبفرۆشیش بەومانایەی، کەسێک بووە، هەمیشە کتێبی بەخوێنەر ناساندووە، کە زۆرجار وەک کتێبخانەیەکی گەڕۆکی ڕۆشنبیریی خۆی نواندووە، ئەمەش وای کردووە لە هەموو بوارەکانی فیکر و ئەدەب و ڕۆشنبیریی گشتیی شارەزا بێت.**

**کەواتە کەسێکی کتێبناس و فیکرناس و نوێگەر بووە لە هەولێر، هاوتەمەنەکانیشی ئەو شاهیدیەی بۆ دەدەن و دەڵێن: ئەم پیاوە یەکەم نوێگەر بووە، بەتایبەتی، کە لە بەرانبەر دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی و سیاسیی، وەک چەپێکی مۆدێرن و شیوعییەکی ئەو سەردەمی، دەبێتە ناوێکی دیاری هەولێر.**

**ئیدیۆمێک هەیە بەناوونیشانی (عارەبانەکەی عەباس) کە مەهداوی برادەرەی دایتاشیوە. هەرکەس دەمی لە ڕۆشنبیریی بدابا، یان بابەتێکی بنووسیبایە، دەیانگوت سواری عارەبانەکەی عەباس بووە.**

**لەدوای نەوەدەکانەوە، عەباس دووچاری ترسێک دەبێت، کە ئەمەش وای کردووە، کەم قسە بکات، سانسۆر لەسەر خۆی دابنێت و نەچێتە نێو وردەکاری سیاسیی و ململانێکانەوە، تا ئەو ڕادەیەی لەسەریشی بنووسرێت وەڵام نەداتەوە، کاتێک لێشی دەپرسن بۆ وەڵامیان نادەیتەوە، دەڵێت: ئەوە (دەفعی بەڵایە) بەڵام کە دەیدوێنی، یان دەردەشەی فیکریی لەگەڵ دەکەیت، شتێک دەڵێت، کە لەنێو مەجلیسی نووسەراندا، یان لەفەزای کراوەدا بەئاشکرا نایدرکێنێت، لەم بیرورا گۆڕینەوەیەدا، کە بەرهەمی گەنگەشەی ڕۆژانەی من و ئەو بووە، بۆ ماوەی سێ ساڵ، باسی زۆر بابەتی نەگوتراو، یان کێشەی ئەدەبیی و فیکریمان کردووە، کە پێشتر ئەو دەردەشەیەی لەگەڵ هیچ ڕۆژنامە و میدیایەک نەکردووە، منیش هەموو ئەوەی پێم وابووە، بۆ بڵاوکردنەوە دەشێت، نووسیومەتەوە.**

**ئەم جۆرە گفتوگۆیە جیاوازە لەو چاوپێکەوتننانەی، کە پێشتر کراون و دەکرێن، چونکە ئەم گفتوگۆیە جۆرێکە لە دیالۆگ.**

**خۆم (بۆچوون و قسەی تایبەت)م هەبووە و تێکەڵ بە پرسیار و وەڵامەکانم کردووە، بۆیە پرسیارەکان، هەم تێکەڵن، هەم پلەبەندییان نییە، بۆیە پێویستە خوێنەر ئەوە بزانێت، کە هۆکارەکەی بۆ ستایلی گفتوگۆکە دەگەڕێتەوە، چونکە، ئێمە ڕۆژانە لە بابەتی قورس، لە چەمکی جیاوازیی، مەعریفە و شتی کەسیی دواوین. ئەمەش لایەنێکی گرنگ و بەهێزی ئەم گفتوگۆیەیە، تاکو هێزی مەعریفیی و توانای ئەدیب، یان کارێکتەرەکەتان بۆ ئاشکرا بێت.**

### گفتوگۆی یەکەم

**سمکۆ محەمەد:** لەیۆنانیاتەوە دەست پێدەکەم، کە بەلای منەوە یۆنان هەم دایکی فەلسەفە و مەعریفەیە بەگشتیی، هەمیش بنەمای ئەدەبە، کە دەبێت هەموو نووسەرێک لانی کەم شارەزایی لە فەلسەفەی یۆنان و ئەدەبی جاهیلی و کلاسیکدا هەبێت، بەتایبەتی سۆفۆکلیس و بۆچوونەکانی ئەرستۆ لە بارەی ئەدەب و هونەرەوە، بەلایەنی کەمەوە دەردەشە و گەنگەشەی ئەدەبیی و فیکریی بکات، چونکە ئەو چەمکانە، کە تائێستە لە هەموو کایەکان کاریان پێدەکرێت و سەرچاوەی هەموو مەعریفەی گەلانە، بەسیستمە سیاسییەکانیشەوە، کە سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراوە بۆ ڕۆشنبیریی گشتیی، کەوابوو بە بۆچوونی من ڕۆشنبیریی بەبێ بنەمای پتەوی خۆماڵی، وەکو ئەوە وایە، کە بینایەک لەسەر بنچینەیەکی ناجێگیر ڕابگیردرێت، بۆیە هەرکەس ئەو بنەما مەعریفییەی نەبوو، ناتوانێت بەرگری لە ڕۆشنبیریی کوردیی بکات. عەرەب لە ناوچەکەی خۆیدا، بەپشت بەستن بەقورئان، کە بنەمای زمانەکەیانە، هەروەها ئەدەبی جاهیلیی، کە بنەمای داڕشتنی ئەدەبیات و شیعریانە، دەقی هەزار و یەکشەوە و داستانی گلگامش پێکەوە بنەمای ڕۆشنبیریی و مەعریفەی عەرەب پێکدێنن. فارس-یش بەلایەنی کەمەوە بنەمایەکیان هەیە و کەڵکیان لەئەفسانە، ئایین، مەزهەبی هیندستان، ئەفغان و تەنانەت ئایینی ئیسلام وەرگرتووە، ڕۆشنبیری کورد، زۆر کەم کەڵکی لەو کەلەپورانە وەرگرتووە، تەنانەت بەتەواوەتی

کەڵکیان لەوەش وەرنەگرتووە، کە شاعیرانی کلاسیک دروستیان کردووە. ئەدەبی کوردیی چۆن ئەو بۆشاییە پڕ دەکاتەوە؟ کە تا ئێستە ناتوانێت ببێت بە بەشێک لە بەشداری مێژووی گەلان.

**عەباس عەبدوڵلا:** ڕاستە یۆنان بنەما و دایکی ئەدەب و فەلسەفەیە، بەڵام ئەگەر باسی بنەما بکەین، زۆر لە گەلانی ناوچەکە بنەمای مەعریفەی خۆماڵیان نییە و تەنانەت خۆراواش نابن بە یۆنان، بۆیە ئەوانیش پشت بەو بنەمایە دەبەستن و نوێی دەکەنەوە، یان موناقەشەی دەکەن، هەروەک ئەوەی بینیمان، چۆن چەمکەکانی دیالێکتیک و ئیستاتیکا و گرێی ئۆدیب و ئەلیکترا و چەمکی خۆناسین و هتد، هەمووی لە یۆنانەوە سەرچاوەیان گرتووە، بەڕای من تێگەیشتنەکەی تۆ کەموکورتی تێدایە بۆ بونیادی مەعریفیی، چونکە یۆنان مادام دایکی

**سمکۆ محەمەد:**
***بە بۆچوونی من ڕۆشنبیریی بەبێ بنەمای پتەوی خۆماڵی، وەکو ئەوە وایە، کە بینایەک لەسەر بنچینەیەکی ناجێگیر ڕابگیردرێت***

**عەباس عەبدوڵلا یووسف:**
***ئەگەر باسی بنەما بکەین، زۆر لە گەلانی ناوچەکە بنەمای مەعریفەی خۆماڵیان نییە***

فەلسەفەیە، کەواتە ئەدیب و ڕۆشنبیری کوردیش، کە یۆنانیاتیان خوێندووەتەوە، یان سەرەدەر لە کەلەپورەکە دەردەکەن، بۆچی نەتوانن کەڵک لەو شارستانییەتە وەربگرن، کە بووە بە موڵک و مێژووی هەموو گەلان، ئەوەی کە مەبەستی تۆیە و بریتییە لەپڕکردنەوەی بۆشایی ڕۆشنبیریی، بەلای منەوە بۆشایی نییە، چونکە بووە بەدیفاکتۆ و تارادەیەک بنەمای داناوە، بەڵکو چارەسەرێکی دی هەیە، کە ئەو بۆشاییە پڕدەکاتەوە، ئەویش لە ڕێگەی توێژینەوە لەو شارستانیەتەی گریک، کە گرێیەکە چارەسەر بکات، دەمەوێت ئاماژە بەوە بدەم لەو سەردەمەی فەلسەفە لە یۆنان لەدایک بووە، کوردستان وەکو جوگرافیا هەبووە، جا با ڕۆشنبیرییەکەی ئامادە نەبووبێت، خۆ ژیانی تێدابووە و کشتوکاڵی کردووە، چەرموو باشترین سەلمێنەری مێژووییە، بۆ نموونە ئەرستۆ، کە یەکێک لەستوونەکانی فەلسەفەی یۆنانە، کتێبێکی لەسەر (الحیوان) واتە ئاژەڵ نووسیوە، لەوێ باس لە جۆرە ئاژەڵێک دەکات و دەڵێت: ئەو جۆرە لە ناوچەی میدیا هەیە، کە مەبەستی کوردستانە، کەواتە ئەو باسانە پەیوەندییەکی دوانەیی ڕۆشنبیرییان دروست کردووە، ئەگەر بەشێکیش نەبین لە مێژووی ڕۆشنبیریی و شارستانیی یۆنان و مێژوومان نەبێت، خۆ یەکێکین لە کەرەستەکانی شارستانیی و فەلسەفەی یۆنان، کە باسی کوردی کردووە.

**سمکۆ محەمەد:** بەڵام من باسی بوونی بۆشایی ئەدەبیی و مەعریفیی دەکەم، کە لە مێژووی ئەدەبیاتی کوردیدا بریتییە لە نەبوونی ستایلی بیرکردنەوە، ئەگەر ژیاریشی هەبووبێت، ئەدەبەکەی لاساییکردنەوەی ئەدەبی عەرەبیی و جاهیلیی بووە، لەلایەکی دیکەشەوە کەمتەرخەم بووە، کە ئەدەبەکەی نەنووسیوەتەوە و خەڵک بە کەموکورتییەوە بۆی نووسیوەتەوە و نەیگەیاندووەتە ئەوانی دی، هەروەها هێزێکی فیکریشی نەبووە موڵکیەتی ڕۆشنبیریی خۆی بپارێزێت، بۆ نموونە کورد لەشوێنێکدا نزیکە لە عەرەب، دەیتوانی کەڵک لەو کەلەپورە وەربگرێت، کە پێش ئیسلام و دوای ئیسلامیش لە ناوچەکەدا بووە بە خاڵی هاوبەش، واتە دەیتوانی کەڵک لە کەلەپوری زەردەشتیەتی فارسی سەردەمی شای یەکەم و دەسەڵاتی ساسانی وەربگرێت، کە نەیکردووە، من ئەم ئامادەنەبوونە لە مێژوودا بەئەنقەست دەزانم، چونکە مومکین نییە تاکو ئێستە هەر ڕێچکەیەکی نەدۆزیبێتەوە بۆ خۆناساندن، لەلای من بابەتەکە پەیوەندی بەچەمکی ناسیۆنالیزمەوە هەیە، چونکە کورد ناتوانێت ناسیۆنالیستیانە بیر بکاتەوە و لۆبی بۆ کەلەپور و بوونی خۆی پەیدا بکات.

**عەباس عەبدوڵلا یووسف:** نا بەپێچەوانەوە، بەشداری کردووە، چونکە هەم کەلەپوری عەرەبیی و هەم زەردەشتییەتی فارسیی، بووە بە بەشێک لە مێژووی کەلەپور و ڕۆشنبیریی کوردیی، ئەگەرچی لە ئێران لە سەردەمی شا، کە ئەسکەندەری مەکدۆنی ئەوکات هاتووە بۆ داگیرکردنی ناوچەکە، کە ئەمە مێژوو دەیگێڕێتەوە، ناوچەی هەورامانیان داگیر کردووە، بەڵام دواجار ئێران ڕێگەیان داوە پسپۆر و فەیلەسوفی خۆراوایی کەڵک لەزەردەشتییەت وەربگرن و خۆشیان ئەمەیان کردووە.

بۆ نموونە دوای گەیشتنی ڕۆشنبیریی زەردەشتییەت، نیچە بەکتێب کاری لەسەر زەردەشت کردووە، کتێبی (وەهای گوت زەردەشت) کە بریتییە لەفەزای بیرکردنەوەی تەواوی نیچە، چونکە ئەو دژی کەلەپوری کریستانی و


مەسیحییەت بووە، ئەمە بەناڕاستەوخۆ ئێمەی بردووەتە نێو مێژووەکە.

**سمکۆ محەمەد:** سەربارى ئەو بیانووەش بۆ بونیادى بیرکردنەوەى گەلانى ناوچەکە بۆ فیکر و ئەدەب، بەڵام زەردەشتییەت نەبووە بە بونیادى کەلەپوور و ڕۆشنبیریى کوردیى، نەبووە بە مەرجەعیەتى بیرکردنەوە و پشتى پێ ببەسترێت بۆ موناقەشەى کایە جیاوازەکان، بەتایبەتى شیعر، کە هەڵقوڵاوى ئایدیاى ئایینییە، بەپێچەوانەوە ئەدەبیاتى کوردیى بەهۆى زاڵبوونى گوتارى ئایینییەوە، لەژێر کاریگەریى ئەدەبى عەرەبیى ماوەتەوە، خۆ ڕەخنەى لەو مێژوو و ئەدەب و ڕۆشنبیرییە نەگرتووە، لە کاتێکدا گەلان بەلایەنى کەمەوە لە ڕێگەى ڕەخنەگرتن لە مێژوو، خۆیان سەپاندووە، کورد ئێستەش ناوێرێت ڕەخنە لەو سیستمانەى پێشوو بگرێت و جێگە و ڕێگەیەک بۆخۆى بکاتەوە، لانى کەم بەشداربێت لەو سیستمە جیهانییەى، کە ئەدەبى وەکو چەکێکى سیاسیى بەکارهێناوە بۆ وەرگرتنى شوناس.

**عەباس عەبدوڵلا یووسف:** ئەو لایەنەى قسەکەت بەشێکى ڕاستە، چونکە ئەمە بۆ زۆربەى گەلانى ناوچەکەش هەمان چەشنە و ئەوانیش هەمان حاڵى ئێمەیان هەیە، چونکە ئەگەر لە بابەتى دەقى فەلسەفەى یۆنانى و دەقى قورئانى عەرەبیى و ئاڤێستاى یۆنانیش دوور بکەوینەوە، ئەى خۆ بیرى ناسیۆنالیزم موڵکى خۆراوایە، بۆچى ناسیۆنالیستە کوردەکان و عەرەبەکانیش بەهەمان ڕێچکەى ئایینى ئیسلام دەڕۆن، لە کاتێکدا، کە بیرۆکەکە بەشێکى فەلسەفەى سۆسیالیستییە، بەشەکەى دیکەى بنەماى ئایینییە، چونکە ناسیۆنالیستەکان دواجار بڕوایان بە بنەماى ئایینى هەیە بۆ ئەوەى لە پراکتیکدا کۆمەک بەبیرکردنەوەکەیان بکات، چونکە بیرۆکەى نەتەوەخوازیى بە تەنیا لەسەر یەک ستوون ڕاناوەستێت، کەوابوو سەرچاوە مانایەکى دى هەیە، بەهەرحاڵ ئێمە خۆ لاوک و حەیران و سیاچەمانە و مەقامى کوردیى گەرمیان، وەک سێگا، ئاى ئاى و هۆرەى جاف مان هەیە، ئەى خۆ ئەمانە موڵکى ڕۆشنبیریى کوردین، خۆ بنەماى ئەو بینایەیە، کە ڕۆشنبیریى کوردیى لەسەر بونیاد نراوە.

**سمکۆ محەمەد:** بەڵێ، بەڵام کە عەرەب کەڵکیان لە فیکرى ناسیۆنالیزمى خۆراوایى وەرگرتووە، لە مەیدانى کارى سیاسیى و فیکرى پراکتیکیان کردووە، پاشان من کە پرسیارى یۆنانیاتم کرد. مەبەستى سەرەکیم ئەوەبوو، کە تۆ ساڵى حەفتاکان سەفەرى یۆنان-ت کردووە و چەندین کەسى دى ڕۆیشتوون، تۆ بۆ گەشت چووى، یان بۆ ئەوە چووى، کە لە نزیکەوە لە فەلسەفەى یۆنان تێبگەى؟ مەبەستم ئەوەیە گەشتەکەت فیکریى بوو، یان مەبەستى دى لەپشتەوە بوو؟ چونکە ئەوکات ئاسایى نەبوو سەفەرکردن بۆ دەرەوەى وڵات، بەتایبەتى، کە تۆ ئەو سەردەمە گەنج بووى بیرت کامڵ نەبوو وەکو ئێستا؟

**عەباس عەبدوڵلا یووسف:** نەخێر ئەوکاتە من مامۆستا بووم، مامۆستا مووچەکەى زۆربوو، یەک دینارى عێراقیى بەرانبەر بە سێ دۆلارى ئەمریکى بوو، ئەوساڵەى کە من داواى سەفەرم کرد، نزیکەى شەست مامۆستا ڤیزایان بۆ دەرچوو، برادەرێکم هەبوو وابزانم ناوى فەرید بوو، ئەو گەنجێکى کۆمۆنیست و خوێندەوارێکى زۆر باش بوو، پێشتریش جارێکى دى سەفەرى کردبوو، دەیزانى دۆخەکەى ئەوێ چۆنە، گوتى بچۆ لە زمان پەکت ناکەوێ و زۆربەى خەڵکەکە عەرەبیى زانن و



جەزائیری و میسرین و پارەکەشیان نرخی کەمتر بوو لە پارەی عێراقیی، ئەوکاتە خەڵک بەزۆری دەچوون بۆ بولگاریا، منیش چووم بۆ یۆنان، خەونێکم هەبوو، کە بچم ئەرستۆ و ئەفلاتون ببینم، مۆزەخانە و ئاسەواری ئەکرۆپۆل ببینم لەگەڵ شانۆی یۆنانی.

ئەوەبوو بینیم، بەڵام کە گەیشتمە ئەوێ چوومە زانکۆیەک لەوێ بینیم دوو قەشە پێکەوە بەعەرەبییەکی باش قسەدەکەن، منیش پرسیاری خوێندنم لێکردن، گوتیان ئێرە، ئەم زانکۆیە، تایبەتە بە لاهووت، ئەگەر دەتەوێت وەردەگیرێ، منیش گوتم نەخێر دەمەوێت فەلسەفە بخوێنم، دوای ئەوە بیستم، کە دەبوو لەرێگەی بانکەوە پارەت بۆ بنێرن، منیش ئەو توانایەم نەبوو، ئیدی پەشیمان بوومەوە و دەستم کرد بە گەشت بۆ شوێنەوارەکان و بەسەربردنی ژیانی خۆش و وازم لە کەڵکەڵەی خوێندن هێنا.

**سمکۆ محەمەد:** باشە کەواتە لەپەنای ویست بۆ فەلسەفە، کە مەراقت بووە، بە مانای گەشتوگوزار چێژت لە سەفەرەکەت کردووە، چونکە ئەوکاتە تۆ گەنج بوویت، بۆ نموونە چوویتە دیسکۆ و مەرقەس و شوێنە خۆشەکان. بۆچی کەڵکت لەم لایەنەی ڕۆشنبیریی و کەلەپوری یۆنان وەرنەگرتووە و نەتنووسیوەتەوە؟

**عەباس عەبدوڵلا یووسف:** گەنج بووم و ژنم نەهێنابوو، لەپێرێوسی ڕۆژێک چووم بۆ دیسکۆیەک، کە لەسەربانی باڵەخانەیەکی یەک نهۆمی بوو، پێدەچوو پێشتر کەنیسە بووبێت، لەگەڵ سەما کردندا گوێم لەگۆرانییەک بوو، کە تایتڵەکەی فرانگشتاین بوو، من دەمزانی فرانگشتاین چییە و کێ بووە، کەهاتمەوە بۆ برادەرەکانم گێڕایەوە و گوتم: گوێم لە گۆرانییەک بووە بەو ناوونیشانە، پێیان سەیر بوو، چونکە فرانگشتاین بە واتای دەعجانێکی ناشیرین دێت، مۆزیکەکەش دەنگێکی ترسێنەربوو، لەوێ بۆم دەرکەوت، کە دەشێ شتی ناشیرین، جوانیی لێ بەرهەم بێت، هەروەک چۆن بۆدلێر شتی قێزەونی وەکو بایەخێکی ئیستاتیکی بەردیدە کەوتووە و کەڵکی لێوەرگرتووە، لەوێوە بیرۆکەی هۆنراوەی لەو چەشنەم بۆهات.

**سمکۆ محەمەد:** من لە کتێبی ئیستاتیکا باسی (جوانییەکانی ناشیرینی) و (ناشیرینیەکانی جوانی)م کردووە، بۆ نموونە مۆزیکی جاز چەند ناخۆشە بۆ ئێمە، چونکە لەو هونەرە ڕانەهاتوین، یان تابلۆی جۆرنیکای بیکاسۆ، کە تەعبیرە لە جەنگی چەند ساڵەی



**دوو وێنەی ئاسەواری ئەکرۆپۆلس و شانۆی کۆنی یۆنان/ ئەرشیفی سمکۆ عەبدولکەریم**

نێوخۆی ئیسپانیا، چەندیش جوانە وەختێک دەزانین بەشێکە لە کەلەپوری گەلانی ئەمریکای لاتین و کارتێکە بۆ ڕەتکردنەوەی کۆیلەیەتی، بە پێچەوانەشەوە ناشیرینییەکانی ئەوەیە، کە بەفر چەند جوان دەبارێت و خەڵک دەچن وێنەی لەگەڵ دەگرن و شەڕە تۆپەڵ دەکەن، وەکو پیرەمێرد باسی دەکات، بەڵام چەند ناشیرینە وەختێک کۆمەڵێک خەڵک، یان کەسێک دەکەوێتە نێو بەفرێکی زۆرەوە، یان ڕەنووە بەفر بەسەریدا دەڕمێت و دەمرێت، ئەوکات چەند ڕقت لەو شتە جوانە دەبێتەوە، لەهەردوو بارەکەدا ئێمە جوانی هونەر دەبینین، نەک دەنگ و ڕەنگ، زۆربەی ئەدەب و هونەری جیهانیی بریتین لەو جوانیانەی لە جەوهەری ناشیرینیدایە و لەو ناشرینیانەی لەجوانیدا هەیە.

## گفتوگۆی دووەم:

**سمکۆ محەمەد:** پرسی کێشەی شوناسی میللی لەنێو ئەدەبی کوردیدا بابەتێکی زیندووە و هەمیشە لەدەقی کوردیدا ڕەنگی داوەتەوە، من پێم وایە ئەم بابەتی شوناسە وەکو گرێیەکی دەروونی سیاسیی تەماشا کردووە، ئەدەبی کوردیی ئەم گرێی، بەناو گرێی میللییەی وەکو شێرپەنجە تەماشا کردووە، کە خەتاکەی ئەوانی دیکەن، لە کاتێکدا ئەلتەرناتیڤ هەیە، کە بریتییە لە بیری بەردەوامی بە ئەدەبی خۆماڵی و ئامادەبوون لە فەزای ئەوانی دی، یان لە ژێر فەلسەفەی هیومانیزمدا ئەو تێگەیشتنە تێپەڕێنێت، کە غەدر لێکراوە و فریای مێژوو نەکوتووە، بۆیە لەهیچ بارێکدا ئامادە نییە، دەبێ بەگوتاری ئەدەبیی و هونەریی فریای دۆخەکە بکەوێت، من ئەمە بەخۆ بەکەم زانینی تێدەگەم، چونکە گوتاری فیکری ئەدەبیی بەو ستایلە ناگوترێت، بە درێژەدان بەبابەتی مەعریفیی و بەرگری کردن لە ڕۆشنبیریی دەکرێت.

**عەباس عەبدوڵڵا یووسف:** پێموایە ناکرێ ئەمە بەسەر هەموو نەتەوەکاندا بگشتێنرێت، چونکە شوێن تاکو شوێن و سەردەم تاکو سەردەم لە هەمبەر ئەو گرێیە جودایە، مەبەستم ئەوەیە، کە ڕەنگە لە ئافریقا جیاوازتر بێت لەگەڵ بەشێک لە نەتەوە و کۆمەڵگەکانی ئاسیا، یان ئەمریکا، بۆیە پێموایە هەمیشە بیرکردنەوە لە شوناسی نەتەوەیی لەنێو ئەدەبدا لە دەرگۆڕان و تێگۆڕان دایە، لەلای کۆمەڵێک هزرەوەر شوناس، یان ناسنامە، فرەلایەنە، بۆ نموونە شوناسی هونەروەر، لەشوێنێکی دی شوناسی مرۆڤی لەکۆمەڵ دابڕاوە، لەشوێنێکی دی شوناس، مرۆیی و زانست و ویستە.

**سمکۆ محەمەد:** باشە دەبێت ئەوە بزانین، کە ناسنامەی مرۆڤی نێو وڵات و مرۆڤی دەرەوەی وڵات، دوو کێشەن، لەوانەیە لە ئایندەدا زیاتر لێک بترازێنرێن، پرسیارە کێشە لە سەرەکە ئەوەیە، ئێمە ناسنامەی خۆمان دروست دەکەین، یان هێزی سیاسیی و ئەدەبیی دیکە هەیە، کە بۆمان دروست دەکەن؟ لەکاتێکدا من پێموایە ئەوەی دووهەم تەواوە، کە شوناس لەژێر کاریگەریی دەسەڵاتی سیاسیدایە، بۆیە ئەدەب و هونەری کوردیی کردوویەتییە کێشە، ئەمە ئەو پنتە ئەزەلییەیە، کە دەبێت بۆ هەر یەکەیان بەجودا وەڵامی بدەینەوە، تۆ هەمیشە ڕەهەندی لۆکاڵی بەپرسەکان دەدەی، کە من پێچەوانەی ئەو ستایلە لە بیرکردنەوەم و کەسێکی یونیڤێرسالیم، واتە ڕەهەندی دوورتر بە بابەت دەدەم، ئەم موناقەشانە بۆمن یونیڤێرسالییە، چونکە پەیوەندی بەئینسانەوە هەیە، جا لەهەر شوێنێک بێت و هەر کێشەیەکی هەبێت، جا با ئەو

> سمکۆ محەمەد:
> **زەردەشتییەت نەبووە بە بونیادی کەلەپوور و ڕۆشنبیریی کوردیی، نەبووە بە مەرجەعیەتی بیرکردنەوە و پشتی پێ ببەسترێت**
>
> عەباس عەبدوڵڵا یووسف:
> **ئەگەر لە بابەتی دەقی فەلسەفەی یۆنانی و دەقی قورئانی عەرەبیی و ئاڤێستای یۆنانیش دوور بکەوینەوە، ئەی خۆ بیری ناسیونالیزم موڵکی خۆراوایە**

ئینسانە خاوەن هەر شوناسێک، ڕەگەزێک، ئایدیا، ئایین و مەزهەبێک بێت، بۆمن تێگەیشتنە لە خۆ بەخاوەنکردنی ئەدەب وەکو ناسنامە.

**عەباس عەبدوڵڵا یووسف:** پێموایە لەم جەنجاڵییەی سەردەمی ئێستەدا، کە هیچ شتێک بەهای نەماوە و کاری بۆ دەکرێت، شیکاری بۆ چەمکی ناسنامە بابەتێکی جیوەییە، یان مانای جیاواز وەردەگرێت، لەلای جاک دریدا هەر مرۆڤێک، لەیەک کاتدا خاوەنی کۆمەڵێک ناسنامەیە، هەر یەکێکیان لەکار بکەوێت، ئەوەی دووەم کار دەکات، هەتا دوا ناسنامەش موناقەشەکە بەردەوامی هەیە، بۆ نموونە با بڵێین لەنێو ئەدەب و بەتایبەت شیعر، من واتە ئیگۆ، ئەو منە نییە، کە لە کۆمەڵدا هەیە، ڕەنگە ئەو منە لەتێکستێکدا بێت، من لەتاک دێڕییەکدا گوتوومە: (بنووسە دوو کەسین. خۆم و لۆریەکەم) ئەمە مانای

**سمکۆ محەمەد:**

***نموونەی هەرە دیاریان ئەنوەر مەسیفی بوو، بە دیوانی خۆرباران و جارێکی تر خۆرباران. ئەمە خەڵکێکی زۆری سەرقاڵ کرد و موناقەشەیەکی زۆری دروست کرد***

**عەباس عەبدوڵڵا یووسف:**


***ئەنوەر مەسیفی شاعیرێکی ئاسایی بوو***


جووت شوناسییە، واتە من و ئەوەی، کە پەیوەندی بەکار و پیشەکەمەوە هەیە، ئەوەی، کە پێی دەناسرێمەوە و هتد.

واتە دوو ناسنامەمان هەیە، یەکەم بۆ مرۆڤ بوون و دووەم بۆ کەسی لۆری. داخوازی سیاسەت و ئابووریی دەبنە مەزنترین سازگەی شوناس لەجیهانی ئەمڕۆدا، کۆچ و کۆچباری دیاردەیەکی جیهانییە و تێیدا شوناس جێگۆڕکێی پێدەکرێت.

**سمکۆ محەمەد:** باشە ئەگەرچی من بەتەواوی لە وەڵامەکەت، دڵم ئاوی نەخواردەوە، چونکە بە بڕوای من شوناس لە ڕێگەی زمانەوە بەرگریی لەخۆی دەکات، ئەگەر ئامانجەکە ناساندنی کاریکتەری میللی خۆت بێت، لە کاتێکدا تێکشکاندنی زمان بەچەند مانایەک هاتووە، هەر ئەدیب-ێکیش موناقەشەی لەگەڵ بکەی، دەڵێت من زمانم تێکشکاندووە و ڕەهەندی جیاوازم بە ئەدەب و ستایلی ئەدەبیی خۆم داوە، کە ئەم کلێشەیە هەموو کەس دەتوانێت بیکاتە موڵکی خۆی، بەڵام تۆ لەدوای قەسیدەی ئاو و بەتایبەتی تر لەدوای دەقی (لم نیازمە)وە جۆرێک لەزمانی شیعریانەی جیاوازت بەکارهێنا، هەروەها بەهۆی بەکارهێنانی موفرەدەی دەگمەنی کوردییەوە فەرهەنگۆکت بۆ شیعرەکان دروست کرد، ئایا ئەمە پێی دەگوترێت ستایل، کە بەشێکە لە ناسنامەی ئەدەبیی بۆ خودی خۆت، یان ناسنامەی میللی، چونکە ئەوەی من باسی دەکەم گرێی میللیگەراییە لەنێو ئەدەبدا.

**عباس عەبدوڵڵا یووسف:** ئەم جارە بە جددی موناقەشەی پرسەکە دەکەم، پێموایە هەر لە دەقی (ئاو)ەوە تا ستایل و نوو ستایل و دژە ستایل هەیە، ئاو ساڵی ١٩٧٢ نووسراوە، دەبوو ایە هەر لەوساڵیش چاپ بکرێت، لەبێ پارەیی و لەترسی سانسۆر دواکەوت، ئاخر مێژوو گرینگە، کە دەکرێت وەکو شاهیدی دابڕانی ئەدەبیی وەربگیرێت، هەر لەوساوە تا ئەمڕۆ بەرەو ئایندەش پیت و وشە و ئیدیۆم-ی بۆ زمان خۆڕسک و داتاشراو زادەی بینین و ئاشنایەتی خۆمن، بەمانەوە ڕێزم لەخۆم گرتووە، بە وێنەی لە دایکبوونی نێوان






سنووری سامناک و چێژناک بوون و نەبوون، هۆنراوەی کوردیم بەرەو ئاستی نوێ بردووە.


لم نیازمە چامەیەکی درێژ و داستانانە و چیرۆک ئامێزە، شاعیر و نووسەری تازەکاری سەرسام کرد، فەرتەنەی ئەو چامەیە تا ئەمڕۆش بەنیگەتیڤ و پۆزەتیڤ لەسەر زاری ڕەخنەگران و تیرهاوێژانە، کە دەگەنە تخووبەکانی ئەو دەقە دەسڵەمنەوە، ئەمە یەکێکە لە هۆکارەکانی چارەسەرکردنی گرێی میللی، بۆ نموونە لم نیازمە لە ڕۆژنامەی (العراق) بەزمانی عەرەبیی سێ بابەتی لەسەر نووسرا. یەکێکیان کورت و دووانیان درێژ، بەکوردیش دووجاری لەسەر نووسرا، نووسەری ناسراو (شێرزاد حەسەن) ساڵی ١٩٧٩ لەهەفتەنامەی هاوکاری وتارێکی لەسەر نووسی بەناوونیشانی لە ڕوانگەیەکی ترەوە دەڵێت: ئەو چامەیە ئەگەر لەهیچ کتێبخانەیەکی ئەدەبی جێگای نەبێتەوە، بەڵام وەکو سەرکێشییەکی ئەدەبی پیرۆزە. چونکە تەکنیکێکی نوێیە لەشیعردا، بەتایبەتی هێمای ئینگلیزی بەمەبەست و ڕەهەندی جیاواز بەکار هاتووە، یان تێکەڵکێشکردنی وشەکان کە تەکنیکێکی بەئەنقەست بوو بۆ یەکەمجار ئەو کارە کرابوو کەمن لەچیرۆکیش کردوومە. وەکو (فرمێسکی جەنگاوەرێکی تێکشکاوی کۆڵنەدەر).

مەبەست لە (لم نیازمە) وەکو ناوونیشانی شیعر، لێرە لم واتە قوڕ و لیتە و خۆڵی هەمەجۆر، کە لە دەم جۆگە و ڕووباران دەنیشێتەوە، نێیتی-ش وەرگیراوە (نیازە) ئەمە وشەیەکی میتافیزیکی و دەروونییە، فەرهەنگۆکی لم نیازمە هەشت وشەیە و ئەگەر بیکەی بە ڕاستی دەڵێم پەنجا وشەی تێدایە و مانایان زەحمەتە و لێکنەدراون. فەرهەنگۆکیش بۆ ئەوەیە لە٥٠٪ خوێنەر نایزانن، ئەمنیش مەبەستمە بیزانن تا ببێتە کلیلێک بۆ حاڵیبوون و تا ببێتە هاونووسی دەقەکانم. چونکە بەلامەوە زمانی کوردیی قاموسێکی مەزنە، بۆمن دەریایە و لە تەنکاوەکەی مەلە دەکەم و تەمادار تا بەپانی لێی بپەڕمەوە و لەقوڵاییش بگەمە ناخ بڵێ بتوانم. ئەوە هەر بۆ زانینی خۆت و خوێنەر بوو، کێشەی میللی لەئەدەبدا بەستایل و گەیاندنی مەبەست بۆ ئەوانی دی دەبێت، نەک جۆشدامان بەدیار زمانەوە.

**سمکۆ محەمەد:** دەمەوێت لەسەر ئەو بزاوتە ڕۆشنبیرییە موناقەشە بکەین، کە بەناوی مۆدێرنەوە لە سەرەتاکانی هەشتاکانی سەدەی بیستەوە هات، دواتر ستایلێکی لێ بەرهەم هات، کە حەمە باوەکر و خۆشت یەکێک بووی لەوانە، پاشان نموونەی هەرە دیاریان ئەنوەر مەسیفی بوو، بە دیوانی خۆرباران و جارێکی تر خۆرباران.

ئەمە خەڵکێکی زۆری سەرقاڵ کرد و موناقەشەیەکی زۆری دروست کرد، کە لە زۆربەی بڵاوکراوەکانی ئەوکاتە تادوای ڕاپەڕینیش بەردەوام بوو، ئەنوەر ناوی لێنابوو فۆڕمی گران، تۆ یەکێک بوویتە لەو کەسانەی تێڕوانینت هەبووە؟




**عەباس عەبدوڵلا یووسف:** ئەنوەر مەسیفی شاعیرێکی ئاسایی بوو، ڕاستە سەرەتا خۆرباران-ی نووسی، کە ڕەخنەمان لەو جۆرە نووسینە گرت، لەگەڵ باسکردنی نوێخوازیی لەگەڵ شاعیران سەبارەت بە جۆرەکانی فۆڕمی شیعریی، ئەمە چیرۆکی تایبەتی خۆی هەیە، ڕۆژێکیان بە ئەنوەر مەسیفی-م گوت شاعیری لوبنانی پۆڵ شارڵ لەو شێوە شیعرەی نووسیوە، ئەو لەسەر هەردێرێک وشەیەک دادەنێت، واتە ڕستەکان، کە بەستوونی لەسەر یەکن، هەموو ڕستەیەکیش وشەیەکە تا خوارەوە، ئەنوەر ئەم هەواڵەی زۆر پێ خۆش بوو، چونکە هۆکارێک بوو بۆ پاڵپشتی کردنی سەبارەت بەو ستایلەی، کە زۆر ڕەخنەی لێگیرا، ئیدی بیری لێ کردەوە، بۆ ئەوەی لەسەر ئەو ستایلە بەردەوام بێت، تاکو لە کەس نەچێت، خێریشی لە هونەرەکەی بینی، چونکە وەکو کرین وشەی بێ ڕێزمانی دەکرێ و ڕیزی دەکردن، واتە بریتی بوو لە تەنیا ڕیزکردنی وشەی زەحمەت لەسەر ستوونێک، کە ناوی لێنابوو فۆڕمی گران.

**سمکۆ محەمەد:** بەڵام لەکاتی خۆیدا من گوێم لە ئەنوەر گرتووە، ئەو دەیگوت من کەڵک لە فۆلکلۆر وەردەگرم، بۆ نموونە ئەو کردە نهێنیانەی، کە بەتایبەتن بە ژنان، بۆ نموونە لە دیوانی (جلوبەرگ و جمگەکان) ئەو ڕستەیەم لە بیرە، کە نووسیەتی (مووی نێو کونی دیواران) ئەمە ڕاستییە و ئیشی ژنانە، تاڕادەیەک من لە ڕستەکانی تێ دەگەیشتم، چونکە نووسینەوە هەندێک جار لەو حاڵەتانە بەرهەم دێت، کە کۆمەڵگە و خودی تاکەکانیش ناتوانن بینووسنەوە.

**عەباس عەبدوڵلا یووسف:** ڕاستە، ئەو با هەر بڵێت فۆرمی گران، سەرئەنجام کەس تێی ناگات مەبەستی

*سمکۆ محەمەد:*

***من پێم سەیرە، هەموو کەسێک بەتایبەتی ڕۆشنبیر و ئەدەیب، کە لەژێر هەژموونی چەپگەراییدا بوون، لە کاتێکدا کورد کێشەی سیاسیی هەبوو، بۆچی کێشەی زامدار و سەڵاح شوان بەردەوام بوو؟***

*عەباس عەبدوڵلا یووسف:*

***سەڵاح شوان و مەحموود زامدار دوو بەرەیان لە دژی یەکدی دروست کردبوو، هەردوولا مافی خۆیان بوو، کە موناقەشە دروست بکەن، چونکە سەردەمەکە لەبار بوو بۆ ئەوەی کورد لە ڕێگەی ئەدەبەوە موناقەشەی فیکر بکات***


پشتی ئەو دەقانە چین، من هاوکاریم کرد و ناوم لێنا (فۆرمی گرانکراو) چونکە فۆرمەکە بریتییە لەو وشانەی، کە لەسەر زاری خەڵک و لە فۆلکۆردا هەیە و ئاسانیش دێنە سەرزار، ئەو بەشێوەیەک گرانی کردووە، کە خەڵک وشەکان ناناسنەوە، ئەمە چێژ بەخوێنەر نادات، بۆیە کەس ناتوانێت خوێندنەوەیەکی لۆژیکی بۆ بکات، بەهیچ تیۆرێک خوێندنەوەی بۆ ناکرێت، ڕەخنەش لێرەدا پەکی دەکەوێت، چونکە هەر ڕەخنەیەکی لێ بگرێت، سەرئەنجام هەر نووسینەکەی خۆت دەمێنێتەوە و دەقەکەی ئەو لەشوێنی خۆیەتی، خۆ ئەگەر بە لۆژیکی زیندووکردنەوەی فۆلکلۆریش تەماشای بکەین، دیسان ئەو مانایەی نییە، لەبەر ئەوەی ئەگەر بەوردی تەماشای مێژووی شیعر بکەین، دەبینین فۆرمالیستییەکان بە جۆرێک شیعریان نووسی، دواتر داداییەکان وەکو ستایلێکی نارەزایەتی شیعریان نووسی، کە زمانیان تێکشکاند، ئەوان حیسابیان بۆ کرا، چونکە ئامانجەکە نارەزایەتی بوو، بە تێکشکاندنی زمان خۆیان نمایش دەکرد و فەزایەکی ناباویان پێشکەش کرد، ئەنوەر دەنگێک بوو لە دەنگە نوێخوازەکانی هەولێر و دەیویست شتێک بڵێت، بەڵام چونکە سەر بەو بزاوتەی هەولێر بوو، زۆری لەسەر نووسرا. دەتوانرێت بکرێت بە پرۆژەی کتێبێک لەبارەی ئەدەبی مۆدێرنەوە، واتە بزاڤەکە گوتاری خۆی پێشکەش کرد، دەشکرا زانکۆ بیکردبایە پرۆژەی توێژینەوەی ماجستێر و دکتۆرا، بەڵام نەکرا، بۆچی دەڵێم بکرایە بە پرۆژە، چونکە بیروڕای ئەرێنی و نەرێنی لەسەر ئەو بزاوتە هەبوو، ئەوەندەی لەبارەی ئەو بزاوتەوە نووسرا، نیو ئەوەندە لەبارەی ڕەوتی ڕەوانگەوە نەنووسرا، بەڵام دواجار بەهەر بیانوویەک بێت موناقەشەکەیان سست کرد و ڕایان گرت، پێموابوو لە ڕەوتەکە دەترسان سەربکێشێت بۆ شتی دی، چونکە بزووتنەوەی سیاسیی کوردیی و بەتایبەتیش چەپگەرایی زۆر باوی بوو.

**سمکۆ محەمەد:** بەهەرحاڵ ئەوە پێش ڕاپەڕین، چونکە کێشەیەکی سیاسیی هەبوو، ئازادیی بیروڕا نەبوو، سیاسەت و دەسەڵاتی بەعس لە هەموو جووڵانەوەیەکی نوێخوازیی دەترسا، بەڵام دوای ڕاپەڕین ئەو ترسە نەما و ئازادیی بوو بە وێردی سەر زاری هەموو کەسێکی نەخوێندەواریش، ئیدی بۆچی ئەو ڕەوتانەی پاش ڕاپەڕین پەیدابوون، کە من پێموایە توێێتی کۆن هەر مابوو، هێشتە خەڵک بەو زمانە سیاسیی و ئەدەبییە قسەی دەکرد، کە بەسەرچووبوو، بۆیە بەردەوام گرووپ دروست دەبوو، گرووپی ڕێکخراوەیی و گرووپی ئەدەبیی و سیاسیی و هتد، پرسیارەکەی من ئەوەیە تائێستە چەند جارێک لە هەولێر هەوڵی گرووپگەرایی دراوە، بۆ نموونە لە هەشتاکان وەکو باسمان کرد، گرووپی پێشەنگ واتە تەلیعی هەبوون، گرووپێکی دی، کە بەرەی دژ بەمۆدێرنە بوون، لە کێبەرکێی ئەدەبیدا بوون، پاشان لەدوای ڕاپەڕین گرووپی وێران هەبوو، کە گۆڤارێکیان دەردەکرد بەناوی وێران، وابزانم پێنج ژمارەی لێ دەرچووە، بەڵام زۆربەی وەرگێڕان بووە لەزمانە بیانییەکان، پاشان گرووپی جوایەز هەبوو، ئەوانە چی بوون؟ هیچ کاریگەرییەکیان لەسەر شیعر و چیرۆک و ژانرەکانی دی هەبوو؟

**عەباس عەبدوڵلا یووسف:** لە سەرەتای هەشتاکان ئەوکات مەحموود زامدار لە دەزگای هاوکاری کاری دەکرد،

جارجار بەمۆڵەت دەهاتەوە هەولێر، چونکە خۆی ماڵی لە بەغدا بوو دوای ڕاپەڕین ماڵی هێنایەوە هەولێر، ئەوکات لە یانەی مامۆستایان بەدەم خواردنەوەی کحولەوە موناقەشەی ئەدەبی دروست دەکرد، ئەو کەسانەش، کە بەشداربووین و موناقەشەمان دەکرد، ئەنوەر مەسیفی، دڵشاد عەبدوڵڵا، محەمەد باوەکر، فەیسەڵ دێهاتی، هاشم سەراج، ئازاد مەولوود و من بووین، گروپێکی دیکە هەبوو دژی پێشەنگ بوون، کە یادی بەخێر سەعدوڵڵا پەرۆش و نەوزاد ڕەفعەت و برادەرەکانی بوون، کە من پێم باش نییە ناویان بهێنم، ئەوان لە لایەن سەلاح شوان-ەوە پشتگیری دەکران، زامدار پێی وابوو ئێمە دەبێت گروپگەرایی کار بکەین، ئەوکات چەند ڕۆژنامەیەک هەبوون دەرفەتی بڵاوکردنەوەی ئەدەبیاتیان هەبوو، واتە لاپەڕەی ئەدەب و هونەرییان هەبوو، ئەویش بەیان، هاوکاری و پاشکۆی عێراق بوون، ئێمەش کەڵکمان لەوانە وەردەگرت، چونکە ڕێگەی دیکە نەبوو.

هەندێک نووسەری چەپ و ئازادیخواز و نوێخوازی وەکو خەزعەل ئەلماجدی هەبوون، دوای ئەوەی کۆبوونەوە و موناقەشەی شیعری پێشەنگ بەردەوام بوو، خەزعەل ماجدی شتێکی جوانی لەسەر ئەو گرووپە نووسی، کە لە



زاهر الجيزاني Wikipedia


هەولێر سەری هەڵدابوو، چونکە خەزعەل خۆی نوێخواز بوو.

نووسەرێکی دیکە هەبوو بەناوی (زاهیر ئەلجیزانی) پشتگیری ئەو بزاڤە نوێخوازەی دەکرد،

نووسینەکەی خەزعەل پێموابێت ناوونیشانەکەی (اجراس من اربيل) بوو، واتە زەنگەکان لە هەولێرەوە، لەوێ باسی ئەوەی کردووە نەوەیەکی نوێ هاتوون شیعر بەستایلێکی نوێ دەنووسن، لە وێوە زاراوەی تەلیعی ناوبانگی دەرکرد، ئیدی مشتومڕ لەدوای ئەو نووسینە دروست بوو. سەلاح شوان، لە ڕۆژنامەکەی خۆی، نووسینی دژی بزاڤە ئەدەبیەکەی هەولێر بڵاودەکردەوە، کە لەگەڵ مەحمود زامدار-یش ناکۆکیان هەبوو، کە نازانم لەسەرچی بوو، ئایا کەسی بوو، یان ئایدیۆلۆژی و فیکریی، ئەوەبوو دواتر ئەنوەر مەسیفی شیعرە تازەکەی بە ناوونیشانی (جلوبەرگ و جمگەکانی) بڵاوکردووە، لەگەڵ دەقی (تەمبور قور) ئیدی ڕەخنەی زۆری لێ گیرا، هیدایەت عەبدوڵڵا حەیران، کە نووسەرێکی دیاری ئەوکاتی بوو، وتارێکی لەسەر نووسی و سەلاح شوان لە پاشکۆی عێراق بۆی بڵاوکردەوە، لەوێوە ململانێکە و وەڵام و وەڵامکاری دەستی پێکرد و تاماوەیەک بەردەوامی بوو.

**سمکۆ محەمەد:** من پێم سەیرە، هەموو کەسێک بەتایبەتی ڕۆشنبیر و ئەدەیب، کە لەژێر هەژموونی چەپگەراییدا بوون، بەهۆی ئەوەی سۆڤیەت لە گەشەدابوو، لە کاتێکدا کورد کێشەی سیاسیی هەبوو، بۆچی کێشەی زامدار و سەلاح شوان بەردەوام بوو، ئایا ئەو کێشانە هەر ئەو ناکۆکییە فیکرییە بوو، سەبارەت بەپێشەنگ بوون و بزاڤی نوێخوازی، یان شتی دیش هەبوو ئێمە نەمانزانیوە، کێشەکە ئەوەیە تۆش هەموو نهێنییەک نادرکێنی، هێشتە هەر بەترسەوە قسە دەکەی، لە کاتێکدا نوێگەرایی، مۆدێرنە لەهیچ کات و سەردەمێکدا یاساغ نەبووە، چونکە نووسەرە عەرەبەکانی بەغدا و خوارووی عێراق، لە کورد زیاتر شارەزابوون و زووتر لە چەمکی مۆدێرنە تێگەیشتبوون، بۆچی کێشەیان لەگەڵ چەمکەکە نەبوو، بۆچی نەبوون بەدوو بەشەوە، خۆ مۆدێرنە سیستم بووە، نەک ئەو تێرمە سەرزارەکییە سیاسییەی، کە لەنێوان هێزە سیاسییە کوردەکان هەبوو، کە بەهەڵە تێگەیشتبوون، چونکە بە بڕوای من مۆدێرنە سیستمە و ئینسان دەبێت لەنێو ئەو سیستمە بژی، ئەوکات موناقەشەی پەراوێزەکانی بکات؟

**عەباس عەبدوڵڵا یووسف:** نا بابەتەکە ترس نییە، من


سەلاح شوان


مەحموود زامدار

وەکو خۆی و وەکو ئەو دۆخەی سەردەمەکە قسەت بۆ دەکەم، ئەوان واتە سەلاح شوان و مەحموود زامدار دوو بەرەیان لە دژی یەکدی دروست کردبوو، هەردوولا مافی خۆیان بوو، کە موناقەشە دروست بکەن، چونکە سەردەمەکە لەبار بوو بۆ ئەوەی کورد لە ڕێگەی ئەدەبەوە موناقەشەی فیکر بکات، ئەمە بۆ کورد زۆر باش بوو، بۆ ئەوەی لە بڵاوکراوەکاندا ئامادەیی هەبێت. هەردوو دیوەکەی تێگەیشتن لە بزاڤی نوێخوازیی واتە تەلیعییەت و دژە نوێخوازی دەرکەوتن، پێموایە ئەو ئەرشیفە ئەگەر کەسێک کۆی بکاتەوە، کتێبێکی باشی لێ دەردەچێت و ئێستەش دەتوانین موناقەشەی بکەین.

**سمکۆ محەمەد:** باسی دوای ڕاپەڕینت نەکرد، کە هەردوو پڕۆژەی وێران و جوایەز هاتنە پێشەوە، کە دوو پڕۆژەی دەستەجەمعی بوون، ئەو ڕەوتانە چی بوون، کوا چییان بەجێهێشت؟ ئایا نووسەر، یان ئەدیب پێویستی بە گرووپ و مانیفێستۆ و یەک دەنگی هەیە؟ بۆچی خۆ نووسەر لەرێکخراوی سیاسیی کار ناکات تاکو مانیفێستویی هەبێت، لە کاتێکدا کاری نووسەر ئەوەیە داهێنانی خۆی نمایش بکات، نەک لەگەڵ چەند کەسێکدا یەک دەنگ بێت، ئەگەر وابێت لەنێو گرووپێکدا تەنیا کەسێک، یان دوو کەس جوانتر لە هەموان بیر دەکەنەوە و دەنووسن و قسە دەکەن، بۆچی هەموو گروپەکە ببنە خاوەن ئەو گوتارە ڕۆشنبیرییەی، کە سەرمەشقیەکانیان لە جیاتی هەمووان لێدوان دەدەن، بۆچی گروپگەرایی دیاردەیەکی ئەرێنییە؟ کێ ئەم ستایلەی لەکار کردنی ئەدەبیی وەکو کارێکی پۆزەتیڤ تەماشا کردووە، خۆ ئەمە لەنێو عەرەب و لە ئەوروپا و لەنێو فارس-یش هەبووە، وەکو لە بابەتێکی دی قسەمان لەبارەیەوە کردووە، هیچی بەرهەم نەهێناوە؟

**عەباس عەبدوڵلا یووسف:** ڕاستە هەرکەس قسەی خۆی دەکات، یان دەقی خۆی دەنووسێت، بەڵام یەکەم جار وێران، کە دەرچوو لە لایەن فەرهاد پیربال-ەوە بەڕێوە دەچوو، پاشان ئەحمەدی مەلا و ڕزگار شێخانی و نووسەرانی نوێخوازی دەرەوە و ناوەوەی کوردستانیش پشتگیریان دەکرد، ئێمەش بەنووسین و شیعر، بەشداریمان تێدا دەکرد، ڕەوتەکە گرنگیی بەو گوتارە دەدا، کە پێشتر سوریالیزم و پاشان داداییزم ئەزموونیان کردبوو، ئەوان لەکاتی خۆیدا وەکو نارەزایەتی دژی دەسەڵات گوتارەکەیان پەخش دەکرد، بەڵام بۆ ئێمە ئامانجەکە تەنها نمایشێکی ئەدەبی بوو.

**سمکۆ محەمەد:** ئێ باشە کوا ئەو نمایشە ئەدەبیە چی دروستکرد چیی لەدوای خۆی بەجێهێشت؟ ئایا کەس هەبوو وەکو ئەو ڕەوتە دەق بنووسێت، یان ئەو ڕێچکە ئەدەبییە بگرێت، یان بەمانایەکی تر ئەو ڕەوتانەی باسیان دەکەی هیچ گوتارێکیان بەجێهێشت، کە ببێتە مانیفێستی نووسین و لەپەراوێزی ئەو گوتارەدا بمێننەوە؟ بۆ نموونە من ئاگاداری هەردوو پڕۆژەی وێران و جوایەزم، چونکە لەهەولێر بوومە، بۆیە لەکاتی خۆیدا نووسینم لەسەر گروپی جوایەز هەبووە، پێموایە ساڵی ٢٠٠٠ نووسیومە، ئاماژەم بەوەداوە، کە ئەو شیعر و دەقانە دەکرێت هەرکەس بەتەنیا بۆخۆی بینووسێت و بڵاوی بکاتەوە، هیچ پێویستی بەگرووپ و مانیفێستۆ نییە، چونکە نووسەر خاوەن بیروڕای خۆیەتی.

**عەباس عەبدوڵلا یووسف:** ڕاستە سەبارەت بەوێران بەشی زۆری وەرگێڕان بوو، پاشان بوو بەهەوڵی تاکە کەسی، بەڵام کاریگەریی لەسەر بەشێک لەو شاعیرانەی هەولێر هەبوو، بۆ نموونە مستەفا زەنگەنە و مهاباد قەرەداغی و چەند گەنجێکیشی تێدابوو، کە دواتر پێگەیشتن، چونکە پڕۆژەکە ئەزموون بوو، ئەزموونیش هیچ نەبێت بەرهەمێکی هەر دەبێت. سەبارەت بەجوایەز-یش فەرهاد پیربال ناوی لێنا و دەزگای ئاراس-یش پاڵپشتی دەکرد، وشەکە بەزاراوەی هەولێرییە، چونکە خۆی جیاوازە، ئامانجەکەش بەردەوامی دانبوو بەنوێخوازیی، ئەو سەردەمە بزاڤی دیکەی دواکەوتوو هەبوون، لەوێش دەقی جیاواز بڵاودەکرانەوە، بەڵام من بۆخۆم پێشتریش دەقی نوێخوازیم بڵاوکردۆتەوە، بۆیە بۆمن بزاڤەکە نوێ نەبوو، بەڵام بوو بەناوێک و مێژوویەک، کە من دەتوانم بیسەلمێنم جووڵانەوەیەکی باشی دروست کرد.

# کەژاڵ ئیبراهیم خدر

## شاعیرە کوردە هاوچەرخەکە


نووسینی:

**ئیبراهیم ئەحمەد الئیعیسر- السودان-ئەڵتی**

وەرگێڕانی:

**ڕەفعەت عومەر**


### "كزال إبراهيم خضر" هي شاعرة كردية معاصرة

إبراهيم أحمد الإعيسر السودان - ألتي



تختار في ثورة المفردة سلاح الشعر الحر "التفعيلة" متحررة من كل قالب ووزن وبحر كأنها تطلق صرختها القائلة قول العارف المتمرد "إن حرية الإنسان تمثل نبض قلبه الذي يتداعى الحياة" حينا تخاطبنا بلغة الشعر: لأجل الذين يحطمون تماثيل حبنا يومياً .. الذين يزفون بشرى الحرب .. سيأتي يوم يجثون فيه .. أمام صرخات أنغام الحرية. إنها كزال إبراهيم الشاعرة الكونية "المتنوعة في خطابها الشعري" المنحازة إلى الإنسان الأعزل الحر الباحث عن مخرج نجاة من طغمة الوطنيين المحاربين للأوطان وإنسانها الذي لم يكن يوما في دائرة الأبالسة مشروعا للنجاح بل كان مشروعا للفشل بإمتياز.

التي تنوع مشروعها الشعري التوعوي والتنويري ما بين الشعر الوطني شعر الهجرة والتروح والفقر والجوع والمرض والموت المجاني على هامش الحرب ضد الإنسان والطبيعة الصامتة التي لا تقوى على ردة الفعل والقول المباح وما بين العشق الإنساني الروحي المتصوف الذي يختزله الفقد والإشتياق المولود من رحم الفقد نفسه في صورة الإبتعاد لا (الموت) من جانب .. لتقول لنا أن الحرب في عينيها قاتلة لكل أشكال الحياة وأن الشجن الذي يتشكل بين حراكنا الحياتي اليومي باقي لا محال بيننا إلى لحظة الفناء كفرضية كونية توازي فعل أفراحنا اليائس.

كزال إبراهيم خضر هي شاعرة كردية معاصرة تميزت في هذا الديوان وفي عامة مشروعها الشعري النثري بالبساطة اللغوية مع فلسفة الشعر حينا يأخذ أحيانا تصوراً غرائبي للمفردة وبلاغياتها في التشبيه والمشبه به والمرموز به والمرموز إليه فتصبح الصورة الشعرية كلوحة تجريدية تحمل في طياتها حبكة تشكيلية تحدثنا عن براعة هذه الشاعرة التي لا تعرف (الحياد) لكنها تعرف التمرد على شوائب الإنسانية القاتلة في الوقت الذي تدعونا فيه لإنشاد المحبة والسلام الإنساني في شكلياته المختلفة:

ماهو الشيء الذي لا يعيش
بدون غيره
اجابت صديقتي
"السمكة بدون الماء"
"والانسان بدون طيف
الوطن"
وقالت اخرى
"الطفل بدون حنان أمه"
"والنحلة بدون حلاوة
الازهار"
فاعترتني الحيرة
وحاولت أن أبوح بكلمة
ولكن دون جدوى
لأنني ظننت
أن الذي لا يعيش
بدون غيره فقط أنا وأنت ؟

فهذا المقطع المبتور تحديداً ليست لوحة شعرية إعتيادية التصور والمعنى... بل هو فن فكري فلسفي يحلل فكرة الطبيعة أنها خلقت "كحزمة" متشابكة تقتل نفسها بنفسها حينا تتباعد وتحيي نفسها بنفسها حينا تتقارب بود ومحبة؛ وما بين القرب والبعد تظهر لنا صورة مغايرة لشكلية الشر والخير في تعددية ملحمة هذا الصراع.

كما هي الشاعرة الممتدة المسربة خارج نطاق حيزها الوطني الذي تحمل هويته وهمومه وتطالعته وآماله عندما أخفت فضاء مكانها الوطني الضيق فأصبح القاري أمام تصور آخر مبتعداً بأميال عن توقعات المخيلة "أن كل وطن يعاني ويلات الحروب هو وطنها الآخر الذي يشكل هواجسها الكبيرة التي تحاربها بسلاح الكلمة":

أَيَتُها الأرضُ،
أنتِ بلادُ قلوبنا
انصُري الإنسانيةَ



وإنْ في بلدٍ صغيرٍ
انصريها
وإنْ في طبَقِ فنجانٍ مملكةٍ
ما..

فالمركز في خطابها هو (الحب) والهامش هو (اللحظة التي يُغتال فيها الحب بالإبتعاد والإفتقاد وببندقية الذين يغتالون حب أوطانهم) وهنا ما يظهر لنا مزج حركة الرومانسية بحركة النضال الوطني كمشروع شعري تطرحه (كزال) في كيف تؤسس لمؤسسة حب ووطن متصالحة مع ذاتها!؟ فهذا الديوان على وجه الخصوص هو صرخة نابعة من ثورة معرفية ثرة تتجلى في كلمة (كزال) التي إستفادت من توظيف الطبيعة التي كانت تحيط بيها حينا تكون الزهور والطيور والبحار والأشجار.. الخ مشبهات أو مشبه بها في بلاغة اللغة.

إذن نحن أمام شاعرة ثورية بإمتياز تؤسس (لحبنا) بسلاح الكلمة لا البندقية أو كما تقول لك أيها العاشق:

أطلب العفو منك
انت شجرة طويلة القامة
كل كلمة تصبح وردة جميلة
وكل ضحكة لها رأس رنين
الموسيقى
كل أصبع من أصابعك غصن
طرى
فيما خصرك الماس آيتي
المقدسة
وأوراق عشق عيونك مملوءة
بالمحبة والجمال

کەژاڵ شاعیرێکی هاوچەرخی کوردە، لە شۆڕشی وشەدا چەکی شیعری ئازاد هەڵدەبژێرێت و سەربەست لە بۆتە و کێش و کۆتەکانیدا دەنرکێنێت، وەک بڵێیت بە گفتاری زانایەکی یاخی (ئازادیی مرۆڤ دەربڕی ترپەکانی دڵیەتی، کە ویستەکانی ژیانە)
کەژاڵ بە زمانی شعر دەماندوێنێ بەرانبەر ئەوانەی هەموو ڕۆژێک پەیکەری خۆشەویستیمان تێکدەشکێنن. ئەوانەی مزگێنی شەڕمان بۆ دێنن. ڕۆژێک دادێ لەبەردەم نرکە و هاواری ئاوازی سەربەستیدا چۆک دابدەن.
ئەوە کەژاڵ-ی شاعیرە، گەردوونییە فرە ڕەهەندەکەیە، لە شیعریەکانیدا هاوسۆزە لەگەڵ مرۆڤە بێ چەکەکان. ئەو مرۆڤە ئازادانەی بەدوای دەرچەیەکی ڕزگاربووندا دەگەڕێن، لە زۆرداریی ئەو نیشتمانییانەی شەڕی وڵات و ئەو کەسانە دەکەن، کە هەرگیز نەبوونەتە پڕۆژەیەک بۆ سەرکەوتن، بەڵکوو هەمیشە پڕۆژەیەک بوونە بۆ شکست پێهێنانیان.
کەژاڵ، پڕۆژە شعرییەکەی جۆراوجۆری پەروەردەیی هۆشیارانەیە. ڕووناکییە لەنێوان شیعری نیشتمانیی و شیعری کۆچ و ئاوارەیی و هەژاریی و برسێتیی و نەخۆشیی و مردنی خۆڕایی لە پەراوێزی شەڕی دژ بە مرۆڤ و سروشتی دڵگیر، کە توانای کاردانەوە و ڕەزامەندیی ڕێگەپێدراوی نییە، پڕۆژەیەک لەنێوان عیشقی گیانیی سۆفیگەریی مرۆڤدا، کە بە لەدەستدان و سۆزداری ڕەحمی لە دەستدانەکەیە لە باری دوورکەوتنەوە و دابڕان لە ئێمە (نەک مردن) بۆ ئەوەی پێمان بڵێت جەنگ کوشتنی هەموو شێوازێکی ژیانە. ئەو خەم و پەژارەیەی لە جووڵەی ڕۆژانەی ژیانماندان هەر لە گەڵمان دەمێنن، تا ساتەکانی فەوتان و نەمان، وەک بیردۆزێکی گەردوونیی هاوتەریب لەگەڵ ساتە خۆشە کلۆڵەکاندا.
کەژاڵ ئیبراهیم شاعیری هاوچەرخی کورد لەم دیوانەیدا، لە سەرتاپای پڕۆژە شیعریی و هۆنراوەکانیدا بە زمانێکی ساکار و هاوئامێز لەگەڵ فەلسەفەی شیعردا دەژی. هەندێک جاریش وشە و ڕەوانبێژی لە لێکچوون و لێکچوو و

> **"پڕۆژە شعرییەکەی جۆراوجۆری پەروەردەیی هۆشیارانەیە. ڕووناکییە لەنێوان شیعری نیشتمانیی و شیعری کۆچ و ئاوارەیی"**

هێما بۆکراو وادەکەن وێنە شیعرییەکە ببێتە تابلۆیەکی هونەریی، کە چنینێکی شێوەکاری لە ناخدا بێت و توانا و لێهاتوویی ئەم شاعیرەمان بۆ دەردەخا، کە هەرگیز بێلایەن نییە و یاخییە لە خڵتەی مرۆڤایەتی و داوامان لێدەکات گۆرانی خۆشەویستی و ئاشتیی مرۆڤایەتی بە شێوازە جیاجیاکان بچڕین.
ئەوەتا شاعیر پێمان دەڵێت:

***خوێندکارێک بووم تۆم خۆش دەویست***
***مامۆستاکەم هاتوو پرسی***
***کێ دەزانێ چ شتێ***
***بێ ئەوی دی ناژی***
***خوێندکارەکەی تەنیشتم هەستا و وتی***
***ماسی بێ ئاو***
***ئەوی تریان***
***مرۆڤ بێ هەتاو و ناوونیشان***
***خوێندکارێکی تر لەو لاوە***
***مناڵ بەبێ نازی دایک و***
***هەنگیش بێ گوڵ***
***من حەپەسام هەرچەندم کرد***
***زمانم بۆ نەهاتە گۆ***
***چونکە من وام زانی بوو***
***ئەوەی بەبێ یەکدی ناژی، منم بێ تۆ***

ئەمە تەنیا تابلۆیەکی ئاسایی شیعریی پڕ مانا و وێنەکەی نییە. بەڵکوو هونەرێکی هزریی و فەلسەفییە، کە سروشت وەک تیشکێکی تێکسمڕاو دروست بووە. کاتی دوورکەوتنەوە و لێکترازانی توخمەکانی خۆی لەنێو دەبات و لەکاتی نزیکبوونەوەی پڕ لە ئەوین و خۆشەویستی ژیان دەبەخشێت. لەنێوان نزیکیی و دووریی وێنەیەکی جیاواز لە شێوازی خراپە و چاکە دەردەخات، کە لە داستانی ئەم ململانێ فرەچەمکیەدا هەیە.
هەروەکو چۆن کەژاڵ-ی شاعیر کاتێک کەش و شوێنی نیشتمانە تەنگەبەرەکەی دەشارێتەوە، بۆ دەرەوەی جوگزی نیشتمانەکەی پەل دەهاوێت و هەڵگری ناسنامە و خەم و ویست و هیواکانیەتی و خوێنەر دەخاتە بەردەم دونیایەکی دی بە چەندین میل دوورتر لە پێشبینی خەیاڵەکەی (هەر نیشتمانێک، کە بە ئاهی جەنگ و شەڕوشۆڕ بناڵێ نیشتمانەکەی تری ئەوە و خەمێکی گەورەی ئەوە

***بمبەخشە تۆ درەختێکی باڵابەرزی***
***کاتێک دەدوێیت؟***
***هەر وشەیەکت گوڵێکە***
***هەر پێکەنینێکت چڵێکە***
***هەر پەنجەیەکت لقێکە***
***ناوقەدت سەفتەی کتێب و***
***کەڵای عەشقی چاوەکانت***
***پڕن لەخۆشەویستی و جوانی***
**سەرچاوە/ ڕۆژنامەی «کواليس»ی جەزائیری، لاپەرەی ڕۆشنبیریی و ئەدەب ١٣ مارس-ی ٢٠٢٢**

## ناوەرۆکی پەیامی کەژاڵ خۆشەویستییە و پەراوێزەکەیشی ئەو چرکەساتەیە، کە خۆشەویستی تیا غافڵکوژ دەکرێت

و بە چەکی وشە بەرگری لێدەکا)

***ئەی خاک چەند پیرۆزی***
***تۆ وڵاتی دڵی ئێمەی***
***با هیچ نەبێ لە وڵاتێکی بچکۆلەدا***
***لە ژێر پیاڵەی فنجانی مەملەکەتێک دا***
***مرۆڤایەتی سەربخەی***

ناوەڕۆکی پەیامی کەژاڵ (خۆشەویستی)یە و پەڕاوێزەکەیشی ئەوچرکەساتەیە، کەخۆشەویستی تیا غافڵکوژ دەکرێت بە دوورکەوتنەوە و دابڕان بە تفەنگی ئەوانەی نیشتمانەکانیان غافڵکوژ دەکەن.

لێرەیا تێکەڵکردنی ڕۆمانسیەت و بزووتنەوەی خەباتی نیشتمانی وەک پرۆژەیەکی شیعریی دەردەکەون، کە (کەژاڵ) تیایدا چۆنیەتی بونیادنانی دامەزراوەیەک، کە ئەوین و ئاشتکردنەوەی نیشتمان تێکەڵ بەیەکەوەن دەردەخا.

ئەم دیوانە شیعریەی کەژاڵ ڕێک هاوارێکی هەڵقوڵاوی شۆڕشێکی مەعریفیی دەوڵەمەندە و تیایدا سوودمەند بووە لە بەرجەستەکردنی سروشت و دەوروبەر و گوڵزار و باڵندە و درەخت و دەریا..هتد و لێکچوون و پێکچوو لە ڕەوانبێژیی زماندا.

کەواتە ئێمە لە بەردەم شاعیرێکی شۆڕشگێڕ داین، کە بە ئەوپەڕی هۆش و زانینەوە بە چەکی وشە، نەک تفەنگ خۆشەویستی بونیاد دەنێت، یا هەروەکو خۆی دەڵێت:

***ژن ئەی بوونەوەری جوانیی***
***ئەی کەڵای سنەوبەری سەوز***
***هەموو کاتێک گوێم***
***لە تریفەی مانگەشەوی تۆیە***
***گوێم لە خوڕپە و هاژەی ڕووباری***
***پڕ بە خوڕی دڵە پڕ لە ئازارەکەی تۆیە***







محەمەد مێرگەیی

# نیگایەک بۆ دوو دێڕی غەزەلێکی نالی

**(بَرِقَ الْبَصَر) لەبەر بەرق تەلەئلوئی لەئالی**
**(خَسَفَ الْقَمَر) لە ئیشراق قیامەتی جەمالی**

(دیوان: ل٦٥٧)

ئەم دێڕە سەرەتای غەزەلێکی حەوت بەیتە و یەکێکی دیکەیە لە غەزەلە جوانەکانی مەلا خدری شارەزووری، ناسراو بە نالی (١٨٠٠-١٨٧٧ز) وەک عەیانە سەرتاپای غەزەلەکە وەسفی یار و ڕووخساریەتی، وەسفێکی پڕ وشەئارایی و هونەرکاریی: ددانەکانی وەک مرواری، ڕەشیی خاڵی ڕوومەتی، گۆنای گەشی وەک گوڵی نەوبەهاری، زوڵفی ڕەشی وەک زوخاڵ و چاوی وەک دەریای پڕ لە دووڕ و مەرجانی! دەمی پڕ لە ئاوی زەمزەم و لێوی وەک لێواری حەوزی کەوسەری، بڕۆی چەماوەی وەک مانگی یەکشەوە! تا لە ئەنجامدا

ڕوومەتی یار دەبێتە گوڵێکی تاقانەی بێهاوتای وەها کە هەزاران بولبول چەهچەهەی بۆ دەکەن و عاشقی دەبن، بەڵام لەنێو زایەڵەی هەموو ئەو دڵدارانەدا، ناڵەناڵی عاشقێک لە هی هەمووان بەرزتر و بە جۆشوخرۆشترە، چونکە دڵدارێکی بەڕاستییە؛ ئەویش نالی-یە.

ئەوەی لە چنینی ئەم غەزەلەدا بە تەواوی ڕۆشنە، سوودوەرگرتنە لە واژە و تەعبیرەکانی قورئانی پیرۆز بۆ مەبەستی شیعریی لەلایەن شاعیرەوە، ئەمەش وەک فۆرم و فەساڵی شاعیر خۆی، بەڵام بە داهێنان و جوانکاریی و هونەرسازییەوە.

ئەبڵەقبوونی چاوی خەڵک لەبەر ترس و پەرێشانیی، ئینجا ڕووداوی گومبوونی ڕۆشنایی مانگ لەکاتی بەرپابوونی ڕۆژی قیامەتدا وەک ئەوەی لە هەردوو ئایەتی ٧ و ٨ی سورەتی (القيامة)دا هاتووە، لێرەوە شاعیر تەعبیرەکانی (بَرِقَ الْبَصَر) و (خَسَفَ الْقَمَر)ی بردووە بۆ بنیاتنانی وێنەیەکی شیعریی و چێکردنی فەزایەکی دیکەی دونیایی، وەکو ئەوەی کە دەڵێت:

لەبەر شەوقدانەوە و بریسکانەوەی ددانە وەک (لؤلؤ) و مرواریییەکانی یارە، چاوی تەماشاکەران داپچڕاو و ئەبڵەق بووە، هەروەها لەبەر هەڵهاتنی تیشکی وەک ڕۆژی جوانیی یار؛ کە وەک دەرکەوتنی (ڕۆژی قیامەت -لەبەرئەوەی دونیا دەشڵەژێ) وایە، مانگیش دەگیرێت.

شەرحکارانی دیوان، مودەڕیس و کوڕەکانی کاتێک واتەی ئەم دێڕەیان شەرحکردووە، جێی سەرنجە هیچ ئاماژەیەکیان بۆ ئەم لایەنەی تەعبیری قورئانیی و سورەتی (القيامة) نەکردووە، لەکاتێکدا ئەم حاڵەتە لێرەدا زۆر زەق و ڕۆشنە، بەڵام دواتر نالی ناس مەسعوود محەمەد دێت و لە هەردوو کتێبەکەیدا (دەستەودامانی نالی) و (چەپکێک لە گوڵزاری نالی) پتر و درێژتر لە شەرحکارانی دیوان، هونەرسازانە و جوانکارانە ئەم کەلێنە پڕدەکاتەوە، بە تایبەت لە کتێبەکەی دواییدا سێ لاپەڕە لەسەر ئەم بەیتە دەدوێ و تیشک دەخاتەسەر پەیوەندی نێوان جوانییەکانی ئەم دێڕە بەو ئایەتەی قورئانی پیرۆزەوە. دەبێ ئەوەش بڵێین لە جێی دی دیوانەکەیدا، نالی لە ساتی خەندەکردنی یار، ددانەکانی بە لوئلوئـ شووبهاندووە، وەکو:

***من گریە، ئەتۆ خەندە بە یەکدی دەفرۆشین#***
***من لەعلی بەدەخشان و، ئەتۆ لوئلوئی لالا***

(دیوان: ل ١١٥)

هەر لە دێڕی سێیەمی ئەم غەزەلەی بەرباس؛ نالی دەڵێت:

***سەری هەردوو کوڵمی داخۆ گوڵی نەوبەهارە، یا خۆ***
***تەرەفی نەهارە، زوڵفی زُلَفًا مِنَ اللَّيالي؟!***

(دیوان: ل ٦٥٨)

ئەم بەیتەش وەک ڕۆشنە پەیوەندی هەیە بە ئایەتی ١١٤ی سورەتی هودەوە (وَأَقِمِ ٱلصَّلَوٰةَ طَرَفَيِ ٱلنَّهَارِ وَزُلَفًا مِّنَ ٱلَّيْلِ) واتەی ئایەتەکە ئەمەیە: (لە هەر دووک ئالی ڕۆژێدا و چەن بەتڵی سەرەتای شەوێ، نوێژێ بکە؛...). ئەم بەیتە لە دیوانی نالی-دا لەلایەن مودەڕیس و کوڕەکانی بەم چەشنە شەرحی لێکراوە: (ئەگەر تەنها سەیری سەری دوو کوڵمی ئەکەی، ئەڵێی گوڵی سووری تازە بەهاری جوان و لاو و بۆنخۆشە. ئەگەر بە بەراورد لەگەڵ زوڵفیش سەیری ئەکەی، ئەڵێی ئەوکاتەیە شەو و ڕۆژ لە یەک نزیک ئەبنەوە و ڕووناکیی ڕۆژ لە ئاسۆی تاریکدا لیزگ ئەدا، یا ئەوکاتەیە کە ڕۆژ لە زەردەپەڕی ئێوارەدایە و تاریکی خەریکە هێرش بێنێ.) لە شەرحی ئەم بەیتەدا دیسان شەرحکاران هیچ ئیشارەتێکیان بە پەیوەندی ئەم دێڕە بەو ئایەتە قورئانییەوە نەداوە! جێی سەرنجە بەهەمان شێوە مەسعوود محەمەد-یش لە (دەستەودامانی نالی) لە ئاست ئەم بەیتەوە، هیچ ئاماژەیەکی بە بابەتی پەیوەندی ئەم دێڕە و ئەم ئایەتەی قورئانەوە نەداوە، ئەو تەنیا لەبارەی عیبارەتی (طەرەفی نەهارە) بە چەند گوتەیەک دواوە، وەک نووسیویەتی: (ڕستەی «طەرەفی نەهارە» خۆی تەنها بەسە بۆ ئەوەی تێبگەین زوڵفەکانی وەکوو دوو شەون. لە ڕۆخی ڕۆژ چونکە «نەهار» لە دوو لاوە بە شەو دەورە دراوە طەرەفیشی سبەینە و ئێوارە دەگرێتەوە. دەبینی ئەم وشەیەی «طەرەف» هێندەی بەیتێک ڕاگەیێنە.)

“

**شەرحکارانی دیوان، مودەڕیس و کوڕەکانی کاتێک واتەی ئەم دێڕەیان شەرحکردووە، جێی سەرنجە هیچ ئاماژەیەکیان بۆ ئەم لایەنەی تەعبیری قورئانیی و سورەتی (القيامة) نەکردووە**

”

هەر لەبارەی ئەم دێڕەوە؛ دواتر نووسەر محەمەدی مەلاکەریم لە کتێبەکەیدا (لەڕێگەی ئەدەب و لەپێناوی نالیدا) بەم کەلێنە دەزانێ و بە چەند وشەیەک لە لاپەڕە ١٤٥دا تەنیا ئیشارەتێکی بچووک بۆ ئەمە دەکات، وەک نووسیویەتی: (زُلَفٌ مِنَ اللَّيالي) ئیشارەتە بۆ ئایەتی (وَزُلَفاً مِّنَ ٱلَّيۡلِ).

خاڵێکی دی گرینگ سەبارەت بەم بەیتە ئەوەیە، کە هەردوو دەستەواژەی (تەرەفی نەهار) و (زُلَفٌ مِنَ اللَّيالي) لە نیوەی دووەمی دێڕەکە کە لەنێو دیوانیشدا تەنانەت (زُلَفٌ مِنَ اللَّيالي) هەروەکو خۆی بە ڕێنووسی عەرەبیی نووسراوەتەوە، دەبینین بە هەمانشێوە لە غەزەلێکی شاعیری ئێرانیی (جامی ٨١٧-٨٩٨ک) ناسراو بە مەلا جامی* هاتووە، وەک دەڵێ:

***رويت طرف من النهار است***

***زلفت زلف من الليالى***

## ئەم دێڕە سەرەتای غەزەلێکی حەوت بەیتە و یەکێکی دیکەیە لە غەزەلە جوانەکانی مەلا خدری شارەزووری

واتە نالی ئەم دەستەواژەیەی (زلف من اللیالی) وەکو خۆی لە دیوانی جامی وەرگرتووە (ڕەنگە تا ئێستە لە هیچ سەرچاوەیەکی دی ئاماژە بەم وەرگرتنە نەدرابێت) جیاوازی بەیتەکان لەوەدایە جامی یەکسەر ڕووی لە کەسی بەرانبەرە و دەڵێت ڕووخسارت وەکو تەرەفی نەهارە و زوڵفیشت پاژێک لە شەو (زلف من اللیالی) بەڵام نالی وەک کەسی سێیەمی بزر و نادیار، باسی لێوەدەکات، ئینجا بۆ تەرەفی نەهار نالی دەڵێت: ئایە ئەوە کوڵمتە وەکو گوڵی نەوبەهارە؛ یاخود وەکو تەرەفی نەهارە، واتە: سوورایی کوڵمی وەک سووریی ئاسۆیە لە وەختی خۆراوابوون و خۆرهەڵاتندا، هەروەها ڕەشیی زوڵفیشی وەک بەشێکی تاریکی شەوە لە ڕەشییدا. هەر لە دیوانی جامی دیسان بۆ ڕەشیی زوڵف، عیبارەتی (من اللیل زلف)یش هاتووە، وەک دەڵێ:

***روی زیباش مه اوج شرف***

***زلف مشکینش «من اللیل زلف»***

جێی ئاماژەیە لە (زلف من اللیالی)دا لەبەر کێش و سەروا وشەی اللیل بووە بە اللیالی، هەروەها وشەی (تەرەفی) ئەگەرچی بە ڕێنووسی کۆن بەشێوەی (طرفی) دەنووسرێت و بەشێوەی تاک بەمانای (لا و لێوار) دێت، بەڵام لە ئایەتەکەدا کە بەشێوەی (طَرَفِي ٱلنَّهَارِ) هاتووە و بە ڕێنووسی کۆن بە هەمان شێوەی (تەرەفی-طرفی) دەنووسرێت، کەچی ئەگەر لە ئایەتەکە وەکو خۆی بە ژێر و سەری تایبەت بە زمانی عەرەبییەوە بخوێنرێتەوە، دەبینی بەشێوەی (تەرەفەیی) بە واتەی هەردوو لای ڕۆژ دەخوێنرێتەوە، کەچی هەردووکیان بە ڕێنووسی کۆن هەر بەشێوەی (طرفی) دەنووسرێن. هەروەک لە جێی دی بەشێوەی (وَأَطۡرَافَ ٱلنَّهَارِ-طه ١٣٠)یش هاتووە.

دەتوانین بڵێین وێڕای کاریگەریی شاعیرانی ئەدەبیاتی فارسیی وەکو سائیب، حافیز، سەعدی، خاقانی و جامی و هی دیکەش لەسەر شاعیرانی کورد، بەڵام ئەم کاریگەرییە؛ داهێنانی گەورەی لێوە بەرهەمهاتووە و نالی بە بلیمەتی و لێهاتوویییەکەی خۆی؛ شیعری کلاسیکی کوردی گەیاندە ئاستێکی بڵندی ئەدەبیاتی کلاسیکی خۆرهەڵات. دواجار مەلا خدری شارەزووری، وەک مەلایەکی دوازدە عیلمی هەرەچاک، لە بەحری پڕ دوڕی بەلاغەتی عەرەبیی و زانستە شەرعییەکانی خوێندنی حوجرەدا، وەک غەوواسێکی دوڕناس و شەهسوارێکی مەیدانی فەساحەت، توانی گەوهەرێکی هەرە درەوشاوەی زمانی کوردیی کەشف بکات و ڕەوتی مێژووی نەتەوەیەکی پێوە بگۆڕێت، نالی ئەو گەوهەرەی دۆزییەوە کە بە (سۆرانی) یان کوردیی ناوەڕاست ناودەبرێت.

***تەواوی غەزەلەکەی جامی:***

***ای مظهر حسن لایزالی***

***مرآت جمال ذوالجلالی***

***انوار تجلی قدم را***

***رخسار تو احسن المجالی***

***در شان کمال توست نازل***

***آيات مكارم و معالى***
***رويت طرف من النهار است***
***زلفت زلف من الليالى***
***ميخانه كه ساحت جلالش***
***بادا ز غبار غير خالى***
***احرام حريم آن نبند***
***جز دردكشان لاابالى***
***جامى به وظايف تضرع***
***مشغول بود على التوالى***
***باشد به حواله عنايت***
***روزى برسد بدان حوالى***



* مەبەست شاعیری بەناوبانگی ئێرانیی جامی-یە. ناوی تەواوی (نورالدین عبد الرحمن أحمد جامي الخراساني)یە، لەنێوان سالانی ٨١٧ ـ ٨٩٨ی کۆچی ژیاوە. خاوەنی کتێبی (الفوائد الضیائیة)یە لەبارەی نەحوی زمانی عەرەبییەوە، یان (شەرحی مەلا جامی لەسەر کافیەی ئیبنولحاجیب) لە خوێندنی حوجرەدا فەقێ لە سەرەتاوە، کە دەچووە ناو فەقێیان و هەتاکو دەگەیشتە قۆناغی خوێندنی کتێبی (جامی) پێی دەگوترا (سوختە) هەر لەگەڵ دەستپێکردنی خوێندنی ئەم کتێبەی (جامی) چیدی فەقێ سوختایەتی نەدەکرد و دەچووە قۆناغێکی نوێی خوێندنی حوجرە و لە لای مەلایەکی ناسراو و لە گوندێکی دیکەدا دەبووە (موستەعید) بەمجۆرە موستەعیدەش دەگوترا (ناسکەموستەعید)

**ژێدەرەکان:**


١- چەپکێک لە گوڵزاری نالی، مەسعود محەمەد، چاپی سێیەم، دەزگای ئاراس، ٢٠١٠.

٢- دیوان جامی، جلد أول، فاتحة الشباب، غزلیات، شماره ٩٥٠.

٣- دیوانی نالی، لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی: مەلا عبدالکریمی مدرس و فاتح عبدالکریم، چاپی سێیەم، انتشارات کردستان، ١٣٨٣.

٤- دەستەودامانی نالی، مەسعود محەمەد، چاپی سێیەم، دەزگای ئاراس، ٢٠١٠.

٥- ژیانی فەقێیاتی لە کوردستاندا لە سەدەی (١٣ و ١٤) کۆچیدا، مەلا محەمەد عەلیاوەیی، چاپی دووەم، ٢٠١٨.

٦- فەقێ و فەقێیەتی لە کوردستان، سەید مستەفا مەحموودیان (زمزیرانی) چاپی یەکەم، ١٣٨٢کۆچی.

٧- نالی لە بەڵگەنامەکانی عوسمانیدا، هێمن عومەر خۆشناو، ٢٠١٧.

٨- وەرگێردراوی قورئانی پیرۆز، هەژار موکریانی.

# ٩ تێکشکاندنی دەق
# فانتازیای لەتبوونی خود

عەلی شێخ عومەر

بەشی سێیەم و کۆتایی

لە بەشی هەشتەمی ڕۆمانەکەدا دێتە وێزەی «فەرهاد پیربال»ەوە شیلانی کچ ڕۆڵی بگێڕەرەوە دەبینێ، شوێن هۆڵێکی ماڵی هەڵۆیە، لە شاری تامپرێ ساڵ دوو هەزار و سییە، تەمەنی هەڵۆ سەرووی شەست ساڵییە، شیلان لە ڕیچکەی هەڵدانەوەی ئەلبومی وێنەوە وێنەیەکی باوکی دەبینێت، لەنزیک پردە کۆنەکەی کەرکووکدا وەستاوە، کتێبێکی بە دەستەوەیە، لەتەک پرسیارکردنیدا، هەڵۆی باوکی دەچێتە نێو یادەوەرییەکان.

لەو دەمە شاگردی مامی بووە، باپیری بە ناوی سمایل شکاکەوە ناوی نابوو سمایل، هەر لەو وێنەیەوە شیلان بیری دەکەوێتەوە، شەوی ڕابردوو خەونێکی بینیوە، باوکی لەگەڵ دایکیدا بووە، خری خاسە کەرکووکی کردووە بە دوو کەرت، ژنانی ڕەشپۆشی جوولەکە، بە زمانی کرمانجی سەروو لاوک و بەیتی کەریم خان دەچڕن، ترجاندنی هێڵە جیاکەرەوەکانی نێوان خەون و ڕاستینە لە لێکترازانی خەون و ئاگاییدا، دەکرێت بمانگێڕێتەوە بۆ لای باشلار کاتێک بە ڕوونی کارئاسا ئامادەکارییەکی دەروونی لە واقیعەوە دەگوازێتەوە بۆ چەند ئەگەر و گۆڕانکارییەک، کە خەون دەکاتە پەنتایی خەیاڵی بێ مەزەندە، بە دیوێک چیی دوو لەتبوونی شاری کەرکووک دەبەستێتەوە بە لەتبوونی ڕەشپۆشی ژنە جوولەکەکان، بە لاوک و بەیتی کەریم خان، بە دیوێکی دیکە، ئایا کۆگیری یەکدەنگی واقیعی چەوساندنەوە، پەنتایی جیاوازی نەتەوە و ئایین دەخاتە ژێر ڕکێفی خەیاڵی چەوساوە؟ ئایا خوێندنەوەی دروستی بۆ دەکات؟ لە هاودەمییەکدا پارچە لەتکراوەکانی لە لاوک و بەیتێکدا بەیەکەوە دەلکێنێ، میللەتە چەوساوەکان بە جیاوازی ئایین و ڕەچەڵەک لە بۆتەیەکدا کۆدەکاتەوە، یان ئەم بۆچوونە تەنیا لە خەونێکدا پڕۆپاگەندەیەکی چاوخەڵتێنە، گەرنا ئەی چۆن لە پێداچوونەوەی داگەڕانێکدا، لە هاوپێچی پارادۆکسێکدا هەڵۆ بە شیلان دەڵێت چۆن سەرم لەم خەونە دەرناچێت؟ سەرم لەوەش دەرناچێت سمکۆ شکاک چۆن مارشیمۆنی کوشت، چ کارەساتێکە، چ تێنەگەیشتبوونێکە؟ ئەم دوو وێنەیە کەرت دەکەن، لەم تەنگژیەدا، باس لە چیرۆکی سمکۆ شکاک دەکات، کە ئەوسا تەمەنی شازدە ساڵ بووە، جەعفەری برای بە فرتوفێڵ و بەڵێن و سوێندی درۆ لە لایەن حوسێن قولی کوژراوە، لە تۆڵەی براکەیدا سمکۆ هەتا ماوە دژایەتی بنەماڵەی شای قەجارییەکان دەکات، ئینجا دەڵێت: سیاسەت نە ئایینی هەیە، نە سۆز و ڕەوشت، ئێمە لە بەرێکی ئەم دونیایە جێماوین، بەردەوام دەبێت لە هێنانەوەی گێڕانەوەیەکدا باسی تەهماسپی سەرلەشکر، سەرهەنگ نەورۆزی و ئیبراهیم و بە وردی باس لە پیلان و ڕووداوەکانی کوشتنی سمکۆ دەکات، چۆن لە پەنجەرەوە بە نامەردی لە لایەن محەمەدخانی قەرداخییە و خورشید ئاغاوە دەسبەجێ بە گوللەی موبشیر نیزامییەوە دەکوژرێت، کەریم خانیش بریندار دەکرێت، بەزۆر خەسرەوی کوڕی سمکۆ-یان بۆ ڕزگار دەکرێت، ئەوەی ماوەتەوە تەنیا نووسین و گێڕانەوەیە، هەر لە ڕێگەی خەونەوە بە ڕەهەندێکی ئایینی و مێژوویی، دەقئاوێزانی لەتەک خەونەکەی حەزرەتی یوسفدا دەکات، لە پەیوەندییەکدا خەون دەبەستێتەوە بە زیندان، لە لێکدانەوەی خەوندا پەندێک لە حەزرەتی یوسف وەردەگرێت، دەرهاویشتەکانی خەون لە دیسپلین کردنی داکەوتەکانی دوو ئەگەردا، دەستەبەر دەکات، یەکیان یەک ڕەهەندە ئەستوونیە، داخراوە، بە مردن کۆتایی دێت ئەویدی ڕەهەندێکی ئاسۆیی کراوەیە، بە ڕزگاریی لە زیندان، ئازاد دەبێت، گرێدانی بینینی خەون بە هێزێکی سیحری

و پەنەهانییەوە پەیوەستمان دەکات، بە بیرۆکەیەکی ئایدیالّییەوە دابرانێک لەتەک هەوڵ و کۆشش دا دەکات، پارادۆکسێ لەتەک قەدەر و بەخت دا فەراهەم دەکات، لە گۆڕینی چارەنووسدا ئیرادە بێدەسەڵات دەکات، هەر لە سۆنگەی ئەم بیرۆکەیەدایە، دەڵێن خەون لە گۆی ئاودا بگێڕەوە، خەونی ئازادی کورد ناگات بە مەرام، ڕەهەندێکی ئاسۆیی کراوەی بە خۆوە نەدیوە، لەنێو ئەو دوو زەمەنە جیاوازەدا، هەڵۆ باس لە بارزانییەکان دەکات، ئەوانەی ڕادەستی کۆمەڵگەی زۆرلێکراوەکان بوون دەربازبوون، هەشت هەزار بارزانی ڕادەستنەبوون جینۆسایدکران، شوێن بزرکران، ئینجا لە دەمەتەقەیەکدا لەتەک شیلان-دا ڕۆمانێکی خۆی دەکاتە دەرخەی مێژوویەکی نەتەوایەتی، هاوشێوەبوونێک لەنێوان ئەم ڕۆمانە و ڕۆمانی (سۆناتای ڕۆح)٣ دا فەراهەم دەکات، ستایشی دەکات بەوەی ڕۆمانێکی دەگمەنە، دەڵێن سەلمان پاکیش نووسراوێکی ئاوای هەبووە، یان نهێنییەکە دەشێت لە ئەشکەوتەکانی هیندستاندا هەبێت، یان لە قەدپاڵەکانی هیمالایە لای بوودییەکان، لەوانەیە لە سنووقچەی دالای مالا دا هەبێت، هەردوو ڕۆمانەکە دەشێت بە تەوژمی نۆژەنکردنەوە نووسرابن، لە خەوێکی دیکەدا لە زاری ئەشکەوتێک دایە، لە پانتاییەکی سووریالی دا باس لە جاڵجاڵۆکە و ئەژدیهای حەوت سەردەکات، دەڵێیت: لەنێو تابلۆیەکی سلڤادۆر دالی دا گیری خواردووە، لەسەر خەونەکەی دەڕوات، لە گەشتەکەیدا باس لە کوشتنی ئەژدیها و ڕۆحی جاڵجاڵۆکە و باس لە چەقەڵی دوو پێ باڵدار، ئەسپی شاخداری کلک تیمساح، جانەوەری لەشماری ژن ..هتد دەکات.

لە پاش بەسەرهات و ئەفسانەی گەشتەکەیدا، لەنێو ئەشکەوتەکەدا، دواجار دەگات بە پەرتووکێ، کە سالانێکە لە دووی دەگەڕا، لە ناوەندیدا نووسرابوو سۆناتای ڕۆح، نەخشەی گێڕانەوە تێکەڵیی گرتەی ئێرەو ئەوێیە، تێکشکاندنی جیاوازییەکانی زەمەنە، لە یەکدانی خەون و واقیعە، لە تابلۆیەکی سوریالیدا، وێنەی ئیمرۆ و دوێنێی دێرینە، هەڵۆ جیانابێتەوە لە زەمەنی ئێستەی گێڕانەوەدا، ڕزگاریشی نابێت لە زەمەنی مێژوویی، یان لە ساتەوەختی خەونی دوێنێی.

شوێن پێگەیەکە بە ئاڵۆزی و ناڕاستینە چنراوە، گوتار لە ڕووکاری گەشتێکی فانتازیدا بارستایەکی یەکگرتوو بەڕووی دونیایەک ئاشکرا دەکات، کە هەڵگری چەندەها چینی کراوەیە، گرێدراوە بە یەکتربڕین و پێڵێنانی ناجێگیری دەروونی، بەڵام لە کۆتاییدا ڕایەڵەکانی ئەم ڕێ ڕۆشتنە لە شوێنێکدا بەیەک دەگەن، لە گەمەیەکی زیرەکانەدا، درێژ دەکرێنەوە، دوو زەمەن و دوو شوێن، بە نۆرە یاری تێکشکاندن و دامەزراندن ئەنجام دەدەن، بە کورتبڕی باس لە ڕووداوەکانی ڕۆمانی سۆناتای ڕۆح دەکات، قسە دەڕوات، دەگاتە ئەوەی شیلان باس لە خێزانەکەیان دەکات و دەڵێت: من دووەمین کچی هەڵۆم، لە تامپرەدا سێ کەسین، چوار برا لە من گەورەتر لە ئوسترالیان، خوشکە گەورەکەم لە هۆڵاندایە، برا گچکەکەم کارا لە وڵاتدا مایەوە، منیش بەم زووانە دەچمە پاڵ هاوسەرەکەم، کە لە سوێدە، لە یەک خێزانەوە بووین بە هەشت خێزان، لە دابەشبوون و تەقینەوەی خێزانیی بازدەدات بۆ تەقینەوەی بگبانگ، باس لە چەقی کەون دەکات، گرێی دەدات بە خودەوە، لە پەرتبوون و جیابوونەوەدا، هاوشێوەبوونێک لەنێوان یونۆڤێرساڵ و یەکەی خێزاندا دەکات، ناوناسنامە دەبێت بە ڕاناوی من و ئەو، گفتوگۆ بەردەوامی دەبێت، لە چاوێکی بازنەییەوە باس لە یەکگرتنی بازنە و چوارگۆشە دەکات، لە یەک چەقدا، لە پێشبینیەکانی مەرگیشدا هەڵۆ بە زمانی ڕەمزی دوا ماڵاوایی دەکات، تێڕوانینی وەک گەردوون بازنەیی و بەردەوامە، مەرگ لە چوارگۆشەیەکی نێو گەردووندا گەمارۆی دەدات، یەکەمجار ئاماژە بە لێسەندنەوەی ناوناسنامە دەکات، دەبێتە ڕاناو، بە من و ئەو ئاماژەی پێدەدات، زەمەن لە تەواوبوونی چوارگۆشەی نامۆبوونێکدا، لە چەقێکدا دەوەستێت هیچ نابیستێت، بێدەنگ، بێ وەڵام ساردوسڕ چاو لێکدەنێت و دەمرێت، دوای هەفتەیەک لە دوایین نووسراوی دا، باس عەقڵی پرسیار و میتالۆژیا و تۆڕی لاهووت و خورافە و چاوەڕوانی، فریادەرسی مەسیح، ئەلیاس و مەهدین و وانەیەک لەسەر میتالۆژیایی هەریەک لە خوداوەندەکانی، ڕاع، مردۆک، تیامات، ئێل، بەعل، ئاشێرت، یەهودا، ئەهورەمەزدا، ئاتگی، گلگامش و سەرەتاکانی پەرستن و ئاین و هەندێک لە پێکهاتەکانی سروشت، هەندێک زانیاری لەسەر خۆر و کۆستارەکەمان دەکات.

لە کۆتا بەشدا ڕۆمانەکە بە هەڵۆی کاکۆڵ چەرمۆ٤ بە دانوستانی چوار کارەکتەر، کە شیلان و دایکی و جوامێر و فایەقە، لە تاراوگە، لە هۆڵی ماڵی هەڵۆ دێنە نێو گفتوگۆ، لە باسی هەڵەبجە و ئاقای مەتەری، کە لە جیهازی سافاک بووە، ئاماژە بە شەهیدبوونی پێنج هەزار هەڵەبجەیی دەکات، شیلان خەونی بە باوکییەوە دەبینێت و بۆ دایکی دەگێڕێتەوە، لە خەونەکەدا باوکی بووە بە هەڵۆیەکی ڕاستەقینەی پەڕسپی، بەسەر دانیال پێغەمبەردا سووڕاوەتەوە، لەسەر پۆپنەی منارەکەی

بەرتەکیە نیشتووەتەوە، خۆیشی بووە بە بێچووە هەڵۆی پەڕ زەرد.

لە دوای ئەم خەونەوە نامەی بۆ جوامێر ناردووە، چۆن مردنی باوکی لێ بووەتە مەراق، هەر باڵندەیەک ببینێت، بەتایبەت هەڵۆ بێت بە باوکی دەزانێت، کەوتووەتە کۆکردنەوەی وێنەی جۆرەکانی هەڵۆ و مێژوو و ڕەمزیان، لەوانەیە دایکی گومانی تێکچوونی لێبکات، تۆی خوێنەریش چۆن تێدەگەیت مافی خۆتە، سیستەمی ئاماژەکانی گێڕانەوەی خەونەکە و دەرهاویشتەکانی خەسڵەتی پێکهاتەیەکن، پیلانی وێنەسازی و گواستنەوەی سەرجەم کردارەکانی دەق لە تابلۆیەکدا ڕەنگ دەگرێت، ڕیزکردنی پارچەکانی، لە پرۆسەی پەیوەندیەکدا یەک دەگرن، بەپێی ئاراستەکانی شاردنەوەی بونیادی دەق، شێوازێکی یوتوبی لەخۆدەگرێت، یەکەم هەڵۆی باوک لە ڕاستیدا ئادەمیزادە، لە ئێستەی گێڕانەوەدا لە غەریبیدا کۆچی دوایی کردووە.

دووەم هەڵۆی باوک لە ڕاستییەوە دەبێتە خەون، بە دۆنادۆن گۆڕاوە و بووە بە هەڵۆی ڕاستەقینەی باڵ سپی، ڕەنگی سپی دەکرێت ڕەمزێک بێت بۆ ئاشتی، یان ڕادەستبوون بە نیشتمان، گەڕاوەتەوە بۆ زێدی خۆی، شیلانی کچشی بە لە جیاتی دانان بووە بە هەڵۆی پەڕ زەرد.

ڕەنگی زەرد ئاماژەیە بە جیابوونەوەی گەڵا لە دار، بەش لە کۆ، پاییز ڕەنگی غەریبی و دڵتەنگی و تەنیاییە، سێیەم لێکدانەوەی ماناکانی خەون، چۆن ڕەنگدەداتەوە لە بەلاڕێ بردنی ژیربێژی واقیع و دەیگۆڕێت بۆ وێنە و ڕەمز، وەهەم جۆرێک لە تێکچوونی دەروونییە، کە هەڵۆ ببینێت لێی دەبێتە باوک. چوارەم هەر لەم تێچاوەوە بۆرەی بە ڕەهەندەکانی سینبولی مێژووییەوە دەکات، دەیکاتە هەڵۆی زەردەشت، سەربەیداخ و ئاڵای لەشکرکێشی، سیمبولی ڕێکخراو و کۆمەڵە و دەوڵەتان، پێنجەم ڕامکردنی وەهەم جووڵە و پەرتبوون دەگوازێتەوە بۆ یەکبوون و کۆکردنەوەی جۆرەکانی هەڵۆ، وەهەمەکانی لە شێوەی وێنە لە ئەلبوومێکدا جێگیردەکات، ئەلبووم لە ژەکی وەهمێکدا دەبێتە ئەلتەرناتیڤی نیشتمان و پانتایی بە یەک گەیشتنی وەهەم بە حەقیقەت، خەیاڵ بە واقیع، مردوو بە زیندوو، باوک بە کچەوە، لێکدانەوە بەخوێنەرەوە، کە لێی بمێنێتەوە و دەیچوێنێ بە فیلمی تیتانیک، بینینی فیلمەکە، جیایە وەک ئەوەی تۆ یەکێک بیت لە خنکاوەکان، لە فراونبوونێکدا بە ڕۆمانی نامۆی کامۆ-وە گرێی دەدات، خوێندنەوەت جیایە وەک خۆت کەسێکی نێو ڕۆمانەکە بیت، ئەم هەموو پێداگرییە، تەنیا سەلماندنی جۆرێکە لە خۆهەڵبژاردن و نەرجیسیەت، بە پێلێنانی لە زمانی باوکییەوە، ئەمان هەڵۆ نەژادن، هەستی شەشەمیان هەیە، لە تانوپۆی لووتکە و خۆبەزلزانین دا، هەمیشە هەوێنی ترسێکی شاراوەی نائومێدی، دەنگی بێزاری و بێهوودەیی بۆ شاری نەبوون و نیشتمانی سێبەر، زێدی نەبوون و ناشتنی هیواکان هەیە، مەبەستی لە گۆڕەکە سێبەری ژیانە، نووسەریش لە سێبەری تێکستدایە، تەنیا زمانی ناخی هەیە، بۆیە ئەو ڕۆمانەی کەوا گێڕایەوە، هاوشێوەی گەشتە ئەفسانییەکەی گلگامشە، میعراجنامە و بۆراقە، گەشتە فەلسەفەیەکەی ئەبو عەلا مەعری و هەڵفڕینە ڕۆحییەکەی دانتی و پیاترسییە، لە ڕۆحەوە دۆنادۆنی کردووە، ڕەخنگرانیش بەچی ناوی دەبەن، بە یوتوبیا، ئەفسانە، سوریالی، میتۆلۆژیا، ئەفسوون، میتاڕۆمان، ئەوەتا کەپووی بەر بەردی ئەلحەد کەوت، ئەوسا زانی مردووە، دەقیش بەو پۆلێنکردنە باسکراوەی سەرەوە دا، زیندووە، هەڵۆ مردنی خۆی بە تاوان دەزانێت و نازانێ بە چ گوناهێک تاوانبارکراوە و مردووە، لە گرتەیەکدا، پاڵەوانەکەی کافکا بە خۆی بەراورد دەکات، بە خۆشیان نازانن تاوانیان چی بوو، لە پای چی تاوانیان کرد؟ میتا مۆرفۆسزییە، واتا هەڵخلیسکان و کەنارکەوتنە، گۆڕینە بۆ دەعبایەکی دزێو، گرتەکە بە دیوێکی دیکەدا دەبات، باس لەوە دەکات و دەڵێت: گۆدۆ کێ بوو؟ دوو کەس چاوەنواڕی هاتنی بوون، بیکێت لەتێکستەکەدا ئاماژەی بۆ نەکردووە، لە ئاستێکی دیکەدا لە ڕێگەی ئەفسانەی سیزیفەوە، ڕەمزی بێهیوایی بەرجەستە دەکات، تەنیا لەمەرگدا یەکسانی بەدی دەکات، مەبەست لەم سێ نموونەیە، ئامانجێکە شتێکی نەزانراوی بە دواوەیە، هەریەک لە تاوان، چاوەنواڕی و بێ هیوایی، هەڵۆ مەرجی خستنەپاڵی پەیوەندی ئەوی دی دیاری دەکات، لە هەمان کاتدا وێناکردنی خوێنەر خەسڵەت و مەبەستی نووسەر دیاری دەکات، هەرچۆنێک بێت کاتێک باس لە مەبەست و چەمکی تێگەیشتن دەکەین، دابونەریتی مانا لەنێوان خودی نووسەر و بیرۆکەی نوسەردا، لە هەر سێ بەرەی دەقدا بەشداردەبێت، خۆی تێدا نمایش دەکات، بەم پێیەش بوارێکی ئازاد ناهێڵێتەوە لەنێوان پیادەکردنی ئارەزوویەک، کە پابەندە بە کۆکردنەوەی مانا هاوبەشەکانی دەقی بەرهەمهاتوو، کە لە سێکوچکەی تاوان و چاوەنواڕی و بێ هیوایدا، لە قفڵ کردنی سێگۆشەی باسکراودا بەشدارن بەوەی یەکسانی تەنیا لە مردندا پیادە دەکرێت، تاوان، چاوەنواڕی و بێ هیوایی، تەنیا خەڵتاندنی لۆژیکێکە کە دادپەروەری تێدا

نییە، لە داگەڕانێکدا پاڕادۆکس لە هەریەک لەم سێ چەمکە، لە تەک یەکدا کورتنابێتەوە لە وورووژاندنی پرسیارگەلێ بابەتیانەی هاودژەکەی، بەڵکو پەرتبوون و تێکشکاندنی مانا نەرێنیەکەیەتی، کە لە چوارچێوەیەکی نەهیلیزمدا گرێی دەدات بە نەهیلیزمێکی ئەرێنی، کە خۆی لە مردن و زیندووکردنەوەی دەقدا دەبینێتەوە، لە ڕێچکەی نووسینەوە، لە دەنگی مانەوە ئایندە مسۆگەر دەکات، لەهەمان کاتدا، لە کردەی نووسینەوە پڕۆسەی خوێندنەوە پاڕادۆکسێکە لە ئەگەر بینییەکدا، بریاری پتەوکردنی ڕاستگۆیی ئەو گوتارە دەدات، کە گێڕانەوە پاییدا تێدەپەڕێت، کاریگەری و ڕەنگدانەوەی هەریەک لە ناماقوڵی کافکا، بەدبینی بیکێتی لەسەرە، لە بێدەنگی جیکۆندا دا خۆی حەشارداوە، لە ئەگەردانانی فانتازیایەکدا مردنی ڕۆحی دۆنادۆنی هەڵۆ لە گیانی هەڵۆی باڵندەدا ڕۆحی دیسانەوە لە هەڵۆیەکی دیدا دۆنادۆن دەبێت.

دوا شت دەچێتە گیانی ماسییەوە گەر بێتەوە بۆ ژیانیش دیسانەوە مەرگ یەخەی دەگرێت، ناو و ناسنامەی لێدەسێنێت، دەبێتەوە بە ڕاناو، بە دەنگی من و ئەو دێتە دوان، لە گۆڕیشدا نە تاوانکردن نە چاوەڕوانی نە ئومێدی خۆکوشتن هەیە، نە دەتوانێ بە ڕێچکەی سامۆرای لاسایی نووسەری ژاپۆنی میشیما بکاتەوە و خۆی بکوژێت، لە گەمەیەکی پێلێناندا منی نووسەری عەبدوڵلا سەراج دا، ڕووبەڕووی دەنگی یەکێک لە کارەکتەرەکانی دەبێتەوە، سکاڵای ئەوەی لێ دەکات چۆن من سەلیمی ئارابخایم لە دوای ئەوەی شیلان نامەی مردنی باوکی بۆی نارد، لە نووسینی ڕۆمانەکەیدا ناو و خەسڵەتمی گۆڕیوە، کەی من تلیاک و ملیاکم کێشاوە! تۆو ئەوانی دیش سەرجەمتان کارەکتەری کاغەزین، گەر بە دڵت نییە وەرە گۆرەکەم هەڵتەکێنە، ئینجا کردەی نووسین تێکەڵ بە هونەری شێوەکاری دەکات، هەندێک لە وێنەکێشەکانی ئینتیباعی هەژماردەکات، وەک مۆنیە، گۆکان، پیسارۆ، سوورا و تۆنی ڕەنگەکانیان دێتەسەر سیزان.

ڤانکوخ، لە جوولەی ڕۆمانتیک و کلاسیکەوە دێتە سەر وانەیەک لە هونەری نووسینی ڕۆمان، لە پەیوەندی بنووس لەتەک کارەکتەرەکانیدا بێزاری و قڵسبوونی خۆی بەوە ڕووندەکاتەوە، بە ڕستەیەک باس لە ڕۆمانێک بکەیت، لە دواجاردا شیلان نامەیەکی جوامێری پێ دەگات، سەرەخۆشی مردنی باوکی لێدەکات داوای لێ دەکات نووسینەکانی باوکی بپارێزێت، لە هەمان کاتدا داوای هاوسەرگیریی لێ دەکات، باوەڕ بە جیهانە میتاواقیعەکەی باوکی بکات، واقیعی بینراوی بە خەونی نادیارەوە ببەستێتەوە بە وێنەی مۆکۆندۆ، بۆرزۆی مارکیز و مۆریاک، لەو دیو واقیع هیرمان هیسە، کۆنراد، کافکا، فۆکنەر شازی ئەفسانەیان دروستکردووە، لە ڕۆمانی ناسنامەی میلان کۆندیرا دیریک و چیرۆکی کورت دێنێتەوە.

لە کۆتاییدا شیلان بە دایکی دەڵێت: تۆ، من، جوامێر و باوکم، کەسانی ڕۆح مەرەکەبی و لەش کاغەزیی بووین، با لە ڕاستیشدا هەبووبین، هەموو دروستکراوی ئەوی نووسەرین. لە کۆتاییدا ئێمەی وەرگریش وەک خوێنەرێک دەڵێین: بەهای مانا لە نووسینی ڕۆماندا ئەزموونێکە، تایبەتمەندی خۆی دووبارەدەکاتەوە، لە شوێنێکدا پەرتبوون و پچڕاندنی خۆی لە بیرۆکەیەکدا کۆدەکاتەوە، مانا ڕوویداوە، یان کردارێکە لەنێوان وشەکاندا لە هزری وەرگردا ڕوودەدات، دەق، یان ڕستە، لە خودی خۆیدا بابەتێک نییە، بەڵکو ڕووداوێکە بە بەشداری وەرگر، ناسنامەیەک دەبەخشێت بە دەروشاندنەوەی خەمەکانی عەبدوڵلا سەراج، هەر لەنامۆبوون پچڕانی ئێرە و ئەوێکان، پەرەتوازەبوونی ڕۆح لە جەستە، ناوەڕۆک لە دەق، خەون لە واقیع، باوک لە وەچەکانی، هزر لە هەست، کۆمیدیا لە تراژیدیا، مردن لە ژیان، لە کۆتاییدا پێدەچێت دەق نەتوانێت کارا بێت، گەر لە گێڕانەوەدا، شێوازی فریودان نەکاتە ئامرازی گوزارشتکردن لەوەی، کە پەی پێ دەبات، سەرجەم ئاڵۆزییەکان دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازیی نێوان گێڕانەوە و تیۆرەکانی، کە خۆی لە دەسکەنەکردنی ئەفسانە و میتالۆژیا و گێڕانەوەی ئۆتۆبایۆگرافیایی دەبینێتەوە.

## ژیدەرەکان


١ ـ د. عبدالملک مرتاچ ـ فی نڤریه الروایه ـ بحپ عن تقنیات سرد ـ عالم المعرفه ـ عدد ٢٤٠ ـ سلسله کتب پقافیه شهریه یصدرها المجلس الوگنی للپقافه والفنون والاداب الکویت ـ ص ٦٣ ٣ ـ بەختیار عەلی ـ ناشوێن ـ چاپخانەی کارۆ ـ چاپی یەکەم ـ ناوەندی ڕۆشنبیری ڕەهەند ـ سلێمانی ـ ٢٠١٩ ـ لاپەرە ١٢٤

٢ ـ بەختیار عەلی ـ زنجیرەکانی دۆن کیشۆت ـ چاپخانەی ئەڵوەن ـ چاپی یەکەم ـ ناوەندی ڕۆشنبیری ڕەهەند ـ سلێمانی ـ ٢٠٢١ ـ لاپەرە ١٣٥

٣ ـ پ,ی.د نەجم خالید ئەڵوەنی ـ جۆرەکانی دەقئاوێزان لە ڕۆمانی پێنجەمین کتێب ی جەبار جەمال غەریب چاپخانەی کەمال ـ چاپی یەکەم ـ سلێمانی ساڵی ٢٠١٢ ـ لاپـەرە٢٠ ٦ ـ سۆناتای ڕۆح ڕۆمانێکی کورتی عەبدوڵلا سەراجە لە ساڵی ١٩٩٧ دا چاپیکردوە

٤ ـ عەبدوڵلا سەراج ـ پەیڤستان ـ چاپخانەی کارۆ ـ چاپی یەکەم ـ لە بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی ڕوناکبیری و کۆمەڵایەتی کەرکووک ـ ٢٠١٣ ـ بروانە لاپەری ١٨٤ کە چۆن ناوی هەڵۆی کاکۆڵ چەرمووی لە سۆزی کاکە مەمی بۆتانی داتاشیوە کە بە نازناوی کاکۆڵ چەرموو بانگیدەکرد، ئەمە جگە لەوەی هەڵۆی دووسەر ڕەمزی میدییەکان بووە


# تەرم

سەهەند نالی

نیوە شــەوە کــارەبا بــڕاوە، بایـەکـی سـارد گوێیەکانمی ئەسمی، شەوێکی تاریک و بێدەنگ، تەنانەت گوێت لە حەپینی سەگیش نەدەبوو، خشەی پێڵاوەکانم دەنگی هێندە بەرزبوو ترسی ئەخستە دڵی منیشەوە، لە کافیەکی شارۆچکەکە لەگەڵ چەند هاوڕێیەک بووم درەنگم بەسەردا هـاتبوو، خێرا دەڕۆیشتم تـاوەکـو بـاوکـم پێی نەزانیوم، کە درەنگ کەوتووم، جارجار ئوتومبێل بـە خـێرایـی بـەسـەر شـەقـامـە سـەرەکـییـەکـەدا تێدەپەڕی و بێ دەنگی شـەوەکـەی دەشکاند، گوێم لە قسە کردن بوو پێدەچوو دوو کەس بن پێکەوە دەدووان، تا دەهـات دەنگەکە لێم نزیک دەبـوویـەوە، هێندە نزیک، لە گفتوگۆکانیان کە لە نێوان خۆیان دەدوان تێدەگەیشتم، یەکێکیان بـەوەی دی دەگـوت باندە لەشفرۆشیەکەی ئەو شەوەی گرتمانن تۆ ئەو ژنە بە تەمەنەت دیبوو خەریکی ئەو کارەبوو؟! ئـەوەی دیش دەیگوت ئەی شەوێکی ئاوا سارد و تاریک پیاوەکەمان لە سەر دیواری ماڵێکدا گرت کە بۆ ژوان هاتبوو، بە قسەکانیان دەرکەوت پۆلیسی نۆبەتداری شـەوان بـوون، لـەو گفتوگۆیانەدا بـوون تارمایی منیان بینیی، ڕاستر گوێیان لە خشەی پێم بوو، گوتیان بێگومان کـەسێکی خراپەکارە بـەم کاتەی شـەو بەم کەشە ساردە بۆچی لە دەرەوەیە و بەخێرایی دەڕوات، پۆلیسێکیان بەوەی دی گوت: کاکە واز بێنە چ کارمان پێی هەیە، ئەویش وەڵامی دایەوە: کاکە ئەوە دەبێتە چالاکییەک بۆ ئێمە هەرنا دوو ڕۆژ مۆڵەتی پێ وەردەگرین، منیش بۆ ئەوەی زووتر بگەمەوە ماڵ و لەبەر بەرژوەندی خۆیان تۆمەتێکم بۆ دروست نەکەن هەنگاوەکانم خێراتر کرد و دەستم بە ڕاکردن کرد، ئەوانیش وای بۆچوون تەواو کەسێکی تاوانبارم بۆیە ڕامکرد و ئیدی دوام کەوتن، زۆری مابوو تا بگەمەوە ماڵ، چەند خێراتر ڕام دەکرد ئەوان زیاتر لێم نزیک دەبوونەوە، هەموو هێزم دایە بەر خۆم و خێراتر ڕام کرد، کاتێک زانیم بە تەواوی لە ماڵی خۆمانەوە تێپەڕیوم ئەوانیش هەر دوام کەوتبوون، هێندە ماندوو بووم، هەم گەرم بوومەوە هەمیش قورگم وشک ببوو، نزیک گۆڕستانی شارۆچکەکە بوومەوە، گوتم واباشە بڕۆمەوە نێو گۆڕستانەوە لە پاڵ گۆڕێک خۆم حەشاردەم تا لێم ون دەبن و

بارودۆخەکە ئارام دەبێتەوە و دەڕۆمەوە ماڵ، بە ئەسپایی چوومە نێو گۆڕستانەکەوە، بەڵام ئەوان هەر دوام کەوتبوون، لەناکاو لە تەنیشت گۆڕێک پێم لە شتێکی نـەرم گیربوو پێم لێنا و هەستم کرد پێیەکانم تەڕبوون، کەمێک بۆی چەمامەوە تا بزانم چییە، وای بسم الله، خۆ ئەوە تەرمی کەسێکە و کوژراوە، خوێنەکەی پێیەکانمی تەڕ کـرد، نـازانـم بۆچی ئـەوکـات ڕۆح لـە جەستەم نەهاتە دەرەوە، بە هـەر جۆرێک بـوو خـۆم لە پەنای گـۆڕێـک حـەشـاردا، پۆلیسەکان هاتن و ئەوانیش پێیان لە تەرمەکە نا، یەکێکیان گوتی ئەوە چییە؟! سالم خۆتۆ لایتت پێیە دەمێکە بۆ داینـاگرسێنی و ئەو کەسەش لە دەستمان ون نەدەبوو، لایتیان لە تەرمەکەدا وتیان خۆ ئەوە کەسێکە و بە چەقۆ کوژراوە، بووە مشت و مڕیان پۆلیسێکیان دەیگوت با بنکە ئاگادار بکەینەوە ئەوە ئەرکی سەرشانە، ئەوەی دی گوتی کارمان بۆ مــەدۆزەوە دەوام زۆری نـەمـاوە و کاتی نۆبەتداریمان بەرەو کۆتایی دەچێت، دواتر ئەمە تەرمە خۆ ڕاناکات با ئەو کەسە دەستگیر بکەین دواتر بۆ تەرمەکەش چارەسەری بۆ دەدۆزینەوە ئەوکات دەبێتە دوو چالاکی، پۆلیسەکەی دیش هاتە سەر قسەکانی ئەو، هاتنە ناو گۆڕستانەکەوە و کەوتنە گەڕان بە دوامدا، بە ڕووناکی لایتەکە لە یەک بەیەکەی گۆڕەکانیان دەدا، پێدەچوو ترسیان هەبێت، کە بکوژەکە لەو شوێنە بێ و تووشی کێشە بن، منیش هەناسەم تەنگ بـووە دەبـوو کۆنترۆڵی هەناسەم بکەم دەنگی لێوە دەرنەیەت و ئاشکرا نەبم، ئیدی نە ڕووناکی و نە دەنگی پۆلیسەکان نەما، ترس خنخنۆکی گرتبووم، پاش دە بۆ پانزە خولەک چاوەڕێم کرد تا بارودۆخەکە تەواو ئارام بوویەوە، بە هێواشی هەستام و تا لە گۆڕستانەکە دەربچم و بڕۆمەوە بۆ ماڵ، وردە وردە دەڕۆیشتم لە گۆڕستانەکە دەرچووم ڕێک کەسێک دەستی لەسەر شانم دانا و دەمانچەی لـەسـەر سـەرم ڕاگـرت و گـوتـی نـەجووڵێی، پۆلیسەکان بوون لایتیان لێدام و ئاوڕم دایەوە لە خەوەکەم بە ئاگا هاتمەوە، عارەقەیەکی ساردم کردبوو، چونکە تووشی پەتای ئەنفلۆنزا ببووم تایەکی توندم لێبوو وڕێنەی تایەکەم بوو

چیرۆک



محەمەد کەریم

# گەمەی مناڵبوونەوە

مردنەکەشی
هەر وەکو سەردانەکەی
سەیر و سەمەرەیە. لە ژمارەیەکی نەناسراوەوە زەنگێکم بۆ دێت، وەڵامی نادەمەوە، دووبارە و سێبارەی دەکاتەوە، سێیەمجار هەڵیدەگرم، بەبێ هیچ پێشەکییەک دەڵێت: یەڵدا مردووە

ژنێکە، بە تۆنی دەنگیدا دەزانم درۆ ناکات، تەنیا ئەوەندەم هێز تیایە بڵێم: تۆ کێی؟

هەر کەسێ بم، گرنگ نییە، پێی وتم: هەر شتێکم لێهات یەکەم کەس ئەو ئاگادار بکەرەوە. پەلوپۆم دەشکێ، مێشکم جام دەبێ، دەبێ چی بکەم؟ لەسەر کورسییەکەم پاڵدەدەمەوە، گیانم بەوەیە کەسم لانییە. پاش کەمێک دەرگای ژوورەکەم دادەخەم و بە بەردەستەکەم دەڵێم: بە جەنابی بەڕێوەبەر بڵێ: ئیشێکی بەپەلەی هەبوو. دێمەوە دەرەوە، توانای سەیارە لێخوڕینم نییە، ناشمەوێ شۆفێر لەگەڵ خۆم بەرم، سەگ و سەگباب و فزولن، سڕی پیاو هەڵدەماڵن. تەکسییەک دەگرم و لە بەردەم ماڵەکەیاندا دادەبەزم. پێم خۆشە قەرەباڵغییەک دروستبووە، چونکە لەوە پەرێشانترم بزانم لە حاڵەتێکی وادا دەبێ چی بکەم؟

براکانی و خوشکەکانیشی لەوێن. دیارە ئەو ژنەی تەلەفۆنی بۆ من کرد، دەرەنگ ژمارەکەی منی دەستکەوتووە. ئاگرێک لە دەروونم بەربووە، ناخم وەکو قیر دەکوڵێ، بەڵام من پوورزایەک بووم یان نەبووم، خۆ نابێ قوڕ بپێوم، بریا دەمتوانی بە دڵی خۆم بگریم و بانگ هەڵدەم، بە دڵی خۆم هاوار بکەم و بڵێم: هۆ خاڵۆزا خێر لە خۆنەدیوەکەم، تۆ ڕووناکی دڵی بریندار و چاوەڕوانمی، ئاخر بۆچی بە تەنیا جێت هێشتم لە تەنیایی ژینا، ئاخر ژین

بێ تۆ
مەرگێکی هێواشە یان وەکو عومری گوڵ کورتە، چی دەبوو ئەگەر مەرگم پێش مەرگت بکەوتایە؟ دنیا کاول دەبوو؟ خۆر دەگیرا و نەدەهاتەوە؟ دەی بە جەهەننەم. ئای خاڵۆزا شۆخ و شەنگەکەم، ئەی شەنگترین ژنی دنیا! ئەی میهرەبانترین شۆخی دنیا! بریا هەردوو چاوم کوێر دەبوو و مەرگی تۆم نەدەبینی بریا...

بەڵام دەبێ وەکو پیاوێکی تورەهات و درۆزن، نەک وەکو پیاوێکی مرۆڤ، ویقاری خۆم بپارێزم، ڕێک و ڕاست بێم و بچم و ڕێک و ڕاست بوەستم، تەنیا بۆم هەیە بە ناڵەی بێدەنگ بناڵێنم و بە گریانی وشک بگریم. دەبێ ڕازی ئەم عەشقە ببەمە ناو گۆڕ. هەردوو ڕۆژی پرسەکەی لە ناخەوە دەسووتێم و لە دەریشەوە ئاسایی وەکو هەر پیاوێکی تیرە و هۆز، وەک ئەو پیاوانەی دنیا کاول بێت لە سەر و سمێڵ بۆیاخکردن و کێرە زەقێی خۆیان ناکەون، وەکو نێرەکەر، کە وەخت و ناوەخت نازانێ و هەر کاتێ زەوقی لێبوو دەزەڕێ، هەمیشە بسکەی سمێڵیان دێ و لێڵ نابن.

ئەو ڕۆژەی لە پرسگەوە تەلەفۆنم بۆ دەکەن و دەڵێن: یەڵدای خاڵۆزات هاتووە، یەکسەر دەساکێم، دەستم بە تەلەفۆنەکەوە وشک دەبێت، هیچ هیچم بۆ ناوترێ، تەلەفۆنەکە لەسەر مێزەکەم دادەنێم، گوێم لێیە کابرای پرسگە هەر دەڵێت: هەلەو، هەلەو، هەلەو. تەلەفۆنەکە هەڵدەگرمەوە و دەڵێم: با بێتە سەرەوە.

لەو چەند دەقەیەدا هەتا ئەو دێتە سەرەوە، هەزار و یەک خەیاڵ بە مێشکما دێت و دەچێت. دەبێت یەڵدا بۆچی دوای سی و یەک ساڵ منی بیرکەوتبێتەوە؟ دەبێ ئیشی بە من چی بێت؟ دە ساڵیش دەبێت نەمدیوە! ئەی خێرە وا منی بیرکەوتۆتەوە؟

دەزانم ساڵێک دەبێت مێردەکەی مردووە، دوای ماوەیەک دەزانم، ئیتر ناچم سەرەخۆشی لێبکەم، بە تەقەیا دەکـەوم، نا، نا، بە ئەنقەست نامەوێ بچم، نـامـەوێ مەیلم نـوێ بێتەوە. ئـەی ئێستا بۆچی هاتووە؟ چۆن ئێرەی دۆزیوەتـەوە؟ ئیتر خەیاڵەکانم سنوور دەبەزێنن، دەبێ خان و مانی و شۆخ و شەنگییەکەی مابێ؟ دەبێ پیریی زەفەری پێنەبردبێ؟ ئەمێستا ڕێک تەمەنی شەست و یەک ساڵی خشتە، دەبێ بەدەنی دانەکەوتبێ؟ ئاخر یەڵدا لەو ئەسپە ژنە زەخمانەیە، کە قەت کێشی لە سەد کیلۆ کەمتر نییە. دەبێ ئێستا سەد و دە کیلۆ زیاتر بێت. دە ساڵ بەر لە ئێستا کە بە ڕێکەوت لە بازاڕ دەیبینم ڕێک وەکو بیست و یەک ساڵ لەوەبەرە، تەنیا کەمێک قەڵەوتر بووە. نازانم خاڵم بۆچی ناوی ناوە یەڵدا؟ دەیزانی باڵای وەها بەرز دەبێ و دەبێتە سەد و هەشتا و پێنج سانتیم و بە پێڵاوی پاژنە بەرزەوە دەبێتە سەد و نەوەد زیاتر؟ دەیزانی قژە ڕەش و پڕەکەی هەمیشە مەترێک زیاتر دەبێ؟ یان دەیزانی عەشقی یەکلایەنەی من بۆ کچەکەی وەکو شەوی یەڵدا تووڵانی دەبێت و لەو زیاتر دڵ بە یەک بەشەری تر نادەم؟

ئەوەتا، گەیشت، دەنگی دەناسمەوە کە هەواڵی ژوورەکـەم دەپـرسـێ، تابلۆی سـەر دەرگـاکـەم دەخـوێـنـێـتـەوە... جێگری بـەڕێـوبـەر. تـەقـەی پێڵاوەکانیشی دەناسمەوە، کە لە هی هیچ ژنێکی تر ناچێت، بە تەقەی پێڵاوەکانیدا دەزانـم کێشی سـەد و دە کیلۆش زیـاتـرە. بـە سـەری قامکە قەڵەوەکانی لە دەرگاکەم دەدات، دەڵێم: فەرموو، لە شوێنی خۆم هەڵدەسم، لەناو دەرگاکەدا سەرنجی دەدەم، تۆزێک خۆی دادەنەوێنێ بۆ ئەوەی قژی کە بەستوویەتی و وەکو کڵاو بەرزی کردۆتەوە، بـەر چـوارچـێـوەی دەرگـاکـە نـەکـەوێ. بزەیەک لەسەر لێوەکانێتی و چاڵی ڕوومەتەکانی بە جوانی خۆیان دەنوێنن. بەرەو ڕووی دەچم، ددانە سپی و ڕێکەکانی، چـاوە گـەورە و ڕەشـەکـانـی، برۆ ئەستوور و سروشتییەکانی لە هەموو شتێ زیاتر سەرنجم ڕادەکێشن، کە دەڵێت: ئەم کاتەت باش.

بەرلەوەی وشەکانی بێتە گوێم بۆنە خۆشەکەی دێتە لووتم. کە تەوقە دەکەین، پەنجە نیانەکانی هەمان هەستی جارانم پێ دەبەخشن. پاش ئەوەی دادەنیشێ و پاڵ دەداتـەوە دەڵێ: ماشەڵڵا دەڵێی فـەرشـی کـاشـانـی، هـەروەکـو خـۆتـی، هەمیشە باڵابەرز و باریک و ڕێک، یەک تاڵی قژت سپی نـەبـووە، ئێ بابە تۆ هێشتا گەنجی، چل ساڵی خشتی! ماشەڵڵا لە خۆت، تۆش هەر وەکو جارانی، سنەوبەری هەمیشە سەوز.

کاتێ ئیشەکەیم پێدەڵێت، لە جیاتی ئەوەی وەکو هەر داواکارییەکی تر دڵم بگوشرێ و بێتاقەتی تەکلیف لەم و لەو بم، دڵم دەگەشێتەوە، چونکە ئیشێکی زۆرباش شک دەبەم، یەکسەر تەلەفۆن بۆ خاوەن کۆمپانیاکەی هاوڕێم دەکەم و ئیشەکەی بۆ مسۆگەر دەکەم. کە تەلەفۆنەکە دادەنێمەوە دەڵێت: نازانم چۆن سوپاست بکەم، لە نیگەرانییەکی زۆر قووڵ ڕزگـارت کـردم، لەم ڕۆژگـارە ناخۆشەدا، نەمدەویست ڕوو لە هەموو کەسێ بنێم، دڵنیابووم نائومێدم ناکەی، ئەم ئیشە لەگەڵ خانەنشینییەکەی ڕەحمەتیدا سەرو زیادمە، خۆ نامەوێ دنیا بدەم بە کۆڵما، کێم هەیە، وەکو خوا تاق و تەنیام.

زۆر خۆشحاڵم کە توانیم شتێکت بۆ بکەم.

کە هەڵدەسێ بڕوات، دەستی لەناو دەستمایە، چاوە ڕەشەکانی لە قووڵایی چاوەکانم دەبڕێ و دەڵێ: گوێم لێبگرە، شتێکت پێدەڵێم، دڵم ناشکێنی؟ ئاخر نابێ بزانم چییە؟ نا، بەڵێنم بەرێ دڵم ناشکێنی، ئینجا پێت دەڵێم. باشە. ئێوارەی پێنج شەممە وەرە بۆ لام، داوەتت دەکەم، تۆش تەنیای وەکو خۆم، نا ببـوورە، تۆ وەک من نیت، هێشتا بوخچەی نەکراوەی! ئاخر کێشە نابێ؟ کەست لانییە؟ نا، خەمت نەبێت، کێ لە ژنێکی شەست و یەک ساڵە دەپێچێتەوە؟ هەمیشە تەنیای تەنیام. باشە، بە دڵی تۆ. بە دڵی منە، بەس خەونی تۆشە، منیش فەقیر نیم. بە پێکەنینەوە ماڵئاوایی دەکەین.

سەد مەترێک لە دووری ماڵەکەی لە تەکسییەکە دادەبــەزم. بـە ڕێکـۆتـە ڕەشـەکـەم و ملپێچە شـەرابـیـیـەکـە و لیڤاکسەکەی بـن هەنگڵمەوە دەگـەمـە بـەردەرگـا. بۆ جەختکردنەوە، لەسەر پاڵتۆکەمەوە دەستێک لە دەمانچەکەم دەدەم، پەنجەی دۆشـاومژەم دەخەمە سەر زەنگەکە و دووجار دەستی پێدا دەنێم. بەبێ ئەوەی تەقەی پێی بێت یەکسەر دەرگاکەم لێدەکاتەوە، دەست

دەبەم تەوقەی لەگەڵ بکەم، کەچی بۆ دووەمجار لە ژیانیدا باوەشم پێدا دەکات و دەمنووسێنێ بە سنگییەوە، دەمی دەنێ بەلای گوێچکەی ڕاستمەوە و بە هێواشی دەڵێ: بەخێر بێی عاشقە بچکۆلانەکەم. سوپاس، شتە پیس. ئەگەرچی ئەمجارە ماچم ناکات بەڵام هەست بە شادی و خۆشی لە باوەشکردنی یەکەمجار دەکەم. ڕێنماییم دەکات بۆ ژووری میوانەکە. لەلای سەرووی ژوورەکەوە مێزێکی جوانی ڕازاندۆتەوە. بتلێک شەراب لە ناوەڕاستدا و دەورەکەی بە جوانی لە شێوەی دڵێکدا چنیوە. هەموو شتەکانی بۆ من کوتوپڕییە، چونکە یەکەمجارە شتی وای لێدەبینم، بەرلەوەی دابنیشم ڕێکۆتەکەم لەبەردادەکەنێ و لەگەڵ ملپێچەکەدا هەڵیاندەواسێ. خۆشم لیڤاکسەکە لەسەر تەپڵەکێکی نزیک خۆم دادەنێم. دەرفەتێکم بۆ هەڵدەکەوێ سەرنجێکی سەرتاپای دەدەم، قاتێ تەراکسووتی شینی ئاسمانی و جووتێ نەعلی ئیسفنج، قژی لە دواوە بەستووە و مەکیاجێکی کاڵی کردووە، باڵای کەمێک لەو ڕۆژە کورتتر دێتە بەرچاوم. بە ڕوویەکی گەشەوە دەڵێت: بەخێر بێی سەرچاوان، تەواو ئازادی خۆت وەرگرە، ماڵی خۆتە. سوپاس. دەزانی بۆچی ئەمشەوم هەڵبژاد؟ نا، بۆچی؟ ئەمشەو شەوی یەڵدایە! ئەها، بڕوابکە نەمدەزانی، کەواتە شەوی تۆیە، کێ دەڵێ شەوی تۆش نابێ؟ ... ئێ، دەنگ و باست؟ بەنیازی هەروا بە سەڵتی بمێنیتەوە؟ بەڵێ، دەمێکە بڕیارم داوە. دەزانم حەزت لە شەرابە، بۆ شەوی یەڵداش زیاتر شەراب دەخورێتەوە. پێم باشە تۆ کاپتنی مێزەکە بیت. بەسەرچاو، چی لەم کاپتنییە ئاسانترە. وەکو کابرای هەڵەبجەیی وتی: (قم، قم) دەخۆینەوە و خەمی چەند ساڵەمان بە با دەدەین. یەک تکام هەیە، پەلە لە هیچ مەکە، شەوێکی دوور و درێژمان لەبەردەستایە. زۆرباشە، بە دڵی تۆ. بە دڵی خۆشت بکە، ئازادی.

بەدەم بەسەرکردنەوەی یادگارییەکانی ساڵانی ڕابردووەوە ملی بتڵە شەرابەکە دەشکێنین. هێدی هێدی سەرمەستتر و سەربەستتر دەبین، باسی ئەوەم بۆ دەکات مێردەکەی وەکو خودا پەرستوویەتی، کەچی هەمیشە دڵی لێی پیس بووە، لە ئەزموونی ژیانی خۆیەوە وەکو ڕاستییەک ئەوەم بۆ شی دەکاتەوە، کە پیاوی وەجاخ کوێر، هەمیشە دڵ پیس و ڕەزیلە. دەڵێت: تۆ یەکەم کەس و ئاخر کەسی دڵی خۆمت بۆ دەکەمەوە، ئەو منی دەویست تەنیا بۆ خۆی و بەس، حەزی نەدەکرد جگە لە خۆی لەگەڵ هیچ پیاوێکی تردا تەنانەت قسەی ئاساییش بکەم، جگە لە باوک و براکانی خۆم متمانەی بە هیچ پیاوێکی تر نەبوو، تەنانەت بە باوک و براکانی خۆشی. دەزانی جەژنان، کە دەهاتم بۆ ماڵی ئێوە، چەند دڵم پێت دەکرایەوە، ژن لە پیاو زووتر هەست بە شت دەکات، ئەوسا تۆ منداڵ بووی من باشترم لەبیرە، بەهۆی ناکۆکی باوکم و باوکتەوە، چەند ساڵێ هاتوچۆمان نەما، پێنج ساڵ دوای شووکردنم بۆ یەکەمجار هاتم بۆ ماڵتان، هەر لە یەکەم نیگاتەوە هەستم کرد هەستێکت هەیە بۆ من، بەڵام من ژنێکی سی و یەک ساڵە و تۆش کوڕێکی دە ساڵ لە چواری سەرەتایی بووی، نەدەکرا لە هەستێکی منداڵانە زیاتر حسابی بۆ بکەم، گەرچی دڵیشم پێت خۆش بوو، کە ماچم دەکردی هەستم بە ئارامیی دەکرد، چونکە زۆر دڵتەنگ و بەدبەخت و تەنیا بووم و هیچ دەرەتانێکی هەناسەدانم نەبوو، دەبوو ڕازیش بم بە بەختی خۆم.

باشە، یەک پرسیارم هەیە، سی ساڵە دەمەوێ لێت بکەم، جەژنی قوربانی ساڵی دووەم، کە هاتی بۆ ماڵمان، بۆچی بانگت کردمە موبەقەکە و توند توند باوەشت پیاکردم و دەمت خستە ناو دەمم. ئایی، چیت بیرخستمەوە! ئێستاش تامی ئەو ماچەم بیرنەچۆتەوە، پێت دەڵێم، بەڵام هەمووی نا، ئەوە دواجار بوو، کە ڕێگەی پێدام بێم بۆ ماڵتان، ئاخر دڵی لە تۆش پیس بوو، دەیوت: یەڵدا ئەو هەتیوە زۆڵەی پوورت زۆر خراپ سەیرت دەکات! ویستم ماڵئاواییت لێ بکەم تام و بۆی عاشقە بچکۆلانەکەم بۆ هەتا هەتایە لای خۆم هەڵگرم. بڵێ بەزەییم پێتا هاتەوە، بەڵام بەو ماچە تۆ چارەنووسی منت بۆ ئەبەد بە خۆتەوە شەتەک دا، چەندان شەو لە ژێر بەتانییەکەمەوە گریام، وەکو شێت و هارم لێهات، جارێکیان بە دەم گریانەوە، هەموو شتێکم بە دایکم وت، وتم من عاشقی یەڵدام، من یەڵدا دەپەرستم، دایکم سەرمی خستە سەر ڕانی و تێر تێر لە گەڵما گریا، وتی: گیانەکەم ئەم قسانە لای

کەس نەکەی، ئەم قسانە بۆنی خوێنیان لێدێت. هەرچەندە پیاوەکەم وتی: نابێت بە هیچ شێوەیەک جەژنانیش سەردانیان بکەی، بەڵام من ئامادەبووم درۆ لەگەڵ مێردەکەم بکەم و بە دزییەوە بێم بۆ ماڵتان، هەر بۆ ئەوەی تۆ ببینم، چونکە ڕووناکی دڵم بوویت، بەڵام دایکت بە توندی ئاگاداری کردمەوە، بە هیچ جۆرێک سەر بە ماڵی ئێوەدا نەکەم، کە مردیش لە داخا نەهاتم. بەڵام تۆ بوویتە عەشقی سەرەتا و کۆتاییم، ئیتر دەرگای دڵم داخست و بۆ کەسم نەکردەوە، گەرچی بە گەورەیی بڕیارم دا ژن نەهێنم، بەڵام هەمووی هی کاریگەیی تەمەنی دە ساڵیم بوو، نەمویست بەبێ خۆشەویستی چارەنووسی کەسێکیش بە خۆمەوە ببەستمەوە. ئەمما ئێستا ئامادەم زەماوەند لەگەڵ تۆدا بکەم! یەڵدا هەڵدەسێ و توند باوەشم پێدا دەکات و ماچم دەکات، دەڵێت: قوربانی ئەو دڵە شکاوە بچکۆلەیەت بم، دەزانم بە ڕاستتە، بەڵام وەرە با بە عەقڵ بیری لێبکەینەوە، کوڕێکی چل ساڵ بێوەژنێکی شەست و یەک ساڵ دەهێنێ، چ قسە و قسەلۆکێکی لێدەکەوێتەوە؟ مەگەر سەری خۆمان هەڵگرین بۆ ئەوپەڕی دنیا، ئەوەش نابێ، ئەگەر حەزت لە مناڵ بێت، من تازە مناڵیشم نابێت، بەقوربانت بم واز لەو خەیاڵە بێنە. باشە بابزانین چۆن دەبێت. نا، گیانەکەم هەر لە خەیاڵی خۆتی دەرکە. ئێستا هەتا من خواردن حازر دەکەم، حەمامەکە گەرمە بچۆ خۆت بشۆ، هەموو شتێکم بۆ حازر کردووی قاتێ بیجامەشم هەر لەوێ بۆ داناوی. ئەم نیوەڕۆیە خۆم شۆردووە. قەیناکە، لەبەر دڵی من، حەمامێکی زۆر خۆشم هەیە. بەڵێ، بە چاوان، خانمەکەم. لە دراما کۆرییەکانەوە فێربووی؟

هەردووکمان پێدەکەنین، پێکەوە هەڵدەسین، پێشم دەکەوێ و گەرماوەکەم نیشاندەدات. دەڵێت: پەلە مەکە، خەمی هیچت نەبێ، وەکو مەلای مەشهور دەتوانی دەنگخۆشی خۆشت تاقی بکەیتەوە! دیسان پێدەکەنین.

کە لە حەمامەکە دێمە دەرەوە، توند توند باوەشم پێدا دەکات و ماچم دەکات، دەڵێت: هەر بەڕاستی تۆ ڕۆحی منی. تازەت زانیوە؟ نا، دەمێکە دەزانم، بەڵام ئێستا زیاتر.

دوای نانخواردن دەچینەوە ژووری میوانەکە، هەموو شتەکانی کۆکردۆتەوە، لیڤاکسەکەم هەر لە شوێنی خۆیەتی، دەڵێت: سوپرایزێکم هەیە بۆت. کێ دەڵێ منیش نیمە. باشە، جارێ ئەوەی من، بەڵام چاوت دەبەستمەوە، هەتا پێت نەڵێم نابێ بیکەیتەوە. چییە بەم ئاخری عومرەوە چاوشاکێ بکەین؟ تۆ کاڵەک خۆری یان بێستانڕن؟ هەردووکیانم. ئێ کێ خوا ئەوەی دەداتێ لە دوولا مەست و حەیران بێت؟ وەڵڵا من ئەوەم دەوێ. باشە، من چی دەڵێم تۆ ئەوە بکە زەرەر ناکەی. باشە، خانمەکەم.

نازانم چەند دەقە لە ژێر ئەو پەڕۆ ڕەشە حیزەوە چاو دادەخەم، ئەو ساتە هەست دەکەم چ بێدەنگییەکی سامناک باڵی بەسەر ماڵەکەدا کێشاوە. کابرایەک دێتە بەرچاوم بە تەورزینێکی تیژەوە بەرامبەرم وەستاوە، بە هەردوو دەستی توند توند دەسکەکەی گرتووە و ئامادەیە، یەک جووڵە بکەم دایدەهێنێتەوە و وەکو سەری کەرتەشی سەرم دەپەڕێنێ، هەر بەڕاستی ترسم لێدەنیشێت، بە پەلەکوتێ دەست بۆ دەمانچەکەم دەگێڕم، کە لە سووچی لای ڕاستم دامناوە، دەستم بەر دەمانچەکەم دەکەوێ، ساردە، ئەوسا هەستدەکەم هەموو شتێ ئاساییە و ئەمە تەنیا خەیاڵێکی کاتی چاوداخستنە. بە دەنگی پێیدا نا، بە بۆنە خۆشەکەیدا، هەستدەکەم دێتەوە ناو ژوورەکە. دەڵێت: بە هێواشی چاوت بکەرەوە.

خێرا پەڕۆکە لادەبەم، بەڵام هێدی هێدی چاوم دەکەمەوە، یەکەم سات بڕوا بە چاوی خۆم ناکەم، شەرم دەکەم، دایدەخەمەوە، دەیکەمەوە، چاوانم هەڵدەگلۆفم، خودایە چی دەبینم، ڕووت و قووت، بەرامبەرم وەستاوە، دەستی ڕاستی خستۆتە سەر پێشەوەی و دەستی چەپیشی بەرزکردۆتەوە بۆ سەر سەری. لە سەرسامیدا ئەبڵەق دەبم، بۆ یەک سات بیردەکەمەوە، من لە دە ساڵیدا چەند خەیاڵم فراوان بووە، ئاخر چۆن توانیوومە کتومت وەکو خۆی وێنای بکەم و وێنەی بکێشم. جەستەی ڕێک وەکو هی ئەو ژنانەی فیلمە سێکسییەکانە کە پێیان دەڵێن: BBW واتە ژنی جوانی زەخم. مەمکە زلەکانی ڕووە و ئاسمان بەرزبوونەتەوە و قوت وەستاون. من هەروا بە سەرسامییەوە سەیری

دەکەم و یەک وشەم بۆ ناوترێت. دەڵێت: ئەوا دەستیشم لادەبەم جوانتر دیقەتی جەستەم بدە، بزانە لە وێنەکەی خۆت دەچم کە کێشاوتە؟ ئەی هاوار، کتومت خۆیەتی! دیارە سەیری ناو لیڤاکسەت کردووە! بەڵێ، هەر بیست و دوو نامەکەشم خوێندەوە، هەر هەموویان بە هێزی دڵی منالێکی دە ساڵان نووسراون، هەموو وشەکان گوزارشت لە هەستێکی ڕاستگۆیانەی منالێکی عاشق دەکەن، ئەگەرچی دوای سی ساڵ بۆ یەکەمجار بە من دەگەن و دەیانخوێنمەوە، بەڵام وشەکانی ئەو قەڵەمە ڕەشەت هەمان هەست و سۆزی ئەو ڕۆژگارەیان تێدایە بە زیندوویی، دەڵێی خۆتیت و بەو دڵە ناسک و جوانەت قسەم بۆ دەکەی. ئاخر چۆن توانیوتە سی دانە ساڵ ئەو نامانە هەڵگریت و سەرەڕای بێوەفایی من و... چۆن دڵت نەهاتووە بیانسووتێنی و بیانکەی بە خۆراکی ئاگر، تۆ عاشقێکی بێوێنە و کۆڵنەدەری. من تەنیا یەکجار عاشق بووم و عەشق وێرانی کردم، کاتێ بە خۆم زانی وێران بووم و بە زۆر خۆم دروستکردەوە. بڕوا بکە گوناهی منی تیا نییە، ڕۆژگارەکەمان غەدارە، کۆمەڵگاکەمان کێڵگەی دڕندە و ئاژەڵانە، کاتێ منالێک عاشقی ژنێک دەبێت یان پیاوێکی بە تەمەن عاشقی کچۆڵەیەک دەبێت، ئیتر هەموو شاخ و گوێیان لێدەڕوێت. لە لای من تۆ قەت گوناهت نییە، بۆ یەک ساتیش تۆم نەبوغزاندووە، تۆش قوربانییەکی وەکو من. قوربانی دڵت بم، باشە، تێناگەم بەو تەمەنەوە، چۆن توانیوتە وێنەی من بە ڕووتی بکێشی؟ ئەویش ڕێک وەکو خۆم، ئەو دەمە قەت ژنت بە ڕووتی دیبوو؟ ئەها بیرم کەوتەوە، دەبێ لە حەمامی ژنان ژنی ڕووتت دیبێ. ئەویش بە چوار پێنج ساڵی. بەڵام هێشتا سەیرە، چۆنت توانیوتە بەو دیقەتەوە وێنەکە بکێشی؟ خۆشم نازانم، دەزانی هەر بەیەکجاریش دروستم کرد، بەڵام وردە وردە تەواوم کرد، ئێستا کە سەیری جەستەت دەکەم، ڕێک هەمان شتە، تۆ چۆن هەر وەکو خۆتی؟ من تێناگەم. نا، یەک تۆز قەڵەوتر بووم، بەڵام خۆشم نازانم چۆن هەروەکو خۆمم. من قاچم سڕ بوو، هەڵسە وەرە بابڕۆین. بۆ کوێ؟ بۆ ژووری نووستنەکە، بەڵام بەمەرجێک. بە چ مەرجێک؟ تۆ دەبیتەوە بە منالێکی دە ساڵان و منیش ژنێکی سی و یەک ساڵان، تۆ هیچ نازانی و من فێری هەموو شتێکت دەکەم. بە چاوان، خانمەکەم. ئافەرین، چەند عاقڵی! ئەی سوپرایزەکەی تۆ چی بوو؟ نهێنی ناو لیڤاکسەکە بوو. دەزانی لە یەکەم دەقەوە هەر بە بۆن زانیم ئەو لیڤاکسە شتێکی تێدایە پەیوەندی بەمنەوە هەیە. چۆن؟ ڕەنگە باوەڕ نەکەی بەڵام من بە بۆن هەست بە زۆر شت دەکەم.

بەخێرایی سەرنجی سەعاتەکەی دەدەم ساف و لووس و خڕ و مڕ هێندەی یەک سەمونی عەسکەری دەبێت! بەرەو ڕووی دەچم، قۆڵە ڕووتەکانی دەخاتە سەرشانم و بەرەو ژووری نووستنەکە دەڕۆین. من ئێستا بە بڕوای تەواوەوە دەڵێم: ئەو کەسە شەکری خوارد کە دەڵێ: بە گوڵێک بەهار نایەت. ئەم شەوی یەڵدایە بەهاری منە، ئاخر چ شتێ لەوە شاهانەترە درێژترین شەوی زستان لە ئامێزی گەرم و گوڕی ژنێک شۆخدا بەسەر بەری؟ ئەمشەو ڕێژنەبارانێکە ژاراوی هەموو ساڵانی ڕابروو لە دڵما دەشواتەوە. ئەفسووس هەموو ساتە خۆشەکان وەکو عومری پەپوولە کورتن!

یەک مانگی ڕێک ئەم ژووانە جوانانە بەردەوام دەبێت، حەفتەی چەند شەوێک ئەو دەبێتەوە بە سی و یەک ساڵ و منیش دەبمەوە بە دە ساڵ، بریا هەتا سەد ساڵی تر ئەم گەمەی منالبوونەوەیە بەردەوام دەبوو. ئەمما مەرگ مەودا نادات. ئەمێستا دوای مەرگی یەڵدا، کە سەعاتێکە وەکو خودا بە تەنیا لە وێنەکەی ڕاماوم و هەموو شتەکانم دێتەوە یاد، هەست دەکەم چەند تەنیام، ئێستا دەزانم بۆچی، کە باسی زەماوەندم لەگەڵ کرد، وەها مەسەلەکەی دوورخستەوە وەک ئەوەی کفرێکی گەورە بێت، باشە چی دەبێت ئەگەر کوڕێکی چل ساڵ و ژنێکی شەست و یەک ساڵ زەماوەند بکەن؟ دەزانم ئاساییە و دنیا کاول نابێت، کە خۆی کاولە. نا، یەڵدا نەخۆشی دڵی هەبوو، هەتا مرد زیرەکانە توانی لە منی بشارێتەوە، بەڵام دواتر دکتۆرەکەی هەموو شتێکی پێ وتم.

شیعر

# فاکسە شیعرێک

## بۆ شەهیدی نەمر ئاسۆی دەلاک

*ئێرە کوێیە؟! ئەوێ کوێ بوو؟!*
*ئەم هێمایانە لەسرپینەوەی بوونەوە ڕەنگ کراون*
*فەزا شێوەی ساوای گۆڕستانی تۆفانێکە*
*زەمەن بوون و ناونیشانی ونکردووە؟*
*لەچی نەفخێکایە گەردوون؟*
*دەستو پەنجە هەوری هەتاییان پێکهێناوە*
*ئێرە و ئەوێ بانگەشەی گریە و گڕوگاڵە*
*مورووی ئاوداری وێنە و ڕووخسار و مۆرەغەیە*
*ئێرەو ئەوێ دەیان سەدەی چرکەییە*
*پانۆرامای فیلمێکە سەدان هەوری تیا گراوە*
*ئەو ساتەیە بورکانەکان تەقینەوە*
*ئەستێرە ڕەشە ڕەمزی مەرگی ناکاتی گرتەوە.*

***

*هاتین هاتین ئێرە و ئەوێ ناونیشانی ئەوانە بوو*
*ئێستا و سبەی شقارتەیەکی ئەتۆمی بوون*
*درەخت بە ڕۆحەوە گەڵای دەگرت*
*بەدەم گەردەلولی زەمەنەوە پیت پیت هات و*
*لەجوگرافیای شارە هەنگی گەردونەوە*
*خوێن و عارەق و فرمێسک تێکەڵاو بوون*
*بەشارای هەزارەها جەستەی سوور پۆش*
*ناوی یەکیتییان مۆرکرد*

***

*هاتین لەخەڵوزانی کەوتنە خوارەوەی ئەستێرەوە*


سەلاح جەلال

*بەسیبریای شەوەزەنگی زەمەنەوە کەوتینە ڕێ*
*ئێرە و ئەوێ زمانی دڵدارانی خۆڵەمێش بوو*
*ئێسکو پروسک بوون بە بێزمانی بوون و نەبوون*
*لەسەر تاشەبەرد و کانی و لوتکە بوون بەدەنگێک*
*مۆسیقای (کوردوستان)یان خستە لێدان*
*****
*هاتین هاتین لەو زەمەنەی با ڕەمزی دڵداری بوو*
*فەزا بە بوونی مەرگەوە عیشقی پەپوولەی دەکێشا*
*هەزاران شەو و شەوێک بوونە هێلکە*
*وێنەی بوونیان بۆ ڕێی مەرگەسات ڕەنگ دەکرد*
*مەلو دڵدار بە شەپۆلی گەردەلولەوە کەوتنە سەر کۆچ*
*خۆڵ و جەستە بوون بە کافرۆشی گەردوون*
*فەزا بە ئەتۆمی هەناسەوە تابلۆی مردنی دەکێشا*
*****
*هاتین لە سەفەرێک ئەفسانەی بوونمان شتەوە*
*سروشت بەتەنافی تەرمی باوە ئاواڵە بوو*
*دەسرازە و گەلای مەرگ نیشانە بوون*
*ئاسمانی بوون بەخوێن چڕان شەفەقی گرت*
*ڕۆح دۆژە تونێلی بوونی دەبڕی*
*لق و چڵی درەخت بە بانگەشە سەوز ببوون*
*بە گەلاوە دۆڵ و دەشت و کۆلانی شاریان پڕدەکرد*
*شۆڕشی نوێ بێشکەی کۆرپەڵەی ڕادەژەند*
*****
*هاتین، هاتین لەجێماوە و ڕەمز و نیشانەی بێ زمانی*
*تا زمانیک لەسرینەوە وەربگرین*
*تەن و مادە و ئاماژە و بوون خۆڵەمێش بوون*
*ڕۆژ و شەو و چرکە بە مەرگەسات گرێ دەدرا*
*خۆر لەسپێدە و ئاوابوونا تێکەڵ ببوو*
*زمانمان گەلای سەوزی یەکێتی بوو*
*حەرف وشەیش نیشتمانی کوردستان بوو*
*****
*هاتین، هاتین لەتونێلی هەزار شەوە*

بۆ زمانێک لە خۆڵەمێشی ئەو و ئەوانەوە
لەجێماوەی هەموو سەراب و وێنەیەک
لە کەژاوەی هەموو هەناسە و جەستەیەک
گەردەلولی مێژووی بوونمان لە تونێلەکانا بڕی
تا ڕۆمانی شیرە خۆرەی شیمیا باران لە چاپ بدەین
***
هاتین، هاتین لە ڕۆژگاری قفلە بوونا
زمەن بە گڕی ڕۆح ئەڵقە دەدراو!
تیشکی ئەتۆم جەستە و زمانی دەپۆشی
هەتاو لەژێر هەوری مەرگەوە دەردەکەوت
وڵات پۆپەشمینی ڕۆحبارانی لەخۆ دەگرت
هەمو تەن و مادە و بوونێک دەتوایەوە
ڕەگ و شوێنەوار و ناوونیشان
ڕوپۆی فەزا ببووە سنووری ناکاتە
چاو بەروانین کوێر دەبووەوە و
هەناسەیش لەژیانەوە دەکوژایەوە
دایک بەکۆرپە نامۆ بوو
کۆرپە بۆنی دایکی بە خەردەلەوە دەدیەوە
زمان لەبورکانی وشەی مەرگا بوو بە مێژوو
ڕەمزی ئەوان زەمەنی لە نازەمەنا نووسییەوە
***
هاتین هاتین لەو ڕۆژگارە ئەفسونییەوە
بۆ خۆڵە پەتانێی گزنک
پیتی ناومان بە توێخە پێ بەردی سەرە ڕێی مۆر دەکرد
ئێسک بە ژەنگی بزمارەوە ببووە بورجێکی ناوەختە
جەستە بە تیزابەوە یاقیق دەبوو
ژەنگە بزماری سەر ئێسک کوژاوەکانی نووسییەوە
هەزارەها تاشەبەردی ڕەنگە مێشک
ملوێنەها دەست و بەنجە و مۆرەغە و چاو
بە ئاپورای مەلی تراژیدیا زمانیان گرت:
ڕۆمانی بوون لەتاریکخانەی مەرگەوە بوو بە وێنە
بە درەختی مۆرەغەوە گەلای گزنگ لەچاپ درا

وێنەی پۆلێک پێشمەرگەی سیبریا بوون

***

هاتین هاتین لەدارستانی ڕۆحەوە زمانمان گرت
حەرف و وشە لەتوانەوە و مەرگەساتا نیشانە بوون
زمان لەمەرگەوە نوسرا:
زەریای وێنە ڕووخساری بەر تەلێکسی شۆڕیەوە
ساتەوەختێکی ناوەختە زەمەنی گۆڕی بەتەلێکس
قەسابخانەی کارەبایی جەستەمی گرت
کەلەبچەکەم بوو بە مقەستی مێژووبڕ
زەریای ڕوانینی کردەوە:
دەستم بەگۆچانەکەی مام جەلالەوە مۆمیا بوو
بەبانگەشە هەموو گوێیەکی پڕ دەکرد:
تێکۆشەران بۆ ڕزگاری گیان بەخت کەن.
چاوم لێ بوو وێنەی تۆفانی وەک جاران دەگرتەوە
لەقەندیلەوە بریسکەی دا
بە ڕۆحی هەزارەهاوە موتوربە بوو
بە دەشت و کێو و سارایا تووچەن کرا
بوو بە هەزارەها داری سێو و سیدرە و زەیتون

***

فەزا لە هەورێکی ئەفسانەیی بوو بە چیا
بوو بەدەشتێک لە تۆوی ڕوحی هەڵوەریو
پێشمەرگەی شاخ زمانی هەنگیان داهێنا
داستانی ئەلیازە و هۆمیرۆسیان دەنووسییەوە
پەتی سێدارەم پەلکە زێڕینەی زەمەنی گرت
گیانم بەقەندیلەوە مۆمیا بوو
ڕۆح و جەستە بەگڕی فرۆکە دەسووتان
ئەوە جەستەی شەهیدێک بوو
ئەوەیش هۆمیرۆسێکە لەنێو گوڕەپانی شارا
مێشکی بە زرێپۆشەوە ڕەنگ بووە

***

ئێرەو ئەوێ بوون بە مۆسیقای گەردوونی
ڕۆحم بوو بە موتوربەی هاوار و دەنگ



ڕوانین لە لوتکەی نەمرانەوە هەڵدەفڕی:
گوێم بە ئێزگەی دەنگی کوردستان سیواخ درا
هۆرە و بانگەشەی دواهەناسە فەزای پۆشی
جەللادەکان لە شەپۆلی گریە و ئەسرینا دەتوانەوە
پەتی سێدارەم بوو بە یاقیق و مرواری
لەگەڵ دوا ساتی جیڤارا ڕۆحم تەرییی مەرگ کرد
ئەوە غاندی و ماندێلا بوون سڵاویان کرد
تابوتەکەم بە خۆرێکی ناوەختەوە ڕەنگاڵە بوو
ئاوێنەی مەرگ پیت پیت نووسی
ئا س ۆ ی دە لا ک
***
ئەو ساتە بوو مێژوو گێژاوێکی لە پشتە مێژووەوە هێنا
هەناسەی با هەوری یەکێتی ڕەنگاڵە کرد
فۆتۆی تێزابی سەرجەستەم هەڵدەکفا و
بوون بە زەریای تاریکخانەی سەدان فیلمی گەردەلول
جامانەکەم پێشمەرگایەتی مۆرکرد و
ڕەنگو ڕوانین بوو بە چیایەکی سەوز
لەنێو فەزای ڕۆح چڕانا
خوێنی مێژوو ڕەنگاڵە بوو
لە ژێر تیزابی شۆڕشدا توایەوە و
لەگەڵ سەدان جەستەی تەریوی ڕێبەندان
وەک کەفی ڕۆح شورای ڕۆحبارانیان سازاند
بۆ یەکێتی نیشتیمانیی بوون بە هەور و
لەقەندیل و جافایەتی و خاکی توانەوە ڕۆحا
لە تۆ و بارانی شۆڕشەوە بوون بە مۆمدان
مۆمدان بوو بە گزنگێکی خۆکرد
بە ڕۆمانی وێنەییەوە جوگرافیای گرت
ئێرە و ئەوێ بوون بە تاریکخانەی وێنە
وێنەی من و هەزارەها گەلای بەربای
لەگزنگی نەخشەی بوونی نەتەوەیا شۆڕییەوە

* پێشتر بەشێکی ئەم شیعرە لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، پاشکۆی ئەدەب و هونەر، ژمارە ٧٥٨٠ لە ڕۆژی پێنج شەمە ٢٠١٨/٥/٢٦دا بڵاوبووەتەوە


# ڕۆشنبیریی گشتیی

- ***ئاراستە نوێیەکان لە هونەر و جوانیدا***

د. راوية عبدالمنعم عباس     و: سەرتیپ ئاغا واحد بەگ

بەشی یەکەم

# ئاراستە نوێیەکان لە هونەر و جوانیدا



نووسینی: د. راویة عبدالمنعم عباس
و. لە عەرەبییەوە: سەرتیپ ئاغا واحد بەگ

**تێڕوانینی جوانی لە لای دیکارت**

ئەگەر فێرگەی دیکارتی لە مۆرکە میتافیزیکییەکەیدا بە عەقڵگەرایی و بابەتگەرایی تایبەتمەند بووبێت، ئەوا ئەم مۆرکە سەبارەت بەو پرسە جوانییەی، کە فەیلەسوف لە ڕوانگەی ویژدانیی دەروونییدا بینیویەتی جیاواز و ڕێژەییە.

پێی وایە ئەزموونی جوانییەتیی لە مۆرکەکەیدا ڕێژەییە، سەیریش نییە ئەگەر لە تیۆرە تایبەتییەکەی جوانییدا بەر ئەم هەڵوێستە بکەوین، ڕەنگە ئەم ئاراستەیەش لە سەردەمی ئەودا باو بووبێت، بۆیە لێکۆڵینەوەکەی لە بارەی جوانییدا جیاواز بووە و مۆرکێکی خودگەرایی و ڕێژەگەرایی کراوەتەبەر.

دیکارت لە پەرتووکەکەیدا (پوختەیەک لە میوزیک)دا لە بارەی جوانییەوە هەواڵی هەڵوێستی جوانیناسیی کانت دەگەیەنێت، کاتێک چێژی لەسەر نموونەی خودی جوانی پێشکەش کردووە، لێرەدا ڕەها بە ڕێژەیی و خودیەتیی بابەتیی جیا دەکرێتەوە، بەم جۆرە دیکارت دەبینێت هەستکردن بەخودی جوانی دەوەستێتە سەر ڕێژەی بینەرانەوە لەوەی، کە گرنگی بە لێکۆڵینەوەی کەسایەتیی لە بەرزنرخاندنی جوانیی لە میانەی گرنگیدان بە بواری پێوەری هەست و سۆز و میزاجەکان لە گۆڕەپانی هونەرەکاندا ببەخشێ، وەک چۆن دەرگای ئاوەزی لە بەردەم فەلسەفەی نوێدا کردەوە و هەوڵیدا خولیای ڕۆمانسییەت لە هونەر و جوانکاریدا دابمەزرێنێت.

هەڵوێستی ڕێژەیی بۆ جوانی لە لای دیکارت:

تیۆری دیکارت لە «بواری میوزیکدا» کە لە پەرتووکوکەیدا پوختەیەک لە میوزیک دا باسی کردووە، پشت بە بەستنەوەی نێوانی ئاوەز و هەست دەبەستێت، پێی وایە مۆسیقا (musica) پشت بە باش بیستن دەبەستێت، کە لە زانستی میوزیکدا ئەو واتایە نادات و دەچێتە ژێرباری ڕێسا دیسپلینکراوە ئاوەزییە کارپێکراوەکانەوە، بەڵکوو باش بیستن، یان گوێگرتن لێی و هاوسەنگی گرنگیدانی چوونە ژێرباری پارچە میوزیکێک بۆ ڕێسای دیسپلینکراو، یان دروستە ئاوەزییەکان لە ڕووی یاسا و ڕیتمە میوزیکییەکانەوە دەبێت. لێرەدا ئەوەی بە ڕەها، واتە جوانی ڕەها ناونراوە بوونی نییە، چونکە ئەوەی دەشێت هەندێکمان سەرسام بکات، ناشێت ئەوانی دیکە سەرسام بکات.

ئەوەی لە دیدی هەندێکماندا جوانە، ڕەنگە لە دیدی ئەوانی دیکەوە بە ئاسایی، یان بە

ناشیرین خۆی بنوێنێت، بەم جۆرە دیکارت جەخت لەسەر ڕێژەیی بوونی دیاردەی جوانییەتی ڕەهابوونەکەی دەکات، وەک چۆن ئەفلاتوون بینیویەتی، ڕەتی دەکاتەوە، لەبەر ئەمەیە گرنگی بە پرسی هەست و چێژی تاکانەیی داوە، تا وەکوو زانینی بابەتەکانی جوانییمان بەشێوەیەکی ڕێژەیی بۆ بڕەخسێت.

ئاماژەیەک دەبینرێت، تاکوو ئەو ئاراستە ڕێژەییەی ئەم قۆناغەی پێ جیا دەبێتەوە و باسکاڵ گوزارشتی لێکردووە، وێڕای ئاماژە مۆرکە تاکانەییەکەی لە جوانکاریی و هونەردا، بەتایبەت لە بابەتی (بەشداریکردنی ویژدانیی)دا

بە جۆرێک بینیویەتی چێژی ویژەیی لە جۆرێکی بەشداریکردنی ویژدانییدا لەنێوان ئەدیب و چێژوەرگردا گەشە دەکات، کە سیفەتێکە لەگرنگترین سیفەتەکانی ئەو ویژە جیهانییەی پێی جیادەبێتەوە، کە ڕاستەخۆ و بەگشتی مرۆڤ دەدوێنێت، باسکاڵ گوزارشتی لە سۆسەیەک لە سۆسەکانی بەژمارە (٣٢٠) لەوەدا کردووە، بە جۆرێک، تێیدا ئاماژە بە بابەتی ڕێژەیی و میزاجی کەسیی لە پرسی هەڵسەنگاندنی کارە ویژەییەکان دەکات.

دیکارت لە خستنە ڕووی تیۆرییەکەیدا لە بواری جوانیدا پێی وایە سەرجەم هونەرەکان لە چێژی (ئاوەزیی و هەستیی)دا کورت دەبنەوە، کە ئەوەیش ڕوونادات، مەگەر هەستی گونجاو و گونجان لەنێوان توخمی هەستکردن و ئاوەزدا بەیەکەوە فەراهەم بین، پاشان پێویستە بابەتی جوانی لەگەڵ ئەندامی هەستکردندا کۆک بن، وەک چۆن ئاوەز لە هەمان چرکەدا پاسادان دەبێت، جا ئەوە چۆن ڕوودەدات؟

واتە چۆن چێژ وەرگرتنی ئاوەزیی، یان گوێگرتن لە جوانی لە ئەنجامی کۆکبوون و گونجانی هەردوو توخمی هەستکردن و ئاوەزدا بەیەکەوە ڕوودەدەن.

دیکارت لەوەدا و لە درێژەی ڕاڤەی بنچینە و ڕێساکانی، لە هێلکارییە گرنگەکەی «پوختەی میوزیک»دا، کە بە لاتینیی نووسیویەتی نموونە بەو هونەرە میوزیکییە دێنێتەوە، کە دیدوبۆچوونەکانی دەربارەی دەنگ و ئاوازە میوزیکییەکان و ڕیتم و جۆرەکانی دەگرێتەخۆ، وەک چۆن چەند بەشێکی لە هەندێک لە نامە و وتووێژەکانی لەگەڵ زاناکانی سەردەمی خۆی وەکوو بیکمان لە خۆگرتووە.

دیکارت لەو نووسراوەیدا پێی وایە ئەو دەنگەی، لە (خودی خۆیدا) بە سەرچاوەی جوانی و هونەر دەژمێردرێت دەشێت لە دۆخێکدا ببێتە هۆکاری ئازار و تەنگ پێهەڵچنینی گوێگرەکەی، ئەگەر بە ڕیتمێکی بەرز، یان شێواو ببیستێت، ئەوا ئەو چێژە هونەرییەی لێی چاوەڕێکراوە دەگۆڕێت بۆ پەشۆکان و ئازاری گوێ (خۆی لەو ئەندامی هەستکردنە دەنوێنێت، کە پێشوازی لە دەنگ دەکات)

نموونەی ئەم جۆرەی میوزیک، ئازار لە ئەندامی هەستکردن و پەشۆکان لە دەروونندا دەوروژێنێت، بچووکترین هەستکردن بە چێژوەرگرتن، یان خۆشی لە دەرووندا ناوروژێنێت.

دیکارت دەڵێت: نموونەی ئەم هەڵوێستە دەشێت لە دۆخی بیستنی ئەو دەنگە نزمەی خەریکە نابیسترێت ڕوو‌بدات (واتە بە ئەندامی هەستکردنی گوێ دەگات) کەچی لە دەرووندا هەستکردن بە چێژ، یان خۆشی لێوەرگرتن ناوروژێنێت، لەبەر ئەوەی گوێ پێی ئۆقرە ناگرێت و بیستنەکەیشی قبوڵ ناکات.

بەم جۆرە دیکارت لەم بابەتەدا ئاماژە بە دوو کاری گرنگ دەدات:

یەکەمیان: گرنگی هەستکردن، بەدوایدا گرنگی ئەندامی هەست، کە پێشوازیی لە کاریگەرییە دەنگییەکان، یان بینینییەکان دەکات.

دووەمیان: جەختکردنەوە لەسەر جۆرێکی کارامەیی. لە هەموو ئەو هەستانەی هەست بەجوانی هونەر دەکات، بەجۆرێک چێژ بەدی

نایەت، ئەگەر ئەم کارامەییە بەدی نەهێنرێت، لەم بارەوە (دیکارت) پێی وایە لە نموونەی هاوار ونزمی دەنگی میوزیک.

لە میانەی ئەم دوو گوزارشتەی، کە دیکارت ئاماژەی بۆ کردوون بۆمان ڕوون دەبێتەوە، کە هاوبەشیی پێکەوەیی ئاوەز و هەست چێژیی جوانییەتی بەدی دەهێنن، تەنیا چێژی ناوەوە (باطن) بەس نییە.

واتە چێژی هەستکردن، بەڵکوو هەستەکان هەردەبێت بەشداری لە جوغزی زانستیی سروشتەوە بکەن. بۆیە چێژ پەیوەست دەبێت بە هەستەکانەوە و لە دۆخی داماڵڕانیشی لەو چێژە دەروونییەی، کە خاوەن مۆرکێکی فسیۆلۆجی (ئەندام)ییە، لێرەدا پێویستە هەست و ئاوەز بە یەکەوە بەشداری بکەن، تاوەکوو هەستکردن بە

**ئەوەی لە دیدی هەندێکماندا جوانە، ڕەنگە لە دیدی ئەوانی دیکەوە بە ئاسایی، یان بە ناشیرین خۆی بنوێنێت**

چێژیی جوانییەتی بەدی دێت، خاڵی بوونی چێژی پەیوەست بە هەستەکانی هەستکردنی دەروون و شکۆکانییەوە، پەیوەست بوونیشی بەتێکڕای ئەوەی ئەندامییە، بەڵکوو ئەندازەکەی کەم دەکات و کارایی و کاریگەرییەکەی لەسەر مرۆڤ بەگشتیی پوچەڵ دەکات. بەو گوزارشتەی هەستکردن و هەستە، خۆ ئەگەر ئەوە بە تەواوەتی ڕاست بێت، ئەوە کارەکەی بە شتێکی ماتریاڵی ڕووت چووە، کە لە جیهانی سروشتییەوە دەردەچێت و دەچێتەوە ژێر باری کاریگەییەکانی تێبینی و ئەزموونەوە، بۆیە هەستکردنی باڵای مرۆڤ، کە لە میانەیدا چێژی جوانییەتی بەدی دێت بە شێوەیەکی ڕێژەیی و کەسیی ون دەبێت.

چێژی جوانیی، وەک دیکارت دەیبینێت، ناوەندێکە لەنێوان دوو لایەن.

یەکەمیان: تێپەڕاندنە لە وروژاندنی هەستکردندا. دووەمیان: کەمتەرخەمییە لە وروژاندنیدا، لە هەردوو دۆخەکەشدا ڕێگری لە هێنانە دی هاوسەنگی و گونجان لە نێوان ئەندامی هەستکردن و نێوانی ئاوەزی مرۆڤدا دەکات، کە ئەوەیش داخوازی سەرەکییە لە لای فەیلەسوف بۆ هێنانە دی جوانی، بە جۆرێک چێژ بەبێ بوونی ئەو ڕوونادات. وێڕای گرنگیی بەشداریکردنی ئاوەز و هەست لە هێنانە ئارای چێژی جوانییەتیی، فەیلەسوف ئاماژە بە گرنگی پرسی وابەستەیی و هاوسۆزیی ویژدانیی لە لایەک و لەیەک نەچوون لە بڕیارەکانی جوانیدا لەلایەکی دیکەوە دەکات، ئەویش پرسێکە باسکاڵ لە فەلسەفەی جوانیناسییەکەیدا ئاماژەی بۆ کردووە.

بۆ نموونە، ئەو واتایە دەدات، کە بڕیارمان لەسەر منداڵەکانمان بەشتێکی پەسەند ناودەبرێت، جا هەرچەندە بە ئاستی ناشیرینییش بگەن، وەک چۆن گوێبیست بوونمان بۆ دەنگێکی نزیک، یاخود ناسراو ئەوا لە دەروونماندا ڕازیبوون و گونجان دەوروژێت پاشان بڕیاری جوانی بەسەردا دەدەین. بە پێچەوانەی ئەوەیشەوە تێڕوانینمان بۆ کەسێک وامان لێ دەکات بڕیاری جوانی بە سەردا نەدەین، جا هەرچەندە بە هەستکردن و دڵگیریی بگات ئەم هەڵوێستە بە ڕوونی ئاراستەی ڕێژەیی زاڵ بەسەر بڕیارەکانی جوانیی فەلسەفەی دیکارت-ەوە دەردەکەوێت، لەبەر ئەوەی پشت بەستنەکەی بەسەر بڕیاری خودە جیاوازەکانەوە بە شێوەیەک لە شێوەکان پەیوەستە بە کەسییەوە. بەم شێوەیە دەبینین هەڵوێستی دیکارت-ی ئیستاتیکی لە بەستنەوەی نێوانی هەردوو لایەنی هەستیی و ئاوەزەوە قەتیس دەبێتەوە. لەبەر گرنگی بەیەکەوە بوونیان لە هێنانە ئارای چێژی ڕاستەقینەیی جوانی.

بابەتی بەشداربوونی ئاوەز لەگەڵ هەستەکاندا

لە هێنانەکایەی هەستکردن بە چێژیی جوانیی لەگەڵ هەڵوێستی دیکارتدا لەپرسی یەکگرتنی نێوانی دەروون و جەستەدا کۆکن، کە بە دووانەیی ناسراوە و تێیدا هەڵچوونەکان بە دۆخی بەرهەم هاتووی یەکگرتنی نێوانی بنەڕەتی دەروون و جەستەدا دەبینرێن، بەو پێیەی هەڵچوون و سۆز خۆی لە لایەنی هەستکردنی لایەنەکانی چێژیی جوانییدا لەلای دیکارتەوە دەنوێنن، هەستەکانیش لە لایەکی دیکەوە بەشێکی دانەبڕاون لەو لاشەیەی بە هەڵچوون و سۆزەکانەوە کاریگەردەبن. ئەوا یەکگرتنی نێوانییان پتەو و کاریگەرییان ئاڵوگۆڕ دەبێت، هەر ئەمەیشە هانی داوە هەردووکیان بە هاوبەشی پێکهێنانی هەستکردنی جوانییە دڵگیرییەکان لێک بدانەوە.

دیکارت لە بنەماکاندا دەڵێت: (ئێمە تەنیا دوو هزرمان هەیە، ئەوانیش پەی پێبردنی هزر و کرداری ویستە) وەک چۆن لە بڕگەی ژمارە (٦٣) لە بنەماکاندا گوزارشتی لەم دووانەییە کردووە و دەڵێت: (چۆن بیرە جیاوازەکان لەبارەی فراوانییەوە و بیرۆکەکە بەدەست بهێنین، بەجۆرێک یەکەمیان سروشتی جەستەیە و دووەمیش سروشتی دەروونە) ئەم بڕگەیەیش وتەکەی دیکارت بە دووانەیی ڕاڤە دەکات و بواریش بۆ هەردوو هێزە سەرەکییەکەی مرۆڤ، کە هێزی هەستکردن و ئاوەزە، کە هەردووکیشیان بڕیاری جوانیی و هەڵسەنگاندنی هونەریی دادەمەزرێنن.

دوای ئەوەی تیۆری دیکارت-مان لە بابەتی جوانیی خستەڕوو، هەڵوێستەکەیشمان لە بڕیاردانی جوانیی و هەڵسەنگاندنی هونەریی ڕوونکردەوە، وەک هەردووکیشیانی بۆ کۆبوونەوەی توخمی هەستکردن و ئاوەز بەیەکەوە گەڕاندەوە، بەو بڕوایەی بە بەهای دووانەیی و گرنگییەکەی لە پێکهێنانی کرداری مرۆڤدا، بۆ هەڵوێستێکی دیکەی گرنگ دەگەڕێینەوە کە پەیوەست بەو ڕۆڵە دەبێت لە هەردوو بەهای جوانیی و ڕاستیدا، هەروەها پەیوەندی نێوانیشیان دەبیێت.

### لە نێوان بەهای ڕەهای ڕاستیی و هەست کردنی ڕێژەیی جوانیدا:

لە ئەنجامی هەندێک بۆچوون، بەم ناوونیشانەدا: دەربارەی ڕاڤەی تیۆری جوانی لە لای (دیکارت)ەوە ئەم باسە دەخەینە ڕوو. لەو نێوانەدا دەگوترێت فەیلەسوف لە نێوان پاسادانی بەهای ڕەهای ڕاستیی و جوانیدا وا وێناکراوە، کە وەک ئەوەی ڕاستیی بێت، پێویستە جوانیش بێت. فەلسەفەی دیکارت ئاماژەی بەوە کردووە، کە ڕاستەقینە، ڕەها و باڵایە و بەهای ڕاستیی ڕاستەقینەییە و گەڕانەوەی بۆ نییە، بێ لایەنیی و ڕێژەییشی تێیدا نییە، تەنیا پەیوەستە بە ئاوەزەوە، هەر لەویشەوە هەڵدەقوڵێت، هیچ پەیوەندییەکی بە ماتریاڵ، یاخود هەستپێکراوەکان و خەیاڵ پڵاوی، یان ساختەییەوە نییە، بۆیە لێرەدا ڕاستەقینە لەگەڵ جوانیدا ناگونجێت.

دیکارت تیۆرییەکەی لە بواری جوانیدا پێشکەش کرد، کە لەسەر کۆبوونەوەی نێوانی هەستەکان و ئاوەزەوە دامەزراوە، بەو گوزارشتەی ئەو دوو لایەنە دووانەییەیە، هەست کردن بە چێژی جوانیی بۆ مرۆڤ بەدی دەهێنێت، لە کاتێکدا ڕاستەقینە، لە میتافیزیکییایەکەیدا و لە بیرێکی ئەبستراکتی بە ئاگادا، هزرێکی ئەبستراکتە بە هزر. کەواتە لەگەڵ ئەو جوانییەیدا، چۆن نێوانی هەردوو توخمی ئاوەز و هەست کۆ دەکاتەوە دەیگونجێنێت؟ لەکاتێکدا ڕاستەقینە بە درەوشاوەیی و ڕوونی جیاوازەوە، نە هەست، نە هەڵچوون خەوشی ناکات، هەستەکانی جوانییەتیی لەبەر هەستە خودییە ڕێژەییەکانی نێوان تاکەکان بوار بۆ هێزی ئاوەز دەڕەخسێنێت، جیاوازییەکی زۆر لەنێوان خودی هزری ئەبستراکتدا هەیە، ئەوی دیکە پشت بە هەستەکان دەبەستێت، کە سەرچاوەی گۆڕان و شاراوەییە و جیاوازیی نێوان ئاشکرایی و ڕوونییە، نێوان پەنهانیی و شاراوەییە. واتە نێوان ملکەچبوونی ڕەهایە بۆ بڕیارەکانی بیر و نێوان دۆخێک، لەگەڵ هەستەکانی، کە بەشداریی تێدا دەکەن و بوار

بۆ ئاماژەکانی دەروون و ئارەزووەکانی دەرەخسێنن.

بەم جۆرە فراوانیی کەندەڵانی نێوان ئەوەی ڕەهایە، یاخود بابەتییە، واتە ئەوەی گشتیی و هەمەکییە بۆمان دەردەکەوێت، بۆچوونەکان جیاواز نابن، لەنێوان ئەوەی ڕێژەییە، یان خودیی ئەبستراکتە، یاخود بەشەکییە، بۆچوونەکان تێیدا بەو چوونە ناوەوەی هۆکارەکانی فسیۆلۆجی و سایکۆلۆجییەوە جیاواز دەبن، بەم پێیەش بڕیاری جوانیی هەڵسەنگاندنیی و ڕێژەیی، دەبێت جیاواز بێت بە جیاوازی کەسەکان، ئەگەر بۆ یەک کەسیش بێت، بەپێی ئەو دۆخە دەروونیی و کۆمەڵایەتییەی دەوریداوە و کاریگەریی بەسەرەوە هەیە، لە کاتێکدا بیریی (ڕاستی)

**ئەوی چێژ لە دەنگی میوزیک وەردەگرێت، بە بینینی پەیکەرێکی جوان، یان وێنەیەکی جوان، دڵخۆش دەبێت**

وەک بەهایەکی ڕەها و باڵا و ڕوون و درەوشاوەی گشت بیرەکان بەبێ جیاوازیی دەمێنێتەوە و هیچ ناکۆکیشی لەبارەوە نییە.

دیکارت دەڵێت: (چۆن دەشێت هەست، هەڵچوون، ئارەزووەکانمان بەڕوونی بزانین، کەچی زۆرجار لە بڕیاردانمان بەسەرییانەوە هەڵە دەکەین، وەک چۆن لە بڕگەیەکی دیکەدا، پێویستیی جیاکردنەوەی نێوان ئەوەی دەشێت هەڵەی تێیدا بکەین و ئەوەی دەشێت بە ڕوونی و درەشاوەیی بیزانین، جیابکرێنەوە، ڕوونکردووەتەوە.

هەر لەم چوارچێوەیەدا دەڵێت : (پێویستە لەم شتانەدا، جیاوازیی نێوان ئەوەی دەشێت هەڵەی تێدا بکەین، نێوان ئەوەی لە ڕوونیدا دەیزانین جیا بکرێنەوە) لە دەقێکی دیکەدا هەڵەی هەستکردن و هەست ڕوون دەکاتەوە و دەڵێت: (زۆرجار، ئێمە هەڵە دەکەین، چونکە بڕیارمان لەسەر دراوە و هەست بە ئازاری هەندێک بەشی لاشەمان بکەین) وەک چۆن ئاماژە بەپرسی هەڵەکانی ویست دەکات، کە چۆن خۆی بەسەرچاوەی سەرەکیی هەڵە دەنوێنێت و دەڵێت: (جوغزی ویست فراوانترە لەبیر، هەر لەبەر ئەوەی سەرچاوەی هەڵەکانمانە) لەدوای ئەم بۆچوونەدا دیکارت، کە لە (بنەماکان)ەوە باسی کردووە بەخستنە ڕووی بۆچوونی لە (تیرامانەکان)دا بە جۆرێک دەڵێت: (لەتێکڕای ئەمانەدا بۆم ڕوون بووەتەوە، ئەو هەڵەیەی من تێی دەکەوم، نە لەخودی ئەو ویستەی، کە خودا پێی بەخشیوم، کە زۆر فراوان و تەواوە لە جۆرەکەیدا، نە لە هێزی ئاوەز، یان تێڕوانینەوە گەشەی نەکردووە، چونکە نەمتوانیوە تێڕوانینم بۆ هیچ شتێک هەبێت، تەنیا بە یارمەتی ئەم هێزەوە نەبێت، کە خودا پێیبەخشیوم، بۆ ئەم مەبەستەیش، هەموو ئەوەی من تێڕوانینم بۆی هەیە و وەک پێویستیش لێی دەڕوانم، ناکرێت گومڕا ببم، یاخود فێڵم لێ بکرێت. کەواتە گەشەی هەڵەکردن لای من چییە؟ کە گەشە دەکات.

جوغزی ویست لە تێگەیشتنەوە فراوانترە و بە بەندییەتیی لە سنوورەکەیدا نایهێڵمەوە، بەڵکوو بەسەر ئەو شتانەدا ڕایدەخەم، کە تێگەیشتنم دەوری نادات، بەوپێیەی ویست بە جۆرێکە بایەخی پێنادات، بۆیە ئاسانترە گومڕا ببێت، هەڵە لە جیاتی ڕاستیی، شەڕانگێزی لە باتی چاکە هەڵببژێرێت، بۆ ئەوەی بمخاتە هەڵە کردن، یاخود تاوانەوە. ئەگەر هەندێک بۆچوون پێیان وابێت جوانی لە لای دیکارت بریتییە لە ڕاستیی، هەندێکی دیکە ئەزموونی جوانیی وادەبینن گوزارشتێکە، پەیوەندیی بە ئەزموونی خودی جوانیی، لە ئەزموونەکانی هونەرە فرە لایەنە شێوەکارییەکانەوە نابێت. بەومانایەی ئەزموونێکی کردارییە و لە بینینی شێوە ڕواڵەتی ـ ڕووکەشیی ـ دا تێناپەڕێت، واتە ئەزموونێکە لە خۆیدا ڕوودەدات.

ئەم بۆچوونەش بە هەوڵی دیکارت و بە هێنانە ناوەوەی پرس و هەستەکان و ڕوونکردنەوەی کارایییەکەی لە ئەزموونی جوانییەتییدا ڕەتکراوەتەوە، بەشێوەیەک واتای گرنگی پێدانێکی زۆر بە داتاکانی ئەم ئەزموونە لە سەر دەروونی مرۆڤایەتییدا دەدات، ئەوەی دەربارەی دەنگی میوزیکی بەرز، یان نزم باسی کردووە بە واتای ئەزموونە کردارییە هونەرییەکەی، کە بە گوێگرتنی میوزیک دێت، وەک چۆن هەوڵەکەی دیدێکە بۆ میوزیک و لێکۆڵینەوەی لە هێلکارییەکەیدا (پوختەیەک لە میوزیکدا) ڕەنگدانەوەیەکمان بەمەودای تێگەیشتنی لەم زانست و هونەرەدا پێ دەبەخشێت، هەوڵی لێکۆڵینەوەی ڕێسا و مەرجەکانییەتی لە پێناو دامەزراندنی تیۆری جوانیی (لە هونەری گوێگرتنی میوزیک) و بەهای جوانییەتیی بۆ دەنگێکی دروست، یان ئاوازێکی جوان.

دیکارت لە نووسراوە بچووکەکەیدا، بۆ ڕوونکردنەوەی کاریگەریی میوزیک (دەنگ) لەسەر گوێ (ئەندامی هەست) هەوڵی بەستنەوەی نێوان ئاوەز و هەستی داوە.

یەکەمیان: بنچینەی فەلسەفە تەواوبووەکەیەتی، دووەمیان: ئامرازی گەیاندنە بەو جیهانە هەستییەی، کە فەیلەسوف وازی لێ هێناوە، کاتێک لە نووسینێدا دەربارەی دڵنیایی و جێگیربوون دەستی پێکردووە. لەگەڵ ئەوەیشدا بۆی گەڕایەوە و شکۆیەکەشی لە جیهانی هونەردا، یان جیهانی میوزیکدا بۆ گەڕاندەوە، ئەندامی هەستکردنی وەک پردێکی گرنگ بۆ گواستنەوەی دەنگە میوزیکییەکان لە پلە هێمنییەکەیدا، یان بەهێزییەکەیدا بۆ هەستەکانی مرۆڤ باسکردووە، پاشان ئاوەز بە هاوکاری لەگەڵ هەستدا ئامادە دەبێت بۆ دەرکردنی بڕیارێکی هاوبەش بە پەسەندکردن، یاخود پەسەند نەکردن.

لێرەدا مەبەستمان خستنەڕووی تیۆری میوزیکی دیکارت نییە، هێندەی پێویستمان بە دەرخستنی گرنگیی بابەتێکە، کە پشت بەستنەکەی ئەندامەکانی هەستە لە بینینی جوانییدا، ئەمەیش هانی ئەو بیروباوەڕە بۆ حەزێکی وێنەی جوانیی دەدات، یاخود وێنە جوانەکان و دیمەنگەلێکی دیکە، کە چاو ئۆقرەی پێ دەگرێت، ئەوی چێژ لە دەنگی میوزیک وەردەگرێت، بە بینینی پەیکەرێکی جوان، یان وێنەیەکی جوان، دڵخۆش دەبێت. بەم جۆرە لەلای دیکارت مەشخەڵەکانی ئەزموونی هونەریی تەواو دەبن، کەواتە پێویست ناکات، بۆ نموونە فەیلەسوف گرنگیی بە جوانی، یان میوزیکێک، یان شاعیرێک، وێنەکێشێک بدات، تاوەکوو هەست بە ئەزموونی جوانییەتیی بکات.

واتە بە بەهێزییەکەی لەسەر خۆی، کە ڕاستەقینەییەکە ژیانی ئەزموونی خودییەتیی لە هونەردا بریتییە لە ژیانێکی دڵگیر و وچان کیش بۆ کۆکردنەوەی واتاکانی خود و ئەو هەستە ناسکانەی لەنێو کاری شێوەکاریی داهێنەرانەییدا جێگیر دەبێت، بەڵام ئەوە هێشتە واتای بەستنەوەیەکی پتەو نییە، لە نێوان ڕاستییەتیی و هەست کردنی هونەریی و لەخۆگرتنی شارەزایی هونەریی لە مومارەسەکردنی زانستییانە و واقیعی بووندا لە بواری هونەر و جوانییەکاندا. مێژوونووسان باسی ژیانی فەیلەسوفانییان کردووە، کە هۆگری شیعر و شاعیرەکان بوونە، وەک چۆن گرنگییان بە هونەری نواندن داوە و بۆ شاژنە کریستین نواندنێکی شیعریی گۆرانیی نووسیوە، بە پلەیەکی زۆر سەرسامی فسیۆلۆجی و بیرکاریی بووە، لەتیۆرەکەیدا گوزارشتی لێ کردوون و گرنگیی پێداون.

لە ڕاستیدا دیکارت بەو سیفەتەی فەیلەسوفێکی ئاوەزیانەییە، پێشینەی گەورەی گرنگیدانەکانی بەپرسە ئاوەزییەکانەوە بووە، خاوەنی کۆجیتۆیە بەناوبانگەکەیە (من بیردەکەمەوە، کەواتە من هەم) لەمیانەیدا جەختی لەبوونی ئەو وشیارییەی، کە بەڵگەی بوونی خودە، کردووەتەوە، وێڕای ئەم بەڵگەیە لەسەری، لەگەڵێشیدا هەستکردنی بەخۆی

سەلماندووە، لەمەدا دەقگەلێکی زۆر و بڵاوی لە نووسراوەکانیدا هەیە، کە ئاماژەن بۆ هەستکردن بە بوونی خود، کە یەکەم بەڵگەیە لەسەر بوونی خۆی، ئەگەر تێڕوانینی مرۆڤ ئەوە بێت، کە ببڕای ببڕ جەستەی نییە، ئەو چرکەساتەی هەست بە خودەکەیی و ساتە تایبەتەکەی بە بیرکردنەوە لەبیر ناکات.

بەم شێوەیە لەلای دیکارت-ەوە ئاماژە بە ڕێڕەوی عەقڵانییەت دەکرێت، کە تەنیا خۆی لە عەقڵانییەتیی ئەبستراکت نانوێنێت؟ هێماگەرییە، چونکە لەنێوەوەیدا هەستکردن بەبوونی خودێک هەڵدەگرێت، کاتێکیش هەستی جوانیی دیکارت ئاراستەی گرت و لەنێوان ڕەنگی هونەرەکاندا میوزیکی هەڵبژارد، ئەو بەوەدا باڵاترین و بەرزترین ڕەنگی

**دیکارت لە خستنە ڕووی تیۆرییەکەیدا لە بواری جوانیدا پێی وایە سەرجەم هونەرەکان لە چێژی ئاوەزیی و هەستییدا کورت دەبنەوە، کە ئەوەیش ڕوونادات**

هەڵبژاردووە، کە زیاتر ئەبستراکتە، ئەمەیش لەگەڵ لۆژیکی فێرگەکەیدا یەک دەگرێتەوە، وەک چۆن بەهەستی بیستنەوە، بە ڕایەڵێکی پتەو نێوانییانی بەستووەتەوە، ئەمەی دواییان لە دەرچوونی دەروون، لە هەستکردندا بە جووڵەی دەنگی ژیان خۆی لە دەوریدا دەنوێنێت. هەستی جوانی لە لای دیکارت بە گوزارشتکردن لە فێرگە ئاوەزییەکەیەوە هاتووە، کە بەڵگەدارە بە یەکێتیی ئاوەز و هەست لە شارەزایی دروستی جوانییدا.


دێڕە لاتینییەکانی، کە ئەزموونی خۆی لەگەڵ دەنگ و پلە و ئاواز و ڕیتمەکانیان دەربڕیوە و گەواهی ئەوە دەدەن، کە تیۆرییەکەی لەمیوزیکدا ڕاڤە بکات. وەک ئەوەی لە نزیکەوە ببێتە هونەرمەندێکی میوزیک.

دوای ئەوەی هزری جوانیی دیکارت-مان خستەڕوو، ئایا نابینین کاتێک لە داهێنانی هونەریی مرۆڤ دەکۆڵینەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە تا چەند ئەرکی توێژینەوەی هونەری جوانیی پێسپێردراوە، کە هەوڵی گەیشتنە بە زانینی هۆکارەکانی ڕوودانی چێژیی جوانیی و هۆکارەکانی چێژ وەرگرتنی جوانیی، یان دوورکەوتنەوەیە لە گوێ گرتنی دەنگەکان، تێکەڵ بوونی توخمی ئاوەز و هەستە لە ڕوودانی خۆشیی جوانییدا، ئایا ئەم گرنگی پێدانانەی، لە لێکۆڵینەوەکەیدا لەبارەی میوزیک و ڕوانینی بۆ جوانیی تیۆریی و چێژی هونەریی، ئاماژەیە بە ئەندازەی ئاراستە پراکتیکییەکەی؟

لەهەردوو پەیوەندییەکانیاندا، بە هەمان مرۆڤ لە لای دیکارت-ەوە، هەروەها وەک دامەزرێنەری ئەکادیمیای لوقییەکان دەربارەی هەستە میوزیکییەکان دەدوێت؟ ڕیتمەکانی کردووەتە بەهایەکی ڕەوشتیی و وا وێنای دەکات هەردووکیان کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆیان لەسەر دەروونی مرۆڤایەتیدا هەیە؟ بۆیە دیکارت وروژان و خۆشەویستیی خۆی بۆ ئەو ڕیتمانە، کە هەستەکان، یان وروژاندنیان بەتوندوتیژیی وەک ڕیتمە سادەکان، نەک ئاڵۆزەکان دەربڕی، کە هێمن و مامناوەندەکان نابزوێنێت، هەروەک پێی وایە پێویستە ڕێژە سادەکان، لە ماوەی ئاوازەکانەوە بەکاربێت، ڕەتی ئەو سکاڵایەشی کردووەتەوە کە ئەفلاتون پێشتر ڕایگەیاندبوو، کە هەڵگری هەماهەنگ نەبوونی ئەو مەقامە میوزیکییانە بووە، کە مۆسیقارە هاوچەرخەکانی لە شێوازەکانی کوانترابسییەکاندا بەکارییان دەهێنا، دیکارت لەگەڵ فێرگەی کۆندا لە مل کەچ کردنی هەستەکانی ئاوەزەوە هەڵی دەکرد، تاوەکوو هەستی بیستن، دەروون گومڕا نەکات، یان ئاوەز بە بەلەسەی ئەندێشە گەندەڵ نەکات.

# دیدار

# خالید هەرکی



لەلووتکە سەرکەشەکەی مەسیف سەرهەڵدێنێت و بە بنارەکانیدا شۆڕدەبێتەوە، بە بیروباوەڕێکی چەپی نەتەوەییانە خۆی لەکونجی بەندیخانەدا دەبینێتەوە.

بەندیخانە، نەک هەر نایڕووخێنێ، بەڵکو هێزی ئـەوەی دەداتـێ جارێکی دی بەسەر لووتکەی شاخەکاندا هەڵگەڕێ و ئاوڕ لەهیچ نەداتەوە

# خالید هەرکی:

## بۆ یەکەم جار لە بەغدا کتێبی (هکذا تکلم زرادشت)ی نیچە-م کڕی و خوێندمەوە



ژیانی هەریەک لە ئێمە چیرۆکێکی دوور و درێژە، زۆر جار ئەو چیرۆکانە نانووسرێنەوە، لەگەڵ خاوەنەکانی دەخرێنە ژێر گڵ.

بۆیە زۆر گرنگە ئاوڕ لە هەموو ئەوانە بدەینەوە، کە ڕۆژگارێک لە پێناو ئەو خاک و نیشتمانەدا هەوراز و نشێوی زۆریان دیوە.

تا لاپەڕەکانی ژیانیشیان هەڵنەدەینەوە نازانین لە ناخیاندا چ کۆستێک و چ ئازارێکیان حەشار داوە، کە زانینیان بۆ هەموومان گرنگن، گرنگ بەو مانایە نا، کە تەنیا چێژی لێ وەربگرین، گرنگ بەومانەی تێبگەین ئێمە لە کوێوە هاتووین، بە کوێدا ڕۆیشتووین، ئێستەش لە کوێ ئەوە دونیا پان و بەرینەین.

ئازارەکانی خالید هەرکی، کە هەر لە منداڵییەوە لە گەڵیاندا گەورە بووە، نەک هەر بۆ خۆی، بۆ ئێمەش ناخ هەژێنن.

ئەوەی ئێمە لێرەدا خستوومانەتە ڕوو چەند گۆشەیەکی ژیانی خالید هەرکی-ن، ئەگەرنا دەبێت چەند هێندەی بدوێنن بۆ ئەوەی ئاشنای وردەکارییەکانی ژیانی بین.

**دیداری/ سمکۆ عەبدولکەریم**

**- لە ڕابردوودا هەرکی-یەکان کەمتر نیشتەجێ بوونە، بەڵکو هەمیشە بۆ لەوەڕاندنی مەڕومالآت لە کوێستانەکان ڕەشمالیان هەڵداوە، بە پێچەوانەوە ئێوە لە زووەوە، هەم نیشتەجێ بوونە، هەمیش لە ناوچەیەک بوونە، بە مەملەکاتی هەرکی-یان نەناسراوە، ئەمە چۆنە؟**

+ باوکم بەر لەوەی ژن بێنێت لەمەسیف ژیاوە، ئەوکاتە مەسیف تەنیا بریتی بووە لە لووتکە چیایەک، وەک دەگێڕنەوە خێرەومەندێک کووپەیەکی ئاوی خێرات لەسەر ڕێگەی ئەو لوتکە چیایە، لە نزیک مەزارێک داناوە، کە بە مەزاری، یان گۆرستانی شێخ پیرمام ناوبراوە، بۆ ئەوەی ئەو ڕێبوارانەی، کە بە کەروبار لە خۆشناوەتییەوە بەرەو دەشتی هەولێر دەهاتن و دەگەڕانەوە، بە مەبەستی ئاڵوگۆڕکردنی بەرهەمی ترێ، هەنار و میوەجات، بە گەنم و جۆی دەشتی هەولێر، قەراج، کەندیناوە و بەڕانەتی، ئاوی لێ بخۆنەوە، چونکە ئەو شوێنە زۆر هیشک بووە و هیچ ئاوی لێ نەبووە، ئێستە ئەو جێگایە بووەتە شێخی پیرمام، یان مەزاری پیرمام، دواجار چیاکەش هەر بەناوی ئەو کەسە ناونرا چیای پیرمام.

دیارە پێشتر بەهۆی ئەوەی، کە چەند ڕووداوێکی ڕێگریی کردن ڕوویان داوە بڕیار دراوە چادرێکی پۆلیس، بۆ پاسەوانیی ڕێگەکە دابنێن، لەو شوێنەی، کە ئێستە ترافیک لایەتە.

کاتێکیش مەلیکی عێراق لە سییەکانی سەدەی ڕابردوو سەردانی ئەو ناوچەیە دەکات، لەو بەرزاییە دادەبەزێت و شوێنەکەی زۆر پێ دڵگیر و خۆش دەبێت، داوا لە موتەسەریفی ئەوکات دەکات، کە سالح زەکی بووە، خانوێکی بۆ لەو جێیە دروست بکەن، کە تا ئەوکاتە هیچ ئاوەدانییەک لەم شوێنە نەبووە، ئەمیش بە فەرمی ناوی سەلاحەدینی لێ دەنێت، کە ناوی کوڕێکی خۆی بووە.

ئیدی لەوکاتەوە لە نامە فەرمییەکان و دیوانی فەرمانگەکانی حکوومی ناوی سەلاحەدین جێگیر دەبێت، کاتێکیش دەبێتە شوێنێکی گەشتیاریی، ناوەکەی دەبێتە (مەسیف سەلاحەدین) ئەم ناوەش بۆ خەڵکی ئەوێ درێژ دەبێت، بەو هۆیەوە تەنیا پێشناوەکە بەکار دێنن و دەبێتە مەسیف.

دوای ڕووخانی ڕژێمی پاشایەتی ئەم کۆشکە

> "من لە سەرەتادا لەبەر ئەوەی موعاناتی خۆم دەنووسییەوە، بۆیە زووتر دەستم بە نووسین کردوە"


دەکرێتە ئوتێل سەلاحەدین و دەبێتە موڵکی بەڕێوەبەرایەتی گشتیی گەشتوگوزار و سەرچاوەی ئاوەدانیی و بوژانەوەی ناوچەکە. لەدوای ڕاپەڕین-یش دەبێتە بارەگای مەکتەب سیاسیی پارتی، ئەم بینایە یەکەم بینا بووە، کە لە مەسیف دروستکرا.

دوای خانووی مەلیک، تەها هاشمی، ئەویش خانوویەک لەوێ دروست دەکات، کە تا ئێستەش خەڵکی ڕەسەنی مەسیف پێی دەڵێن قەسری تەها. عەبدول ئیلا-ش قەسرەکی بۆ لەوێ دروست کرا، کە لە شەستەکان حکوومەت دایە کەریم ئاغای باوکی جەمیل ئاغا، ئێستەش خانەوادەی ئەوانی تێدان. دواتر قەسری تەها هاشمی کرایە سەربازگە. واتە لە سەرەتادا، لە مەسیفی هەر ئەو سێ قەسرە هەبوون، قەسری مەلیکی، قەسری وەسی، قەسری تەها پاشای. دواتر ژمارەیەک خانوو دروستکران، کە ئێمە پێمان دەگوتن سی و پێنج قەسرەکە، چونکە سی و پێنج خانوو بوون، هەر یەک لەو قەسرانەش ژمارەیەکیان هەبوو، وەک دەیانگوت خانووی ژمارە هەشت، ئەوەیان ئەو خانووە بوو، کە ئێمە زستانان دەچووینە ناوی و لێ دەژیاین، هاوینانیش هەر لە بەرانبەر ئەو خانووەدا باوکم کەپرێکی دروست دەکرد و تا پایز تیایدا دەماینەوە، منیش لە پایزی ١٩٥٤ لەو خانووە گەشتیارییەی مەسیف، کە پێیان دەگوتن ناو قەسران (قەسری هەشت) لە دایک بوومە.

ئەوانەی وەک کرێکار کاریان لە دروست کردنی ئەو ئوتێلەدا کرد، زۆربەیان خەڵکی ئاژگە، گەلیاوە و کۆڕێ بوونە. باوکم یەکێک بووە لەو کرێکارانە، کە لە گوندی ئاژگەی دەژیا و لەوێ نیشتەجێ بووە، چونکە ڕەوەندی نەکردووە، بەڵام باوکی، واتە باپیرەم ڕەوەند بووە، بە باپیرمەوە شەش برا بووینە، زۆر هەژار بووینە، باخوباخات و مەڕومالاتیان نەبووە، تاکوو کوێستان و گەرمیان بکەن، بۆیە هەر لە ئاژگەی ماونەتەوە.

هەر لەوێش ئاشنای دایکم دەبێت بە ناوی (فەیرۆز ئیبراهیم) کە سەر بە هۆزی مزوورییەکانی گوندی پێندرۆیە (مزووری باڵا) کە ئەودەم بە هۆی شۆڕشی بارزان و ڕووخانی کۆماری کوردستان لە مەهاباد ئاوارەی ئەوێ بووینە. ئیدی باوکم

**"لە پایزی ساڵی ١٩٥٤ لەو خانووە گەشتیارییەی مەسیف، کە پێیان دەگوتن ناو قەسران (قەسری هەشت) لە دایک بوومە"**



دوای ئەوەی دایکم دەخوازێت، لە سەرەتای ساڵی چلەکان ١٩٤٢-١٩٤٣ ماڵیشی بە یەکجاری دەهێنێتە مەسیفی، لە کەپرێک نیشتەجێ دەبن.

**- چی ئەو سەردەمەی منداڵیت بیرە، بیرتە چۆن چوویتە بەر خوێندن؟**

+ قوتابخانەی سەرەتاییم، لە مەسیف تەواو کردووە، چونکە لە پەنجاکان، بۆ یەکەم جار قوتابخانە لە مەسیف کرایەوە، لەو جێیەی، کە ئێستە بینای کۆڕەکە، پێشتر پێیان دەگوت قەسری ژمارە چوار، یەکەم جار قوتابخانە لەوێ کرایەوە، کە وابزانم ساڵی ١٩٥٤ یا ١٩٥٦ بوو، برا گەورەکەم و خوشکیشم لەوێ خوێندیان، بەڵام من لەو بینایەم نەخوێند، قوتابخانەکەش ناوی سەلاحەدین بوو، دواتر ناوەکەی گۆڕدرا. ساڵی ١٩٦٠ - ١٩٦١ من بۆ یەکەم جار چوومە

قوتابخانە.

**– بیرتە، ئەو مامۆستایانە کێ بوون، کە دەرسیان پێ گوتوی؟**

+ مامۆستایەکمان هەبوو ناوی حوسێن حاجی قادر بوو، کە یەک هەفتە بەر لە ئێستە کۆچی دوایی کرد، لەوکاتەوە نەم دیبوو، تا چەند ساڵێک پێش ئێستە ڕۆژێک لە تازیەیێک دانیشتبووم، یەکێک لە تەنیشتم بوو، منیش هەر چاوم دایێ و گوتم جەنابت مامۆستا حوسێن نیت، گوتی با، گوتم لە مەسیف نەبووی، گوتی ئەوە ئێستایە لەمەسیف بووم، لەشەستەکان لەوێ بووم.

دوای تەواوکردنی خوێندنی سەرەتاییم، خوێندنی ناوەندیی لە مەسیف نەبوو، بۆیە هەر مامۆستای سەرەتایی لەنێو مەسیف وانەی ناوەندیشیان پێ دەگوتین، دواتر بڕیار درا قوتابخانەی ناوەندیش بکرێتەوە. ڕەحلەمان نەبوو، لەسەر زەوی دادەنیشین، هەرکەسە و نویندەرێکی لە ماڵێ لەگەڵ خۆی دەبرد و لەسەری دادەنیشتین.

مامۆستایەکی دیکەمان هەبوو، قەت لە بیری ناکەم، قەرەنی ئەسوەد، مامۆستای جوگرافیا بوو، ئەو یەکەم مامۆستای ناوەندیی بوو گواسترایەوە و هاتە مەسیف.

**– ئەی بۆ خوێندنی ئامادەیی چیت کرد، چۆن درێژەت بە خوێندن دا؟**

ساڵی ١٩٧١ بوو، ئامادەیی لە مەسیف نەبوو، توانای دارایشمان ئەوە نەبوو، بتوانم بێم لە هەولێر بخوێنم و خانوو بەکرێ بگرم. بەدوای ئەوەدا دەگەڕام بچەمە شوێنێک بەشی ناوخۆیی هەبێت. لە هەولێر ئامادەیی کشتوکاڵ هەبوو، ویستم بچمە ئەوێ، بەڵام وەرنەگیرام، بۆیە لە پیشەسازی سلێمانی ناوم تۆمارکرد، لەوێ وەرگیرام، بەڵام لەبەر ئەوەی بەشی ناوخۆییان پێ نەدام، نەمتوانی بمێنمەوە، ئیدی بە نائومێدی گەڕامەوە، بەڵام دواتر دوای ئەوەی هەندێک خوێندکار لە ئامادەیی کشتوکاڵی هەولێر وازیان لە خوێندن هێنابوو، ئەوە وایکرد من لەوێ وەربگیرێم، ساڵێک لەهەولێر خوێندمان، بۆ ساڵی دووەم و سێیەم لە کەلەک خوێندمان، دوای ئەوەی ئامادەیی کشتوکاڵ گوسترایەوە دەرەوەی هەولێر.

ساڵی ١٩٧٤ی بەسەردا هات، کە دوا ساڵی خوێندنم بوو، بەهۆی تێکچوونی ڕێککەوتننامەی ئازار نەماتوانی تاقیکردنەوەی کۆتایی ساڵ بکەین. ئەوەبوو چووینە دەرەوە، ماڵەوەشمان هەر هەموویان چوونە دەرەوە، کە چوومە دەرەوە تەمەنم بیست ساڵ بوو، لەوێ حەماسی پێشمەرگەیاتی و کوردایەتی زۆر بوو، باوکم و براکانم هەموویان پێشمەرگە بوون، منیش لە هێزی باڵەک ناوی خۆم نووسی و بوومە پێشمەرگە. دواتر لەوێ گوتیان ئەوەی لە قۆناغی کۆتایی ئامادەیی کشتوکاڵ-ە بێتە دەرەوە، ئێمە چوار پێنج خوێندکار بووین. ڕەوانەی پێنجوین کراین، بۆ ئەوەی لەوێ تاقیکردنەوەمان پێ بکەن، کە بە هەمان شێوەش تاقیکردنەوەکانی زانکۆش لە قەلادزێ بوو.

**ــ چۆن و بە چ شێوەیەک گەیشتنە پێنجوین؟**

+ چووینە مەهاباد، دواتر سنە، پاشان چووینە بۆکان و سەقز، لەوێشڕا چووینە پێنجوێن و تاقیکردنەوەمان کرد، بەڵام من ئیکمال بووم، بۆ خولی دووەم لەناوپردان تاقیکردنەوەیان پێ کردین. لەکاتی تاقیکردنەوەدا فڕۆکەی بەعس هات و ناوچەکەی بۆردمان کرد، کەس نەبووە برای کەس، بەڵام سەرئەنجام تاقیکردنەوەکە هەژمار کرا و من دەرچووم.

**“ شەهید جەمیل پێشبینییەکانی زۆر ورد بوون، لە هەڵسەنگاندن و شیکارییەکاندا، کەسێکی زیرەک بوو ”**



هاوینی ساڵی ١٩٧٤ – پێنجووین

دوایی ڕێککەوتننامەی جەزایەر ئیمزا کرا و شۆڕش تێکچوو، ئاوارەی ئێران بووین، دواتر گەڕاینەوە و چووینەوە مەسیف. ئەوکاتەی هاتینەوە نزیکەی مانگێک مابوو بۆ تاقیکردنەوە، ئەوەبوو ناوی خۆم نووسی و جارێکی دی بەشداری تاقیکردنەوەم کرد و دەرچووم، سەرئەنجام بوومە خاوەنی بڕوانامەی ئامادەیی کشتوکاڵ.

**– دوایی دامەزرایت، یان درێژەت بە خوێندن دا؟**

+ ئەوکاتە تەنیا لە کۆلێژی کارگێری و بەڕێوەبردن، بەشی هەرەوەزی کشتوکاڵ، کە دەبووە جێگری ئەندازیاریی هەبوو، داواکاریم پێشکەشی ئەوێ کرد، بەڵام وەرنەگیرام، ویستم بچمە پەیمانگەی کشتوکاڵی، لەویش وەرنەگیرام ڕۆژێکیان هۆشەنگی سەید ئەحمەد، برازای شێخ زەیتۆی (عزەددین سەید تەها نەهری) و نەوەی سەید تەهای نەهری، کە ئەوکات لای حکومەتی بەعس پێگەیەکی بەهێزی هەبوو، جگە لەوەی سەرۆکی خوێندکارانی نیشتمانیی عێراق بوو لقی کوردستان (سەربە حزبی بەعس) هاتە لای باوکم.

ئەمانە نەوەی سەید تەهای نەهری، نەوەی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری، شەمزینی بوون، کە لە کاتی جەنگی یەکەمی جیهانیی، سەید تەها و ژمارەیەک لە شوێنکەوتووانی ڕوو لە باشووری کوردستان دەکەن، سەید تەها موجامەلەی ئینگلیز دەکات، ئەوکاتیش ئینگلیز لە کوردستان و عێراق باڵا دەست بوو، بۆیە بۆ بەهێز کردنی پێگەی خۆیان لە بیستەکان سەید تەهایان کردە قایمقامی ڕواندز.

ئەو بنەماڵەیە لەگەڵ هەرکییەکان تێکەڵاوییان هەبوو، هەرکییەکانیش بەهۆی پێگەی ئایینیانەوە ڕیزیان لێ دەگرتن. هۆشەنگی-ش لەم ڕوانگەوە خۆی لە ئێمە نزیک دەکردەوە، بۆیە کاتێک پرسیاری خوێندنی لێکردم، داوای لێ کردم بڕوانامەکەم ئامادە بکەم و بچمە بەغدا، بۆ لای. گوتی: ئێمە کورسیی تایبەتیمان هەیە دەتوانین وەرت بگرین. منیش زۆر دڵم بەوە خۆش بوو، ئەوە یەکەم جار بوو دوای گەڕانەوەمان لە ئاوارەیی هێندە دڵم خۆش بێت.

> گوتم من ماوەی بیست ڕۆژ زیاترە لێرەم، هەر ئێستە، لەوکاتەی لای ئێوە زیندانیم، لە هەمان کاتیشدا دایک و باوکیشم لەلایەن ڕژێم لەسەر من گیراون و لە بەغدا لە بەندیخانە دان

**– جا چوویت، لە زانکۆ وەرگیرایت؟**

+ مانگی ٧ی ساڵی ١٩٧٥ چوومە بەغدا، یەکەم جارم بوو بەغدا ببینم، لە ئوتێلێک دابەزیم، ئێوارەکەی پیاسەیەکی نێو بازاڕم کرد و سەردانی کتێبخانەکانم کرد، بۆ یەکەم جار لە بەغدا کتێبی (هكذا تكلم زرادشت)ی نیچە-م کڕی و خوێندمەوە، لە ئوتێل بووم کاتێک دوو کەس سەردانیان کردم، دیاربوو هۆشەنگ ئەوانی ناردبوو، بۆ ئەوەی هاوکاریم بکەن لە وەرگیرانم لە زانکۆ، کە هاتنە ژوورەوە یەکسەر چاویان بە کتێبەکەی کەوت، کە لەسەر مێزەکەم دانابوو، یەکێکیان گوتی: ئەو کتێبە هی تۆیە، منیش گوتم نا ئەوە هی ئەو کوڕەیە، کە لەگەڵ منە لەژوورەکەیە، ئیدی زۆری لەسەر نەڕۆیشتن.

یەکسەر چوونە سەر بابەتەکە و گوتیان تۆ دەچیتە نێو زانکۆ ژیانێکی نوێ دەست پێ دەکەیت. وەرگرتنی تۆ لە زانکۆ مینحەیەکە لە شێخ هۆشەنگەوە، کە شێخیش بەهۆی حزبی بەعسەوە داویەتیە تۆ، تۆش دەبێت ئەوەت لەچاودا هەبێت، منیش گوتم زۆر سوپاسی دەکەم، بەڵام ئەو ئەرکەی لەسەر منە چییە؟ گوتیان دەبێت پەیوەندیت هەبێت لەگەڵ برادەرانی ئیتحاد وەتەنی تەلەبەی عێراق، هاوکاری یەکدی بین، منیش گوتم من هاوکاری هەموو کەسێک دەکەم، گوتیان، نەخێر دەبێت پەیوەندی ڕەسمیت هەبێت، ببیتە ئەندام، منیش گوتم: بەڵام من ئیشی حزبی ناکەم، گوتیان ئاخر نابێت چۆن دەبێت؟ گوتم ئێمە لە سیاسەت شکستمان هێناوە و بڕیارم داوە جارێکی دی توخنی سیاسەت نەکەوم، من بۆ خوێندن هاتوومە، ئیدی زۆر پێداگریان کرد، منیش هەر گوتم نەخێر، من شتی واناکەم، ئیدی بەم شێوەیە بە جێیان هێشتم.

ڕۆژی پاشتر چوومە لای شێخ هۆشەنگ، بۆ ئەوەی خوداحافیزی لێ بکەم، سڵاوم لێی کرد، سەری بڵند کرد و وەڵامی نەدامەوە، منیش گوتم: یا شێخ من وا دەڕۆمەوە، خودا حافیزیم لێ کرد. گوتی ئەوە چیت بەو نەفەرانە گوتبوو، کە هاتبوونە لات، گوتم وەڵا هیچم پێ نەگوتوون، ئەوان گوتیان دەبێت ئیشی سیاسەت بکەیت، بەخۆشت دەزانی ئێمە شکستمان هێناوە و جارێکی دی ئەو

کارانە ناکەین. گوتی بۆ شەرمت بەخۆیە، گوتم: یا شێخ مەسەلە شەرم نییە، بەڵام هەر نامەوێت دەستی بۆ بەرم، وەڵا چەکمەجەکەی ڕاکێشا و فایلەکەی دەرهێنا و گوتی برۆ، ئیدی وەرینەگرتم و بە خەمساردی گەڕامەوە.

من خوێندنەکەم هەر لەمێشک دابوو، تا ئەوکاتەی لەساڵی ١٩٧٧ لەگەڵ برادەرێک، بە ناوی یاسین عوسمان مامەڵەمان کرد، کە بچین لە فەرەنسا بخوێنین، بەڵام بە هۆی ئاشکرا بوونی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە نەکرا و دواتر منیش دەستگیر کرام.

**- تۆ بەر لەوەی ببیتە پێشمەرگە، لە لایەن پارتییەوە گیرایت و خرایتە بەندیخانە، ئەمە چۆن بوو؟**

لە بەهاری ساڵی ١٩٨٢ لە مەسیف-یش وەک شارەکانی دیکەی کوردستان خۆپیشاندان دەستی پێکرد، بەڵام من بەر لە خۆپیشاندانەکانی مەسیف ناچارکرام ڕوو لە شاخ بکەم، بەڵام هەر لەگەڵ دەرچوونم، ڕژێم هەر زوو دایک و باوکمیان دەستگیر کرد، ئەوەش وەک بارمتە، بۆ ئەوەی هاوسەر و کۆرپە تازە لە دایک بووەکەم خۆیان ڕادەست بکەن، بەڵام باوکم ڕازی نابێت، خێزانەکەم خۆی بە دەستەوە بدات.

دایکم و باوکم ماوەی چەند ڕۆژێک لە ئەمنی هەولێر دەمێننەوە دواتر ڕەوانەی زیندانی فەزیلیەی بەغدایان دەکەن، کاتێک هەواڵی گرتنی ئەوانیان پێدام زۆر ئازارم چێشت، جارێ ئەوان لە هاتووچۆی ڕێگەی ئەبوغرێب نەهەساونەتەوە ئەم جارەیان خۆیان زیندانی کران. باوکم لەوێ تووشی نەخۆشی دڵ دەبێت، بۆیە دوای ئازاد بوونی هەر بەو نەخۆشییەوە سەر دەنێتەوە.

من کە بە ڕێگاوە بووم بۆ ئەوەی پەیوەندیی بە ریزەکانی پێشمەرگەی (ی.ن.ک)ەوە بکەم، دوو لە ئامۆزاکانم لەودیو ئێران گیرسابوونەوە، منیش خۆم و ئامۆزایەکم و کوڕە پوورێکم لە باشووری کوردستان مابووینەوە، وابوو لەسەر سنوور بە یەک بگەین و پەیوەندی بە پێشمەرگەکانی یەکێتی-یەوە بکەین، ماوەیەک بە نهێنی لە ناوچەکانی سیدەکان بووم. کاتێک گەیشمە نێو خزمان لە ناوچەی برادۆست، بە کەسێکدا هەواڵم بۆ ئامۆزاکانم نارد، کە بێن بیانبینم، پێشم گوتبوون ئاگادار بن کەس نەزانێت من لەم ناوچەیەم، ئەوان یەک دوو ڕۆژ دواکەوتن.

ڕۆژێک مەفرەزەیەکی (پ. ئەحمەد شریقە ) کە فەرماندەکەی مەفرەزەکە بوو، گەیشتنە سەرمان و دەستگیریان کردم و بردمیانە زێوەی. من پێم وابێت هەر کە لە دەشتی هەریرەرەوە بەڕێ کەوتبووم، پارتی ئاگادار کراوەتەوە و خەبەرم لێ درابوو. ئەو ماوەیەی لەوێ زیندانیی بووم، خزم و دۆستان زۆر هەوڵیان دابوو ئازاد بکرێم، بەڵام بێ ئەنجام بوو. تەنانەت کوڕێکیش، کە لە حەفتاکان لە ئەبوغرێب بە یەکەوە زیندانیی بووین، ئەو لەسەر پارتی گیرا بوو، دیارە لەوکاتدا هەرچەندە من پێیم نەزانی بوو، بەڵام کە دەزانێت من گیراوم، زۆر هەوڵ دەدا تا ئازادم بکات، بەڵام پێی نەکرا بوو، ئەو کوڕە ناوی کەمال ئامێدی بوو، ئەوکات گوتیان لە (م.س)ی پارتی نووسەری چاپە، لەوکاتەشەوە ئەو کەسم نەمبینیوە. لە هەمووی ناخۆشتر ئەوە بوو، لەوکاتەدا دایکم و باوکم لە زیندانەکانی بەعس دابوون لە بەغدا، منیش لە زیندانی پارتی لە زێوە.

**- چی سەربردەیەکی ئەو ڕۆژانەی، ئەو بەندخانەیەت لە بیرە و بیرت نەچۆتەوە؟**

+ پیس و پۆخلی ژوورەکانی زیندان، یەکێکە لەو شتانەی زۆرجار بە بیرم دێتەوە، کە زۆر

> **"ڕەحلەمان نەبوو، لەسەر زەوی دادەنیشین، هەرکەسە و نویندەرێکی لە ماڵێ لەگەڵ خۆی دەبرد و لەسەری دادەنیشتین"**



**خالید هەرکی دوای ٢٠ ساڵ سەردانی ئەو بەندیخانەیە دەکات، کە تێیدا بەند کرابوو**

قێزەوەن بوو، ئەسپێ و کێچ، ئەوەندە زۆر بوون، بە هەموو شوێنکماندا هەڵدەگەڕان. شەوانە لە جیاتی سەیرکردنی تەلەفزیۆن، کە نەمانبوو، برادەران شووشەیەکی بەتاڵی دۆشاوی تەماتە-یان لە ناوەڕاستی ژوورەکە دادەنا، ئێمەش لە دەوری دادەنیشتین و ڕاوە ئەسپێمان دەکرد، ئەسپێمان لە جلەکانمان دەردەهێنا و دەمانکردە نێو ئەو شووشەیەوە، جاری وا هەبوو نیوچارەگی شوشەکە دەبوە ئەسپێی بەستەزمان، ئەسپێکان نەیاندەتوانی بە شووشەکەدا هەڵگەڕێن، بۆیە بەسەر یەکدا دەکەوتن، تا بەیانی لە کاتی سەرئاودا، کە بە نۆرە یەک یەک دەریان دەکردین، یەکێک لەگەڵ خۆی دەیبرد و دەیکردە نێو کونی ئاودەستەکەوە.

ڕۆژێک لەنێو بەندیخانەکەدا بووە غەڵبە غەڵب و قەڵەباڵغی، یەکێک لە زیندانییەکان گوتی ئەوە حاکم تێلی-یە هاتووەتە ژوورەوە. منیش گوتم: حاکم تێلی کێیە؟ گوتی: حاکمی دادگای ئێرەیە، کە ئێمە دادگایی دەکات، دوای چەند ڕۆژێک، بەهەر شێوەیەک بێت بردمیانە لای، گوتی: ها چیت دەوێت؟ گوتم: کاک تێلی من ماوەی بیست ڕۆژ زیاترە لێرەم، هەر ئێستە، لەوکاتەی لای ئێوە زیندانیم، لە هەمان کاتیشدا دایک و باوکیشم لەلایەن ڕژێم لەسەر من گیراون و لە بەغدا لە بەندیخانە دان. تکات لێ دەکەم دادگاییم بکەن، ئەگەر هیچم لەسەرە سزام بدەن، ئەگینا بۆچی بەبێ تاوان لەو بەندیخانەیەدا بم؟ سەیرێکی نێوچەوانی کردم، گوتی: ناڤێتە چییە؟ گوتم: خالید عومەر میکائیل. گوتی: خالید هەرکی تووی؟ گوتم: بەڵێ. ڕووی وەرگێڕاو لە دواوە بە دەست وەکو ئاماژەێک بە وەی بڵێ برۆ، گوتی: (هەما توو ل ڤێرێ بە) ئەمەی گوت و لێیدا ڕۆیشت، کە پاسەوانەکە گوێی لەمە بوو مشتێکی لە پشتی ملم دا و منی دایە پێش خۆی بەرەو ژوورەکەم.


**- ماوەی چەند لەو بەندیخانەیدا مایتەوە، دواتر چۆن ئازاد کرایت؟**

+ دوای مانەوەی نزیکەی مانگێک و بیست ڕۆژ لە بەندیخانە، تەواو بێ هیوا بووم لەوەی بە ئاسانی ئازاد بکرێم، بۆیە پلانی ڕاکردنم دانا، ڕۆژی ١٩٨٢/٧/٢٦ لەگەڵ برادەرێک بە ناوی سابیر، کە ئەویش لەو بەندیخانەیەدا زیندانیی کرابوو، ڕێککەوتوین، کە ئەم شەوە پلانەکە جێبەجێ بکەین، هەرچەندە ئەو برادەرەم لە وردەکاریی پلانەکە ئاگادار نەکربووەوە، چونکە گەیشتنە دەرەوەی بەندیخانەکە ئەرکی من بوو، ئەرکی ئەو برادەرەش تەنیا ئەوە بوو، ئەگەر گەیشتینە دەرەوە ئەو ڕێنمایم بکات، چونکە ئەو شارەزای ناوچەکە بوو.

پلانەکەم سەری گرت و لە پەنجەرەی ژوورەکەوە، کە ڕۆژانی پێشوو تەواو ئامادەم کردبوو، لەگەڵ سابیر خۆمان دەرباز کرد، کە ئاودیو بووین، لە سووچی قاوشەکە، بەرپرسی پاسەوانەکان ڕووبەڕووی من دەهات، هیچ مەجالێکم نەما بۆ خۆدەرباز کردن و ڕاکردن، تاتە بەردێکم لە نزیک بوو، چوومە سەر تاتە بەردەکە و دەستم کرد بە نوێژکردن، ئەویش بەلامدا تێپەڕی، بێ ئەوەی هەست بە هیچ بکات، لێم ڕەت بوو، تا منی لێ دیار نەما.

دوای ٢٤ ساڵ کاتێک سەردانی هەمان ئەو شوێنە و بەندیخانەیەم کردەوە، بینیم ئەو تاتە بەردەی ئەوکاتی نوێژم لەسەر کردووە، قەپاغی بیری ئاودەست بووە.

وەختایەک دەنگی ڕاکردنێک هاتە گوێم، کە سەیری دواوەم کرد سابیرە و ڕادەکا و یەکێکیش بە تفەنگەوە بە دوامانەوەیە، ئیدی دەستمان بە ڕاکردن کرد، دوای تەقەکردنێکی زۆر لێمان توانیمان دەربازمان بێت. دواتر چوومە نێو دیموکرات، ئەوانیش منیان گەیاندە زەڵێ و ئیدی



**هۆڵ و بەندیخانەکەی زێوە**

**"من زووتر، حەز و خولیای نووسینم هەبوو، نەمدەزانی چۆن دەریان ببرم لە شەستەکانەوە، ڕۆژانە چیم بکردبایە و بمدیبایە دەمنووسینەوە، جاری وا هەبوو لە پەخشان دەچوو"**

بوومەوە پێشمەرگە.

**_ خولیای خوێندنەوەت لە چییەوە سەرچاوەی گرت، چۆن هاتیتە نێو دونیای ڕۆشنبیریی، ئایا ئەوە بەهۆی سیاسەتەوە بوو، لە کاتێکدا ئەودەم ئەوانەی لە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە کاریان دەکرد دەبووایە گرنگیی بە خۆ ڕۆشنبیرکردن بدەن؟**

+ من زووتر، حەز و خولیای نووسینم هەبوو، نەمدەزانی چۆن دەریان ببڕم لە شەستەکانەوە، ڕۆژانە چیم بکردبایە و بمدیبایە دەمنووسینەوە، جاری وا هەبوو لە پەخشان دەچوو، تا ساڵی ١٩٧٤ ئەو خولیایەم هەر هەبوو، من ناڵێم حەزم لە کاسبی نەبووە، بەڵام خوێندنەوە و ڕاگەیاندن و نووسین و ئەو شتانە بەسەرمدا زاڵبوون، بۆ نموونە هەر لە ڕێگەی خوێندنەوە تووشی ڕێکخستن و داوی کوردایەتی بووم. کە دواجار بووە ڕێچکەی ژیانم.

**– کەوا بێت یەکەم نووسینت چی بوو، لە کوێ بڵاوت کردەوە؟**

+ یەکەم نووسینم، کە بڵاوکرابێتەوە، لە ڕۆژنامەی برایەتی بوو لە ١٩٧٤/١/٨ لەسەر ژیانی کاوێس ئاغا، دەکرێ بڵێم من زیاتر دەمنووسی لەوەی بخوێنمەوە، چونکە موعاناتم زۆر بوو.

**_ دەکرێ بزانین ئەو موعاناتانەت چی بوون، ئەگەر پێشت خۆش نییە دەکرێ باسییان نەکەیت؟**

+ ئەو موعاناتەی کە هەمبوو. من لە مەسیف خۆمان بەیەک چین دەزانی، بەڵام هەمیشە دەیانگوت، ئەوە هەرکی-یە ئەوە سۆرانی-یە، ئەوە زۆر ئازاری دەدام، وای لێهات لە ناوەخۆشمان زۆرجار پێیان دەگوتم، خۆ ئەگەر بنووسین خالید هەرکی زویر نابیت، یانی ئاوا لە هەرکی گەیشتینە و ئاوا لێیان دەڕوانین، ئەو شتانە زۆر ئازاریان دەدام، بۆمن شتێکی زۆر ناخۆش بوو، لە خوێندنگەش ئەو شتە هەبوو، لە ژیانی ڕۆژانە و لە ژیانی حزبایەتی، لەساڵی ١٩٨٤ لە بەرچی پێشمەرگەیاتیم بەجێ هێشت؟

**– پێدەچێت تۆ هەر لە منداڵییەوە کەسێک بوویت، تێکەڵ بە بواری ڕۆشنبیریی و هونەر بوویت، وایە؟**

+ من ئەوکاتەش کە لە ئامادەیی کشتوکاڵ بووم بەشداری کاری هونەریم کردووە، بەتایبەتی کاتێک، ئەو خوێندکارانەی خوێندنیان تەواو دەکرد ئاهەنگیان بۆ دەگێڕان. لە یەکێک لەو ئاهەنگانە شانۆگەرییەک بوو، کە من ڕۆڵی پێشمەرگەم تێدا بینیی، ئەوکاتە کەڵەک هەر تەنیا چەندماڵێک بوون، گوندیش تەواو نەبوو، لەو چۆڵەوانییەی ئەوکاتی کەڵەک ئاهەنگ دەگێڕدرا و شانۆگەریی پێشکەش دەکرا.

لە ئاهەنگێکی دیکەدا شانۆگەرییەکمان هەبوو، دەبووایە یەکێک ڕۆڵی ژن ببینێت، لەبەر ئەوەش، کە خوێندنگەکەمان هەر تەنیا کوڕ بوون، کەس نەبوو ڕۆڵی ژن ببینێت، خەریک بوو شانۆگەرییەکەمان شکستی دەهێنا. من پێم لە شەرمی خۆم ناو گوتم من ئەو ڕۆڵە دەبینم، کاتێک لەسەر شانۆ بووم جلی ژنانەم لەبەردا بوو، ئێمەش بۆ بەشداری ئاهەنگەکە داوەتی خەڵکانێکی زۆرمان کردبوو، جگە لە خوێندکارەکان، کەسوکاریشیان هاتبوون، وێڕای خانەوادەی مامۆستاکان، کە لەوێ دەژیان، لەوکاتەی لەسەر شانۆ بووم، چەند ژنێک لە پێشەوە دانیشتبوون، گوێم لێیان بوو، هەر مشتومڕیان بوو لەسەر من، دواجار یەکێک گوتی: کچێ بە خوای پیاوە، ئەی ڕۆ،



ژمارە (٣)
برایەتی
لاپەرە (٨)

رۆژ ژمێری برایەتی

کورتە باسێک لەسەر ژیانی هونەرمەندی نەمری کوردستان:

## کاوێس ئاغا

کاوێس کوڕی جەمیل بووە لە خێلی هەرکی لەتیرەی « ناوی » یەکانە ، لە ساڵی ١٨٧٥ی زاینیدا لەدایک بووە ، لە گوندی « زیارەت » نزیک بە هاوینە هەواری سەلاحەددین .

کاوێس ، ئاغا نەبووە ، بەڵکو گۆرانیبەکانی وای کردووە کە پێی بڵێن « کاوێس ئاغا » ، بەڵکو ئەم هونەرمەندە گەورەیە ، لەخێزانێکی هەژارو چەوساوە بووە ، هەر لەمنداڵییەوە ، شەیدای لاوکو بەستەی کوردی بووە ، دەگێرنەوە گوایە هەر کارەساتێک لەکوردستاندا رووی بدایە ، بەگۆرانی هەستی خۆی بەرامبەری دەر دەبڕی ، وەک لاوکی – شێخ مەحمود – وە لاوکی – گەنج خلیل – کە یەکەمیان دەربارەی شۆڕشەکانی شێخی نەمرەو دووەمیان باسی شۆڕشگێڕێکی کوردستانی تورکیا دەکات .

ئەوەی شایەنی باسە ، ئەم هونەرمەندە زوربەی ژیانی بە کۆچەری بەسەر بردووە ، بەتایبەتی لەناوچەکانی سەلاحەددین و شەقڵاوە .. ئەوەی لەپاش ئەم هونەرمەندە جێماوە ، چەند قەوانێکی تۆمارکراوە ..

لە ساڵی ١٩٣٥دا هونەرمەندی گەورەی کوردستانی « کاوێس ئاغا » لەکاتی سەردانێک بۆ گوندی « هەرشەم » کۆچی دوایی کردووەو هەر لەوێشدا نێژراوە .

خالید عومەر هەرکی

لەگلێنەی چاوەکانمەوە

– گێنە –

وا بە یارمەتی دڵسۆزانی پارتیمان شۆڕشێک بەرپابوو لە مێژووی ڕۆژنامەگەری کوردیدا .. برایەتی بوو بەڕۆژانە ، بەڵام ئەم – برایەتی – بە پێویستە ڕۆژانە بێ بە میوانی هەموو کوردێکی ڕۆشنبیر .. زۆربەی خوێندەوارانمان ، لە مامۆستاکانەوە بگرە تا لاوەکانمان ئێستاش زۆر بە کەمی ڕۆژنامە ئەخوێننەوە ، یا ڕۆژنامە کوردیەکان هەر ناخوێننەوە .. قورئان بە

**یەکەم بابەتی بڵاوکراوەی ساڵی ١٩٧٤ لە ڕۆژنامەی برایەتی**



**بەشداریکردنی لە شانۆگەریی ئازادیی لە ئامادەیی کشتوکاڵ لە کەڵەک ساڵی ١٩٧٣**

خۆ دەرپێشی لەبەرە، پێکەنین گرتمی، خەریک بوو لەسەر شانۆکە ڕاکەم، بەڵام بۆ ئەوەی ئەو حاڵەتە تێپەڕێنم پشتم تێکردن.

**- ئەی دواتر چیت نووسی و خۆت لە چ بوارێکی نووسیندا دۆزییەوە؟**

+ من لە شەستەکان و حەفتاکان، کورتە چیرۆکی جوانم دەنووسی، دەکرێ بڵێم بە کورتە چیرۆک دەستم بەنووسین کرد، قەت کەیفم بەشیعر نەهاتووە، هەرچەندە سەرەتا پەخشانم دەنووسی، بەڵام دواتر کردمە کورتە چیرۆک، ناوەڕۆکەکانیشیان هەمان ئەو موعاناتانە بوون کە پێشتر باسم کرد.

من هەر لەمنداڵیمەوە پێیان دەگوتم هەرکی، بە ماڵی باوکمیان دەگوت، ماڵی عومەر هەرکی، ئێستەش ئەوە هەر ماوە، بەڵام لە لای من نەماوە، چونکە ئەقڵم فراوانتر بووە، من ئەوکات بەرانبەر ئەو شتانە پەرچە کردارم هەبوو، ئێستە ئەوەم نەماوە. بۆ نموونە ئەوکات چۆن ئەوان خۆیان لێم دووردەخستەوە، منیش بەهەما شێوە خۆم دوور دەگرت.

کاک سمکۆ، لێت ناشارمەوە، ئەو بابەتە هێندە ئازاری دام، وای کرد واز لە چیرۆک نووسین بێنم، کە بە شێوەزاری سۆرانیی دەمنووسی، من تا ساڵی هەشتاکانیش چیرۆکم دەنووسی، بەڵام بڵاوم نەدەکردنەوە، هەر نووسیومەو هەڵمگرتووە.

**- ئێستەش ئەو چیرۆکانەت هەر بڵاونەکردنەوە؟**

+ لە ساڵی ١٩٨٠ دابوونمە نزار خەیلانی، بۆ ئەوەی پێیاندا بچێتەوە، وابزانم دابوومە ئازاد جوندیان-یش، بەڵام وەکو نوسین لە ساڵی ٢٠٠٢ بڵاوم کردنەوە.

**- باسی ئەوەت کرد، کە بەر لە خوێندنەوەی چڕ، دەستت بە نووسین کردووە، تۆ لەو سەردەمە زیاتر چیت دەخوێندەوە؟**

+ کەس ناتوانێت بەبێ خوێندنەوە بنووسێت، من لە سەرەتادا لەبەر ئەوەی موعاناتی خۆم دەنووسییەوە، بۆیە زووتر دەستم بە نووسین کردوە، ئەگەرنا زۆرم خوێندووەتەوە، ئەوکات چیرۆکم زۆر دەخوێندەوە بە کوردیی و عەرەبیی، وەک بەرهەمەکانی ئیسحان عەبدولقدوس، وەرگێڕانەکانی عەزیز نەسین و ژانی گەل.

**- تۆ جگە لە کاری سیاسیی دواجار خووت داوەتە کاری ڕۆشنبیریی و وەرگێڕان، دەکرێ بزانین وەرگێڕان لای تۆ چییە؟**

+ وەرگێڕان لای من زۆر شتە، ئەمانەتە، سەلیقەیە، توانایە، لەهەمان کاتیشدا، زۆر بە پیرۆزی دەزانم، بۆیە دەبێت لەگەڵی بەدەست نوێژ بین.

**- وەرگێڕان، چەند شێوازێکی هەیە، بەتایبەتی وەرگێڕانی مانا، یان وشە بە وشە، تۆ کامەیان پەیڕەو دەکەیت؟**

+ وەرگێڕانی ئەکادیمی دەبێ وشە بە وشە بێت، دەقاو دەق، بەڵام وەرگێڕانی ڕۆمان دەتوانی بە ماناوە وەری بگێڕی، بەڵام من لەبەر ئەوەی زیاتر کتێبیی مێژوویی تەرجوومە دەکەم، ناچارم پێڕەوی لە هەردوو جۆر بکەم، هەم تەرجوومەی وشە، هەم مانا

**- ئەو کتێبانەی، کە وەرتگێڕاون، زیاتر مێژوویین، چۆنە خۆت لەقەرەی کتێبی ئەدەبی نەداوە؟**

+ من لە خۆم ڕانابینم دەقی ئەدەبیی وەک ڕۆمان تەرجوومە بکەم، چونکە ناتوانم حەقی خۆی بدەمێ. لەبەر ئەوەی کەسێک، کە ڕۆمان

وەردەگێرێت دەبێت شارەزای ئەو چەمک و دەستەواژانە بێت، کە تایبەتن بە ناوچەیەکی دیاریکراو، نووسەر بەکاری هێناون.

**– کەواتە تۆ شتێک وەردەگێڕی، کە دەرەقەتی بێیت؟**

+ بەڵێ، ئەو تەرجوومەیەی من دەیکەم، دەقاودەق بەئەمانەتەوە کردوومە.

**– بۆ وەرگێڕ، کامە زمان باشتر و لە پێشترە بۆ وەرگێڕان زمانی یەکەم، یان دووەم؟**

+ ئەو زمانەی، کە بۆی تەرجوومە دەکەی گرنگتر و لە پێشترە، واتە ئەگەر بتەوێت دەقێک بکەیتە کوردیی، دەبێت کوردییەکەت باشتر بێت.

**– تا ئێستە چەند کتێبت وەرگێڕاوە؟**

+ تا ئێستە هەژدە کتێبم وەرگێڕاوە.

**– ئەی وەک نووسینی خۆت؟**

+ لەو هەژدە کتێبە سێیان نووسینی خۆمن.

**– تۆ لە هۆڵەندا زیاتر خەریکی چی؟**

+ لەسەدا پەنجای کاتەکانم بۆ خویندنەوە و نووسین تەرخان کردووە.

**– تۆ بۆ وەرگێڕان پشت بە تەرجوومەی گۆگل دەبەستیت؟**

+ حەسەب ئەوەی، کە باس دەکرێت لە ئینتەرنێت، من تا ئێستە بەکارم نەهێناوە، لەبەر ئەوەی یەک دوو جار هەروا ویستم تەجرووبەی بکەم، هەندێک مانای دامێ زۆر دوور بوو لە مانا ڕاستەقینەکەی، دواتر کاتێکی زۆر زیاترت دەبات، بۆیە بەکەلک نایەت.

**– ئاو و هەوای مەسیف چ کاریگەرییەکی لەسەر بیرکردنەوەی ئێوە هەبووە، بەتایبەتی لە ڕووی کرانەوە و دونیا بینن و هاتنە نێو دونیای سیاسەت؟**

دەتوانم بڵێم، من لە حەفتاکانەوە دەستم پێکرد، خوێندنەوەش وایکرد، بێمە نێو دونیای سیاسەت. لە مەسیف شتێک هەبوو، ئێمە چاوکراوەتر بووین لە چاو خەڵکی ناوچەکانی دیکە، لەبەر ئەوەی لە ساڵانی شەستەکان و حەفتاکان، هاوینان گەشتیارێکی زۆر بۆ هەوا گۆڕین دەهاتنە ئەوێ، ئەمەش جۆرێک لە تێکەڵاویی دروست کردبوو، ئەوانەشی، کە دەهاتن زیاتر دەوڵەمەندەکان بوون، پێشتریش ڕێگەی کاروان بووە، کە ئەوەش کاریگەریی هەبووە لەسەر جۆری بیرکردنەوەی خەڵکی مەسیف و دەوروبەری، زۆرجاریش ئەو گەشتیارانەی دەهاتن بۆ ماوەیەکی زۆر دەمانەوە، بەتایبەتی لە وەرزی هاویناندا. بۆیە ئێمە لەگەڵ هەموو چینەکان تێکەڵ دەبووین، ئەوانیش، کە دەهاتن زۆر پێیان خۆش بوو خەڵکی ناوچەکە بناسن و ئاشنایەتیان لەگەڵ پەیدا بکەن. ئێمە ئەوکات زستانان دەمانخوێند، لە سێ مانگی هاوینیشدا لە ئوتێل و بارەکان کارمان دەکرد.

**– یانی ئیش کردنی ئێوە لەو شوێنانەی، کە لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە خەڵکی بە چاوێکی دی تەماشایان دەکات ئاسایی بوو؟**

+ هەر زۆر ئاسایی بوو، هەموو توێژەکان لە کوڕە مەلا و کوڕانی چینی دیش، لە ئوتێلەکان و شوێنی دیکەش، کە مەشروبیان لێ دەفرۆشرا کار بکەن. ئوتێل سەڵاحەدین، چوار ئەستێرە بوو، خواردن و خزمەت و شتەکانی زۆر ڕاقی بوو.


**– دواجار چۆن و کەی دامەزرای؟**

کە لە بەغدا گەڕامەوە هەموو دەرگاکانم لێ داخرا، بەڵام دواجار لە ١٩٧٥/١١/١٥ دامەزرام، بوومە فەرمانبەر لە بانکی کشتوکاڵ، بە مووچەی ٣٤ دینار، ئەوکات دامەزراندن زۆر ئاسان بوو، بەتایبەتی ئەوانەی دەرچووی بەشی کشتوکاڵ بوون، نزیکەی دوو ساڵ لەوێ بەردەوام بووم، دواتر هەوای کوردایەتی لە مێشکی دام من و زۆر کەسی دیکەش، بەدوای ڕێکخستنێکدا دەگەڕاین، دەمانویست تۆڵەی شکستی ١٩٧٥ بکەینەوە.

**– کەواتە چۆن جاریکی دیکە تێکەڵی سیاسەت بوویت و بوویتە ئەندامی کۆمەڵە؟**

ئەوکاتە ڕژێمی بەعس وەکو سەگی هار بەرببووە گیانی ئەو خەڵکەی، بۆ نموونە برا و ئامۆزاکانم هەر هەموویان بۆ باشووری عێراق ڕاگوێزرابوون، خانوو بەئاسانی بەو کەسانە نەدەدرا، کە لەدەرەوە هاتبوونەوە، جیاوازییەکی زۆر دەکرا، هەر قسەیەکیشت بکردبوایە دەیانگوت

**“ئێوارەیەکی درەنگ، کاتژمێر ٨ بوو، من خەریکی چێشت لێنان بووم، شەهید جەمیل ڕەنجبەر لە دواوە دەستێکی لە شانم دا گوتی وەرە خێرا. گوتم چی بووە مامۆستا؟ گوتی دەنگوباسە”**




**ئەو کتێبەی سەردەمی ئەڵقەی ڕۆشنبیری کۆمەڵە، کە لای ماوە**

تۆ عائیدونی.

لەمانگی دووی ساڵی ١٩٧٦ پەیوەندیم بەڕێکخستنی کۆمەڵەوە کرد، چونکە من هەر لە سەرەتاوە خۆم بە چەپێکی نەتەوەیی دەزانی. پێمان وابوو کۆمەڵە چارەسەری کێشەی کۆمەڵایەتی و نەتەوایەتی و چینایەتی بەیەک هەنگاو دەباتە پێشەوە چونکە ئێمە لە قۆناغی ڕزگاریی نیشتمانیدا بووین، کە ئەوەش پێویستی بەهەموو توێژ و چینەکانەوە هەبوو، دەبوایە بە یەکەوە بەشداریی لەو خەباتەدا بکەین.

**- هەر لە سەرەتاوە پێت وابوو کۆمەڵە ڕێکخراوێکی چەپی نەتەوەییە؟**

+ من کۆمەڵەی ڕەنجدەران-م بەحزبێکی چەپی نەتەوەیی دەزانی و هەرواش بوو.

**- بۆ پێت وابوو، دەبێت خەباتی چینایەتی و نەتەوەیی بە یەکەوە ببەسترێنەوە؟**

+ چونکە ئەگەر بێتو کێشەی چینایەتی چارەسەر نەکرێت، کێشەی نەتەوایەتیش، چارەسەرەکەی کاتیی دەبێت، لەبەر ئەوە دەمانویست هەردوو کێشەکە بەیەکەوە چارەسەر بکەین.

**- ئێستاش لەسەر هەمان بیروباوەڕی؟**

+ بەڵێ ئێستاش باوەڕ وایە

**- تۆ بە وشیارییەکی تەواوە بوویتە کۆمەڵە، ئەو کەسەی کاریگەریی لەسەر تۆ هەبوو، کێ بوو؟**

+ من خۆم بە کەسێکی وشیار دەزانی، لە ساڵی ١٩٧٣ لەسەر ژیانی کەمال جونبوڵات شتم نوسییە، لەحەفتاکان، کە ئەو ڕێکخستنە پەیدا بوو، لەگەڵ برادەران گفتوگۆی زۆرمان دەکرد، بڵاوکراوەکانمان دەخوێندەوە، بۆیە وام هەست دەکرد ئەوە، ئەو شتەیە کە من دەمەوێت، ئەوەشی کاریگەریی لەسەر من هەبوو، کەسێک بوو ناوی نەوشیر بوو لە کۆیە، بەیەکەوە کارمەند بووین لە بانکی ڕافیدەینی شەقڵاوە، کوڕێکی بە ڕەوەشت، لەبەندیخانەش هەر بە یەکەوە بووین، چونکە بەیەکەوە دەستگیرکراین.

دواتر پێوەرەکانی بوونە ئەندام لە کۆمەڵە، ئەوەبوو لە سەرەتادا چەند مانگێک دەبووایە لە ئەلقەی ڕۆشنبیریی دابین و کتێب بخوێنینەوە، ئێستەش کتێبێکی ئەوکاتم لاماوە و نەمگەڕاندووەتەوە، لەبەر ئەوەی زۆر لە برادەران گیران، منیش بەر لەوەی بگیرێم ئەو کتێبە و زۆری دیکەم لە بن عەردی نان و شاردنمەوە.

**- ئەو کتێبانەی دەتان خوێندنەوە چی بوون؟**

+ وەک کتێبەکانی ماو، کتێبەکانی لینین-مان دەخوێندنەوە، لەگەڵ کتێبەکانی مام جەلال (کوردایەتیی، بزووتنەوەی ڕزگاریی نەتەوایەتیی گەلی کوردستان) ئەمە جگە لە بڵاوکراوەکانی وەکو (شەڕارە و کۆمەڵە)

**- سەرەتا بەرپرسیاریەتی تۆ لەنێو ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە چی بوو؟**

+لە مەسیف، دوای ئەوەی، کە بەتەواوەتی چووینە نێو ڕێکخستن و کارمان کرد، ڕێکخستنەکانی دەوروبەری شەقڵاوەمان لەنێوان خۆماندا دابەش کرد، مەسیف بە گوندەکانەوە عایدی من بوو.

نەبێتە خۆ هەڵکێشان یەکەم کەس بووم لەنێو مەسیف، بەهەر ٧٤ گوندەوە بوومە یەکێتی. لەنێو هەموو هۆزی هەرکی-شدا لە سۆران و بادینان، من یەکەم هەرکی بووم بوومە یەکێتی، هەر لەبەر ئەوەش بوو مام جەلال لە کۆبوونەوەیەکدا پێی گوتم خالید تۆ دەزانی هەرکیانیی قسە بکەیت، جا حاجی مەسیفی، کە لەگەڵمان بوو، گوتی: مامە ئەوە لە گیراوەکانی ساڵی ١٩٧٧-ە، مام جەلال-یش گوتی ئەی چۆن دەزانم ئەو لە عەشەرە موبەشەڕەیە.

**- دەکرێت باسێکی ئەو سەرەتای هەڵمەتی دەستگیرکردنانەمان بۆ بکەیت، کە لە ساڵی ١٩٧٧ دەستی پێ کرد، چۆن بوو؟**

+ سەرەتا دەمەوێت ئەوە بڵێم، من کە گیرام یەک کەس لەوانەی لەگەڵ من کاریان دەکرد نەگیران، تەنیا یەک کەس گیرا، ئەویش لای من نەمابوو لە بەغدا لەگەڵ دەستەیەکی دی کاری دەکرد، چونکە خوێندکار بوو لەبەغدا، لە زانکۆی موستەنسەڕیە. هەڵمەتی دەستگیرکردنەکەش لە ١٩٧٧/٥/١١ دەست پێکرا.

ئێمە پێنج کەس ئاشکرا بووین، کە هەموومان سەر بە یەک بازنەی هەولێر بووین، لە ڕێکخستنەکانی شەقڵاوە بە هەموو ناحیەکانەوە، هیران، هەریر، مەسیف، ڕێکخستنەکانی ڕواندوز، مەخموور، کۆیە، تەقتەق و نێو هەولێر. دواتر زانیمان هۆکاری ئەو دەستگیرکردن و ئاشکرابوونەمان چییە.

لەو هەڵمەتەدا پێنج هەڤاڵ لە سێدارە دران، سی و چوار-کەسیش حوکمی جیای زیندانیکردنیان بۆ دەرچوو، لە بیست ساڵەوە تا پێنج ساڵ و مانگێک، بیست هەڤاڵیش هیچیان لەسەر ساغ نەبووە و ئازاد کران، حەوت هەڤاڵیش بەر لەوەی دەستگیر بکرێن توانیبوویان خۆیان دەرباز بکەن و پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەوە بکەن. پێشتریش بەر لەو هەڵمەتی دەستگیرکردنەمان، بە چوار مانگێک، واتە لە مانگی یەک ١٩٧٧ چەند هەڤاڵێکمان دەستگیر کران، لەوانە شەهید جەمیل ڕەنجبەر و شەهید حەمید کەریم شانە، بەڵام بە هۆی خۆڕاگری و نەبوونی بەڵگە لە سەریان ئازاد کران.

**ـ هۆکاری ئاشکرابوونەکە چی بوو؟**

+ لێی گەڕێ، تەنیا ئەوەندە دەڵێم کێشەی کۆمەڵایەتی نێوان دوو لە هاوڕێیانمان بوو، ئەوەش بە یەکەم شکستی کۆمەڵە دادەنرێت لە هەولێر.

**- ئەو کەسەی دەستی هەبوو ماوە؟**

+ نەخێر نەماوە

**- تۆ چەند ڕۆژێک دوای دەست پێکردنی هەڵمەتی دەستگیرکردنەکە گیرایت، چۆن بوو هەستت بە مەترسیی نەکرد، وەک ئەوانەی خۆیان دەرباز کرد، تۆش بۆ نەچوویتە شاخ؟**

سەرەتا کە گیران و ڕاوەدوونانی هەڤاڵان دەستی پێکرد، من تەنیا ویستم بە خۆپارێزییەوە چاودێریی باروۆخەکە بکەم، بە مەزندەی خۆم دیسان وەکو جاری پێشتر پێم وابوو هەر گومانە و دوای چەند ڕۆژێک هەمدیسان ئازاد دەکرێنەوە، بەڵام ئەم جارەیان شێوازی گرتنەکەیان لە شێوازی گرتنی جاری پێشتر نەدەچوو، چونکە لە ١٢ی مانگ پیرداود حەمەد، کە فەرمانبەری خۆمان بوو لەگەڵ نەوشیر ساڵح فەرمانبەری بانکی ڕافیدەینی شەقڵاوە بوو لە یەک کاتدا گیران، بۆیە هەستم بە مەترسیی کرد، چونکە ئەو دوو هەڤاڵە منیان دەناسی، بە یەکەوە لە یەک ئۆرگان بووین، بۆیە بە بیانووی نەخۆشی مۆڵەتی حەفتەیەکم وەرگرت، لەو ماوەیەش لە هەولێر بە دواداچوونم لەسەر هەواڵی گیراوەکان دەکرد، ڕۆژ بە ڕۆژ هەواڵەکان ناخۆشتر دەبوون، هەر لەو ماوەیەش هەواڵی شەهید کردنی عوسمان گچکە-مان بیست، کە لە بەندیخانە و بە ئەشکەنجە گیانی لە دەست دابوو، ناوبراو کرێکاری کارگەی ڕستن و چنین بوو لە هەولێر.

دوای تەواوبوونی مۆڵەتەکەم پرسیاری ئەوەم لە برادەرانی فەرمانگە کرد، کە ئایا لەو ماوەیە کەس پرسیاری منی کردووە، دوای دڵنیا بوون لەوەی کەس پرسیاری نەکردووم، چوومە دەوام، بەڵام ڕۆژێک لە پڕ مەفرەزەیەکی ئەمن خۆیان کرد بە ژووردا و منیش دەستگیر کرام.

> **من لە خۆم ڕانابینم دەقی ئەدەبی وەک ڕۆمان تەرجوومە بکەم، چونکە ناتوانم حەقی خۆی بدەمێ**

من، گوتی: خالد عمر میکائیل، گوتم: ئینی، گوتی: ئەمە ئیفادەی تۆیە لەبەر دەستمان. گوتم: کامە؟ وەڵامی نەدامەوە.

گوتی: (یالله وقع) یەکێک لە خوارەوە پەلاماری دەستی دام و پەنجەی بە مۆرەکەوەنام، سێ پەڕە کاغەزی سپی پێ مۆرکردم، کە هیچیان لێ نەنووسرابوو. کاتێکیش ناوەکان تەواو بوون، بڕیاری دادگاکەی خوێندەوە.

**- با لەوە گەڕێین بە درێژایی ئەو ماوەی لە زینداندا بوون چ ئەشکەنجەیەک دراون، چۆن لە نێوان چوار دیواری بەندیخانەدا ڕۆژ و شەوتان لێک گرێ داوە، باسی ئەو ڕۆژەمان بۆ بکە، کە بەهۆ بوونە سەرۆک کۆماری سەددام حوسێن-ەوە بەر لێبووردنی گشتیی کەوتن و ئازاد کران؟**

+ ئێوارەیەکی درەنگ، کاتژمێر ٨ بوو، من خەریکی چێشت لێنان بووم، شەهید جەمیل ڕەنجبەر لە دواوە دەستێکی لە شانم دا گوتی وەرە خێرا. گوتم چی بووە مامۆستا؟ گوتی دەنگوباسە.

لەهەر قاوشێک تەلەفزیونێک هەبوو، بەڵام قەت نەدەچووینەی دیاری، بەڵام ئەو شەوە جیاواز بوو، سەددام حوسێن لە جێی ئەحمەد حەسەن بەکر ببووە سەرۆک کۆمار، بەم بۆنەیەوە گواتاری پێشکەش دەکرد.

لە گوتەکەیدا گوتی دەرفەتێک بەوانە دەدەم، کە هەڵەیان کردووە، تا بە خۆیاندا بێنەوە.

گوتم: مامۆستا، بە لێکدانەوەی تۆ، ئەوە مانای چییە؟ گوتی: ئەمە نیشانەی ئەوەیە، لێبووردنێک دەردەکات، شەهید جەمیل پێشبینییەکانی زۆر ورد بوون، لە هەڵسەنگاندن و شیکارییەکاندا، کەسێکی زیرەک بوو. یەک مانگ دواتر لە ١٩٧٩/٨/١٦ بەیانییەکەی، لە بڵندگۆکەی زیندان بانگیان ڕاهێڵا و هەموومانیان کۆکردەوە.

کۆمەڵە ئەفەندییەک بە ژوورکەوتن، ئەوەی لەنێویاندا ناسیمان ڕائید حیکمەتی زۆڵە کورد و چەند کەسێک لە بەناو مەجلیس قیادەی سەورە و شوعبەی سێ بوون، وەک تاریق حەمەد عەبدوڵڵا، عەبدولجەبار شەنشەل، سەعدون غیدان و چەند بەرپرسیکی دیکە.



**بەشداریکردنی لە یەکێک لە خۆپیشاندانەکانی ئەورووپا**

**- زۆربەی ئەوانی گیران سەر بە فەرمانگەی کشتوکاڵ بوون؟**

+ نزیکەی لە ٧٠٪ یان کە لەگەڵ ئێمە و پێشتر گیرا بوون، سەر بە فەرمانگە کشتوکاڵییەکان بوون، لەوانە شەهیدان (شاخەوان، ڕێباز، خالید سابیر، ڕەفیق عەبدوڵڵا مەرگەیی، مەلا قادر، نەوزاد کاکەڕەش و هی دیکەش) ئەوانی دیش کرێکاری کشتوکاڵیی و پیشەسازیی بوون.

**_ دەکرێت باسێکی چۆنیەتی ئەو ڕۆژەی، کە حوکم دران بکەیت، چۆن بوو؟**

+ لە دادگای هەیئەی خاسەی کەرکووک کە بەشێک بوو لە دادگای بەناو شۆڕش، ڕێوڕەسمی دادگاییەکمان بەڕێوەچوو، بە مەزندەی خۆم پەنجا کەسێک دەبووین، سەرەتا بڕیارەکەی خوێندەوە گوتی: دادگای هەیئەی خاسە، کە بەشێکە لە دادگای شۆڕش لە دانیشتنی ئەمڕۆیدا لەسەر تاوانی تێکدەران، ئەم بڕیارانەی دا: یەکە یەکە ناوەکانیان دەخوێندینەوە، تۆش دەبوایە بڵێ (نعم) یان بەڵێ، هیچ پارێزەرێکیش نەبوو، دادگایەکی سەربازیی تایبەتی بوو، هەر بەناو دادگا بوو، ئەگینا هیچ سیمایەکی دادی پێوە دیار نەبوو، بڕیارەکانی سزادان لە حوکمە قورسەکانەوە دەستی پێ کرد، سەرەتا ئەوانەی بە حوکمی لە سێدارەدان سزا درابوون. بەڵام بەر لە خوێندنەوەی حوکمەکان ناوەکانیان بەڕیز خوێندنەوە، کە نۆرە گەیشتە

سەرەتای قسەکانیان بەوە دەست پێکرد، گوتیان سەرۆکی فەرماندە و ئەنجومەنی سەورە دەیەوێت ڕەحم بە خانەوادەی هەندێکتان بکات، ئەوانەی سوودیان لەم چاکسازییە وەرگرتووە، دەرفەتێکتان بداتێ تا جارێکی دی ئەو هەڵەیەی، کە کردووتانە دووبارەی نەکەوە، ئێمەش بێ دەنگ گوێمان لێی گرتبوو، ئاخۆ لە کۆتایدا چی دەڵێت. عومەری سەید عەلی، کە لەگەڵ ئێمە لەوێ بوو، دەستی بەرز کردەوە. قسەکەی پێ بڕی و گوتی: ئەگەر دەتانەوێت ئازادمان بکەن و لە دەرەوەش ئەمنەکانتان بە دوامانەوە بن، ئەوا ئێرە بۆ ئێمە شەریفترە، کابراش دۆش داماو گوتی: بەسە بەس، تۆ ناوت چییە؟

دەستیان بە خوێندنەوەی هەندێک ناو کرد، لە کۆی گشتیی ئەو دوو هەزار کەسەی، کە لەوێ بوون، ناوی ٤١ کەسیان خوێندەوە، یەکەم ناو عومەری سەید عەلی بوو، من ١١مین ناو بووم. ئێمەیان لە وان جیا کردەوە و دواتر بە جیا قسەیان بۆ کردین، ئێمەش وامان لێکدایەوە، کە ڕەنگە لێبوردنەکە ئێمە نەگرێتەوە.

ئەوانەی جیاکرابووینەوە و لە یادم بن ئەوانە بوون: (عومەر سەید عەلی، عەلی بچکۆل، فەرەیدون عەبدولقادر، ئەنوەر حەسەن، خدر عەبدولڕەحمان، ئاوات غەفوور، دارۆ شێخ نووری، سەلام ئیبراهیم، لالە ئەمجەد، نەوشیر سالح قادر، پیرداود حەمەد عیسا، فەرهاد یووسف کاوانی، جەمیل ڕەنجبەر، ئەرسەلان بایز، جەبار فەرمان، سەعدون فەیلی، سەعدون قاسم-کوردۆ، شەهاب سەرسپی، سەلاح جان مراد، عەدنان شێرزاد، عوسمان ئەبو دانا، عەدنان فەیلی)

دواتر ڕێگەیان پێداین هەندێکمان قسە بکەین، سەرەتا ڕێگەیان بە جەبار فەرمان دا قسە بکات، ئەو لە قسەکانیدا گلەیی لە کاربەدەستانی بەغدا و دۆخی ئێمە کرد، دواتر شەهاب سەرسپی هەستایەوە، قسەی کرد هێرشی کردە سەریان و زۆر بە توندی قسەی خۆی کرد، کابرا پێی گوت: تۆ لە کام کۆمەڵەیت؟

گوتی: هەڵۆی سوور، کۆمەڵەی ملازم جوامێر.

لێی پرسی: باشە ڕەفیق عوسمان فایەق خۆ کورد بوو، بۆ کوشتتان؟

گوتی: عوسمان کوردێکی بیژی بوو حزب بڕیاری کوشتنی ئەویدا، بۆیە کوژرا.

گوتی: دانیشە نەفرەت لەو دەم و چاوەت.

دواتر منیش دەستم بەرز کردەوە و گوتم:

ئێوە ناوتان لە بەندیخانەکانتان ناوە چاکسازیی، بەلام ئەمە سجنی ئینتیقامییە، ئەوەی لێرە لەگەڵمان دەکرێت، نە لە بەندیخانەکانی باستیل و نە لە ئیسرائیل نەبووە.

گوتی: بۆ چیتان لەگەڵ دەکرێ؟ گوتم: ئێمە حوکم دراوین، ئێرەش شوێنی تەواو کردنی حوکمە، کەچی بەردەوام بانگی ژووری موخابەرات و ئەمن-مان دەکەن و ئەشکەنجەمان دەدەن. گوتی: شتی وا نییە کێ لێتان دەدات؟ ئاماژەم بۆ مونزر کرد و گوتم یەکیان ئەمەیە ئەگەر وانییە بابڵێ وا نییە، ئەوانی دیش هەر خۆی دەیانناسێت. گوتی بەڵگەت چییە؟ منیش شوێنەواری ئەشکەنجەکانم

> ❝ **یەکەم نووسینم، کە بڵاوکرابێتەوە، لە ڕۆژنامەی برایەتی بوو لە ١٩٧٤/١/٨ لەسەر ژیانی کاوێس ئاغا** ❞



**خالید هەرکی لە سەردەمی پێشمەرگایەتی لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی پێشمەرگەی**

پیشان دا. گوتی: بۆ لێتان دەدەن دیارە بێ عاری دەکەن؟ گوتم: بەڵێ دیارە منداڵتان گرتووە، نەک سیاسیی. گوتی دانیشە ئیدی بەسە قسەکردن.

بۆ ئێوارەکەی هەموومان بۆ گوێگرتن لە هەواڵەکان، بەدیار تەلەفزیونەوە دانیشتین، ڕوشدی عەبدول ساحیب هەواڵەکانی دەخوێندەوە و گوتی: لێبووردنی گشتیی بۆ سەرجەم زیندانی و ڕاگیراوانی باکوور بەبێ جیاکردنەوە و گەڕاندنەوەیان بۆ سەر کاری پێشوویان. ئیدی بووە هات و هاوار و فیکەلێدان. هەر ئەوکاتیش دەرگای هۆڵەکانیان کردنەوە. سێ ڕۆژ بە دەرگای هۆل کراوەیی ماینەوە، مامەڵەی ئازاد بوونیان بۆ دەکردین و ڕۆژانە بانگی هەندێکیان دەکرد و کاری گەڕانەوە و سزای دادگایان لێ دەسەندین، من بە سێ دینار سزا درابووم، بۆیە لەوە پەنجا هەزار دینارەی، کە وەک هاوکاریی ئازاد بوونمان پێیان دەدایین، هی من ٤٧ دینار مایەوە.

ڕۆژی ١٩٧٩/٨/١٩ لە مەیدانە مەزنەکەی ناو بەندیخانە کۆکرابووینەوە، سەعدون غێدان هاتبوو قسەی بۆ کردین.

من و جەمال خۆشناو پیاسەمان دەکرد، کاتێک بینیمان زیندانییەکان بە لێشاو بەرەو دەرگای دەرەوە دەڕۆن، کە دیقەتمان دا، زیندانییەکان لە دەرەوە سواری ئەو لۆریانە دەبن، کە بۆ گوستنەوەمان هێنرابوون، ئێمەش بە پەلە خۆمان گەیاندێ و سەرکەوتین، لەو کاتەی دەهاتینە دەرەوە ئەوەم بیرکەتەوە، کە دوو ساڵ و سێ مانگ بەر لە ئێستە، کاتێک لە دەرگای زیندان لەگەڵ مامۆستا جەمیل ڕەنجبەر، ئێمەیان کردە ژوورەوە، لە مامۆستا جەمیل ڕەنجبەرم پرسی مامۆستا ئەوە هاتین، بەڵام دەبێت کەی و چۆن لێرە دەرچین؟ وەڵامەکەی ئەوە بوو گوتی:

خالید پرسی ئێمە سیاسییە، بە دووری مەزانە حوکمەکەشمان تەواو بکەین، هەر ئازادمان نەکەن، بەڵام ئەوەش نزیکە هەر ڕۆژێک گۆڕانێکی سیاسیی ڕووبدات ئازاد بکرێین، بۆیە بە ئومێدەوە دەچینە ژوورەوە، تا ئەو ڕۆژەی ئازاد دەکرێین.

**– پێ دەچێت تۆ زۆر زیندانی کرابیت، دەکرێت بزانین لە ژیانتدا چەند جار گیراویت؟**

+ زیندانی پێنج وڵاتم دیتیە، وەک عێراق، ئیران، تورکیا، چیک و سلۆڤاکیا

**– کامە لەو زیندانانە لە هەموویان ناخۆشتر بوو؟**

+ کەرکووک، دواییش سلۆڤاکیا.

**– پێناسەت چییە بۆ زیندان؟**

+ لای من زیندان لە لەسێدارەدان قورسترە.

**–ساڵی چەند هاوسەرگیریت کرد؟**

+ پاش ئەوەی ساڵی ١٩٧٩ لە بەندیخانە ئازاد کرام، ساڵی ١٩٨٠ ژنیان بۆ هێنام، بۆ ئەوەی داکەسێم و ئارام بم، وایان دەزانی بە ژنهێنانە.

**– ژنیان بۆ هێنای، یان ژنت هێنا؟**

+ ئێ وەڵا خۆ بەزۆر نابێت، بەڵام دایک و باوکیشم دەستیان هەبوو، ژنیان بۆ دیاری کردم، بەڵام لەگەڵ یەک دانیشتین و شارستانیانە قسەمان کرد، ئەوەتا حەز دەکەی بانگیشی دەکەم.

**– تۆ وەک باست کرد موعاناتت زۆر بووە لەگەڵ وشەی هەرکی، خێزانەکەشت هەرکی-یە؟**

+ نا، هەرکی نییە، ئەمن دایکم هەرکی نییە، خوشکەکانم مێردیان بە هەرکی-یان نەکردووە، براکانم ژنی هەرکی-یان نەهێناوە.

**– ئەوە هەمووی ئەنجامی ئەو موعاناتەیە، کە باست کرد؟**

+ بەڵێ، ویستم تێکەڵ بێت، بەڵام هەر تێکەڵ نابێت، ویستیتم بڵێم، هەرکی ئاوانە، بۆمن وەک خوێنە، ناتوانم لێی دوورکەمەوە، بەڵام دەتوانم تێکەڵاو بم، ئەگەرچی تێکەڵاویەکەم بەهەند وەرنەدەگیرا.

**– چەند منداڵت هەنە؟**

+ پێنج، سێ کوڕ و دوو کچ. جووتیار گەورەکەیانە، کچەکەم ناونا شەنگال، لە ساڵی ١٩٨٤ لە دایک بووە، خێزانم گوتی لۆ ناوی لێدەنێی شەنگال، گۆتم ڕۆژەک دادێ ئەو شەنگالەمان دەفەوتێ هەمووی دەبتە عەرەب، خەڵک دەڵێ، بابە دیارە شەنگال کوردستانە، دەنا ئەو پیرەژنە لۆ ناوی شەنگال-ە. بژار ئەویش کوڕەکەمە لەوی گچکەترە، ئەوی دیکەش پاڵە. هێرۆ-ش لە مانگی هەشت بوو، ناومان لێنا (گوڵە هێرۆ).

"یەکێک لە خوارەوە پەلاماری دەستی دام و پەنجەی بە مۆرەکەوەنام، سێ پەرە کاغەزی سپی پێ مۆرکردم"

# هونــــەر

- **شەهابەی هەولێریی**

ستار محەمەدئەمین

- **حەیران بێژ فەرحان هەمزە کۆر**

هاشم حاجی عەلی

# شەهابەی هەولێریی





ستار
محەمەدئەمین

بەر لەسەدەیەک شەهابەی هەولێریی خزمەتی بەکلتوور و هونەری قەڵات و منارە کردووە و بووەتە سیمبولی مێژووی هونەر و کلتووری ئەم شارە، هەربۆیە تاکو ئێستە لە زەیین و هۆشی خەڵکی ئەم شارە زیندوو ماوەتەوە.

مەقامزان و دەنگخۆش (شەهابەی هەولێری) ناوی تەواوی (شەهابی کوڕی حوسێن مەهاجیر) بووە، لەسەردەمی دەوڵەتی عوسمانیی، باوکی کەوتووەتە هەولێرێ، لەنێو عەشیرەتی شەبەک ژنی هێناوە و ژنەکەشی ناوی (بەگم) بووە، باوکی کە هاتیتە هەولێرێ، لەبەر زرووفی تایبەتی خۆی، ناوی لەخۆی ناوە (ئەحمەد شەبەک) کوڕەکەشی، کە لەگەڕەکی سەرای قەراتی هەولێرێ لەدایک بووە، ناوی ناوە شەهابە.

کاتەک لەدایک دەبێت ئەحمەد شەبەکی باوکی ڕەوانەی شەڕی دەوڵەتی عوسمانیی دەکرێت و بەشداری لەشەڕی (قرم)دا کردووە و هەر لەوێش وەفاتی کردووە، بۆیە شەهابە هەر لە منداڵییەوە لە مزگەوتی قەڵاتێ بەهەتیوی گەورە و پەروردە بووە.

ساڵی ١٩١٤ ڕەشبگیریی دەکرێت، بۆ ئەوەی خەڵک ڕەوانەی شەڕی سەفەر بەلەک بکەن، دایکی شەهابە دەچێتە لای مەلافەندی و داوای لێ دەکات، کە تەنیا ئەو کوڕەی هەیە بەڵکو بیباتە لای خۆی، بۆ ئەوەی دەستگیر نەکرێت، ئەویش دەیباتە فرقەی جۆق مۆسیقای دەوڵەتی عوسمانیی و هەتا ساڵی ١٩١٨ لە جۆق مۆسیقا دەمینێتەوە، دوای ئەوەش دەوڵەتی عوسمانیی دەڕووخێت. دوای بڕانەوەی جەنگی یەکەمی جیهانیی، سەفەری ئیستانبوڵ دەکات و ماوەیەک لەوێ دەمینێتەوە، لەو سەردەمەدا پیاوێک لە هەولێر هەبووە (سەید عەبد) چیرۆکەکانی (عەنتەر و عەبلا)ی بۆ خەڵک دەخوێندەوە، ئەو بەدوای شەهابەدا دەچێتە ئیستانبوڵ و لەوێ بە جلوبەرگی دەروێشی و دەف و زیکر و تەهلیلەوە دەیهێنێتەوە بۆ شاری هەولێرێ.

مەلا ئەفەندی هەر لەمنداڵییەوە، شەهابە دەباتە لای خۆی و بەخێوی دەکات، ماوەیەکی باش لای ئەو دەمێنێتەوە و دەبێتە یەکێک لە بەناوبانگترین و دەنگخۆشترین کەسی ئەو سەردەمە، هەرچەندە هیچ تۆمارێکی دەنگی لە ئەرشیفەکاندا نەماوە.

## حاجی نورەدین دەباغ: من زۆرجار لەبەرانبەری دانیشتووم و گوێم لێی ڕاگرتووە



حاجی نورەدین دەباغ، لەوەسفی شەهابەدا دەڵێت: «گەنجێکی باڵابەرز و درێژ و ڕەشتاڵەی لاوازبوو، لەکاتی مناسەباتی مەقاماتدا، چاکەت و پانتۆڵی لەبەر دەکرد و سیدارەی لەسەر دەنا. بێکەس بوو، ژنیشی نەهێنابوو، من زۆرجار لەبەرانبەری دانیشتووم و گوێم لێی ڕاگرتووە، زۆر شەیدای دەنگی بووم و ئێستەش لەگوێمدا دەزرنگێتەوە، دەنگێکی زۆر بەرز و خۆشی هەبوو، بەردەوام لەمزگەوتی قەراتێ موناجاتی ئایینی دەخوێندەوە و بانگی دەدا و قورئانی دەخوێند، کە دەچووە سەر منارەکەی مزگەوتی قەراتێ و بانگی دەدا لە گوندی باداوە و گڵکەند گوێت لێ دەبوو».

کەنعان موفتی لەسەر زاری باوکی (قازی ڕەشاد موفتی) دەگێڕێتەوە و دەڵێت: شەهابە پیاوێکی زۆر دەنگخۆش و ناسک و عاتفی بووە، لەکاتی قسەکردن و گوێگرتن لە قورئاندا بەدەنگی مەنشاوی، شەهابە گریاوە و تەقلیدی مەنشاوی کردووەتەوە. هەروەها کاتەک شیعری شێخی سەنعانی دەگوتەوە دەگریا، پێدەچوو شتێک لە دڵیدا هەبووبێت، گریانەکەی بۆ کەسێک بووە و ئەویش دیار نەبووە.

کەنعان موفتی ئەوەشی گوت: «بەگوێرەی زانیارییەکان، شەهابە بە یەکێک لە زانایەکانی بواری بنچینەکانی مقاماتی عێراقی دەژمێردرێت، هەرچەندە شەهابە هیچ تۆمارێکی دەنگی نەماوە، بەڵام بەگوێرەی ئەوانەی بۆمان دەگێڕنەوە دەردەکەوێت، کە شارەزاییەکی زانستیی باشی لەمەقام بێژیدا هەبووە.

نووسەر و بیرمەند (مەسعوود محەمەد) لەبیرەوەرییەکانی خۆیدا (گەشتی ژیانم) باسی شەهابەی کردووە. فارووقی برای مەسعوود محەمەد بۆی گێڕامەوە و گوتی: ئەو پێنج ساڵەی کاکە مەسعوودم لە باداوە لە خزمەت مەلافەندی دا بووە، بۆی گێڕامەوەتەوە: کە شەهابە بلیمەتێکە، بڕواناکەم کەسێکی دیکەی وەک ئەو هەڵکەوێتەوە، بەهیچ شێوەیەک نەفەسی سوار نەدەبوو، لە زمانەکانی کوردیی، تورکیی، فارسیی و عەرەبیی، هەرچی شەهابە بیگوتبایە دەگەیشتە لووتکە.

فارووقی کوڕی مەلای گەورەی کۆیە، دەڵێت: مەلافەندی کەسایەتییەکی گەورەی هەولێرێ بوو، هەربۆیە لەماوەی تەمەنی خۆیدا دووجار مەلیکی عێراق بەخۆی تەشریفی بۆ هەولێر هێناوە و سەردانی مەلافەندی کردووە. «هەر لەو کاتانەشدا بووە، کە مەلیکی عێراق سەردانی هەولێر دەکات و لە کۆشکی مەلا فەندی لە باداوا گوێبیستی دەنگی شەهابە دەبێت، مەلیک زۆر تەکلیف لە مەلافەندی دەکات، کە شەهابە لەگەڵ خۆیدا ببات، بەڵام مەلافەندی ڕازی نابێت».

دواجار مەلیک داوا لە مەلافەندی دەکات، کە تەنیا بۆ بۆنەکان شەهابە لەگەڵ خۆیدا ببات و مەلافەندی ڕازی دەبێت، ئەوەبوو لەکاتی سەردانیکردنی مەلیک فەیسەڵ بۆ شەقڵاوە شەهابە لەگەڵ خۆی دەبات و لەکاتی گەڕانەوەشیدا مەلیک سیدارەیەک و جووتێک پێڵاو وەک دیاری بۆ شەهابە دەنێرێتە هەولێر. دواتریش بەبۆنەی کردنەوەی بەندەری فاو لەبەسرا، مەلیک فەیسەڵ داوەتنامە بۆ شەهابە دەنێرێت و لەگەڵ کۆمەڵێک گۆرانیبێژی دیکەی عەرەبیی و عێراقیی بەشداری ئەم بۆنەیە دەکات. وەک لە دۆکیۆمێنت و گێڕانەوەی پشتاوپشت لەسەر زاری کەسەکاندا هاتووە: شەهابە یەکەم مامۆستای مەقامات، کە لێی فێربووە (مەردانە ئەفەندی) بووە، کە ناوی تەواوی (مەردان کوڕی عەبدولقادر) بووە و بانگدەری مزگەوتی گەورەی قەڵاتێ بووە. شەهابە لەدەسپێکدا لاسایی کۆمەڵێک مەقامبێژی دەکردەوە، کە خەڵکی موسڵ بوونە، لەوانە: ئەحمەد، ئەمین و سەلمان، کە دەنگیان لەسەر قەوانەکان تۆمار کراوە.

**مامۆستا جەلال خدر:**

## یەکەم کەس، کە پەیوەندی بە سەید مەردانەوە دەکا شەهابە بووە



مامۆستا جەلال خدر، هەر لەحەفتایەکانی سەدەی ڕابردوودا، زانیاریی زۆری لەسەر شەهابە کۆکردیتەوە و لەدووتوێی کتێبێکدا چاپی کردووە: «لەساڵی ١٩١١ مەلا فەندی نامەیەک بۆ عەبدولقادری نائیب ئۆغلی کەرکووکێ ناردییە و پێی گوتییە مامۆستایەکمان بۆ بنێرنە مزگەوتی قەراتێ بۆ خوێندنی ئەحکامی تەرتیب و تەجویدی قورئانی پیرۆز و مەقام و خوێندنی مەولودی پێغەمبەری پیرۆز و بانگدان، ئەویش لەشاری کەرکووکێ دەگەڕێ ئەو کەسەی بەدەست ناکەوێ، ناچار دەچیتە تەکیەی تاڵەبانی و شێخ عەلی تاڵەبانی (سەید مەردان)ی بۆ دەستنیشان دەکات و دەیباتە هەولێرێ، بە مەلا فەندی دەڵێ ئەوە باشترین و دەنگخۆشترین مەقامزانی کەرکووکە و دەتوانن بیبەنە هەولێرێ، ئەوەبوو ساڵی ١٩١١ سەید مەردان کوڕی سەید عەبدولقادر دێتە شاری هەولێرێ و لەمزگەوتی قەراتێ مەلافەندی حوجرەیەکی تایبەتی بۆ دەکاتەوە، یەکەم کەسیش، کە پەیوەندی بە سەید مەردانەوە دەکا

شەهابە بووە».

عەبدولفەتاح موفتی، ئەویش شەهابەی بە دانسقەی سەردەمی خۆی وەسفکردووە و دەڵێت، هیچ دەنگێک بەشێوەی دەنگی شەهابە نییە، شاگرد و لاسایی کردنەوەکانی زۆربوون، وەکو حاجی فائیقی بازرگان و مەلا فەتاح موفتی و مشکۆی هەولێری، بەڵام هیچ یەکێکیان بەشێوەی ئەو نەبوون. «شەهابە نموونە و پێشەوا و مامۆستای مەقاماتی سەردەمی خۆی بووە، هەربۆیە لە زۆربەی بۆنەکاندا ئامادەیی هەبووە و مەقامی گوتووە،ساڵی ١٩٣١، کە مەلیک فەیسەڵی یەکەم دێتە شاری هەولێر، شەهابە بە ئامادەبوونی مەلافەندی و ئەحمەدە فەندی، کە یەکەم موتەسەڕیفی هەولێر بووە، بە چەپکێک لە مەقاماتەکانی خۆی پێشوازی لەمەلیک دەکات.

هەرلەبارەی هاتنی مەلیک بۆ هەولێر و ئەو ڕۆژەدا (حاجی نورەدین دەباغ) دەڵێت: ئەو کاتە ئێمە تەلەبە بووین، کە مەلیک فەیسەڵ هاتە هەولێرێ (مەلیک غازی)یش، کە ئەوکاتی منداڵ بووە، لەگەڵی دابووە، ئێمەیان بردە پێشوازی مەلیکی و لەوێ شەهابە مەقامی گوت.

مامۆستا جەلال خدر دەڵێت: مامۆستا (محەمەدە فەندی) باوکی ڕەشادە فەندی خوا غەرقی ڕەحمەتی بکات، کە شەهابە لای ئەو پەروەردە بووە، لە مزگەوتی قەڵاتێ و زۆریشی حەز بەدەنگی خۆش کردووە و هەردەم دەنگخۆشەکانی لەخۆ کۆکردیتەوە.

لەمزگەوتی قەڵاتێ دوو ژوور هەبووە، ژوورێکیان لەدیوی ژوورەوە بووە، کە شەهابە و مام کەریمی قاوەچی لێی دادەنیشتن، ئەوەی دیکەشیان لەڕووی دەرەوە بووە و محەمەدە فەندی بابی ڕەشاد موفتی لێی دانیشتووە. وەک دەگێڕنەوە مەقامزان و دەنگخۆشەکان لە هەموو عێراق و شارەکانی دیکەی کوردستاندا دەهاتنە لای محەمەدە فەندی و لەلای ئەو میوان دەبوون و دادەنیشتن. «کابرایەکی دەنگخۆش هەبووە بەناوی (مەلا محەمەدی کۆر) موسڵاوی بوو، دەهاتە قەڵاتێ، هاوزەمان مەلا محەمەدەکی دیکەش هەبووە خەڵکی کەرکووک بووە، ئەویش دەهاتە مزگەوتی قەڵاتێ، لە سلێمانی-ش حەمدیە فەندی، عەلی کاکە و مەلاکەریمی ساحێب قەوان دەهاتنە لای محەمەد موفتی و مەقامیان دەگوت.

مامۆستا خدر بەردەوامی بەقسەکانی دەدات و دەڵێت: ڕەشاد موفتی بۆی گێڕامەوە، کە جارێکیان مەلا محەمەدە کۆری کەرکووکێ لای باوکم میوان دەبێت و بەباوکمی گوتبوو ئەگەر شەهابە لێرەبێت من هیچ مەقامێک ناڵێم، لەو دەمەشدا شەهابە لە ژوورەوە خۆی مەڵاس داوە و گوێی لەقسەکان ڕاگرتووە، مەلا محەمەد دەست بەمەقام گوتن دەکات، شەهابەش لە ژوورەوە هەمان مەقام دەڵێتەوە، مەلا محەمەدە کۆر زۆری پێناخۆش دەبێت! شەهابەی هەولێریی، جگە لە هونەری مەقامات و دەنگخۆشیی، بەهرەی دیکەشی هەبووە، وەک ئەکتەر بەشداری لە شانۆگەری کردووە، «ساڵی ١٩١٢ بۆ یەکەم جار بەشداری شانۆی کردووە لە حەوشەی مزگەوتی قەڵاتێ، بەناوی شانۆگەری (مەلا خێشۆ) ساڵی ١٩١٣ لە شانۆگەرییەکی دیکە بەشدار دەبێت لە ئاهەنگی دەرچوونی قوتابییە فەقێیەکانی مزگەوتی قەڵاتێ بەناوی (بزنەکانی خەلیلە فەندی) شەهابە بەشداری لە شانۆگەریی عەرەبیشدا کردووە، ساڵی ١٩٢٨ کاتێک هونەرمەند (حەقی شوبلی) دێتە هەولێر شانۆگەرییەک پێشکەش دەکەن، شەهابە ڕۆڵی قاقان دەبینێت، کە زۆر جوان دەورەکەی دەگێڕێت.

مامۆستا جەلال خدر لەسەر زاری مامۆستا فەتاح موفتی دەگێڕێتەوە و دەڵێت: ساڵی ١٩٣١ کۆمەڵێک هونەرمەندی میسری بەناوبانگ دێنە شاری هەولێرێ، لەوانە (نەجیب ریحانی، میمی شەکیب و بەشار نەواکیب) بۆ پێشکەشکردنی شانۆیەک بەناوونیشانی (کشکش بێگ) لەسەربانی (ئوتێل فەرح) سەکۆیەکی شانۆیان دامەزراند ئەوکات بەو شوێنەیان دەگوت (تەم تەم) شانۆگەرییەکە ڕۆژی یەکەم بۆ پیاوماقووڵان بووە، ڕۆژی دووەمیش بۆ فەرمانبەران، ڕۆژی سێیەمیش بۆ خەڵکە هەژارەکە بووە. شەهابە لە ڕۆژی دووەم بەشداری کردووە و زۆر بەجوانی دەوری خۆی بینیوە، تا ئەو ڕادەیەی، کە (نەجیب ریحانی) داوای لێ دەکات لەگەڵ خۆی بیبات بۆ وڵاتی میسر بەڵام شەهابە ڕازی نەبووە.

دەنگی شەهابەی هەولێریی هەرچەندە لە هیچ شوێنێک تۆمار نەکراوە و ئەوەی هەیە، تەنیا ئەو کەسانەن، کە لە سەردەمی ئەودا ژیاون و هەندێکیان تاکو ئێستەش لەژیاندا ماون، یاخود لە باوباپیرانی خۆیان گوێیان لێبووە، بەتایبەتی ئەو کاتانەی، کە لە مزگەوتی قەراتێ بانگی داوە. یەکێک لەو پیاوە بەتەمەنانە دەڵێت: شەهابە دەنگەکی زۆر خۆشی هەبوو، هەرکە بەسەر

منارەی دەکەوت و سەرای دەکێشا، یان بانگی دەدا، لە گوندی باداوا گوێیان لێ دەبوو «خۆزگە دەنگی تۆمار دەکرا و ئێستە گوێتان لێ دەبوو، کە دەنگی شەهابە چ سەدایەکی هەبووە، بەڕاستی دەنگەکی ڕەسەن و خودایی بووە.

*فاررووق محەمەد:*

## شەهابە زۆر هەلی بۆ ڕێککەوتووە بەڵام مەلافەندی لێی نەگەڕاوە بڕوات



فارووق کوڕی مەلای گەورەی کۆیە، دەڵێت: مەسعوود محەمەد بۆی گێڕاینەوە: شەهابە هەرکە لاسایی محەمەد ڕەفعەتی دەکردەوە دەتگوت لەگەڵ محەمەد ڕەفعەت دانیشتووی، یان کە لاسایی (ئوم کەلسووم)ی دەکردەوە دەتگوت ئەوە لەگەڵت دانیشتووە. عەبدولوەهاب و هەرچی مەقاماتی عێراقییە، لاسایی کردووەتەوە و لەهەمووشیانی تێپەڕاندووە.

شەهابە لە ژیانیدا زۆر هەلی بۆ ڕێککەوتووە، تاکو سەفەری دەرەوەی کوردستان بکات، لەوانە کۆنگرەی هونەری مەقامات لە قاهیرە، قەبانچی و عەلی مەردان چوونە، بەڵام لێ نەگەڕاون شەهابە بچێت.

مامۆستا جەلال خدر دەڵێت: جارێکیان شەهابە سەفەری بەغدا دەکات بە ڕێککەوت لە گازینۆی هیلال شانۆیەک دانراوە بۆ ئوم کەلسووم تاکو ئێواران گۆرانیی لەسەر بڵێ، شەهابە و عەلی فلەیح و دوو پۆلیسی دیکەی لەگەڵ دەبن، دەچن لەڕیزی پێشەوە دادەنیشن. هەرکە ئوم کەلسووم دێتە سەرشانۆ و گۆرانی (اكذب نفسی) دەڵێت، شەهابە ئەو گۆرانییە لەدەمی ئوم کەلسووم وەردەگرێتەوە و زۆر لەو خۆشتری دەڵێتەوە! ئوم کەلسووم لەسەر شانۆکە دێتە خوارەوە و کورسییەکی بۆ دێنن لەبەرانبەر شەهابە دادەنیشێت، محەمەد قەبانچی بە ئوم کەلسووم دەڵێت: پێی بڵێ با مەقامێکی (ڕەست) مان بۆ بڵێت.

مەقامی ڕەست یەکێکە لەمەقامە هەرە قورسەکانی مەقاماتی عێراقی، شەهابەش بەم شێوەیە دەست پێدەکات و مەقامێکی ڕەست دەڵێت:

***(كَم قَتيلٍ كَما قُتِلتُ شَهيدِ***
***بِبَياضِ الطُلى وَوَردِ الخُدودِ***
***وَعُيونِ المَها وَلا كَعُيونٍ***
***فَتَكَت بِالمُتَيَّمِ المَعمودِ....)***

کە ئەو گۆرانییە دەڵێت ئوم کەلسووم ڕەنگی زەرد هەڵدەگەڕێ! دوای ئەوە مەقامێکی دیکەش دەڵێت و بۆی دێتە خوارێ

***(ما مقامي بأرض نخلةَ إلا***
***كمقام المسيح بين اليهودِ***
***أنا في أمّةٍ تداركها الله***
***غريبٌ كصالحٍ في ثمودِ....)***

لێرەدا ئوم کەلسووم عەشقی شەهابە دەبێت و داوای لێ دەکات لەگەڵ خۆی بیباتە میسر، بەڵام بەداخەوە بۆی ڕێک ناکەوێت و بەهەناسە ساردی دەگەڕێنەوە.

مامۆستا فارووقی مەلای گەورەی کۆیە، دەڵێت: شەهابە زۆر هەلی بۆ ڕێککەوتووە بەڵام مەلافەندی لێی نەگەڕاوە بڕوات، هەتا ئەو جارەش، کە دەچێتە بەغدا و ئوم کەلسووم دەبینێت، محەمەد فلەیح داوا دەکات شەهابە بچێتە میسر، بەڵام مەلا ئەفەندی پێی دەڵێت: چۆن

دەبیەیت، دەبێت ئاواش بیهێنیەوە، بۆیە دوو پاسەوانی لەگەڵ ڕەوانە دەکات. لەوێ ئوم کەلسووم ئەوەندە پێی سەرسام دەبێ، بۆی شێت دەبێت، وەکو بڵێی عاشقی دەبێت، بۆیە داوا دەکات وەکو مامۆستای مەقامات بیبات و تێچووی سەفەر و بژێوی ژیانی هەمووی بگرێتە ئەستۆ، ئوم کەلسوومێک، کە خاوەنی ئەوە دەنگە زێڕینەیە ئەوەندە تکا لە شەهابە بکات، دیارە مەقامەکی زۆر بەرزی هەبووە لە دڵ و دەروونی کەلسووم-دا.

مامۆستا فارووق باس لە بیرەوەرییەکی مەلای گەورە لەگەڵ شەهابەی هەولێریی دەکات و دەڵێت: باوکم زۆر حەزی لە دەنگی خۆش بوو، خۆشی دەنگی خۆش بووە، ئەوانەی حەزیان بە دەنگیان کردووە، لە گۆرانیبێژە میسرییەکان عەبدولوەهاب، کەلسووم، لە قورئان خوێنەکانیش محەمەد ڕەفعەت، دەنگی (سێوە)شی زۆر پێ خۆش بووە.

بۆیە بەردەوام حەزی بەوە دەکرد لە دیوەخانەکەی دەنگخۆشی باشی تێدا بێت. «من ئەو چیرۆکە لەسەر زاری خوالێخۆشبوو محەمەد کەبابچی دەگێڕمەوە، کە گوتی کۆمەڵێک گەنج دێنە باخچەکانی کۆیە خەریکی مەستیگەری دەبن، بەتایبەتی ئەگەر شەهابەشیان لەگەڵدا بووبێت! بۆیە، کە گۆرانی دەڵێن، باوکم لەو دوورەوە گوێی لێیان دەبێت، مام فەتحی لادەبێت، یەکسەر دەڵێت برۆ بانگیان بکە. ئەویش، کە دەچێ دەگەڕێتەوە لای مەلای گەورە و پێی دەڵێت: مامۆستا هەموویان خەریکی مەستیگەری بوون و سەرخۆشن، بۆیە بانگم نەکردن، باوکم دووبارە ڕەوانی دەکاتەوە و پێی دەڵێ برۆ بیانهێنە، بۆیە کە دێن زۆر دەترسن لەوەی مامۆستا لێپێچینەوەیان لەگەڵدا بکات، بەڵام مەلای گەورە دەڵێت فەرموون وەرن دانیشن، لە باخچەکان چیتان گوت، بۆ منی بڵێنەوە، هەموویان پەنجە بۆ شەهابە ڕادەکێشن و دەڵێن ئەو هەولێرییە بوو مەقامی دەگوت، باوکیشم داوای لێ دەکات، کە چی لەنێو باغەکان گوتبوو جارێکی دی هەمووی بۆ باوکم دەڵێتەوە. باوکم زۆر پێی سەرسام دەبێت و پێی دەڵێت: دەبێ بەڵێنم پێ بدەی هەموو جارێک، کە دێیە کۆیە دەبێ سەرم لێ بدەی.

شەهابە لایەنێکی دیکەی هونەریشی هەبووە، ئەویش خەتخۆشی بووە. لەسەردەمی (داود ئاغا)ی سەرۆکی شارەوانی هەولێر، نووسینەکانی سەر دەرگای شارەوانی هەولێر و دوکانەکان، هەر هەمووی شەهابە نووسیونی.

***کەنعان موفتی:***

## کاتەک شیعری شێخی سەنعانی دەگوتەوە دەگریا




ئەو پارچە شیعرەی مام (نورەدین دەباغ) کە وەک خۆی ئاماژەی پێدەکا زۆرجار لە شەهابە گوێی لێبووە و لەنێو مەقامەکانی گوتوێتییەوە و لەسەر شێخی سەنعانە.

***(ئەمان مردم عیلاجم کەن لە حەسرەت ڕوویی لەیلایێ***
***ئیسالی شێخی سەنعانی لە ئاهی نەی مەسیحایێ***
***لە جامی ئەشقی سەرمەستم بە زوڵفی یار دڵ گەستم***
***بە دوو ژن کەوتم باوەڕ گەستم***
***حەنانی دڵ لە دەست ڕۆیی***
***ئەبەد سوودی نییە دین و ئیمانم،***
***کە گۆڕا قیبلەکەم دەرچوو لە کەعبە بۆ کەلیسایێ***
***جەهەنەم دۆزەخ و جنەت***
***لەگەڵ من جوملە بێ حورمەت بەهەشت بێ.***

شەهابە هاوسەرگیریی نەکردووە و ژن و منداڵی نەبووە، لەساڵی ١٩٣٩ بەهۆی نەخۆشی سیل، کە ئەوکات چارەسەری ئەو نەخۆشییە زەحمەت بووە، کۆچی دوایی دەکات و لەگۆڕستانی نزیک شێخەڵڵا نێژراوە، دوای فراوانکردنی شەقامەکان گۆڕەکەی بەر شەقام دەکەوێت، بۆیە هیچ ئاسەوارێکی نەما.

# حەیرانبێژ فەرحان هەمزە کۆر

هاشم حاجی عەلی



ناوی تەواوی (فەرحان فەتحوللە خدر)ە بەفەرحان هەمزە کۆر ناسراوە لەساڵی ١٩٦٥ لەگوندی هەمزە کۆر سەربەشاردێی قوشتەپەی سەر بەپارێزگای هەولێر لە خێزانێکی جووتیار لە دایک بووە، لە هۆزی (مامەش)ە ژیانی منداڵی هەر لە گوندی هەمزە کۆر بەسەربردووە، خوێندەواری نییە لە تەمەنی لاویدا بەکاری جووتیاریی و شوانی خەریک بووە هەر لەتەمەنی لاویشدا لەگەڵ کارکردندا دەستی بە حەیران گوتن کردوە، حەزی بە دەنگی حەیران بێژان عوسمان حەیران و حەسەن حەیران و محەمەد ئۆمەراوەیی بووە، سەرەتا بە لاساییکردنەوە دەستی پێکردووە، دوایی ڕێچکەی خۆیی گرتووە لەحەیران گوتن بەردەوام بووە.

ژیانی هاوسەریی پێکهێناوە و ئێستەش هەر لە گوندی هەمزە کۆر دەژیت. بۆ لەبەرکردنی حەیران زۆر بە توانایە دەتوانێت بە کاتێکی کەم حەیران ئەزبەر بکات، زۆربەی زۆری حەیرانەکانی هی حەیران دانەر مامۆستا (عومەر حاجی عەلی)یە.

مامۆستا (عومەر) حەیرانەکانی بۆ دەخوێنێتەوە، ئەویش ئەزبەریان دەکات و لە بۆنە و دانیشتنەکان بە جوانی دەیانڵێتەوە.

حەیرانبێژ تەنیا حەیران دەڵێت بەستەی ناڵێ، ئەوەش هەندێک لە حەیرانەکانی، کە لەنووسینی مامۆستا عومەر حاجی عەلی-یە، کە بە دەنگی حەیرانبێژ فەرحان هەمزە کۆر گوتراون:

## حەیران

دەچمەوە سەر قەرەچوغی ئەودیو ئەودیوی لەمن

گەریو گەری هەرکەوە

دەبرۆننە سەر ڕەوە شاخان چەندە جوان ڕەویٚ

کاران و کارمامزان لیٚ دەکەن ڕەوە

خۆمن وەکی دەچمەوە دەشتیٚ قەراج و کەندێناوەی

کاکینە برینیٚ کەون و نوم دەکورێنەوە

* * *

ئەورۆ ئەمن چەندم گاز دەکرد لە هەمزەکۆری

کاکە لە ملیٚ حەیرانیٚ من دیارە وەللە مەرجانە و مۆری

خۆمن درم قاسیدە چاوم دووربینە سەبارەت بەدووچاویٚ بەرەک و گەردەنیٚ زەرد وەڵا دنیای دەڕۆنی

کورە حەیران ئەدی نازانی سبەینیٚ بە کۆمەرەکیٚ سواران دەمبەن لۆ گولەکەی میردان بە کەسک و سۆری

* * *

حەیران دەرێم کەرکووک کەرکووکە

کەتمەوە دەشتەکەی شوان و شیخ بزێنی و بناری خارخاران بە شەواشینک و دار بە لاڵوکە

ئەنگۆ بە چاویٚ منی خانە وێران برۆننە گەڕیٚ شایٚ حەیرانەکەی من تاقمەکی سپی لەبەرە هەردەمنی تازە بوکە


* * *

ئەورۆ هێواریٚ دەرێم ئەوە مانگم لیٚ هەردەهات دەدا لەسیلەی مزگەفتیٚ

لە زاریێ کورانیٚ لە دەرک و قەمتەریٚ ماریٚ بابیٚ حەیرانیٚ چەندە جوان دەداتەوە لە چەرخیٚ ڕوومەتیٚ

ئەوەدەمگۆتە بەژنیٚ باریک و دووچاویٚ بەرەک، دەوەرە دەستیٚ خۆمان تێک بگرین بچینەوە دەریٚ لە کاولە وراتی، دەبا ئاوابین لە زوورگەزراوی بچینەوە کەندێناوەی ڕەنگین، دەبا بچینەوە کاولە شەناغەی دیوەخانەکەی مام حاجی علی

قۆناغە دەبا لۆمان بکاتەوە سولحان و مەسرەتیٚ



# خوێندنەوەی کتێب

- **خانزاد .. لە ڕۆمانی خانزاد-دا**

پ.د. شوکریە ڕەسووڵ

- **خوێدنەوەیەکی ڕەخنەیانە بۆ پەرتووکی لە بارەی شیعری جاهیلییەوە**

دڵزار حەسەن

# خانزاد
# لە ڕۆمانی خانزاد-دا

پ.د. شوکریە ڕەسووڵ



بە وردیی خوێندنەوەی ڕۆمان هەموو لایەنێکی شارستانیەت و کۆمەڵگە دەردەخات. ڕۆماننووسە جیهانییەکان شانازی بەوەوە دەکەن، کە لایەنیی مێژوویی لە ڕۆمانەکاندا گرنگییان پێدراوە: بۆ نموونە (بەلزاک) گەورەترین ڕۆماننووسی فەرەنسیە، شانازی بەوەوە دەکرد، کە توانیەتی مێژووی پەنجا ساڵەی نەتەوەکەی لە ڕۆمانەکانی دا بەرجەستە بکات. یاخود ڕۆمانەکانی ڕووسی وەک (شەڕ و ئاشتی)ی تۆلستۆی و ڕۆمانی (دایک)ی ماکسیم گۆرکی، ئەمانە مێژووی وڵاتەکەیان بەشێوەیەکی هونەریی و سەرنج ڕاکێش و تەکنیکێکی بەرز ڕازاندووەتەوە.

لە ڕۆمانی کوردیشدا (عەرەبی شەمۆ) یەکەم ڕۆماننووسە ڕۆمانی مێژوویی (قەڵای دمدم)ی نووسیوە. لەسلێمانی -ش (حوسێن عارف) ڕۆمانی (شار) نووسیوە.

مرۆڤ کە ئەم ڕۆمانانە، بەتایبەتی ڕۆمانی مێژووییەکان دەخوێنێتەوە، هەست بە مێژووی تراژیدیای نەتەوەکەی دەکات، کە لایەنی کۆمەڵایەتی و مێژوویی دەخەنەڕوو.

ئەم ساڵیش ٢٠٢٣ ڕۆمانی مێژوویی (خانزاد)م خوێندەوە، کە لە لایەن ئاریز عەبدوڵلا نووسراوە، بۆ من جێگەی سەرنج بوو.

ئەم ڕۆمانە مێژووییە بۆ چوار سەت ساڵ بەر لە ئێستە دەگەڕێتەوە و بریتییە لە (٢٢٨) لاپەڕە، فەرهەنگێکیشی بۆ زارە کوردیی و بن زارەکان کردووە، کە ژمارەیان (١٤٥) زاراوەیە.

– ڕۆمانی خانزاد باسی قۆناغێکی گرنگی ژیانی کوردەوارییە، لە کاتی خوێندنەوەیدا، بە دیار ئەو هەموو ڕووداوە مێژووییانەدا هەستم دەکرد لە بەرانبەر شاشەیەکی سینەمایی گەورە دانیشتووم و ڕووداوگەلێکی (چوارسەد ساڵ) لەمەوبەری کوردەواریی دەبینم. لە (سەرکەوتن، شکست، پێشکەوتن، بۆ دواوە گەڕانەوە، پیلان، پلان، خۆشگوزەرانیی، نەداریی) لەگەڵ وێنەیەکی ئەو سەردارە شۆخوشەنگەی، کە بە (شان ژن، میرەژن، خوشک، خانزاد، خاتوو) ناوبراوە، دروستکردنی ئەو هەموو قەڵایە، گەواهی ئەوە دەدەن، کە خانزاد خاوەن دەسەڵات و قارەمانییەتیەکەی زۆر بووە، بەڵام سەرئەنجام چارەنووسێکی تاڵی سەدان ساڵە و دەردێکی مێژوویی بەرۆکی کوردی گرتووە. لەگەڵ ئەو مێژووە خوێناوییە مەرگەساتە و ئەو هەموو قوربانیانە، هێشتە نەمانتوانیوە تەوقی نەفرەتی جوگرافیا لەگەردەنی ئەم وڵاتە بکەینەوە.

– ڕۆمانەکە، هەر لە سەرەتاوە، لە بەرگەکەیەوە ژنە شاسوارێکی قارەمانی گورجوگۆڵ بەسەر ئەسپە شێوە و شیر بەدەست لەنێو جەنگدا بەوپەڕی قارەمانیەتی، پاڵەوانیەتی، شیرەکەی دەستی ڕاوەشاندووە، بە دەستەکەی دیکەیشی جڵەوی ئەسپەکەی گرتووە.

ناوی (خانزاد) ڕووماڵی هەموو ڕووداوە جەرگبڕەکانی شەڕەکانی (دەوڵەتی سەفەویی و عوسمانیی) دووبارە و سێبارە بووەتەوە.

ئەم ڕۆمانە بریتییە لە بیست و سێ بەش و ناوونیشان، هەر ناوونیشانێکیش ڕەنگدانەوەی ڕووداو و بەسەرهاتێکە. ناوی خانزاد لەهەموو پاڵەوانییەک و داستانە فۆلکلۆرییەکان و چیرۆک و ڕۆمانەکاندا زۆر دووبارە بوونەتەوە و لەنێو مێژوودا شوێنێکی گەورەیان گرتووە، وەک ناوی مزگەوت، کانی، قەڵا، ناوی ژنانی دەڤەرەکە و شوێنانی دی و کوردەواریی.

دەستپێکی ڕۆمانەکە، وەک بەشی یەکەم بە (هەبوو نەبوو دەستی پێ کردووە) کە نابێت ڕۆڵی چیرۆک گێڕەوەی هەموو شت زان، کە ئاریز عەبدوڵلا خۆیەتی لەبیر بکەین، کە توانا و سەلیقەیەکی زۆری بەسەر هەموو ڕووداو و کون و قوژبنێکی ئەم ڕۆمانەدا هەیە و شارەزای مێژووی ئیماراتی سۆران و مێژووی کوردە. ئەوەش لە ئەنجامی ئەوەی گەلێ بەڵگەی مێژوویی دەستکەوتووە، کە گەنجینەیەکی گەورەی مێژووی سۆرانە.

ئەم مێژووە، یان ڕووداوە لە دیوەخانان بەناوی بەیتی (خانزاد و لەشکری) گێڕدراوەتەوە، گێڕەوە هونەری تێدا کردووە و لەبەرگە فۆلکلۆریەکەی دەرهێناوە.

داستان و پاڵەوانییەتی ژنێکی شۆخ و شەنگی پەری ئاسا و میهرەبان، زیرەک، لێهاتوو، دووربین، نان بدەی شاری هەریری پایتەختی جوان لە سەرەتای سەدەی حەڤدە دەگێڕێتەوە.

– گێڕەوەی هەموو شتزان، جیاواز لە حەکایەت گێڕەوە (بەهەبوو نەبوو.. کەس لەخوای میهرەبان مەزنتر نەبوو، کەسیش لە خوشک قارەمانتر و جوانتر نەبوو) باسی (خوشک و قارەمانیەتی و جوانیی دەکات)

ڕۆمـانـنـووس دەستێکی بـاڵای لـە هـونـەری وەسفدا هەیە:

١- وەسفی جوانی خوشک-خانزاد (شۆخە ژنێک بـوو، لەجوانیدا شانی خـۆی لەشانی پەرییان و لە ئازایەتیدا لە شانی ڕۆستەمی دەدا، لە دەستکراوەیی و سەخاوەتی حاتەمی تەی تۆزی لەدوا نەدەکرد)

٢- جوانی خوشک لە شـەواندا دەبێتە مانگ (گەلاوێژ) بە ڕۆژیش ئەو سەرداره دەبێ کە بۆ هەرلایەک بچێ جوڵە ناهێڵێ.

٣- خوشک شۆخە ژنێکی هەندە جوان بووە، هەندە جوان بووە، شەڕی لەگەڵ مانگ دەکرد، وەک دەڵێن برای خۆی عاشقی دەبوو.

٤- ئەوەندە قارەمان و ئـازا بـووە، لەمەیدانی شەڕاندا نێر نەبووە شانی خۆی لەشانی بدات.

٥- وەسفی کۆشکی میر یا کۆشکی فەرمانڕەوایی سۆران دەکات: (کۆشکێکی گەورە و دوو قاتی دیـوار قایمە، دیـوارەکـانـی بـە بـەرد و قسڵ و گەچ دروستکراون، کە بەرینیان نزیکەی مەتر و نیوێک دەبێت، پەنجەرەکانی نهۆمی خوارەوە لە نهۆمی سەرەوە گەورەترن و لەداری گوێز دروستکراون.

٦- وەسـفـی بـاخـچـە و حـەوزەکـە دەکـات، کە بەبەردی ڕەنگاوڕەنگ ڕازاوەتەوە.

٧- وەسفی جوانی سروشتی کوردستان: (گوڵ و کولیکە ڕەنگـاوڕەنگـەکـان لـەنـاو سـەوزایـی گیا زەوییان وەها ڕازاندۆتەوە هەروا دەزانی مافورێکی کاشانە لەسەر زەوی ئەو دۆڵ و چیاو گردانە)

٨- وەسفی کۆشکی خانزاد، قولەی کۆشکەکە.

- بـۆ جوانی و دەوڵـەمـەنـدیـی لایـەنـی ئـەدەبـیـی و هزریی و فەلسەفیی و ڕازاندنەوەی لایەنی هونەریی، گێڕەوە ئاوڕی لە فۆلکلۆر داوەتەوە، بەتایبەتی نموونەی حەیران، لاوک، سەردولکە، پەند و چیڕۆک، ئیدوێم.

هەر بۆ نموونە:

لە شوێنی پێویست پەندی بەکارهێناوە وەکو: (خوی شیری هەتا پیری. خوا ڕاستەو ڕاستی دەوێ. لەتۆ حەرەکەت لەمن بەرەکەت. خوا بە دەوتـا برۆنێ. قـەرزاری دونیا و قیامەت بی. ئاشـان بەشیری مـەڕان بگیرینە. پێ لەسەر زەوی و سـەر لـەسـەر ئـاسـمـان. ئەڤینداری نەک ڕەگێکی شێتیە، بگرە بناغەکەی شێتی و هارییە. هەرکەسێ بەقەد بەڕەی خۆی قاچی ڕاکێشێ. گیا لەسەر پنجی خۆی دەڕوێتەوە. بەقسەی خۆش مار لەکون دێتە دەر. ماسی لە دەریا مامەڵە ناکرێ. ئەو ماستە بێ موو نییە. بەزەبری ئاسن و ئاگر ستەمی زۆر دەکات. دار کرمی لەخۆی نەبێ هەزار ساڵ دەژی. زیان یان لەنیوە بگەڕێتەوە قازانجە. بەرد لەجێی خۆی سەنگینە. ڕێوییەکی گەڕۆک لە شێرێکی خەوتوو بەکارترە. نە بای دیوە نە باران.

ڕۆماننووس ئاوڕی لەقسەی خۆش و نوکتە ئامێز داوەتەوە، قسە خۆشەکانی عەلی حەریری و پلکە زولەیخا، چیڕۆکی بڕینی کلکی کەرێک.

ئاوڕدانەوە لە لاوک، حەیرانی شیرین. لە لاوکی (مەتینی وانی) کە جەنگاوەرێکی ئازا و دەنگخۆش بوو، لاوکێکی ناخ هەژێن دەڵێت: ل٢٠٣ ـ ٢٠٤

ڕۆماننووس شـارەزای گۆرانیی بووە، لەسەر کەرکوک و باوە گوڕگوڕ و نزای ژنان بۆ منداڵ بوون.

وەک: (بابا گوڕگوڕ، هاتم بەگوڕ، بەگوڕ هاتم، بۆ کوڕ هاتم)

گرنگی ڕۆمانەکە:

١- یەکەم جارە ڕۆمان لەسەر ژنێک لە دەڤەری سۆران بەناوی خانزاد بنووسرێت.

٢- ناسینی هەموو جوگرافیای دەڤەری سۆران بە (قەڵا، باغ، دار، دۆڵ و شاخ، گوڵ، چیاکان، ئاژەڵ و باڵندە و دەنگەکانیان).

٣- ناسینی ئازایەتی و قارەمانیەتی و لێهاتوویی سـەرکردەیەکی ژیری ژنی کورد، کە خانزاد-ە. لەگەڵ شـای سەفەوی و سوڵتانی عوسمانی (گەمەی سیاسـەتی) کردووە. واتە (داش بەدامە)

ی کردووە.

٤- زانینی چەندین حەکایەت وەکو پەپو سلێمانکەی ڕەنگاوڕەنگ، ئەو باڵندەیەی پیرۆزە و نابێت بکوژرێ، چونکە کاتی خۆی کچێکی بێ دایک بووە، زڕدایکەکەی هێندە ئازاری داوە دوعا و نزا لای خوا دەکات، لەژێر دەستی دەری بێنێت، بۆیە دەبێتە ئەو باڵندەیە.

٥- هەرچی قەڵای دەڤەری سۆرانە پێمان دەناسێنێ.

٦- ناسینی هەریەک لە کاراکتەرەکان، بەپێی ڕۆڵیان، بۆ نموونە: (مام سۆفی سەر بەپەڕ بە چەندین پەڕەمووچی جیاواز و ڕەنگاوڕەنگ شەدەکەی سەری ڕازاندۆتەوە)

کارەکتەرەکانی وەک (دیان، ئیزدی، ئەرمەنی و جوو)ی خستوونەتە نێو ڕۆمانەکەی.

٧- نەریتی پرچ بڕین و خستنە ژێر ئەو قەڵایانەی، کە دروستکراون، ئەمەش نیشانەی بەخشینە بۆ وڵات و سەربەخۆیی وڵاتەکەی.

٨- ناسینی خوشک لە دڵسۆزیی بۆ میللەت و وڵاتەکەی، زیرەکی لە دانانی پلان و خۆ ئامادەکردن بۆ هەڕەشەکانی دوژمن و ڕاوێژکردن بەدەوروبەر و بڕوا بوونێکی زۆر بەخۆی وەک سەرکردەیەکی بەئەزموون و دیموکراسیی و ڕاوێژکردن لەبەردەم (میر و زانایانی ئایینی، سەرلەشکرە ئازاکان و جەنگاوەرەکان) ئەو پلانەی بۆ سۆران داناوە، هەنگاو بۆ پێشەوە بەرێ لەسایەی بەزەیی خوا و ئازایەتی ئێوە و ئایین و نیشتمان (دڵنیام گەلەکەمان بەختەوەر و وڵاتەکەمان فراوانتر و بەهێز دەبێ)

٩- ناردنی نامەکانی لە وەڵامی نامەکانی شای سەفەویی و شای عوسمانیی.

١٠- دانانی مەلا عەلی بۆ تۆمارکردنی ڕووداوەکان و خشتەی کاروبارەکان و ڕێکخستنی (ئەرشیف، یان دیکۆمێنت).

١١- ناسینی لەشکریی و خیانەت و ئاشکرابوونی و سەر پەڕاندنی لەلایەن (خوشک- خانزاد)ەوە لە ئەنجامی ناپاکیی و خراپەکاریی، دژایەتی، دوژمنایەتی، سزا و تاوانەکەی بەشیر یەکلایی کردەوە، ئەمانەش لە ئەنجامی ئەو ژەهرەی درابوو بەمیر.

١٢- شارەزایی گێڕەوەی هەموو شت زان لە نمایشکردنی خانزاد و گەڕانی بەنێو شاردا و گوێگرتن لە ڕاز و نیازی خەڵکەکە و ڕێککەوتی سێ فەقێ و بانگ کردنیان بۆ جێبەجێ کردنی فران و لێپێچینەوەی لەو فەقێیەی ئاواتی بوو بۆ شەوێک لەگەڵ خانزاد بوایە.

١٣- ڕۆماننووس هەموو گوند و قەڵاکانمان پێ دەناسێنێ وەک (خرواتان، باویان، قەڵای دیوین، زرارەتی، دێرێ، سماقوڵی، کۆیی و بانەمان).

١٤- ئاریز عەبدوڵلا گێڕەوەی هەموو شت زان شارەزای هەموو هۆز و عەشیرەتەکانی ڕۆژهەڵات و خوارووی کوردستانە (برادۆست، خۆشناو، باڵەک، جاف، بلباس، مزوری، زێباریی، سورچی، خەیلانی، شێخانی، هەروتی، باوەجانی سنجاوی و باجەلان)

١٥- ناسین و چاوساغیی خان ئەحمەد، خانی ئەردەڵان، خوشک تووڕە دەکات، لە ئەنجامی شەڕ لەگەڵ ئێراندا، خوشک ئەسیر دەکرێ و لە ڕێگەی ئەم سەرۆک جاشە بەردەبێت. شای سۆران تووشی شەڕێکی گەورە دەبێت، لەمەیدانی شەڕدا یەزدانشێر سەرلەشکر و دونمشەڵا و دەیان جەنگاوەری دی دەکوژرێن.

١٦- ئەوەی جێگەی سەرنجە لە ئەنجامی شەڕەکەدا چیرۆک گێڕەوە ئەوەی لەیاد ناچێت، کە ڕۆڵ بە مەلا عەلی دەدات، بۆ ئەوەی هەموو (تۆمار و بەڵگەنامە مێژووییەکان بپارێزێ، لەبەریان دەگرێتەوەو دەیاننێرێتە شار و گوندەکان، تا نەفەوتێن. داوا لەخەڵک دەکات ئەم ڕووداو و بەڵگەنامانە هەڵگرن و لەنێو سنگدا تۆماری بکەن و بۆ خەڵکی بیانگێڕنەوە.

١٧- لێرەدا ڕۆماننووس وەک شارەزاییەکی تەواو، نرخ و بایەخی بەڵگەنامە و باوەڕی بە زارەوزار گێڕانەوە هەیە، کە ئەوە بەردی بناغەی لای کوردە ئێزدییەکانەو پەیڕەویان کردووە، هەموو کەلەپووری خۆیان لە ڕێگەی زاربەزار و سنگ بەسنگ نەوە بۆ نەوەیەکی دی گێڕاوەتەوە. بەمە تا سەتساڵی دی لەنێو ناچن. وەسیەتەکەش بۆ نەوەکانیان دووبارە دەکەنەوە و مێژووی سۆران بەربڵاوتر دەبێت.

١٨- دەرخستنی وێنەی خانزاد (ناخی خۆی دەخواتەوە، برینی جەستە و دەروونییەکان و لەسەرە مەرگدا) وەسیەتی کرد ( لەتەنیشت میر سلێمان بەخاکی بسپێرن) هیوادارم ئەم ڕۆمانە بکرێتە فیلم و نمایش بکرێت.

دلزار حەسەن



## خوێندنەوەیەکی ڕەخنەییانە

# لە بارەی شیعری جاهیلییەوە

زیاد لە چواردە سەدە بەسەر ئەدەبی جاهیلییدا تێدەپەڕێ. لەنێو توراسی ئیسلامیدا زۆر بەدەگمەن نەبێت، نووسەران و ڕۆشنبیرانی ئیسلامی نەگەڕاونەتەوە سەری. هۆکارەکانی ئەوەش زۆرن، بەشێک لەو هۆکارانە پێوەندی بە بەلاغەتی زمانی قورئان و موعەلەقاتەوە هەیە. دەتوانم بڵێم بەر لە پەرتووکەکەی نووسەری دیاری میسری دکتۆر (تەها حوسێن ١٨٨٩ - ١٩٧٣) یەکێک لە دەستنووسە زۆر کۆنەکان. کتێبی (المعلقات العشر)ە یە، کە (دار الرشید) ئامادەی کردووە، کە پشتی بە توێژینەوەکانی (الزوزني - الشنقيطي - ابن النحاس – التبريزي) بەستووە، کە دەزگای ئیمان لە بەیروت چاپی کردووە. نموونەی دە شاعیری سەردەمی جاهیلی هێناوەتەوە وەک:

(أعشى قيس: ناسراوە بە الاعشى لە ٥٧٠م تا ٦٢٥م ژیاوە) بە هۆی چاوکزییەکەیەوە، کە لە شەودا نەیدەبینی پێیان گوتووە أعشى. (الحارث بن حلزة: لە ٥٨٠ میلادی مردووە) ( النابغة الذبياني: لە نێوان ساڵانی ٥٣٥م تاکو ٦٠٤م ژیاوە) (أمرؤ القيس: لە ٥٠١م تا ٥٤٤م ژیاوە) (زهير بن أبي سلمى: ٥٢٠م تا ٦٠٩م ژیاوە) ( طرفة بن العبد: ٥٤٣م تا ٥٦٩م ژیاوە، تەمەنێکی زۆر کورتی هەبووە و مێژوو پێمان دەڵێت، کە لە سێدارە دراوە) (عبيد بن الابرص: ٥٠٠م – ٥٥٤م) (عمرو بن كلثوم: ٥٢٦م – ٥٨٤م) (عنترة بن شداد: ٥٢٥م – ٦٠٨م) (لبيد بن ربيعة: ٥٦٠م – ٦٦١م)

هەریەک لەو شاعیرانە لە دوای خۆیان و لەسەردەمی جیاجیادا دیوانەکانیان چاپکراوە و لە کتێبخانە و کۆشک و تەلاری دەسەڵاتدارانی ئیسلامیی و ماڵ و پەرتووکخانەی حوجرەی مزگەوتەکان هەبووینە. دەبێ ئەو ڕاستییەش بڵێین، کە بەشێک لە مەلاو پیاوانی ئایینی لە حوجرەدا شیعری جاهیلییان وەک دەرس خوێندووە، ئەوانیش بۆ شارەزابوون لە ئەدەبیات و ڕەوانبێژیی و گەڕانەوە بۆ چاوگەی ڕێزمانی عەرەبیی. تەڵەبە و فەقێکانیان فێرکردووە، تا زمانی عەرەبییان باش بێت. بەتایبەتیش لە دوو سەدەی ڕابردوودا، کە بە هۆی ڕۆشنگەریی ئەوروپایی و تێکەڵبوون بە کلتووری گەلان، ناوەندی وەشاندن و ڕوناکبیریی عەرەبیی– ئیسلامی، لێرە و لەوێ گرنگییان بە بڵاوکردنەوەی ئەدەبیاتی جاهیلیی دا. دیارە ساغ کردنەوەی ئەو میراتە زەنگینەش هێندە ئاسان نەبووە.

چەندی گرنگی پێدراوە، هێندەش زیاتر دژایەتی کراوە، بۆیە لێکۆڵینەوە و وەستان لەسەر ئەو توراسە ئاسان نەبووە. لێرەدا دەمەوێت سەرنجی ئێوە بۆ مێژووی لەدایک بوون و مردنی ئەو شاعیرانەی سەردەمی جەهالەت ڕابکێشم، کە هەموویان ژیانیان کەوتووەتە نێو یەک سەدەوە، کە لای تەها حوسێن و من و چەندانی دیکەش گومانی دروستکردووە، کە چۆن هەموو ئەو ئەدیب و شیعرانە لەو سەردەمە ژیاون و نووسراون؟ ئەویش سەدەی پێنج و شەشی زایینییە. ئەگەر چاوێک بەو سەردەمەدا بگێڕین، دەبینین لەو قۆناخەدا عەرەب لەو ناوچەیەدا دۆخی ژیانی زۆر ئاڵۆز و دژوار بووە، چونکە لە دایکبوونی ئەم شیعرانە دەگەڕیتەوە بۆ ساتەوەختێکی مێژوویی و سیاسیی ئاڵۆز و پڕ لە ململانێ، کە لێکەوتەکانی بەسەر شاعیرانەوە هێجگار مەزن بووە. هۆیەکی دیکەش دەگەڕێتەوە بۆ قورسی زمان و وشە و ڕەوانبێژیی شیعرەکان، کە تێگەیشتن لێی قورس بووە. کاتێکیش عەرەب، یاخود بە مانایەکی دیکە ئەقڵی ئیسلامی شوناسی ئەدەبی جاهیلیی بەو توێژ و سەردەمەدا دەبەخشێ، ئەوە بۆ ئەوەیەتی ئەو مێژووە فەرامش بکات و بە میراتێکی خراپ و ناشیرین وێنای بکات، هەر وشەی «سەردەمی نەفامی» جاهیلیی خۆی لە خۆیدا ڕەتکردنەوەی ئەو میراتەیە. یانی توراسی ئایینی ئیسلامی نەیوەستووە ئەو مێژووە وەکخۆی بخوێنێتەوە و

> ***پەرتووکی (في الشعر الجاهلي) بە یەکێک لەو کتێبە باشانەی دونیای لێکۆڵینەوەی عەرەبیی دادەندرێت، کە نووسەری بەناوبانگی میسری «تەها حوسێن»، لە ساڵی ١٩٢٦ چاپی کردووە***

وەک بەشێک لە ئەدەبیات و جەستەی عەرەبی– ئیسلامی قبووڵی بکات، بەڵکو بە ناولێنانی بە ئەدەبی نەفامی (جاهیلی) دیمەنێکی قێزەوەنمان لە زهندا بۆ نمایشدا، کە ئەو ئەدەبە بە شێوەیەکی نەخوازرا و دوور لە لۆژیکی ئاییتی ببینین، لەکاتێکدا وانییە بە پێچەوانەوە ئەو ئەدەبە خزمەتێکی مەزنی بە تێگەیشتن لە قورئان، بۆ سەردەمی خۆی دروست کردبوو. ئاخر ئاسان نەبوو لە زمانی قورئان بگەیت، ئەگەر نەگەڕابوویایەوە بۆ ئەو میراتە.

سەختی زمانی ئەم شیعرانە، کە بە دارشتێکی بەرز و بەعەرەبییەکی پەتی نوسراون، تێگەیشتن لێیان ئاسان نەبووە. هەرچەندە تەها حوسێن لە کتێبەکەیدا، کە ئێستا خوێندنەوەی بۆ دەکەین، پێیوایە شتێک نییە بە ناوی ئەدەبی جاهلییەوە، بەڵکو ئەوە هەر ئەو ئەدەبە ئیسلامییەیە بە ناوی ئەدەبی نەفامییەوە ناوبانگی دەرکردووە. نووسەر بۆ سەلماندنی قسەکانی پەنا بۆ زۆر سەرچاوە و میتۆدی جیا جیا دەبات، تا شیکردنەوەیەکی دروست بۆ ڕاستکردنەوەی ئەو مێژووە بەرهەم بهێنێ. بێگومان پەرتووکی (في الشعر الجاهلي) بە یەکێک لەو کتێبە باشانەی دونیای لێکۆڵینەوەی عەرەبیی دادەندرێت، کە نووسەری بەناوبانگی میسری «تەها حوسێن»، لە ساڵی ١٩٢٦ چاپی کردووە. پەرتووکەکە قەبارەی گەورەیە و ٤١١ لاپەڕەیە. دوای ئەوەی هەڵلایەکی زۆری لەسەر دروست دەبێت و تەها حوسێن لەگەڵ ناوەندە دینییەکانی میسر دەکەوێتە کێشە، ئیدی لە چاپی دووەمدا ناوونیشانی کتێبەکەی دەگۆڕێت و دەیکاتە (الأدب الجاهلي) هەم دەستکاری ناوەڕۆک و هەمیش چەند بەشێکی لێ دەردەکات.

شەفیقی حاجی خدریش بەرگی چاپی یەکەمی لە لاپەڕە ٣ی تەرجەمەکەی داناوە، بەڵام بە گوێرەی قەبارە و پەڕی بە کوردییکردنەکەی بێت، ڕەنگە ئەو وەرگێڕانە لە چاپی دووەمییەوە بێت، نەک ئەوەی یەکەم، چونکە تەرجەمەکە ٢٩٠ لاپەڕ دەرچووە، خۆشتان دەزانن لە ڕووی مانای وشە و دێڕ و پەڕەگرافەوە، کاتێک جوملەی عەرەبیی دەکرێ بە کوردیی، ئەگەر وەک خۆیشی دەرنەچێت ئەوە پیت و وشەی زیاتری دەوێت، تا مانا عەرەبییەکەی وەک خۆی بگەیەنیت، بۆیە ئەوە بۆ خوێنەر و کاک شەفیقی جێ دەهێڵم، تا وەڵامی ڕاستی ئەو بابەتە بداتەوە. جگە لەوەیش چاپی یەکەم لە بازاڕ نەماوە و کۆکراوەتەوە و بەدەگمەن نەبێ بە ئاسانی دەست ناکەوێت، چونکە چاپی دووەم بووەتە بنەما و لە دەستی خوێنەردا بووە، بەڵگەی ئەوەش لە دیمانەیەکی تەلەفزیۆنیدا، کە چەند نووسەر و ئەدیبێکی دیاری عەرەب ئامادەبووینە و نەجیب مەحفوزی نووسەریش لەوێ دەبێت پرسیاری پاشگەزبوونەوە لە تەها حوسێن دەکەن، ئەو زیاتر پێداگری لەوەی یەکەم دەکات، بەڵام نابێت بیرمان بچێت، کە زیاتر چاپی دووەم لەبەر دەستە و دەبیندرێت. بەلای منەوە هەردووکیان هی نووسەرە، بەڵام تا مردیش نووسەر نەیتوانی ئەوەی یەکەم چاپ بکاتەوە! ئەوەش گومان و پرسیارەکەیە. هەرچەندە وەرگێڕ لە لاپەڕە ١٠ی کتێبەکەدا ئاماژە بەوە دەکات، کە لە چاپی دووەمدا نووسەر لە ژێر فشار، هەم ناوەڕکی چاپی یەکەم و هەم ناوونیشانەکەی گۆڕیوە، بەڵام ئەوەمان پێناڵێت، خۆی کامە چاپی کردووە بە کوردی (في الشعر الجاهلي يان الأدب الجاهلي) دیارە لەو سەردەم چەند نووسەرێک بە کتێب، وەڵامی بۆچوونەکانی تەها حوسێن-یان داوەتەوە، کە لێرە ناتوانین بە درێژی باسیان بکەین.

ئەو میتۆدەی نووسەر بۆ شیکردنەوەی ئەدەبیاتی جاهیلیی کاری لەسەرکردووە، دوو شێواز بووە، بینین و بیستنی شتەکان وەک خۆی و لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەیان بە ڕێگەی عەقڵ و فەلسەفە گومانییەکەی دیکارت، کە گومان و پرسیارکردنە لە جەوهەری شتەکان.

دەبێ ئێمەیش پرسیار لەوە بکەین بۆچی نووسەر پەنای بردووەتە بەر ئەو فۆڕمە لەسەر نووسینە؟ ئاخۆ گومان و پرسیار لای تەها حوسێن چ دەگەیەنێ؟ سەرەتا پێویستە لەوە بگەین، کە گرفتی مەعریفیی تەها حوسێن لەگەڵ بیرکردنەوەی عەرەب بووە. چ وەک نەتەوە، چ وەک



موسڵمان و پابەندبوون بە ئایینی ئیسلام. ڕەخنەیەکی زۆری لەو توراسە هەبووە، پێیوایە دەربازبوون لەو هەژموونە ئاینییە تەنیا بە ڕۆشنگەریی دەگوڕێ، ڕۆشنگەری لە فیکری عەرەبیی و کلتووری ئیسلامیدا.

نووسەر نایشارێتەوە، کە بە هۆی زانینی زمانی فەرەنسیی و چەند زمانێکی زیندووی دونیا، تێگەیشتنی بۆ دین و ژیان گۆڕاوە. هاوسەرەکەیشی، کە خۆراواییە و خۆشەویستییەکی زۆری بۆ تەها حوسێن هەبووە، چونکە تەها حوسێن نابینا بووە، هاوژینەکەی بەدەنگی خۆی زۆرترین کتێبی بۆ خوێندووەتەوە. دەڵێت: جگە لە وشە و مانای دێڕەکان، دەنگی ئەو وەک مۆسیقا بە ڕۆحمدا دەهات و دەچوو، هێندە دڵخۆش بووم پێی.

بەو قسەیە حیکایەتی ژیانی دکتۆر کامیل بەسیرمان هاتەوە بیر، کە هاوسەرەکەی پێ بە پێ ئەو ساڵانەی لە میسر دەیخوێند، کتێب و بڵاوکراوەی بۆ کامیل

> **لەلایەکی دیکەوە تەها حوسێن گومانی خۆی لەو میراتە ئەدەبییە ناشێرێتەوە، کە بەناوی ئەدەبی جاهیلی شوناسی پێدراوە. پێیوایە دوای هاتنی ئیسلام ئەو شیعرانە بەرهەم هاتوون و هەر موسڵمانان خۆیان نووسیویانە و بەناوی شیعری جاهیلییەوە بڵاویان کردوونەتەوە**

بەسیر دەخوێندنەوە. نابێت ئەوەیش لە یاد بکەین، کە پەنابردنیشی بۆ فەلسەفەکەی دیکارت، گومانکردن بووە لەو کلتوور و مێژووە، کە کۆمەڵگەی عەرەبیی و ئیسلامیی بەو دەردەبەردووە. لای وایە تەنیا بە گومان بردن لە هەمووشتێک، ئیدی توانای دەربازبوونت لەو گێژاوە سەختەدا بۆ دروست دەبێت. هەڵبەتە خوێندنەوەی ئەدەبیاتیش بەو نەفەسە، دواجار کێشەی گەورەی بۆ تەها حوسێن دروست کرد تا وایلێهات ناچار بە حەجکردنی بکەن و لە ساڵی ١٩٥٥ سەردانی سعودیەی کرد و پاشای سعودیەش گرنگیی زۆری پێداوە و ستایشی کارەکانی کردوە. بەوەش تا ڕادەیەک دەربازی بوو لەو تۆمەتانەی، کە ئوسوڵیی و تەکفیرییەکان بۆیان دروست کردبوو.

نووسەر لە دەسپێکی کتێبەکەدا جورئەتی پرسیارکردن و گومان بردن، سەبارەت بە ئەدەب و کلتووری کۆن و نوێ، دەخاتە دڵی خوێنەر و دەڵێت (بە جۆرێک باوەڕم بە ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە هەیە، کە پێشتر نەمزانیوە هەستێکی وەهام لە بەرانبەر هەڵوێستی لەیەک جیاوازی خۆم لە مێژوویی ئەدەبی عەرەبیی بۆ هاتبێ. هەر ئەم بڕوابوونە بە هێزەش وای لێ کردم ئەم توێژینەوەیەم سنووربەند بکەم و بەم بەندڕێزییەی خوارەوە بڵاوی بکەمەوە، بێ باک لە نیگەرانیی سەخڵەت بووەکان و بێ باک لە بەلاڕێدا بردنی لادەران. من لەم توێژینەوەیە ئەرخاینم، ئەگەرچی کۆمەڵێکیش تووڕە بکەم و کارەکە لەسەر ئەوانی دیکەش قورس بکەم. ئەمەش دەبێتە مایەی پەسندنامەی ئەو تاقمە کەمژمارە ڕۆشنگەرانە « منەوەرانە« ئەوانەی لە ڕاستیدا ئامرازی ئایندەن و بنەمای ڕاچەنینی نوێ و گەنجینەی ئەدەبی نوێن) ل٣٢-٣٣

کاتێکیش نووسەر پرسیار لەوە دەکات، دەڵێت: (یان دەبێ هەروەک و پێشینان گوتوویانە ئەدەب و مێژووەکەیمان پەسند بێ و هەر بەتەنیا بە بڕێکی کەم بیخەینە بەر نەشتەری ڕەخنە، کە هیچ توێژینەوەیەک لێی بەدەر نییە، ئیدی ئەمەیان ڕێگەمان دەدا بڵێین: ئەسمەعی هەڵەبووە، یان پێکاویەتی، ئەبو عوبەیدە سەرکەوتوو بووە، یان سەرنەکەوتووە، کەسائی گەیشتووەتە ڕێگەی ڕاست، یان گومڕا بووە) ل٣٤

گەر شارەزای مێژوو نەبی و باش ئەو کتێبەی تەها حوسێن-ت نەخوێندبێتەوە و ئاگاداری ئەدەبی عەرەبیی نەبی، ئاخر بەچی دەزانــی کاتێک نووسەر دەڵێت: «ئەسمەعی» هەڵە بووە، یان پێکاویەتی مەبەستی کێیە و چییە، ئاخر خوێنەر چۆن بتوانێت ئەو مێژووە ساغ بکاتەوە، ئەگەر مەلەزانێکی باشی ئەو دەریایە نەبێت، بۆیە خوێندنەوەی کتێب و قسە لەسەرکردنی ئاسان نییە. بەر لە هەمووشتێک پێویستە بزانین نیازی نووسەر لە سەرکەوتن و نەپێکان چییە! ئەسمەعی کێیە؟ تا بزانین پێکاویەتی، یاخود نا. بەر لەهەموو شتێک ئەسمەعی ناوی تەواوی «عبد الملك بن قريب الأصمعي»یە شاعیرێکی دیاری عێراقییە، لە ٧٤١ ز – ٨٣١ ز ژیاوە. هۆی بەناوبانگ بوون و ئەو هاوکێشەیەی، کە تەها حوسێن لە کتێبەکەیدا هێناویەتی، بۆ ئەو چیرۆکە دەگەڕێتەوە، کە ئەوکاتەی «ابوجعفري منصور» حاکمی بەغدا بووە، لە کۆشکەکەی خۆی ڕۆژێکی بۆ گوێگرتن لە شاعیران تەرخانکردبوو، مەرجیشی ئەوەبووە هەر شاعیرێک سێ جاران شیعرەکە دەخوێنێتەوە و هەر شیعرێکی تازە، کە کەسمان گوێمان لێ نەبووبێت، ئەوە بەقەت وشەکانی زێڕ دەدرێت بەو شاعیرە. شاعیرانێکی زۆر لەو ڕۆژە دەهاتنە کۆشک و شیعریان بۆ ئەبو جەعفەر دەخوێندەوە، زۆرزانی مەنسوریش

لەوەدابوو، خۆی توانایەکی زۆری لە لەبەرکردنی شیعر هەبوو، دوو کەسی دیکەشی دانابوو، کە یەکێکیان بەدوو جار و ئەوەی دیکەشیان بە سێ جاران شیعری لەبەر دەکرد. کاتێک شاعیرێک شیعرێکی دەخوێندنەوە دەیگوت ئەوە چییە منیش ئەوە دەزانم، یەکجێ بۆی دەخوێندنەوە، پاشان دەیگوت: فەرموو جارێکی دیکە بیخوێننەوە، بزانە نەک من فەرموو خزمەتکارەکەشم ئەوەی لەبەرە، ئەوەی سێیەمیش بەو شێوەیە تا بە سێ جاران شیعرەکەیان لەبەر دەکرد و وەک هەزەل و پێ ڕابواردنێک بە ئەدیب و شاعیرانی ئەو سەردەم، ئەبوو جەعفەری مەنسور ئەو بەزمەی دروست دەکرد و هیچ پارەیەکیشی نەدەدانێ. ئەسمەعیش، کە گوێی لەو شتە دەبێت ئیدی شیعرێک دەنووسێت بە ناوی (صوت صفير البلبل)ی و شێوەی خۆی دەگۆڕێت و دەچێتە کۆشک و شیعرەکەی دەخوێنێتەوە. شیعرێک، کە بەئاسانی لەبەر نەکرێت بە هۆی ڕەوانبێژیی و دووبارەبوونەوەی هەندێک وشە، کە مومکین نییە بە سانایی ئەزبەر کرێت. ئەبو جەعفەری مەنسور دەدۆڕێت و پاداشتێکی زۆری دەکات و ئەسمەعیش پارەکەی دەهێنێت بەسەر شاعیرانی دیکە دابەشی دەکات. پرسیارەکەی تەها حوسێن لێرەدایە، ئایە ئەوەی ئەسمەعی کردوویەتی دروست بووە یان نا؟ چونکە ئەسمەعی خۆی نەدەچووە هیچ کۆڕ و مەجلیسێکی مەلیک و دەسەڵاتداران تا شیعر بخوێنێتەوە، بە کورتی دەربار نەبوو، بەڵام کارێکی کرد زیاتر خزمەتی شاعیری دەرباری کرد، بەوەی مەلیکی ناچار بەوەکرد چیتر بێڕیزی بەرانبەر بە شاعیران نەکا. پرسیارەکەی تەها حوسێن ئەوەیە، ئاخۆ شاعیرانی دەربار بەوە وازیان لە کارە خراپەکەی خۆیان هێنا، کە شیعر لە دەرباری دەسەڵاتداران بۆ پارە بخوێننەوە، یاخود نا. ئایە دەسەڵاتدارانی ڕاهێنا لەسەر ئەوەی بەها بۆ شیعر و شاعیران دابنێ! لێرەوە دەبێ تێبگەین ئاخۆ ئەسمەعی کارەکەی نادروست بووە، یان پێکاویەتی؟ ئەو شرۆڤەیە بۆ تێگەیشتن، لە دونیای ئەبوو عوبەیدە و کەسائیش هەر ڕاستە.

بۆ قسەکردن و بینینی ئەو مێژووە، نووسەر دوو ڕێبازی لێکۆڵینەوە دیاری دەکات، کە نابێ بۆ تێگەیشتن لە ئەدەب نا دیدەی بگرین. ڕێبازی یەکەم: هێشتنەوەی کۆی لێکدانەوە و دەقەکان وەک خۆی، بێ ئەوەی دەستکاری بنەمای هیچیان بکات. ڕێبازی دووەم: ئیش لەسەر هەڵوەشاندنەوە و بیناکردنەوە دەکات، ئەوی کۆن دەڕوخێنێ و سەر لەنوێ بینایان دەکاتەوە. خودی نووسەر لەسەر میتۆدی دووەم کاری کردووە، نەک تەنیا لەو کتێبە، بەڵکو لە سەرجەم کارەکانیدا ئەوە بەدی دەکرێت. کاتێکیش لەبارەی کلتووری خۆراوا و خۆرهەڵاتەوە پرسیاری لێ دەکەن هەر لەسەر ئەو بنەمایە وەڵام دەداتەوە و دەڵێت: پێویستە تەواوی کلتووری خۆرهەڵاتی بەلاوە بنێین و کلتووری خۆراوایی وەک خۆی قبوڵ بکەین. ئەگەر هەڵە نەبم هەر لەسەر ئەو وتە و تێگەیشتنە ناوەندە ئیسلامییەکان خستیانە دەرەوەی بازنەی ئیسلام، بەڵام نیو سەدە دوای ئەو، ئەدیب و نووسەرێکی دیکەی دونیای عەرەبیی «أدونيس» کە لە ١٩٣٠ لەدایک بووە. ئەو وتەیەی تەها حوسێن مەعالەجە دەکات و دەڵێت: کلتووری خۆراوایی وەک کلیلێک وەردەگرین، تا دەرگا داخراوەکانی کلتووری خۆرهەڵاتی پێ بکەینەوە. ئەو نایەت ئەو توراسەی خۆرهەڵات ڕەت بکاتەوە، بەڵکو هەردوو کلتوور تێکەڵ بەیەک دەکات.

لەلایەکی دیکەوە تەها حوسێن گومانی خۆی لەو میراتە ئەدەبییە ناشێرێتەوە، کە بەناوی ئەدەبی جاهیلی شوناسی پێدراوە. پێیوایە دوای هاتنی ئیسلام ئەو شیعرانە بەرهەم هاتوون و هەر موسڵمانان خۆیان نووسیویانە و بەناوی

> **ئەو میتۆدەی نووسەر بۆ شیکردنەوەی ئەدەبیاتی جاهیلیی کاری لەسەرکردووە، دوو شێواز بووە، بینین و بیستنی شتەکان وەک خۆی و لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەیان بە ڕێگەی عەقڵ و فەلسەفە گومانییەکەی دیکارت**

شیعری جاهیلییەوە بڵاویان کردوونەتەوە. نووسەر بە گومانەوە چاو لەو مێژووە دەکات و دەڵێت: (یەکەمین شتیش، کە بەم قسانە سەرسامت بکات ئەوەیە، من گومانم لە بەهای شیعری جاهیلی هەیە و لەسەر گومانەکەشم موکوڕم، یان با وەها بڵێین گومان خۆی لەسەرم مکوڕ بووە، ئیدی بەم جۆرە لێم کۆڵیەوە و بیرم لێکردەوە و سەعیم کرد و هەڵمسەنگاند، تا ئەمانە هەمووی بە شتێکی گەیاندنم، کە یەقین نییە بەڵکو نزیکە لە یەقین. ئاخر زۆرینەی ڕەها ئەوەی پێیدەڵێن شیعری جاهیلی، فری بەسەر جاهیلییەتەوە نییە، بەڵکو دوای سەرهەڵدانی ئیسلام هەڵبەستراوە و دروستکراوە، ئیدی ئەم شیعرانە ئیسلامیین و دەرخەری ژیانی موسڵمانان و مەیل و ئارەزووەکانیان دەکەن زیاتر لەوەی دەرخەری ژیانی جاهیلی بن. هاتوومەتە سەر ئەوەی بێ سێ دوو بڵێم، ئەوەی لە شیعری ڕاستەقینەی جاهیلیدا ماوەتەوە زۆر کەمە، نابێتە هیچ و نیشانەنماش نییە بۆ هیچ شتێکی

وەها، هەروەها نابێ بۆ دەرهێنانی وێنە و دیمەنی ئەدەبی ڕاستودروستی سەردەمی جاهیلی پشتی پێببەستین.) ل٤٠-٤١

پـرۆژەی بە کوردیکردنی ئەدەبیاتی گـەلان، هێچگار بایـەخدارە بەمەرجێک ئەگەر وەرگێڕ نەختێک خۆی زیاتر پێوە ماندوو بکات. ئەوکاتە لە کاری وەرگێڕانێکی سادەوە، دەبێتە پرۆژەیەکی باش. ئەو تێبینییەم بۆ گشت کارەکان وەک یەکە. بۆ وێنە ئەو کتێبەی تەها حوسێن لەبارەی شیعری جاهیلییەوە. سەرباری دەستەخۆشانە لە هاوڕێی ئازیزم. ئەگەر بێتوو کاک شەفیق، زیاتر گرنگی بەو چەند شتە بدابوایە دەوڵەمەنتر دەبوو. یەکێک لەو تێبینیانە ئەوەیە، کە شیعرەکانی نەکردووەتە کوردیی، ئەگەر خۆشی توانای بەسەردا نەدەشکا، خۆ دەکرا بیدا بە کەسێکی شارەزا و ناوی ئەویشی بنووسیبایە. جگە لەوە نووسەر لە کتێبەکەی ناوی زۆر کەس دەهێنێ، بۆ نموونە (ئەسمەعی، ئەبو عوبەیدە، کەسائی، ئیمرئولقەیس، تەرەفە، عەنتەرە، زوهەیـر، لەبید، عەمرو بن کەلسوم، حارس بن حیلیززە، عومەر بن ئەبی ڕەبیعە، ئەبی هیلال، حەسسان، عەبدوللا بن ئەلزەبعەری، زراری کوڕی خەتاب، ئەبی ئەحمەد بن جەحش، ئیبن سەلام، ئەختەڵ، نوعمان بن بەسیر، عەبید و هەبید، سەموئەل بن عەدی، عوەدی بن زەید، مستەفا سادق ئەلڕافعی، ئەلێکساندەر دوما، کەعبی بن مالک، عەنبەر بن تەمیم، هتد....) ئەوانە و چەندان ناوی دیکە، کە دەبوایە، کاک شەفیق لە پەراوێزدا باسێکی کورتییان لەسەر بکاو بە خوێنەریان بناسێنێ، بۆ نموونە من ئەسمەعی دەناسم، بەس ئەوانی دیکە ناناسم، ئەگەر نووسەریش گرنگی بەو لایەنە نەدات، ئەوە وەرگێڕ واچاکە بۆ دەوڵەمەندی کارەکەی گرنگی بەو لایەنەش بدا، بۆ وێنە وەک ئەو تەرجەمە و شەرحییاتەی، کە بۆ وشەی (المخضرمين)ل١٦٨ کردوویەتی. جگە لەو ناوانەش تەها حوسێن ناوی زۆر کتێب و سەرچاوە دەهێنێ، واچاکە وەرگێڕ ئەو لایەنە فەرامۆش نەکات و ئەو کتێب و سەرچاوانە بە خوێنەر بناسێنێ. بۆ نموونە کتێبی، (الاغاني) کە لە نووسینی ئەبوو ئەلفەرج ئەسفەهانییە و لە ٨٩٧م ٩٦٧م ژیاوە، یەکێک لەو پەرتووکانەی تەها حوسێن وەک سەرچاوەیەکی بەهێز کەڵکی لێوەرگرتووە، دەبووا کاک شەفیق لەسەر ئەو کتێبە بووەستێ و پێمان بناسێنێ. یان حیکایەتی (عەبید و هەبید) کە لە کۆندا چیرۆکێکی باو بووە، وەک (خەجێ و سیامەند) وەرگێڕ ئەگەر ئەو حیکایەتەی پێ بناسیبایناییە، بێگومان بە چێژتر دەبوو.

کتێبی (في الشعر الجاهلي – لەبارەی شیعری جاهیلییەوە) کە وەک ئاماژەمان پێداوە لە ساڵی (١٩٢٦)دا چاپی یەکەمی بڵاودەبێتەوە دابەشکراوە بەسەر سێ تەوەر، تەوەری یەکەم: کۆڵینەوەیەکی ڕەخنە ئامێزانەیە، بۆ ئەو تێڕوانینە باوانەی، کە پێی دەگوترێت «سەردەمی نەفامی»

تەوەری دووەم: شێواز و بنەماکانی هەڵوەشاندنەوەی وەهمی پێش ئیسلامبوونی شیعری جاهیلییە، کە نووسەر پێیوایە ئەوە درۆیەکی گەورەیە.

تەوەری سێیەم: پشت بە ئارکیۆمێنتی گومانی ڕەخنەییانە دەبەستێ، تا بیسەلمێنێت، کە خاوەنی ئەو دەقانە ئەو شاعیرانە نین، کە بەناویانەوە هۆنیویانەتەوە. دەتوانم بڵێم کتێبی (في الشعر الجاهلي) توێژینەوەیەکی سەرسەختانەی وردە لەمەڕ بە خاوەنکردنی ئەم شیعرانەیە، بۆ مێژوویەکی جیاوازتر لەخۆی و گەڕانەوەیەتی بۆ قۆناغی دوای هاتنی ئیسلام و دەرهێنانی ئەم بەرهەمە شیعرییانەیە لە باوەشی مێژووی پێش ئیسلام، کە دەری دەخات کارەکتەری دیکەی ناو توراسی ئیسلامی، دەستی هەبووە لە هۆنینەوەی ئەو دەقانەدا. بێگومان گرنگی ئەم خوێندنەوەیەش لەوەدا نییە، کە نووسەر شیعرەکان دەگەڕێنێتەوە بۆ ساتەوەختی خۆیان، بەڵکو لێکۆڵینەوەی ئەو ساتەوەختەشە، کە ئەم شیعرانەی لێ بەرهەم هاتون. ئاماژە دانە بەو زامە قووڵەی ئەوسا، کە بۆتە هۆی دروستکردنی ئەو ئەدەبە. هەر ئەوەشە وادەکات دوای چاپ بوونی کتێبەکە هەرا بنێتەوە و نووسەرەکەیشی سەرکۆنە بکرێ. لای دکتۆر تەها حوسێن تاکە سەرچاوە، کە ناکەوێتە ناو گومانە دیکارتییەکەی «قورئانە« ئەوانی دیکە هەمووی جێگەی پرسیار و گومانن. میتۆدی گومانییە دیکارتییەکە، ئەو زهنییەتەیە، کە هەڵاوێردکاری جددی شیعری جاهیلی پێکردووە. گرنگیی ئەو تێزەی دکتۆر تەها حوسێن لەوەدایە فێرمان دەکات بەگومانەوە بڕوانینە مێژوو، بەچاوێکی ڕەخنەگرانە خوێندنەوە بۆ دوێنێ بکەین.

نووسەر کتێبەکەی بە دوو سەرنج کۆتایی پێهێناوە:


یەکەم: ئەو لێکۆڵینەوەیەی پێشکەشمان کردووە، تێیدا گەیشتینە ئەو ئەنجامەی، کە دەکرێ لە ڕووی مێژووییەوە ڕاستودروست نەبێ، بۆیە وەها باشترە توێژەران لەسەری بوەستن و لێی بکۆڵنەوە و بیگەیەنینە سەرساغە.ل٢٨٦

دووەم: ئەوانەی ئەو کتێبە دەخوێننەوە و لێی دەبنەوە، دەکرێ لەسەر دڵ و دەروونیان شتێکی ئازاربەخش پەیدا ببێ لەبارەی ئەو گومانە ئەدەبییەی لە هەموو شوێنێکی ئەم کتێبەدا چەند پاتەمان کردووەتەوە. ل٢٨٨

# لەبری بیرەوەری

- شەو لەکێوان - بەشی (١٩)

د. ئەرسەلان بایز






د. ئەرسەلان بایز

(١٩)

لە هەموو بەرەکان شەڕ گەرم بوو. سوپای عێراق بە هەموو جۆرە چەکێک پەلاماری سەنگەر و بارەگاکانی پێشمەرگەیان دەدا. پێشمەرگە، دوای ئەو پشووە ساڵیەی گفتوگۆ، دوای سەر لە نوێ بێ ئومێد بوون لە ڕژێم خۆی ڕێکخستبووەوە. بەرنامەی تۆکمەی بۆ شەڕەکانی دانابوو، بەتایبەتی بەشی هەرە زۆری سوپای عێراق سەرقاڵی شەڕی خوێناوی ئێران بوو. لەگەڵ کۆتایی هاتنی گفتوگۆ و هەڵگیرسانەوەی شەڕیش، پەیوەندی نێوان حزبەکانی کوردستان، ڕۆژ بە ڕۆژ باشتر دەبوو.

کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان، لە هۆڵی دەزگای چاپەمەنی (ی.ن.ک) لە بەرگەلوو (پلینۆم)ی گرێدا. لەو پلینۆمەدا شەست و سێ کەس لە ئەندامانی سەرکردایەتی و کادیر و فەرماندەی پێشمەرگە بەشدار بوون. ڕژێمی عێراق بەمەبەستی زیان گەیاندن بە بەشداربووان. لە ڕۆژانی پلینۆمدا پەیتا پەیتا تۆپبارانی دۆڵەکەی دەکرد. بۆیە هاوڕێیان ناوی پلینۆمەکەیان نا (پلیتۆپ).

لە ئەنجامی سەرنەگرتنی گفتوگۆ لەگەڵ عێراق، یەکێتی، بە مەبەستی بەرەنگاریی و شەڕ، کەوتە خۆ ئامادەکردنەوە. دەستی کرد بە ڕێکخستنەوەی ڕیزەکانی کۆمەڵە، دابەش کردنەوەی لێپرسراوانی مەڵبەند و ڕێکخراوەکان. ژمارەیەک ئەندامی سەرکردایەتی کۆمەڵە ئاڵوگۆڕ کران، لێپرسراوی مەڵبەند-ەکانیش بە کەسانی نوێ سپێردران (کاک کۆسرەت بۆ مەڵبەندی هەولێر، کاک جەبار فەرمان بۆ مەڵبەندی سلێمانی لە قەرەداغ، کاک ئازاد هەورامی بۆ ناوچەی بادینان)

کاک ئازاد گەنجێکی کەرکووکی وریا و زرنگ و برای تەبایی نێوان لایەنەکانی نێو خودی یەکێتی و کۆمەڵە و شۆڕش بوو. دەنگخۆش و هەست ناسک و میوزیکزان. ئەو ساڵانە کێبڕکێ لەنێوان کاک کۆسرەت و کاک جەبار فەرمان هەبوو، لەسەر ئەوەی کامە مەڵبەند، هەولێر، یان سلێمانی زۆرترین چالاکی دەکەن و زۆرترین دەسکەوتیان دەبێت.

خاڵێکی دیکەی گفتوگۆی پلینۆمەکە، کێشەی جیابوونەوەی (ئاڵای شۆڕش) و سزادانی کاک (مەلا بەختیار) وەک لێپرسراوی یەکەمی ئاڵای شۆڕش بوو. لە کۆی شەست و سێ ئەندامی پلینۆمەکە، شەست و دوو بەشداربوو، مۆریان لەسەر بڕیاری سزادانەکە کرد، تەنیا یەک کادیر نەبێت، ئەویش کاک عەبدوڵڵا تۆفیق بوو. ئەویش وەنەبێت هیچ سۆزێکی بەرانبەر ئاڵای شۆڕش هەبێت. بەڵکوو ڕای وابوو سەرکردەیەکی ماندوو و هاوڕێیەکی دێرینی وەک مەلا بەختیار شایستەی ئەو سزایە نییە.

ئەو هەڵوێستەی ئەوسای عەبدوڵڵا تۆفیق ئەوپەڕی متمانە بەخۆ بوون و زۆر مەردانە بوو، سەرەنجام مام جەلال-یش حەکیمانە سزاکەی جێبەجێ نەکرد و بۆچوونەکەی عەبدوڵڵا تۆفیق سەرکەوت.

بەهۆی شەڕی چەندین ساڵەی عێراق-ئێران-یش کەسانێکی زۆر خزمەتی سەربازیی ئیجبارییان ڕەتکردەوە و هاتنە ناوچە ئازاد کراوەکانی ژێر دەسەڵاتی شۆڕش و بەشێکیان چەکی پێشمەرگایەتیان کردە شان. بەمجۆرە ژمارەی پێشمەرگە زۆر زیادی کرد.

پێش نیوەڕۆی ڕۆژێکی مانگی ٦ ڕژێمی عێراق تۆپبارانی بەرگەلووی کرد. بەڵام تۆپبارانەکەی ئەو جارەیان لەگەڵ جارەکانی دی جیاوازبوو،

تەقینەوەی گوللە تۆپەکان تەنیا (ترپە)ێک بوو، نەک تەقینەوەیەکی گەورەی تۆقێنەر، ئینجا دووکەڵێکی شین-یشی لێ هەڵدەستا، کە بۆنی سیر-ی هەبوو.

دکتۆرەکانی نەخۆشخانەی شۆڕش (د. شوان، د. هەڵۆ...هتد) هاواریان کرد و گوتیان ئەو گوللە تۆپانە کیمیاوین، پێویستە بڕۆنە سەر قوتە بەرزەکان و پەرۆکی تەڕیش بەدەم و لوتتانەوە بگرن. ئیدی ناوچەی بەرگەڵوو بووە ناوچەیەکی ژەهراوی، چەندین کەس بە هۆی تۆپبارانە کیمیاوییەکەوە ژەهراوی بوون، لەوانە کاک نەوشیروان و کاک حەمە تۆفیق. لە ڕاستیدا تۆپبارانە کیمیاوییەکە بارەگای کاک نەوشیروان و د. فوئاد مەعسوم و دەزگای چاپخانە و نەخۆشخانەی بەرگەڵووی گرتەوە، دوای تەواوبوونی تۆپبارانەکەش (ئەو) لەگەڵ کاک یوسف زۆزانی بۆ هەواڵ پرسین، بەپەلە چوونە سەردانی چاپخانە و بارەگاکانی نێو دۆڵەکە، بەڵام پێش ئەوەی بڕۆن هەریەکە و پارچە پەڕۆیەکی تەڕکراویان خستە سەر دەم و لووتی خۆیان.

کاک نەوشیروان و کاک حەمە تۆفیق کاریگەریی تۆپبارانە کیمیاوییەکەیان پێوە دیار بوو، بۆیە داوایان لێکردن بچنە بارەگای ڕادیۆ، کە تۆپبارانەکە نەیگرتبووەوە و ناوچەکە پاک بوو، ئینجا لەوێ هەموو جلەکانی خۆیان گۆڕی، هەر هەمان ڕۆژیش زیاتر لە حەوت جار خۆیان شووشت. لەگەڵ ئەوەش کاریگەریی ژەهرەکە لەبن باخەڵ و ژێر ئەژنۆ و لاملیانەوە دیار بوو، لە خوا بە زیاد بێت سەلامەت بوون، بەڵام چەندین پێشمەرگە و هاووڵاتی ڕاستەوخۆ بەر تۆپبارانەکە کەوتن، لەوانە (پ.م. شەمسەدین) کە بەداخەوە دواتر کۆچی دوایی کرد (حەمە عومەر گەردەش) کە منداڵێکی حەوت ساڵە بوو، تاکو ئەمڕۆش بەهۆی ئەو کیمیابارانەوە جێی ژەهراوییەکەی بەسەر قاچییەوە دیارە و چەندین جاریش نەشتەرگەریی بۆ کراوە، ئێستەش هەر دەشەلێ. کەسانی دیش.

دوای ئەوە دکتۆرەکانی شۆڕش (شوان ئاکرەیی، د. ئەدیب، ناسراو بە هەڵۆ...هتد) ناملیکەیەکی خۆپاراستنیان لە چەکی کیمیاویی نووسی و بەسەر ناوچە ڕزگار کراوەکاندا بڵاوکرایەوە، بەڵام چارەسەری ئەو ژەهرە لەنێو شۆڕش زۆر قورس بوو، چونکە هیچ دەرمانێکی وا لەبەردەست نەبوو، هەربۆیە شۆڕش هەوڵیدا (ماسک)ی خۆپاراستن بۆ پێشمەرگە پەیدا بکات. دیارە ئەویش کاتێکی زۆری پێویست بوو.

(هەڵەبجە) ئەو شارۆچکە دێرینە خنجیلانەیەی دەشتی شارەزوور، کە دەکەوێتە بناری چیای شنروێ، جارانی زوو پایتەختی بەگزادەکانی جاف بوو، ساڵانێک کچە بەگزادەی بە ناوبانگی عێلی جاف (عادیلە خان)م قایمقامی شارۆچکەکە بوو، ئەو شارۆچکەیە کەڵە پیاوی وەک (ئەحمەد موختار جاف)ی شاعیری لێ هەڵکەوتووە، کە لە سەردەمی پاشایەتی (مندوب) واتە ئەندامی



نەمر/ عەبدوڵڵا تۆفیق

(پەرلەمان)ی عێراق بوو.

ئەگەر (جەمیل صائب) خاوەنی یەکەمین چیرۆکی کورتی کوردیی (لە خەوما) بێت. ئەوا (ئەحمەد موختار جاف)یش خاوەنی دووەمین چیرۆکی کورتی کوردییە بە ناوی (مەسەلەی ویژدان).

بەهۆی شەڕی عێراق-ئێران،ەوە ئەو شارۆچکەیە کەوتە بەر هێرشی دڕندانەی فڕۆکە مەرگ چێنەکانی عێراق و لە (١٩٨٨/٣/١٦) بە چەکی کیمیاویی قەدەغەکراو بۆردومان کرا و زیاتر لە پێنج هەزار کەس بەو ژەهرە خنکان و شەهید بوون. ئەو بۆردومان و قەتل و عامە ویژدانی دونیای هەژاند، سەدان منداڵیش بێ سەرپەرشت مانەوە، کە خێزانە خێرومەندەکانی ئێران پەروەردە و گەورەیان کردن، دوای زیاتر لەسی ساڵ، بەشێکیان بە دایک و باوکیان شاد بوونەوە و بەشێکی دیکەشیان هێشتە چارەنووسیان دیار نییە.

***ئەو ساڵانە کێبڕکێ لەنێوان کاک کۆسرەت و کاک جەبار فەرمان هەبوو، لەسەر ئەوەی کامە مەڵبەند، هەولێر، یان سلێمانی زۆرترین چالاکی دەکەن و زۆرترین دەسکەوتیان دەبێت***

دوای بەرگەڵوو، گوندەکانی (شێخ وەسانان لە دۆڵی بالیسانی ناوچەی خۆشناوەتی، گوندی سێوسێنان، لە ناوچەی قەرەداغ و چەندین شوێنی دی لە بادینان کیمیاباران کران و دەیان ژن و منداڵ و پیر شەهید بوون، بەتایبەتی لە گوندی (شێخ وەسانان) دەیان ژن و منداڵ و گەنج و پیر بەو ژەهرە شەهید بوون.

+ + +

ڕژێمی بەعس چەندین ڕێگای گرتە بەر بۆ هێرش کردنە سەر پێشمەرگە و تیرۆرکردنی سەرکردەکانی، بەرە بەری خۆراوای ڕۆژێکی هاوینی ساڵی ١٩٨٧. کاتێک کاک نەوشیروان مستەفا و کاک د. فوئاد لە کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسیی لە گوندی (یاخسەمەر) کە بارەگای مام جەلالی لێ بوو دەگەڕانەوە، لە پەرژینەکەی سەر چەمەکەی بەرگەڵوو (تی. ئێن. تی)یان پێدا تەقیەوە.

ئەمە یەکەمین جاری ئەو جۆرە چالاکیەی دوژمن بوو لە بەرانبەر سەرکردەکانی شۆڕش، بەڵام باش بوو هەردووکیان سەلامەت بوون، ئێمەش بە پەلە بەرەو ڕووداوەکە چووین، ئیدی دەزگاکانی شۆڕش کەوتنە لێکۆڵینەوە، بەڵام هێندەی نەبرد یەکێ لە پێشمەرگەکانی دەزگای چاپخانە، بەناوی (عیماد) ون بوو، بۆیە ئاشکرا بوو، کە ئەو، ئەو کارە تیرۆرستییەی کردووە. ئەگەرچی تا ئێستەش دەرنەکەوتوە، کە ئایا ئەو کارە لەسەر داواکاریی دەزگا ئەمنییەکانی ڕژێمی عێراق بووە، یان ململانێی ناوخۆ، چونکە ئەو ساڵانە ململانێیەکی توند لەنێو ڕیزەکانی کۆمەڵەدا هەبوو.

مامۆستا حەیدەر، کادیرێکی کۆنی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە بوو بە ڕەچەڵەک خەڵکی خانەقین بوو. ئەو ساڵانە لە سەرکردایەتی، لێپرسراوی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە بوو، کادیرێکی چالاکی دەزگای چاپخانەش بوو، هەتا بڵێی پیاوێکی هێمن، چالاک، ماندوو، خزمەتگوزار و نیشتمانپەروەر بوو، بۆ بەدبەختی خۆی برا گەورەی (عیماد)ی تاوانبار بوو، بۆیە دوو ڕۆژ دواتر بە فەرمانی دەزگای هەواڵگری شۆڕش گیرا، دوای لێکۆڵینەوە دەرکەوت هیچ پەیوەندی و هەواڵێکی لەو بارەوە نەبووە، بەڵام بەشێک لە هەڤاڵانی (م.س) سوور بوون لەسەر سزادانی، بە بیانووی ئەوەی ئەگەر تۆڵەی ئەو جۆرە کارە تیرۆرستیانە نەکەینەوە و کەسوکاری تاوانباران بە سزا نەگەیەنین، دواتر تیرۆرستان و ڕژێمی عێراق دەستیان پێمان فێر دەبێت.

ئەگەرچی هەموو دەزگای چاپخانە (ئەو) و کاک یوسف زۆزانیش زۆر هەوڵیان لەگەڵ هەڤاڵانیان دا و گوتیان ئەو مامۆستایە بێ تاوانە و زۆر دڵسۆزە، هەق نییە بە گوناهی برا تیرۆرستەکەی سزا بدرێت. لایەنی کەم گوللە باران نەکرێت، بەڵام بەداخەوە دادی نەدا، مامۆستا حەیدەر گوللە باران کرا.

+ + +

ڕژێمی عێراق لە ڕێگەی جاسووسەکانییەوە ویستی ژمارەیەک لە ڕەمزەکانی شۆڕش و کادیرە عەسکەرییەکان ژەهر خواردوو بکات، لە نیوەڕۆخوانێکی گوندی مەرگەی سەر بە ناحیەی (بنگرد) لە ڕێگەی ژەهر خستنە نێو (ماستاو) چەندین فەرماندە و ڕەمزی شۆڕشیان ژەهر خواردوو کرد لەوانە: (د. مەحموود عوسمان، کە لە شۆڕشی ئەیلوول ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان و سەرۆکی شاندی دانوستاندن بوو لەگەڵ ڕژێم، لە دوای هەرەسی ساڵی ١٩٧٥یش د. مەحموود لەگەڵ ژمارەیەک لە هەڤاڵان (لیژنەی تەحزیرییان) دروست کرد، دواتریش لەگەڵ بزووتنەوەی سۆسیالیست یەکیان گرتوو حزبی سوسیالیست-یان دروست کرد، لەوێش هەر ئەندامی مەکتەبی سیاسیی حزبەکە بوو. عەدنان موفتی، لە دامەزرێنەرانی لیژنەی تەحزیری و ئەندامی مەکتەبی سیاسی حزبی سوسیالیستی کوردستان بوو، کاک عەدنان کوڕی (ڕەشاد موفتی) موفتی شاری هەولێرە، لە بنەماڵەیەکی ناسراو و ڕووناکبیری شارەکەن، لە شۆڕشی ئەیلول-یش پێشمەرگە بووە. خۆشی پیاوێکی ڕووناکبیر و ئەندامی (م.س) حزبی سۆسیالستی کوردستان بوو. مستەفا چاوڕەش، یەکێ لە فەرماندە ناسراوەکانی شۆڕشی نوێ بوو. ماوەیەک فەرماندەی تیپی قەرەداغ بوو، لە شەستەکانیش پێشمەرگەیەکی کارای قیادەی مەرکەزی حزبی شیوعی عێراق بووە. سامی شۆڕش ڕۆژنامەنووسێکی لێهاتووی شاری هەولێر بووە. لە حەفتاکاندا شاعیرێکی هەست ناسک بوو)

جێگەی وەبیرهێنانەوەیە، کە پێشمەرگەیەکی قارەمان، فەرماندەیەکی ناسراو بە ناوی (بێستون مەلا عومەر) لەگەڵ دایکی کاک مستەفا بە ژەهرەکە شەهید بوون، ئەوانی دیش تووشی بارێکی تەندروستیی زۆر نالەبار بوون، کاک عەدنان و سامی شۆڕش بۆ چارەسەریی چوونە لەندەن، ئەوانی دیش لە کوردستان مانەوە و چارەسەری خۆیان کرد.

جارێکی دیش دەزگا جاسوسییەکانی ڕژێم، لە ڕێگەی چاپچییەکەیەوە ویستیان کاک نەوشیروان ژەهرخوارد بکەن، بەڵام باش بوو، زوو ئاشکرا بوو، چاپچییەکەش بە سزای خۆی گەیشت.

+ + +

ڕۆژانە تۆپبارانی سەرگەڵوو، بەرگەڵوو، هەڵەدن و یاخسەمەر دەکرا، بۆیە سەرجەم بارەگاکانی پێشمەرگە کونە تەیارەیان دروست کرد. بەشێکی زۆری دانیشتوانی ئەو گوندانەش،ماڵەکانی خۆیان جیهێشت و چوونە نێو شاخە سەختەکانی خوار گوندەکە و بەدار و چرۆ، بۆ ژیان و حەوانەوە، کەپریان دروست کرد.


یەکێ لە جارەکان بۆردومانەکانی فڕۆکە بۆسەر گوندی سەرگەڵوو، بەرگەڵوو، چەندین کەس شەهید بوون، چەندین ماڵ-یش خاپوور بوون، لەنێو شەهیدەکاندا کەسێک بە ناوی (مام ساڵح، کە خاوەنی کافتریا بوو، لەگەڵ دوو منداڵی لەنێو

**ئەو هەڵوێستەی ئەوسای عەبدوڵڵا تۆفیق ئەوپەڕی متمانە بەخۆ بوون و زۆر مەردانە بوو، سەرەنجام مام جەلال-یش حەکیمانە سزاکەی جێبەجێ نەکرد**

چەمەکەی بەرگەڵوو، پێشمەرگەیەکی ڕادیۆش بەناوی یاسین) هەبوون

+ + +

ئەو ساڵانە (١٩٨٤-١٩٨٨) بارەگای (کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی ئێران) کە ڕێکخراوێکی مارکسی ئێرانی بوو لە گوندی (چۆخماخ) بوو، کە تەنیا چل خولەکێک پیادە لە گوندی یاخسەمەر دوور بوو، پێوەندی (ی.ن.ک) لەگەڵ حزبە ئۆپۆزسیۆنەکانی ئێران بەگشتیی و کوردستانییەکان بەتایبەتی باش بوو. بە حوکمی ئەوەی کۆمەڵەی زەحمەتکێشان مارکسی بوو، بۆیە پێوەندییان لەگەڵ کۆمەڵەی ڕەنجدەران زۆر باش بوو، لە هەمان کاتیشدا ناکۆکی لە نێوانیاندا هەبوو، چونکە کۆمەڵەی ڕەنجدەران، کوردستانیی بوو، بەڵام کۆمەڵەی



**شێرکۆ بێکەس**

زەحمەتکێشان، ئێرانیی بوو، لە زۆر بواری دی بیروڕاش جیاواز بوون، ئەگەرچی بەشی هەرە زۆری سەرکردە و کادیر و پێشمەرگەکانیشیان کورد بوون.

یەکێ لە جارەکان شاندێکی کۆمەڵەی زەحمەتکێشان سەردانی مام جەلال-یان کرد. بەڕێکەوت (ئەو)و کاک ئازاد هەورامی و کاک یوسف زۆزانی-ش ئامادەی دانیشتنەکە بوون، لەکاتی گفتوگۆ و قسەکردن شاندەکەی کۆمەڵەی ئێران گوتیان کۆمەڵەی ڕەنجدەران مارکسی نییە و بە مارکسییان نازانین، چونکە نەتەوەییە، لەو لاوە کاک ئازاد هەورامی، کە ئەندامی ناوەندی کۆمەڵە بوو گوتی: جا کەی ئێمە داوامان لە ئێوە کردووە، پێناسەی مارکسیەت بدەن بە کۆمەڵەی ڕەنجدەران؟ ئەوەی سەیر و جێی سەرنجە، حزبەکانی ئەو ساڵانە، خۆیان لەنێو گوندە دوورە دەست و شاخە سەختەکان حەشاردابوو، دوور لە هەموو شارستانییەتێک، دوور لە هەموو دەزگایەکی ڕاگەیاندن، دابڕاو لە جەماوەری خۆیان و دونیا، کەچی لافی مارکسیەتیان لێ دەدا، ململانێیان بوو لەسەر ناکۆکییەکانی نێوان چین و ڕووسیا، لەلایەک و لەلایەکی دیکەیشەوە ململانێی ناوخۆ و لاف لێدان لەوەی کامیان مارکسیی، کامیان لادەرە، کامیان ئومەمی و کامیان نەتەوەییە، ئا بەو جۆرە بیرکردنەوە سەقەتانە سەدان ڕۆڵەی قارەمانیان بە شەهید کردن دا و خۆشیان نەبوون بە شتێکی ئەوتۆ.

بەداخەوە نە کۆمەڵەی ئێران توانیان شتێک بۆ گەلانی ئێران وەدی بهێنن، نە کۆمەڵەی ڕەنجدەرانیش وەکو خۆی مایەوە، بەڵکوو خۆی لەنێو (ی.ن.ک) تواندەوە و دواییش کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی ئێران بوون بە چەندین لەت، لەتێکیان بوون بە کوردستانیی و ئێستە بارەگاکانیان لە گوندی (زڕ گوێز)ی سلێمانییە، باڵە ئێرانییەکەش هەر لە گوندی زڕ گوێزن.

لە دوای ڕاپەڕین و هاتنەوە بۆ نێو شارەکان، لەو کۆبوونەوەیەی کۆمەڵەی ڕەنجدەران، کە لە هۆڵی (میدیا)ی شاری هەولێر کردی بۆ بڕیاردان لەسەر هەڵوەشاندنەوەی خۆی و تێکەڵاوبوون لەگەڵ ڕێکخستنەکانی (ی.ن.ک) تەنیا (عومەر سەید عەلی، جەبار فەرمان و ئەرسەلان بایز) لەو هەڵوەشاندنەوە و تێکەڵاوبوونە ناڕازی بوون.

\+ \+ \+

دوای کۆتایی هاتنی گفتوگۆ و دەست پێکردنەوەی شەڕ، ژمارەیەک لە ئەدیب و نووسەرانی کوردستان. پێوەندییان بە شۆڕشەوە کرد، لەوانە (شاعیری گەورەی کورد شێرکۆ بێکەس، جەوهەر کرمانج، سەعدوڵڵا پەرۆش،....هتد) پێشتریش (حەمەی موکری، حەمەی حەمە باقی، حەمە کەریم عارف، ئەحمەد عارف، سەلام.... هتد) پێوەندییان بە شۆڕشەوە کردبوو، هەموو ئەوانەی سەرەوە لە بارەگای تایبەتی (یەکێتیی نووسەرانی کوردستان) دەژیان، بەڵام شێرکۆ بێکەس لە دەزگای ڕادیۆ دەژیا، ژوورێکی تایبەتی هەبوو لەگەڵ پێشمەرگە و کادیرەکانی ڕادیۆ نانی دەخوارد، کاک شێرکۆ دەیان وتاری بۆ ڕادیۆ نووسی، پێشتریش کاتێک لە شار بوو

بەناوی نهێنی (جوامێر) چەندین شیعری ئاگرینی بۆ ڕادیۆ نارد و خوێندرانەوە. کاک شێرکۆ خاوەنی (تێکستی) (مەشخەڵان)ە، کە بە سروودی (ی.ن.ک) ناسراوە، مامۆستا ئەنوەر قەرەداغی لە شار ئاوازی بۆ داناوە و لە ژێر زەمینەکەی ماڵی خۆیان لەگەڵ (تارا)ی کچی بە دزییەوە تۆماریان کردووە.

کاک شێرکۆ کاتێک شیعرێکی نوێی دەنووسی، حەزی دەکرد بۆ دەوروبەر و خەڵک بیخوێنێتەوە، شێوەی خوێندنەوەی شیعریش لای ئەو زۆر تایبەت و حەماسەت ئامێز بوو، بەیناوبەین، شێرکۆ کۆڵە پشتەکەی بە کۆڵ دادەدا و سەردانی بارەگاکانی سەرکردایەتی و پێشمەرگەی دەکرد، هەندێک جاریش لە دۆڵی جافایەتی سەردانی بارەگای حزبەکانی کوردستانی ئێران-یشی دەکرد، بە دەنگە زوڵاڵەکەی شیعری ئاگرینی بۆ دەخوێندنەوە، شیعرەکانی حەماسەتی پێشمەرگەی بەرز دەکردەوە و ورەی زیاتری پێ دەبەخشین، هەمیشە دژی شەڕی ناوخۆش بووە، چەندین شیعری بۆ شەهیدە نەمرەکان نووسیوە، لەو سەردەمەدا بۆچوونی جیاوازیش هەبوون، لەسەر ئەوەی، ئایا ئەو کارەی شێرکۆ بێکەس دەیکات لە نووسینی ئەو جۆرە شیعرانە ڕاستن؟ چونکە هەندێک دەیانگوت: شیعر نووسین بۆ شەهیدەکان نەمر نییە، بەڵکوو پاش ماوەیەک شیعرەکەی دەمرێت، ئینجا پرسیاری ئەوە دەکرا، کە ئایا ئەدەب بۆ ئەدەب، یان بۆ گەل؟ ئایا ئەدەب لەسەردەمی خۆی جیا دەکرێتەوە؟ ئایا دەکرێت لە مەسەلەی گەورەی نیشتمان جیا بکرێتەوە؟ وەڵامی شێرکۆ ئەوە بوو، ئەگەر گەنجێکی پێشمەرگەی کورد ئامادە بێت لە پێناوی سەرفرازی گەل و نیشتمانەکەی شەهید بێت، با



؟ ، یووسف زۆزانی، مام جەلال، محەمەد موکری، ؟

دەیان شیعری شێرکۆ-ش شەهید بن.

شێرکۆ هیچ بایەخێکی بەو ڕەخنانە نەدەدا، دەیان شیعری بۆ پێشمەرگە و شەهیدەکان نووسی، ئەو شیعرانە زەخیرەی بەرگریی و حەماسەتی ڕۆژانـەی پێشمەرگە بـوون لـە سەنگەرەکانی بەرگریدا.

+ + +

هـەروەکـوو پێشتریش بـاس لـە دامـەزرانـدن و کێشەکانی تیپی مۆسیقای شەهید کارزان کرا، کە بۆ ماوەیەک چالاکییەکانی وەستا، بەڵام کاتێک بارەگای دەزگـای ڕاگەیاندنی (ی.ن.ک) چووە بـەرگـەڵـوو، تیپی مۆسیقای شـەهید کـارزان بـە سـەرپەرشتی ڕاستەوخۆی کاک دلێر ئیبراهیم، خاوەنی بارەگا و ئیدارەی تایبەتی خۆیان بوون، بـەڵام سـەر بە دەزگـای ڕاگەیاندن بـوون، زۆر چالاکانە کەوتنەوە کار، میوزیک ژەنەکان (ئاراس ئیبراهیم، دلۆڤان، ئیدریس، توانا، سلێمان، سالار و هۆشیار...هتد) دەنگخۆشەکانیش (ئازاد خانەقینی، شـوان کابان، حەمە جـەزا، عەتا جـەزا، سەلام ئەحمەد و سیار)بوون، ئەو تیپە بە توانایەکی زۆر کـەم، سـتـۆدیـۆکـەیـان بـە بـەتـانی ڕەشـی سەربازی داپۆشرابوو، وەکو پێویست ئامێری بەردەستیان نەبوو، کەچی داهێنانی ئەوتۆیان کرد، ئێستەشی لەگەڵدا بێت لە شار نەیانتوانی ئەو جۆرە داهێنانانە بکەن، چەندین سروود و گۆرانیی سیاسیی نایابیان تۆمارکرد، کە ببووە

**شاندەکەی کۆمەڵەی ئێران گوتیان کۆمەڵەی ڕەنجدەران مارکسی نییە و بە مارکسییان نازانین، چونکە نەتەوەییە، لەو لاوە کاک ئازاد هەورامی، کە ئەندامی ناوەندی کۆمەڵە بوو گوتی: جا کەی ئێمە داوامان لە ئێوە کردووە، پێناسەی مارکسیەت بدەن بە کۆمەڵەی ڕەنجدەران؟**

خۆراکی ڕۆژانەی پێشمەرگە، ئێستەش کاتێک ئەو سـرووود و گـۆرانیانە لێ دەدرێنەوە موچڕک بە گیانی مرۆڤدا دێنن.

هەندێک جاریش وەک تیپێکی گەڕۆک، سەردانی بارەگاکانی پێشمەرگە و دێهاتەکانیان دەکرد و ئاهەنگی گۆرانیی و مۆسیقایان بۆ ساز دەکردن، کە گەلێ جار دەنگی تۆپبارانەکانی ڕژێم لەگەڵ دەنگی مۆسیقا و گۆرانییەکانی تیپەکە تێکەڵاو دەبوو.

+ + +

ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ئابڵۆقەی ئابوریی و هاتووچۆ لەسەر ناوچە ڕزگار کراوەکانی شۆڕش توندتر دەکران، ڕژێم بەپێی سەعاتی کارکردن بەنزین و گـازوایـلـی دەدایــە جووتیارەکانی ناوچەکە، بۆیە دەرفەتی ئەوەیان بۆ نەهێشتبوونەوە، کە یـارمـەتـی شـۆڕش بـدەن، ئامێری کارەباکانی ڕادیۆ و چاپخانە و نەخۆشخانەی شۆڕش، تیپی مۆسیقا بە بەنزین و گازوایل کاریان دەکرد، تاکە ڕێگەش خاوەن پیکاب و جێب و تراکتۆرەکانی دێهاتەکانی ناوچەکە بوون، کە جارجارە لە ڕێگەی قاچاغچییەکانەوە دەهاتن. بۆیە ئەبوو ڕۆژانە سواڵی گازوایل و بەنزین لە خاوەنی تراکتۆرەکان بکرێت، جاری واش هەبوو جووتیارەکان نکۆڵیان لەو هاوکارییە دەکرد و ڕازی نەدەبوون هاوکاری دەزگای ڕاگەیاندن بکەن، بە بیانووی ئەوەی، کە بەشی خۆیان ناکات، بۆیە هەندێک جار کێشە لە نێوانیاندا دروست دەبوو، ئەگەرچی دەزگای ڕاگەیاندن ئامادەبوون چەند قاتی خۆی پارەی بەنزین و گازەکانیان بدەنەوە، بەڵام بە حوکمی کەمی بەنزین و گازوایلەکە، جووتیارەکان خۆیان دەدزییـەوە، ڕژێمیش دەیویست پەکی دەنگی ڕادیۆی شۆڕش بخات، چونکە کاریگەریی زۆری لەسەر وورەی پێشمەرگە و خۆڕاگریی کۆمەڵانی خەڵک دروست کردبوو. ڕۆحی پەلاماری لای پێشمەرگە و خۆڕاگریی لای جەماوەر بەهێزتر کـردبـوو، هـەمـوو ئـێـواران کـۆمـەڵانی خەڵکی کوردستان لە ڕێگەی ڕادیۆی شۆڕشەوە گوێیان قـوڵاغ دەکـرد و تـامـەزرۆی دوایـیـن هـەواڵـی چالاکییەکانی پێشمەرگە بوون.

# وێستگەی دیوان

- **(۱) پرسیار (شەفیقی حاجی خدر)**
- **دیوانی هەولێر (ڕەفیق سینەما و سینەما سەلاحەدین)**

نازم دڵبەند

- **گۆشەی دیوان (مام جەلال لە شیعرێکی برایم ئەحمەد دەدوێت)**

ئا: هەڵمەت عەبدولکەریم

- **یەکەم بابەت (لەتیف هەڵمەت)**

ئا: قەلەندەر

- **سینەما فیلم (ڕۆمانە فیلمی لەگەڵ بادا ڕۆیشت)**

ئا: پەروەر

- **دیوانی وەرزش (یانەی وەرزشی هەولێر)**

پەیام فەتحوڵڵا ڕەسووڵ

- **ساڵۆنی لاپەڕە (۹)**

(۱)
پرسیار

# بۆچی دوای نزیکەی سەت ساڵ کتێبی لە بارەی شیعری جاهلیی-ت کردە کوردیی؟

ئامادەکردنی: ئیسماعیل پەروەر

**با پرسیارەکە بەو شێوەیە بێت، ئەرێ وەرگێڕانی ئەم کتێبە سەر بەگۆبەندەی تەها حوسێن-ی کۆڵەگەی ئەدەبی عەرەبیی، هیچ چیرۆکێکی لە پشتە؟**

بەڵێ، بێگومان. ئەگەر ئەوە بۆ نووسەر ڕاست بێت، کە هەر کتێبێک چیرۆکێکی تایبەتی لەپشت بێت، هەڵبەتە ئەمە بۆ وەرگێڕیش هەر ڕاست و دروستە. لەبەر ئەوە ڕاستە، چونکە تا ئێستە وەرگێڕان لە کایەی فەرهەنگی کوردیدا لە هەوڵی تاکە کەسی تێنەپەڕیوە، کارەکە نەبووەتە پیشە، تا بژێوی ژیانی وەرگێڕی لەسەر بێت، ئیدی کارەکە ببێتە کارمەندی دەزگایەکی نەتەوەیی وەرگێڕان و کتێب بە گوێرەی ڕێسای بەڕادادان وەربگێڕێ و لە بەرانبەریشدا مافی خۆی وەربگرێت و حەقی بەسەر چاپ و بڵاوکردنەوەدا نەبێت، وەک ئەوەی لە جیهانی گەلانی شارستان دەکرێت.

وەرگێڕان لای ئێمە هێشتە هەر لەسەر میزاجی وەرگێڕ و تاکوتەرای ناوەندەکانی چاپکردن و کتێبفرۆشین، بۆیە کاتێک، کەسێک دێتە سەر ئەوەی کتێبێک وەربگێڕێت، دەبێت هاوکێشە لێلێ و لۆلۆی وەرگێڕان بە دەستنیشانکردنی بابەتەکە و دۆزینەوەی کاتی تایبەتی خۆی و مشوورخواردنی چاپ و بڵاوکردنەوە و ساغکردنەوەی کتێبەکە، هەر هەمووی بەخۆی لە ئەستۆی بگرێت. لە ئەنجامی ئەوەشدا هەر دەبێت هۆکاریک بۆ کردەکەی هەبێت.

ئەم ڕێسا، یان باشتر بڵێم ئەم دیاردە ئاماژە بۆکراوە لە دوو دەیەی ڕابردوودا هەوڵەکانی وەرگێڕانی منیشی پێ دەپێورێ، بەڵام لەوانەیە ئەوەندە هەبێت، بازنەی بەرجەستەبونەکە لە منەوە بۆ وەرگێڕێکی دیکە بەگوێرەی دەرفەتەوە بگۆڕێ، واتە تەسک، یان بەرین ببێتەوە.

کەواتە بۆچی تەها حوسێن و دەقاودەقیش، ئەم کتێبەیان؟

مێژووی وەرگێڕانی من لە ٢٠٠٨ و بە کتێبەکەی نهێنییەکەی مۆساد، کە لە زمانی هۆڵەندییەوە وەرمگێڕا، دەست پێدەکات، ئەگەر بکرێ کردەی ئەو ٢٥ کتێبەی وەرمگێڕاون بە ئەزموون ناو ببەین، دەبینین بیست و چوار وەرگێڕانیان لە هەردوو زمانی هۆڵەندی و ئینگلیزییەوەن، تەنیا تازەترینیان لە زمانی عەرەبییەوەیە، ئەویش ئەم شاکارەی تەها حوسێن-ە.

خۆی ئەگەر بەدوای ڕێڕەوێکی لۆژیکیدا ڕۆیشتبام، هەق بوو هەموویان، یان زۆربەیان لە زمانی عەرەبیی بووبان، لەبەر ئەوەی پاشخانی زمانی خوێندن و خوێندنەوەم لە سەرەتای قۆناغی خوێندکارییەوە عەرەبی بووە. لێ وەها نەکەوتەوە، ئەمەش چیرۆکێکی خۆی هەیە.

وابزانم هەر لەسەر لاپەڕەی گۆڤارە سەرکەوتووەکەی دیواندا، گرێی چیرۆکەکەم کردووەتەوە، یان هەر هیچ نەبێ ئاماژەم پێکردووە.

چۆن بە دونیای تەها حوسێن ئاشنا بووم؟

ئەگەر پێشتر، کەم تا زۆر لەبارەی تەها حوسێن-م خوێندبێتەوە، نووسین بووە لەسەر نووسینەکانی ئەو، نەوەک دەقەکانی ئەو. لێرە دەمەوێت شتێک بڵێم، تەها حوسێن، نەخاسمە ئەم کتێبەی، کە وای لە گۆڤاری دیوان کردووە، پرسیاری لەسەر بوروژێنی، ئەوەیە: زیاتری لەسەر خوێندراوەتەوە لەوەی دەقەکەی خۆی بخوێنرێتەوە. ئەمە لەنێو خوێنەرانی کورد-


دا ڕادەیەک وەک دیاردەی لێهاتبوو. لەوانەیە ئەمەش لەبەر لێکەوتەی هەرایەکەی پشت کتێبەکەوە بووبێت، لەوەی، کە قەدەغە کرابوو، ئیدی بەئاستەم لەکاتی خۆی دەست خوێنەری ئاسایی کەوتووە، یان لەبەر ئەوە بووە، بڤە و حەرام کراوە، بۆیە بە چاوێکی تاک ڕەهەندییانە سەیر کراوە و حوکمی پێشوەختەی لەسەر دراوە و پێویست نەکراوە دەقەکە خۆی بخوێندرێتەوە.


هەرچۆنێک بێت، یەکەمین کتێبی ئەوم لە ناوەڕاستی نەوەدەکان خوێندووەتەوە، ئەویش کتێبە نازدارەکەی فیتنەی گەورە (الفتنة الكبرى) بووە. هەندێک لە ڕەخنەگران دەڵێن: تا ئێستا کتێبێک لەبارەی ئەم بابەتەوە دەرنەچووە، لەم کتێبەی تێپەڕاندبێت. ئەوەبوو بۆ ماوەیەکی زۆر کەوتمە ژێر کاریگەری لێکدانەوە و شیتەڵکردنی ئەو بەڵگە و بەندانەی لەو کتێبەدا هێنابوونییەوە، تا وەهای لێکردم هیوا بخوازم بیکەمە کوردیی.

با لێرە بۆ خوێنەرانی دیوان ڕازێک بدرکێنم، ئەوکات ئەگەر نەڵێم سەرجەم، دەنا ژمارەیەکی زۆر لە کتێبەکانی ئیمامی شافیعی و دامەزرێنەری مەزهەبی شافیعی و شاگردەکانیم پەیداکردبوو، زۆریشم لەوان خوێندبوونەوە. ئەوکات بەدوای وەڵامی پرسیارێکی زۆر جەوهەریدا دەگەڕام، هێشتەش ئەو پرسیارە لە مێشکم خول دەخوا، لەوانەیە ڕۆژێک لەڕۆژان، ئەگەر دەرفەت بڕەخسێت، بچمەوە سەری، کە ئەویش ئەوە بوو، ئەرێ گەلۆ، بۆچی هەموو کوردی سوننەی موسڵمان لەسەر ڕێبازی شافیعی بوون و هەن؟ ئاخۆ ئەو شافیعیزمە چ کاریگەرییەکی بەسەر عەقڵی سیاسیی دونیایی کورددا هێناوە؟ کورت و کرمانجی زۆر جار باس دەکرێت، کە ئایین بووەتە یەکێ لە ڕێگرەکان، ئەگەر ڕێگری سەرەکیش نەبێت کورد لە دوای ئیسلامەوە نەیتوانیوە نەبێت وەک تورک و فارس بەرژەوەندی نەتەوەییانەی خۆی قەوارەیەکی سیاسیی سەربەخۆ دارشتەیەکی ئایینی، یان لەبن ی ئایینی پێکبهێنێت؟ من لەوە وابوو ئەگەر ئەم گریمانەیە

جەوهەری ڕاستییەکە دەگەڕێتەوە بۆ مەزهەب، بۆ شافیعییەت. ئیدی بەدوای کۆمەڵێک بۆچووندا گەڕام.

کاتێک ئەو فیتنەی گەورەی تەها حوسێن-م خوێندەوە، زۆر کاری تێکردم، بەڵام بارودۆخی سیاسیی کوردستان، بەتایبەتی لە نیوەی دووەمی نەوەدەکان بە شێوەیەک کەوتەوە منی لە خەون و کتێبخانە بچکۆلانەکەم دابڕیم، لەگەڵ پەرەسەندنی بازنەی شەڕی نەفرەتی براکوژی لە کوردستان نەمام و وەک ئاوارەیەک لە هۆڵەندا گیرسامەوە. لەوێ چیرۆکی درێژەدان بە خەونی نووسین و دواتر چۆن بەرێکەوت و شەقی زەمانە بوومە وەرگێڕ، بەڵام






کوردیش لای لە کتێبەکانی تەها حوسێن کردووەتەوە هەروەک مامۆستای کۆچکردوو مەلا عەبدوللەتیف بامۆکی، چەند کتێبێکی نووسەری کردوونەتە کوردیی بە (ئاژاوەی گەورە)شەوە. ئەوەی ڕاستی بێت، لە دڵی خۆمدا ئیرەییم بە مامۆستا برد، حەزم دەکرد خۆم ئەو کارەم بکردبا، لە پێشباری خۆم بۆ وەرگێرانی کتێبی (لەبارەی شیعری جاهیلییەوە) ئاماژەم بەو وەرگێڕە جوامێرانە داوە، کە هەندێک کتێبی تەها حوسێن-یان وەرگێڕاوە.

ئەمجارەیان کاتێک کەڵکەڵەی خوێندنەوەی کتێبەکانی تەها حوسێنم کەوتەوە سەر، لە ڕێی کەناڵی یوتوبیشەوە گوێم لە چەندین بەرنامە لەبارەی نووسینەکانی تەها حوسێن-ەوە گرت، لەگەڵ هەر قسەکەرێک بە لایەنگر و دژەوە مەراقتر دەبووم، زیاترین قسەکانیش لەسەر کتێبی (لەبارەی شیعری جاهیلییەوە) خرپەبوونەوە. ئەوەبوو ئەمجارەیان ڕاستەخۆ دەقی کتێبەکەم بە پی دی ئێف خوێندەوە. پاشان زیاترم لەبارەی کتێبەکە خوێندەوە. هەرچی بەرنامەی کورت و درێژیش لە یوتیوب لەبارەی کتێبەکە و تەها حوسین-ەوە هەبوون بە زمانی عەرەبیی، گوێم لێگرتن.

زۆر بە ناوەڕۆک و پەیامی تەها حوسێن لە کتێبەکەی سەرسام بووم. شیعرەکانی سەردەمی کتێبی ئەدەبی عەرەبیی لە قۆناغی ناوەندیم بیرهاتەوە، موعەللەقات بە حەوت یان دەیەکەیانم بیرهاتنەوە، کاتی خۆی چەند دێڕێکمان دەرخ کردبوون. لە تاقیکردنەوە وەک خۆیمان دەنووسینەوە، بێ ئەوەی هچ لە واتاکانیان بگەین. لێ ئەمجارە تەها حوسین تەلیسمەکەی شکاند. گەلۆ، خۆ ئەوانە وانین، کە بیستوومانن و خوێندوومانەتەوە، بەڵکو ئەو شیعرانە دواتر هەڵبەستراون. پێشتر زۆرم لەبارەی فەرمووده خوێندبووەوە، سوونەتی پێغەمبەر لەدوای قورئان کۆڵەگەی سەرەکییە بۆ لێتێگەیشتن لە شەریعەتی ئیسلام، فەرموودەش قودسی و ڕاست و (صحيح) و لاواز و هەڵبەستراوی هەن، دوای سەدە و نیوێک بوخاری و موسلیم و ئەوانی دیکە هاتوون و ئەو حەدیسانەیان کۆکردوونەتەوە. ئێمەش نابینایانە هەر بە سەحیحمان دەزانین. بەڵێ زۆر لە لێکۆڵەرەوان سەلماندوویانە، کە فەرموودەی هەڵبەستراویش هەیە، لە ئەدەبیاتی عەرەبیی زاراوەی ئیسرائیلیاتیش لەبارەی هەڵبەستن و داتاشینەکان هەن! لێ تەها حوسین، کە خۆی کۆڵەگەی ئەدەبی عەرەبییە، بەتێزێکی نوێوە دێتە مەیدان، ئەو دەڵێ نەوەک هەر فەرمووده، نەوەک زۆر لە چیرۆکەکانی سیرە و ژیاننامەی پێغەمبەر و یاوەرانشی هەڵبەستراون، لەوەش پتر شیعرەکانیش، ئەوانەی پێیان دەگوترێ شیعری جاهیلی ڕاستەقینە نین، داتاشراوی دەستی نووسەرانی سەردەمی دوای خۆیانن، واتە بەرهەمی سەدان ساڵی دوای خۆیانن، بەم جۆرە فرپیان بەسەردەمی جاهیلیی و شاعیرەکانییەوە نییە.

ئای لەوە، خۆ موعەللەقاتەکانیش ڕاست دەرنەچوون، دەستەبژێری عەرەبی سەردەستە نەوەک هەر دونیای کۆنی بە ناوی ئایین بۆخۆی داگیرکرد و ئیمپراتۆریەتێکی عەرەبی لێ دروست کرد و لەباتی داگیرکردن دەستەواژەی فەتحیشی هێنایە نێو قاموس، بەڵکو مێژوویەکی نوێی بۆ خۆی داتاشی، دەستکاری

ئەدەبیشی کرد و شیعری بە زمان و دەستەواژەکانی خۆی هۆنییەوە و ناوی لێنان شیعری جاهیلی. لەوەش پتر تەها حوسێن دەڵێت گەڕانەوەی بنەچەکەی دەستەبژێری دەسەڵاتدارە سیاسییە ئایینییەکەی عەرەب، کە بۆ قورەیش دەگەڕێتەوە، گوایە ئەویش دەچێتەوە سەر ئیسماعیل و ئیبراهیم، ڕاستییەکی مێژوویی نییە، هەر بۆ خۆ نزیک کردنەوە لە تەوارت و جوو وایان کردووە! هەڵبەتە بە لێکەوتەی زۆری دیکەش.

هەرچی شێوازی بەدواداچوونی تەها حوسێن-یشە بۆ ئەم لێکۆڵینەوەیەی زۆر سەرنجڕاکێشە، ڕێبازی گومانیی دیکارتی فەیلەسوف سەرمەشقە، هەروەها لەکاتی نووسینی توێژینەوەکە و بۆ ئەوەی ڕاستگۆیەتی ئەنجامەکەی دەربخا، خۆی لەهەموو مەیلێکی دینی و ئایدۆلۆژی و نەتەوەیی داماڵیوە. ئینجا کاردانەوەی ئەم کتێبە. ئەو هەرایەی ئەو کتێبە نایەوە، دابەشبوونی نوسەرانی دوای خۆی بەسەر لایەنگر و دژ و بێلایەن. پاشان هاتنە سەرخەتی دامودەزگای ئایینیی و هەر زوو فتوادانیان. ئەو پێناسەیەی کاتێک دەرەقەتی ململانێی ڕاست و ڕەوا نایەن، زەق و زۆپ تۆمەتی هەڵگەڕانەوە لە ئایین و زەندیقبوون دەدەنە پاڵ دژ بەرەکەیان، هەموو لایەکیش دەزانن لێکەوتەی ئەو تاوانبارکردنە چییە!

ئەوسا، ئەو پرسیارەی لە مێشکی مندا دەخولایەوە و باشیش سەرم لێ دەرنەدەکرد ئەوە بوو، ئەرێ گەلۆ خۆ ئەو کتێبە خەریکە سەدەیەک تێپەڕێنی، خۆ پاشخانێک دوو بەشی کوردستانی بندەستیش ڕۆشنبیریی و فەرهەنگی زمانی عەرەبیی بووە، لەوە هەر گەرێ، کە ئیسلامی بووە، باشە بۆچی ئەم کتێبە هیچ کاردانەوەیەکی لەنێو نووسەران و کتێبخانەی کوردیدا نەبووە؟ بەڵێ ڕاستە هەندێک لە کتێبەکانی ئەم نووسەرە کراونەتە کوردیی، بەڵام بەداخەوە تا ئێستە توخنی ئەم دەقەیان نەکەوتوون.

بیرۆکەی گۆڕین، سەبارەت بە فیتنەی گەورە لە کەللەی دامەوە، یان هەر هیچ نەبێت تۆڵەی هەوڵی لەدەستچووم بکەمەوە. بۆیە نەوەک هەر کتێبەکەم زیاتر لەجارێک خوێندەوە، بەڵکو وەک کتێبی دەنگییش گوێم لێگرت، تا باشتر ئاوازی وشە و دەستەواژەکانی شێوازە عەرەبییە تایبەتییە ناوازەکەی تەها حوسێن تێبگەم، ئینجا کۆمەڵێ کتێبی دیکەی ئەو، بە فیتنەی گەورەشەوە دووبارە خوێندنمەوە، پاشان لەگەڵ دۆستان کەوتمە سەر پرس و ڕا و ڕاوێژ و پێشنیازی وەرگێڕانی. تا بەکردار و بە هاوکاری دەستەیەک لە دۆستانی خەمخۆر ئەم وەرگێڕانەی لێکەوتەوە.

جێگەی خۆیەتی هەر لێرەشەوە، لەڕێی پرسیارە بەجێیەکەی گۆڤاری دیوانەوە، وەڵامی تێبینی، یان ڕەخنەیەکیش بدەمەوە، ئاخۆ بۆچی ئەو پارچە شیعرانەی لە کتێبەکەدا هاتوون وەرم نەگێڕاون؟

(هەڵبەت واتاکەیان بە پەخشان) و بۆچی لەبارەی ناوی ئەو کۆمەڵە شاعیرەی لە کتێبەکەدا هاتوون پەراوێزم بۆ نەنووسیون و زیاتر ڕوونم نەکردوونەتەوە. وەڵامەکەش خۆی لە پەیامی کتێبەکەدا دەبینێتەوە، بەوەی من سەرەتا ویستوومە پەیامی نووسەر بگەیەنم، نەوەک شیعری کلاسیکی، یان بەناو جاهیلیی عەرەبیی بە خوێنەری کورد بناسێنم، چونکە ئەمە کاری من نییە. هەرچی لەبارەی وەرگێڕانی شیعرەکانیشەوەیە، ئاسان نەبوون، بەڵام کارێکی نەکردەش نەبوو، هەمان وەڵام دەرەقەتی دێ، چونکە پێموایە وەرگێڕانەکەی هیچی لە مەسەلەکە و پەیامەکە نەدەگۆڕی و کاری لە گەیاندن و نەگەیاندنی پەیامی کتێبەکە نەدەکرد، چونکە مەبەستی تەها حوسێن لە هێنانەوەی نموونەی ئەم شیعرانە هەر بەتەنیا ناوەڕۆک نەبووە، بەڵکو شێوازی دارشتنی وشەکان بووە، کە هەر بەیەک شێوازی نوسینی عەرەبیی نووسراون، کە قورەیشییە و هیچ جیاوازیی فرەزمانی و زاری و بنزاری عەرەبی جاهیلیی و دوای جاهیلیی و نشینگە جیاجیاکانی عەرەبی تێدا دەرنەکەوتووە، هەر ئەمەش پاڵپشتێکی بەهێزی بۆچوونەکەیەتی.

سەرەتا بەتەمابووم پاشکۆیەک بۆ کتێبەکە زیاد بکەم. ڕاپۆرتی محەمەد نووری سەرۆکی داواکاری گشتیی بۆ زیاد بکەم، کە لەسەر سکاڵای شێخەکانی ئەزهەر بۆ دادگاییکردنی نووسەر، ڕاپۆرتی خۆی بۆ لێپێچینەوە بە پرسیار و وەڵام بە تۆمەتی دژایەتی ئیسلام نووسیوە. بەڵام دواتر لەمەش پەشیمان بوومەوە. لەوانەیە لە داهاتوودا، ئەگەر چاپی دووەمی کرایەوە، ئەم ڕاپۆرتەشی بۆ زیاد بکەم، لەگەڵ پاشکۆیەک بە پوختەی وەرگێڕانی شیعرەکان.

**شەفیقی حاجی خدر**

نازم دڵبەند

# ڕەفیق سینەما و سینەما سەڵاحەدین

لەشەستەکان، تازە چووبوومە پۆلی چواری سەرەتایی، باوکم ئەمری خوای بەجێهێنا، خۆم و خوشکێک لەگەڵ دایکم لە ماڵە قوڕینەکەمان ماینەوە، ڕۆژێکیان خاڵە ڕەمزی-م کە گەنجێکی وەستای پاقلاوە بوو، لە دوکانی وەستا ڕەسووڵ پاقلاوەچی لە بن قەڵاتێ کاری دەکرد، شارەزای نێو بازاڕ بوو، هاتە ماڵمان، لەحەوشە بچووکەکە لەگەڵ من و ڕووناک-ی خوشکم و دایکم دانیشت.

یەکەم هەڕەشەی لەمن ئەوەبوو، هەرگیز بۆت نییە، نە بچیە سینەما، نە لە بەردەمی سینەما بتبینم،



منیش ئەوسا، نە هیچ سینەمایەکم پێدەزانی، نە دەشچوومە بەردەمی هیچ سینەمایەک.

ئەو ئامۆژگارییەی خاڵم ڕەمزی-م لەگوێ گرت، لەهەمان کاتیشدا لام بووە مایەی سەرسوڕمان، بۆچی ئەو هەڕەشەیە، بۆچی ئەو شوێنەی ئەو ناوی هێنا نابێ من بە بەردەمیشیدا بڕۆم، هەموو ئەمانە، بۆ من بوونە بەشێک لە بیرکردنەوەکانم، دوای چەند ساڵێک، کە چوومە قۆناغی خوێندنی ناوەندی و سەوداسەریم بۆ خوێندنەوە، ڕۆژنامە و کتێب، تامەزرۆییم بۆ بینینی نووسەر و شاعیران و تێکەڵاویم لەنێو یەکێتیی قوتابیانی کوردستان و کەسایەتییە ئەدەبی و هونەرییەکانی نێو چایخانەی بێخاڵ-ی عوسمان دەرگەلەیی مەودای بیرکردنەوەم گۆڕا، بڕیارمدا جۆرێک لەیاخی بوون بەرانبەر خاڵم ڕەمزی هەڵبژێرم و بچمە سینەما، یەکەم چوونیشم بۆ سینەما سەڵاحەدین بوو، یەکەم فیلمیش، کە دیتم فیلمی (أبی فوق الشجرة) بوو، کە ئەکتەرە سەرەکییەکانی (عبدالحليم حافظ و میرفت أمين) بوون، ئای بەو گەنجێتییەوە چەند لەزەتم لە لەش و لار و کراسە کورتەکانی ئەم کچانە دیت، ڕەنگە شەوانێک خەونی خۆشم پێیانەوە دیتبێت، بەڵام ئەوەی دوای ئەم هەموو ساڵە لە بیرم ماوە، پیاوێکی مەیلە و مام ناوەندی بوو، زۆر بە وردیی چاودێریی ئەو کرێکارانەی دەکرد، کە پلیتی چوونە ژوورەوەیان دەدراند، تا کەس بەبێ پلیت نەچێتە ژوورەوە، منیش پلیتێکی چل فلس-یم بڕی و چوومە ژوورەوە، هۆڵێکی مەیلەو تاریک، لەسەر تەختەیەکی ڕەق دانیشتم، خەڵکیش دەهاتن لە تەنیشتمەوە دادەنیشتن، کاتی دەست پێکردنی فیلمەکە هات، بەڵام لەکاتی دەستپێکردنی فیلمەکەش خەڵک دەهاتنە ژوورەوە، کەسێک بە لایتێکی بچووکەوە جێگای بۆ دەکردنەوە، هەندێک جار خۆشی تووڕە دەکرد، ئەگەر یەکێک شوێنی بۆ ئەو هاتووە نەکردبایەوە، جوێنیشی پێدەدان،

بەمەزەندەی من ئەوانەی ئەو کارەیان دەکرد زیاتر لە شەقاوە دەچوون، یان ئەوانە بوون، کە بە بەلاش دەهاتن فیلمەکەیان دەدیت. منیش کەسەکەی دوێنێ نەبووم کە خالم ڕەمزی هەڕەشەی ئەوەی لێ کردبووم نەچمە سینەما، نەخێر من کەسێکی دیکەم، ئەمانە هەمووی بۆ سەردەمی خۆی لەزەتی هەبوو، لەو ڕۆژییەوە بوومە هاوڕێیەکی نزیکی فیلمە باشەکانی سینەما، هەموو پێنج شەممەیەک دەچووینە نێو  سینەماکە تەماشای جامخانەکانم دەکرد، تا بزانین چ فیلمێکی تازە هاتووە و ڕۆژی هەینی کامیان پیشان دەدرێ، منیش لای خۆمەوە دوای ماوەیەک بوومە موبتەلای فیلمەکانی (ئەنتونی ستیڤن، جولیا نۆجیما و مانوج کۆمار) لەگەڵ فیلمە میسرییەکانی (مەحمود یاسین، نور شەریف و عادل ئەدهەم) ئەمانە بوون بە بەشێک لە عیشق و تێڕوانینی من بۆ جوانییەکانی فیلم، بەڵام هەموو جارێک، کە دەچوومە (سینەما سەلاحەدین) ئەو پیاوە هێمنەم دەدیت، کە چاودێری بڕینی پلیتەکانی دەکرد، هەموو جارێکیش دەچووینە لای (گەسی مام ئەلیاس) کە لای دەرگای سینەماکە بوو، پێش چوونە ژوورەوە، یان لەکاتی فەترە، ئەو گەسە بەتامەمان دەخوارد.

ڕۆژێک لە مام ئەلیاس-م پرسی: ئەرێ ئەو پیاوە کێیە کەس ناتوانێ لەبەر ئەو بەبێ پلیت بچێتە ژوورەوە؟

گوتی: ئەوە ڕەفیق سینەمایە، بەڕێوەبەری سینەما سەلاحەدین-ە، منیش دوای ئەو هەموو ساڵە، لەم ڕۆژانە بە بەردەمی شوێنەواری ئەو سینەمایەدا گوزەرم کرد، ئەو پیاوە و مام ئەلیاس، ئیحسان وەهاب و نەجمەدین دوکاندارم هاتنەوە بیر، هەم بۆ ئەو ڕۆژگاری ئەوێ ڕۆژێ هەناسەی ساردم هەڵکێشا، هەم بۆ کاک ڕەفیق، کە چەند بەحەماسەوە، ئەو کارەی دەکرد.

ماڵی یەعقوبیەکان چۆن ئەم بیرۆکەیان بۆ هاتووە؟ نازم ئاغا چۆن ئەم سینەمایەی بونیاد ناوە؟ ئەمانە خانەوادەیەکی هەولێریی دەوڵەمەند بوون. نازم هەمیشە لە کەیف و سەفای خۆیدا بووە لە بەغدا و وڵاتان، لەم شوێنانەش دەچووە کەبەرێ، سینەما و مەیخانە و هەموو ئەو شوێنانەی، کە ڕووگەی کەیف و سەفای ئەوێ ڕۆژێ بوون، تا گەیشتە ئەوەی لەگەڵ داود ئاغای باوکی لەسەر ئەو زەوییەی خۆیان سینەمایەک دروست بکەن، ئەوەبوو لەساڵی ١٩٤٧ لەو شوێنەدا سینەمای سەلاحەدین دروست کرا، نازم ئاغا خۆی سەرپەرشتی دەکرد و ڕەفیق مستەفا-ش بووە بەڕێوەبەری ئیدارە.

یەکەم فیلمیش، کە لەم سینەمایە لە ساڵی ١٩٤٨ نمایش کرا فیلمی (یوم سعید) بوو، لە نواندنی هونەرمەند محەمەد عەبدولوەهاب و ئیلهام حوسێن هەر لەو فیلمەش بوو، هونەرمەند محەمەد عەبدولوەهاب گۆرانی (أدری أدری) گوت

سینەمای سەلاحەدین شاشەکەی چوارگۆشە بوو لەدواییدا بوو بە (سکوب) لە سەرەتادا، کە دروست کرا وەرزی هاوین بوو، فیلمەکان بە شەو لە دەرەوە نمایش دەکران، بەڵام کە زستان داهات سەری هۆڵەکەیان گرت، بەیانیان و شەوان ئیشی دەکرد، شوێنێکی هەبوو پێیان دەگوت (لۆج) شەوانە ئەم (لۆجان)ە هەمووی دەبووە شوێنی خانەوادە دیارەکانی هەولێر، بەتایبەت لەکاتی نمایشکردنی فیلمەکانی فەرید ئەترەش، عەبدولحەلیم حافز، محەمەد عەبدولوەهاب و شادیە... هتد).

**“ داود ئاغا یەعقووبی ساڵی ١٩٢٧ سینەما سەلاحەددینی دروستکرد ”**

هونەرمەند جەوهەر ئەنوەر، کە یەکێکە لە کارمەندە سەرەتاکانی ئەم سینەمایە و تا ئەو کاتەی بووە یەکێ لە شەریکەکانی ئەم سینەمایە، جا لەمەڕ مێژووی ئەم سینەمایە و کەسێتی ڕەفیق مستەفا دەگێڕێتەوە و دەڵێت:

ڕەفیق مستەفا بەر لەوەی ببێتە بەڕێوەبەری ئەو سینەمایە، یەکێک بوو لە یاریزانەکانی هەڵبژاردەی تۆپی پێی هەولێر، هەر لەگەڵ دانانی بەردی بناغەی ئەم سینەمایە لەگەڵدا بوو، چونکە هاوڕێی نزیکی داود ئاغا بوو. دوای تەواو بوونی سینەماکە، لەبەر ئەوەی ئەوکات کەسێک لە هەولێر نەبوو بۆ سەر





مەکینەی بەکارخستنی فیلم، کەسێکی ناو هادی-یان لە مووسڵ-ەوە هێنا. لەدوای ئەویش هەردوو برا (نیعمەت عەلی شەکرچی و ڕەفعەت عەلی شەکرچی) کە پێیان دەگوت: ڕەفعەت سمێڵ، هێنایانن، کە لەم بوارەوەدا کەسانی زاناو لێهاتوو بوون.

حەسەن ئەفەندی وەکیلی داود ئاغا بوو، کاروباری ژمێریاریی بەڕێوە دەبرد و بیتاقەی دەفرۆشت، دوای ئەوەی حەسەن ئەفەندی سینەمای بەجێهێشت ڕەفیق چووە جێگەی ئەو و هەموو سینەمای بەڕێوە دەبرد، لەبەر ئەوەی پیاوێکی دڵپاک بوو.

لەسەرەتای حەفتاکان بەهۆی ئەوەی دار و دەستەکەی هەرکەسەو بۆ خۆی بوو، زەرەری هێنا و سینەمای دایە دەست عادل فەیزی خاوەنی سینەمای سیروان.

لەسەرەتای پەنجاکان ئەوانەی لە سینەما سەلاحەدین کاریان دەکرد بریتی بوون لە: واحید بۆزێ، ڕەسووڵ سینەما و عارەب ئەبو عیماد. ئەوانەیش، کە تابلۆی ڕیکلامی فیلمەکانیان بەنێو شاردا دەگێڕا ئەمانە بوون: حەمکۆ، کە حەمباڵ بوو، غازی پیرداودە کوڕ، جەوهەری وێنەگری زەورا و جومعە شێت.

دوای (عادل فەیزی) جەوهەر ئەنوەر دەڵێت: من و عەبدولڕەزاق مەعرووف لەگەڵ کاک ڕەفیق بووینە شەریک بە دوو هەزار دینار. کارەکانمان دابەش کرد، من کاروباری هێنانی فیلمم لە بەغداوە گرتە ئەستۆ، عەبدولڕەزاق-یش بەڕێوەبردنی ئیدارەی سینەما، ئەو فیلمانەی هەرمێیشیان هەبوو و خەڵک زۆر بۆی دەهاتنە سینەما، فیلمەکانی هەرقڵ و ماجستی بوو.

پلیتی (لۆج) بە پێنج سەد فلس بوو ئەوانیتر بە (٤٠، ٧٠، ٧٥) فلس بوون، سینەماکە (٥٧٠) کورسی تێدابوو، بێجگە لەوەی (٤٠) بایی مەستەرە بوو، لە هەندێک فیلمدا جێگە نەدەما، کرێنی فیلمەکانیش بەپێی ناسراوبوونی ئەکتەرەکان بوون، ئەوانەی لای بینەر خۆشەویستتر بوون نرخەکانیان لە نێوانی (٢٠ و ٥٠ و تا ١٠٠) دینار بوو، لەو سەروبەندەشدا بوو، کە نەوزاد عەزیز ببوو بە مەکینەچی. ئەو فیلمەکانی بەئیش دێخست، لەهەمووی خۆشتر، لەکاتی نمایشکردنی فیلمدا، کاتێک، کە هەردوو ئەکتەرە پاڵەوانە کوڕ و کچەکە لە ماچ کردن نزیک دەبوونەوە، دەبووە فیکە لێدان و هاتوهاوار، بەتایبەت لە ڕۆژانی هەینی، کە سەربازەکان لە ڕۆژانی هەینی و پێنج شەممەوان دەهاتنە خوارەوە.

ئەم سینەمایە، کە شەڕی عێراق و ئێران دەستی پێکرد نازم ئاغا وردە، وردە کرێی لەسەرمان زیاد دەکرد، کە پێشتر ساڵانە حەوت هەزار دیناری سویسری بوو، ئەوەش دەری نەدەهێنا، بەڵام کاک ڕەفیق لەساڵی ١٩٨٥-ەوە سینەمای بەجێ هێشتوو و هەر من و عەبدولڕزاق مابووینەوە، منیش دواجار بەجێم هێشت، تەنیا عەبدولڕەزاق) مایەوە، ئەویش تا ڕووخانی سینەماکە مایەوە.

جێگەی ئەسەفە، کە ئەو شوێنەوارە شارستانیە مێژووییەیان خاپوور کرد، نەیان هێشت نەوەی ئەمڕۆ یادەوەریی سینەمای سەڵاحەدین بەچاوی خۆیان ببینن، ئەوەتا سینەمای سیروان-یش لەسەرە مەرگی ڕووخاندایە.




"جومعە شێت تابلۆی ڕیکلامی فیلمەکانی بەنێو شاردا دەگێڕا"

# مام جەلال لە شیعرێکی برایم ئەحمەد دەدوێت

ئا: هەڵمەت عەبدولکەریم

ماموٚستا برای ئەحمەد شیعرێکی زۆر بەرزی هەیە، لە زیندان لە بەغداوە، کە حوکم دراون، لەگەڵ سالّح دیلان دەستیان پێکەوە کەلەپچە بووە. دوو کەس دەستیان کەلەپچە بووە. لەوێ لە زیندان شیعرێکی گوتووە، ناوی (دوا تیری کەوان)ە زۆر بەو شیعرە موعجیبم:

***دوا تیری کەوانی خۆت بهاوێژە هەلە دوژمن***
***دوا سەرکەوتنی تۆیە دوا نووکی گەلە دوژمن***
***شەوی ترساندنت سامی نەماوە تاریک و ڕوونە***
***بە ئاسۆی ئەرخەوانیدا هەتاو لەودیو کەلە دوژمن***
***چ کەوجی هەش بەسەرکەی خۆر بە هێڵەک پێشی گیراوە***
***وە یاخود چەرخی مێژوو کەی بە بەردی ئێوە وەستاوە***
***هەموو پێشکەوتنێکی تۆ بەرەو چاڵی نەمان ئەتبات***
***هەموو سەرکەوتنێکیشت  بە وێنەی بلقی سەر ئاوە***

جا ئەمانە ئێستا، کە دەمەوێت بۆت شەرح بکەم. پێش ئەوەی تەواوی بکەم، مەعنای زۆر بەرزی تێدایە. مەسەلەن ئەمە یەکێکە لە مەقوولەکانی ئیشتراکی ئەو سەردەمە دەڵێ:

هەموو پێشکەوتنێک ڕژێمی سەرمادای نزیکی دەکاتەوە لە مردن. لە تەواوبوونی خۆی نزیکی دەکاتەوە. لەوەی قۆناغی دوای خۆی بێتە ئاراوە، کە قۆناغی سۆشیالیزمە، لەبەر ئەوە شیعرەکە دەڵێ:

***هەموو پێشکەوتنێکی تۆ بەرەو چاڵی نەمان ئەتبا***
***هەموو سەرکەوتنێکی بە وێنەی بلقی سەرئاوە***
***ئەوا هیتلەر خوداوەندی شەڕی سەر ڕووی زەمین بوو خۆ***
***قەلای سەرمایەداری پڕ تفاقی ئاسنین بوو خۆ***
***هەموو ئەڵمانیای نازی لە دەستا وەک نگین بوو خۆ***
***لە ڕێی ئازادی خوازانا وەکو شوورای چین بوو خۆ***
***کوا ڤێرماختی ئەڵمانی کە ئەتووت هەر زەروی خوێنە***
***وا لۆف وافە ئەو هێزە نەپارێزە مەرگ چێنە***
***کوا تۆپی واتا تانکی کوا ئوستوولی بێ وێنە***
***بەجارێ گۆڕی گوم بووگشتی وەک خۆی بێ سەروشوێنە***
***لە لار ئێمە هەڵە نەگوتن یەکەم هەنگاوی زاڵبوونە***
***لە ناو بۆتەی خەباتدا تواندنەوە هەر شەرتی قاڵبوونە***
***لە نووچدان و هەڵە نەگوتن نییە باکی گەلی کوردان***
***وەکوو ڕێگای خەباتی خۆی شکانی تۆی لە لا ڕوونە***
***لەگەڵ کاروانی ڕزگاری گەلان***
***ئەڕوا بە چالاکی لە دووری ڕێ و لە سەختیی جێ و***
***دری دوژمن نییە باکی***
***نە لادان و نە کۆڵدان نەوەستان هەیە هەرگیز***
***پشوو نادا هەتا نەبڕێ ڕەگی چەوسانەوە و ماکی***

بزانە شیعرەکە چەند بەرزە، ئەوەلەن خەباتی کوردان دەبەستێتەوە بە خەباتی گەلان لەگەڵ کاروانی ڕزگاری گەلان دەڕوات، بە چالاکی لە دووری ڕێ و لە سەختی جێ و دەوری دوژمن نییە باکی.

خەباتەکەش، هەم ڕزگاربوونی نشتمانی و ڕزگاربوونی چینایەتی تێدایە پشوو نادا، هەتا بە بڕێ ڕەگی چەوسانەوەی ماکی.

هەتا چەوساندنەوە و ڕەگی چەوساندنەوە ڕەگەکەی هەڵنەتەکێت پشوو نادا لە خەباتی خۆی، ئەوە شیعرێکی زۆر زۆر بەرزە.

**مام جەلال**

**سەرچاوە:** مام جەلال لە وەڵامی ٧٤ پرسیاردا، لاپەڕە ٤٥-٤٧

*** ماموٚستا برایم ئەحمەد لە ساڵی ١٩٤٨ بۆ ماوەی ساڵ و نیوێک، لە بەندیخانەی ئەبو غرێب بەندکراوە و هەر لەوێش ئەو شیعرەی نووسیوە.**




(یەکەم بابەت گۆشەیەکی گۆڤاری دیوانە، تێیدا هەرجارەی یەکەم بابەتی نووسەرێک، یان شاعیرێک، یان هونەرمەندێک دەخەینەڕوو، بە مەبەستی ئاشناکردنی خوێنەران بە سەرەتا و یەکەم بەرهەمیان)

**ئا: قەڵەندەر**

## لەتیف هەڵمەت:

***یەکەم شیعرم بۆ شەهیدانی تاقی کفری نووسیووە، بەڵام بڵاوم نەکردووەتەوە. یەکەم بابەتی شیعریشم لە ساڵی ١٩٦٩ لە گۆڤاری ڕزگاریی بڵاوکردەوە، بە ناوی لەتیف شێخ مەحمود شێخ محەممەد بەرزنجی، کە هێشتە نازناوی (هەڵمەت)م بۆخۆم دانەنابوو، ئیدی دوای ئەو بابەتە بووم بە لەتیف هەڵمەت.***

***ئەو شیعرەش لەنێو هیچ کام لە دیوانەکانمدا نییە، بۆ ئەوەی خوێنەر بەدوایدا بگەڕێت.***


بو گوفاری رزگاری بەریز

لە پاش سەلاو هیــــوام‌سەرکەوتنتانە ..
لە فەیلەسوفیکي یونانیــان‌پرســـي .... بەم روژي
نیومرویە بـــەو چـــرایەي‌دەستەوە بوچي تەگەريي ..
ووتي بو مروف ...
بەلام من.. بە رزگاريەوە ـ
بو رزگاري تەگەريم
لە پشت دیواري مەرگەوەدەس تەگرم بەو
پەنجەرانەوە کە بەهەشتــي‌تاواتم تەنوينن
لە سەر لیواري ووشە بەسوزەکانا تەروم بەرەو دوا تا
تامانجم ..
بەرەو سەرکەوتن .. بەرەوبەختیاري کوردوستان ..
بەرهەمـــــي جوان ...
نوسیني ریك .... هەلبەستي‌قـول
ووشەي تەمـــاوي ...چیروکي ژیر هـــەور ..
رستەي کەفاوي
وینەی ناو گەردەلول ...یادگاري ناو رەشەبا ...
تەمانە هەمو سەرنجـــي‌لاواني تەمرو را تەکیشن
بو تەوەي لە گەل بـــاري‌ناسوري ژیانا بگونجین
بو تەوەي بیر لەو راستیانەبکەنەوە کە لە گەرداوي
ستەم‌و زورداري‌و تاریکیداوون بونە ...
تاسمـــان گەورەیـــە .. تەستیرەکان گەورەن ....
زەوي گەورەیـــــە .. دل‌گەورەیە .... بەلام شتیـــک
هەیە
کە هیـــچ گەورەیـــەک‌نایگاتي ـ تەویش ـ (راستیە)
هیواداریـــن رزگـــاري‌بەردەوام بي لە دوزینەوەي
تەو راستیانە کە لە ســـاوخولەمیشي میژودا ون بونە
بي گومان رزگـــاري دژي‌داگیرکەرە ... هیواداریـــن
ري نەدا چەند کەسیکـــي تایبەتـــي
لا پەرەکاني داگیر کەن ..
چونکە تیمەیش لە پشـت‌هەردەي‌هەوري باویشکي و
شەوە ویلي رزگارین ..
کفري ـ لەتیف شیخ مەحمود
شیخ محەممەد بەرزنجي

بۆ گۆڤاری رزگاری بەڕێز

لە پاش سڵاو هیوام سەرکەوتنتانە..

لە فەیلەسووفێکی یۆنانیان پرسی....

بەم ڕۆژی نیوەڕۆیە، بەو چرایەی دەستەوە بۆ چی ئەگەڕێی

وتی بۆ مرۆڤ..

بەڵام من.. بە ڕزگاریەوە – بۆ ڕزگاری ئەگەڕێم

لە پشت دیواری مەرگەوە دەس ئەگرم بەو پەنجەرانەوە، کە بەهەشتی ئاواتم تەنوینن لە سەر لێواری وشە بە سۆزەکانا ئەڕۆم بەرەو دوا تا ئامانجم..

بەرەو سەرکەوتن.. بەرەو بەختیاری کوردوستان..

بەرهەمی جوان...

نوسینی ڕێک... هەڵبەستی قوڵ

وشەی تەماوی... چیرۆکی ژێر هەور.... ڕستەی کەفاوی

وێنەی ناو گەردەلوول... یادگاری ناو ڕەشەبا ...

ئەمانە هەموو سەرنجی لاوانی ئەمڕۆ ڕائەکێشن

بۆ ئەوەی لە گەڵ باری ناسۆری ژیانا بگونجێن

بۆ ئەوەی بیر لەو ڕاستیانە بکەنەوە کە لە گەرداوی ستەم و زۆرداری و تاریکیدا ون بوونە ...

ئاسمان گەورەیە... ئەستێرەکان گەورەن....

زەوی گەورەیە.. دڵ گەورەیە... بەڵام شتێک هەیە

کە هیچ گەورەیەک نایگاتێ– ئەویش (ڕاستیە) هیوادارن ڕزگاری بەردەوام بێ لە دۆزینەوەی ئەو ڕاستیانە، کە لە ناو خۆڵەمێشی مێژودا ون بونە

بێ گومان ڕزگاری دژی داگیرکەرە ... هیوادارین ڕێ نەدا چەند کەسێکی تایبەتی لاپەڕەکانی داگیر کەن..

چونکە ئێمەش لە پشت هەردەی هەوری باویشکی و شەوە وێڵی ڕزگارین

**کفری– لەتیف شێخ مەحمود شێخ محەممەد بەرزنجی**

ئامادەکردنی: پەروەر

# ڕۆمانە فیلمی لەگەڵ بادا ڕۆیشت

## باس لە جەنگی ناوخۆیی باکوور و باشووری ئەمریکا دەکات


ڕووداوی نێو ڕۆمانی (لەگەڵ بادا ڕۆیشت) کە لە ساڵی ١٩٣٦ نووسراوە و لە ساڵی ١٩٣٩ کراوە بە فیلم، بە سەرەتایەکی کورتی بەر لە هەڵگیرسانی جەنگە ناوخۆییەکە دەست پێ دەکات.

سکارلێت، بەهۆی جوانییەکەیەوە دەبێتە جێی سەرنجی زۆر لە گەنجانی دەوروبەری و بەردەوام بەدەوریدا دەخولێنەوە، بەڵام ئەو هیچ حەزێکی بۆ هیچ کامێکیان نابێت، تا ئەوکاتەی دەکەوێتە داوی خۆشەویستی پیاوێکی گەنج بە ناوی ئاشلی ویلکس، دەخوازێت هاوسەرگیریی لەگەڵدا بکات، ئاشلی هەرچەندە هەستی خۆشەویستیشی بۆی هەیە، بەڵام نایەوێت بیخوازێت، چونکە لە هەموو شتێکدا لێک جیاوازن، لەگەڵ ئەوەشدا ئاشلی خوازیارە هاوسەرگیریی لەگەڵ میلانی هاملتۆن-ی ئامۆزایدا بکات.

سکارلێت ئۆهارا ئامادەی ئەو ئاهەنگە دەبێت، کە لە کێڵگەی ئاشلی ڕێک دەخرێت، بە ئامانجی ئەوەی هەست و خۆشەویستییەکەی بۆ باس بکات و ڕازی بکات بیخوازێت، بەڵام هەمدیسان ئاشلی داواکەی ڕەت دەکاتەوە، هەر لەوکاتەدا زۆر داخدار دەبێت و دەچێتە دەرەوە، بەتایبەتی کاتێک ڕێت باتلەر، کە کەسێکی زۆر خۆ بەزل زانە و بەهۆی ناوبانگییە خراپەکەیەوە، ناچار بووە وڵاتەکەی بەجێ بێڵێت لە ژوورەکەی ئەوە.

لە سەرەتای دەست پێکی جەنگی ناوخۆدا، کەسێک بەناوی چارلس هاملتن-ی برای میلانی، هاوسەری ئاشلی پێشنیازی ئەوە دەکات سکارڵێت شووی پێ بکات، ئەویش دەست بەجێ ڕازی دەبێت، بۆ ئەوەی بۆ هەمیشە لە نزیک ئاشلی بمێنێتەوە. دوای دوو مانگ لە هاوسەرگیرییان، مێردەکەی دەچێتە ڕیزەکانی سوپاوە، دواتریش تووشی پەتای سوورێژە دەبێت و دەمرێت، سکارڵێت زگی لە پیاوەکەی دەبێت و منداڵێکی دەبێت، ناوی دەنێت وەید.

دوای ماوەیەک لەگەڵ مێلانی دەچنە ماڵی مامی مێردەکەی لە ئەتلانتا بۆ ئەوەی لەوێ بژین. سکارڵێت



به خۆشیی ئەو شارە سەرسام دەبێت، بەڵام دوای ماوەیەک تووشی بێزاری دەبێت، بەهۆی هەڵسوکەوتی گاڵتەجارپیانەی کەسێک بە ناوی باتلەر. لەوکاتەشدا ئاشلی لە جەنگدا دیل دەکرێت، بۆیە سکارلێت بەهۆی خراپی بارودۆخی ئەو شارەی، کە لێتی، دەخوازێت بگەڕێتەوە باشوور، بەڵام بەڵێنی بە ئاشلی دابوو، کە لە پاڵ ژنە دووگیانەکەیدا بمێنێتەوە.
لەو شەوەدا، کە مێلانی منداڵی دەبێت سوپای باکوور هێرش دەکەنە سەر باشوور و شاری ئەتلانتا کۆنترۆڵ دەکەن، بۆیە سکارلێت داوا لە ڕێت باتلەر دەکات، کە یارمەتییان بدات، تا لە ئەتلانتا هەڵبێن. ئەویش ئەسپ و عەرەبانەیەکیان بۆ پەیدا دەکات، دەیانگەیێنێتە دەرەوەی شار. دوای گەیشتنی بۆ نێو کەسوکاری، سکارلێت دەبینێت دایکی مردووە، باوکیشی بەهۆی تاڵانکردنی کێڵگە کشتوکاڵییەکەی، لە لایەن سوپای باکوورەوە ئەقڵی لە دەست داوە.
ئاشلی لەگەڵ چەند زیندانی کراوێکی دیکە ئازاد دەکرێن، یەکێک لە زیندانییەکان لە کێڵگەی سکارلێت دەژی و لە کارەکەی یارمەتی دەدات، جۆناس ویلکێرسۆن، کە کارمەندی حکومەتە بە بەرزکردنەوەی باج سکارلێت تووشی شۆک دەکات بۆ ئەوەی ناچاری بکات کێڵگەکەی پێ بفرۆشێت، سکارلێت پەنا دەباتە بەر ڕێت باتلەر، کە لەوکاتەدا لە زیندان دایە، بەڵام ئامادە نییە هیچ یارمەتییەکی بدات. بەم هۆیەوە خیانەت لە خوشکەکەی دەکات و هاوسەرگیریی لەگەڵ خۆشەویستەکەی دەکات،
بۆ ئەوەی لەگەڵی کار بکات و تاراش بهێڵێتەوە و بتوانێت باجەکە بدات.
سکارلێت بە یارمەتی ڕێت باتلەر ئامێرێکی داربڕین دەکرێت، بۆ ئەم مەبەستەش بڕێک پارە قەرز دەکات، خەڵکی ئەتلانتا-ش لەو هەڵسوکەوتانەی بێزار دەبن، بەڵام لەوکاتەدا سکارلێت بووە بە ژنێکی بازرگان گوێ بە هیچ شتێک نادات.
سکارلێت منداڵێکی دیکەی لە هاوسەرە تازەکەی دەبێت پاشان مێردەکەی بەهۆی هێرشێکەوە دەبێتە قوربانیی و دەمرێت. خۆشەویستی سکارلێت و ئاشلی-ش تەنیا لە چوارچێوەی هاوڕێیەتیدا دەمێنێتەوە.
مارگرێت میتچێل، نووسەری ڕۆمانەکە، هەر لە منداڵییەوە حەزی لە چیرۆکی جەنگ بووە، کە نزیکەی ٣٥ ساڵ پێش لە دایک بوونی جەنگ کۆتایی پێ هاتووە. حەزی لە خوێندنەوەی کتێب بووە. چیرۆک و شانۆگەریی دەنووسی. مارگرێت لە ساڵی ١٩١٨ پەیمانگەی واشنتۆنی تەواو کرد و چووە کۆلێژ، بەڵام بەهۆی مردنی دایکییەوە ساڵی دواتر کۆلێژی بەجێ هێشت. لە ساڵی ١٩٢٢ هاوسەرگیریی کرد، بەڵام هاوسەرگیرییەکەی زۆری نەخایدا، دوای ماوەیەکی کورت لە مێردەکەی جیابووەوە، دواتر لە ڕۆژنامەیەکدا کاری کرد و دوای ماوەیەک بەجێی هێشت و دەستی کرد بە نووسینی ڕۆمانە بەناوبانگەکەی (لەگەڵ بادا ڕۆیشت) کە نزیکەی دە ساڵی خایاند. بۆ یەکەم جار لە ٣٠ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٣٦ بڵاوکرایەوە، کە تاکە ڕۆمانی نووسەرەکەیە و لە ژیانیدا هەر ئەو ڕۆمانەی نووسی، کە باس لە سەردەمی جەنگی ناوخۆی ئەمریکا دەکات، کە لە سەدەی هەژدەهەمدا لەنێوان ویلایەتەکانی باکوور و ویلایەتەکانی باشووردا ڕوویداوە، نووسەر لە ساڵی ١٩٣٧ بەهۆی ئەو ڕۆمانەوە خەڵاتی پولیتزەری وەرگرت
لە ساڵی ١٩٣٩ کرایە بەرهەمی فیلم، بەم هۆیەشەوە ڕۆمانەکە لە سەرانسەری جیهاندا ناوبانگی زیاتری پەیدا کرد و زیاتر لە ٢٨ ملیۆن دانەی لێ فرۆشراوە.
لە ساڵی ١٩٩٨ پەیمانگەی فیلمی ئەمریکی، فیلمەکەی پۆلێن کرد و خرایە ڕیزبەندی چوارەم لەنێوان سەت لە باشترین فیلمی ئەمریکی، لە ماوەی سەدەی بیستەمدا، تا ساڵی ٢٠٠٦ وەک دووەم پڕ داهاتترین فیلم لە مێژووی سینەمای ئەمریکادا مایەوە.



پەیام فەتحوڵڵا ڕەسووڵ

# یانەی وەرزشی هەولێر

یانەی وەرزشی هەولێر، یەكێكە لەیانە دێرینەكان، لەسەر ئاستی كوردستان و عێراق. مێژووی دامەزراندنی دەگەڕێتەوە بۆ ١٩٦٨/١١/٣ لەسەر دەستی كۆمەڵێ وەرزشوانی ناسراوی شارەكەمان لەسەرووی هەموویانەوە خولێخۆشبووان (مامۆستا ئیبراهیم حەلاق، مامۆستا فارووق سەید حەسەن، نامیق عەزیز، عزەددین حوسێن ئەفكەر، ئەدیب دانیاڵ، فارووق تۆفیق، بورهان نەجار، محەمەد عوسمان، یاسین تاهیر، نەوزاد شێخ تەیب، سمكۆ ئیبراهیم، ئەحمەد بەربەر و چەند وەرزشكارێكی دیكەی دڵسۆز).

ئەم یانەیە بە درێژایی ساڵانی دامەزراندن و خزمەتكردنی بە وەرزشی كوردستان و عێراق لەسەرجەم یارییە جۆراوجۆرەكان، چەندین یاریزانی بەتوانا و ئاست بەرزی پێشكەش بەهەڵبژاردەكانی كوردستان و عێراق كردووە. لەهەموو ئاستە جیاوازەكاندا بوونەتە جێگەی ڕەزامەندی ڕاهێنەر و سەرپەرشتیارانیان.

دامەزراندنی یانەی وەرزشی هەولێر لەساڵی ١٩٦٨ دەنگدانەوەیەكی گەورە و وەرچەرخانێكی گرنگ بوو لە وەرزشی كوردستان، كە یانەیەك بەناوی شاری هەولێر دروست بێت. هەرچەندە لەو كاتەدا هەندێك یانەی دیكە هەبوون، وەكو یانەكانی (بروسك، هێرش) بەڵام دامەزراندنی یانەی وەرزشی هەولێر گڕوتینێكی زیاتری بەوەرزشی شارەكە دا، لە قۆناغێكی خۆجێییەوە گواستییەوە بۆ قۆناغێكی دی و ئاستی ڕاستەقینەیان دەربكەوێت. دواتر بە كردار ئەمە دەركەوت و یانەكە بوو بە یەكێك لە ناسراوترین و پڕ جەماوەرترین یانەكانی عێراق.

لەم یانەیەدا چەندین وەرزشوان و یاریزانی بە توانا هەڵكەوتن، كە لەسەرجەم یارییە جۆراوجۆرەكانی وەكو (تۆپی پێ، تۆپی باڵە، تۆپی دەست، تۆپی باسكە، بەرزكردنەوەی قورسایی، پایسكلسواری، لەشجوانی) یارییان كردووە.

یانەی وەرزشی هەولێر، كە لە ئێستەدا مێژووی دامەزراندنەكەی نزیكەی (٥٥) ساڵ دەبێت، چەندین كادیری بەتوانا لە بواری كارگێڕی و هونەرییەوە یانەكەیان بەڕێوە بردووە، لەوانە (نەجم عەبد كرێدی، فاروق سەید حەسەن، سیروان جاف، عەجیل جەلال، سامی سەعید دزەیی، دكتۆر عەبدوڵا مەجید) وەكو سەرۆكی یانەكە كاریان كردووە، لە ئێستاشدا (دكتۆر وەلید عارەب) سەرۆكایەتی یانەكەی لە ئەستۆ گرتووە، كە یەكێك بووە لە ئەستێرە دیارەكانی تۆپی باڵە لە كوردستان و عێراقدا.

تیپی تۆپی پێی یانەی وەرزشی هەولێر بۆ یەكەم جار لە وەرزی (١٩٧٤-١٩٧٥) بەشداری خولی یانە پلە دووەكانی عێراقی كردووە، دواتر درێژەی بە بەشداریكردن لەم خولە داوە، تاوەكو وەرزی (١٩٨٦-١٩٨٧) كاتێك بۆ یەكەم

> “
> دامەزراندنی یانەی وەرزشی هەولێر لە ساڵی ١٩٦٨ دەنگدانەوەیەكی گەورە و وەرچەرخانێكی گرنگ بوو لە وەرزشی كوردستان، كە یانەیەك بەناوی شاری هەولێر دروست بێت
> ”

"بەشداریکردنی یانەی هەولێر لەخولی یانە پلە یەکەکانی عێڕاق، ڕەنگدانەوەیەکی ئەرێنی لەسەر ئاستی وەرزشی کوردستان هێنایە کایەوە"

جار توانی سەرکەوێت بۆ ڕیزی یانە پلە یەکەکانی عێڕاق و لەوەرزی (١٩٨٧-١٩٨٨) بۆ یەکەمجار بەشداری خولی یانە پلەیەکەکانی عێڕاقی کرد. ئیدی لێرەوە سەرەتای دەستپێکی وەچەرخانێکی نوێی بەشداری کردنی ئەو یانەیە بوو لە خول و پاڵەوانێتیەکاندا، کە تاکو ئێستەش بەردەوامە، جگە لەوەی یانەی وەرزشی هەولێر لە یارییەکانی دیکەشدا بەشداری کارای هەبووە و توانیویەتی ئاست و ئەنجامی گەورە بەدەست بهێنێت.

بەشداریکردنی یانەی هەولێر لەخولی یانە پلە یەکەکانی عێڕاق، ڕەنگدانەوەیەکی ئەرێنی لەسەر ئاستی وەرزشی کوردستان هێنایە کایەوە و دەیان گەنج و لاوی کورد لەتیپە جیاوازەکان پەیوەندییان بەم یانەیەوەکرد، بەئاواتی گەیشتن بە هەڵبژاردە نیشتمانییەکان، یانەی هەولێر بە پێکهاتەیەکی تەواو لە یاریزانی کورد و خۆماڵی، ڕووبەڕووی یانە گەورە و بەهێزەکانی ئەوکات بوونەوە وەکو (ڕەشید، زەوراء، تەڵەبە، جەیش، شورتە، شەباب، قوە جەوی)

لەچەند یارییەکیش توانیان ئەنجامی باش بەدەست بهێنن. بەم جۆرە یانەی هەولێر درێژەی بە یاریکردن لەخولی پلەیەکی عێڕاق دا تاوەکو ڕاپەڕینی ساڵی (١٩٩١)ی خەڵکی هەرێمی کوردستان دژی دامودەزگا داپڵۆسێنەرەکانی حزبی بەعس.




ساڵی (١٩٩١) و دوای کێشانەوەی دامودەزگاکانی حکومەتی بەعس لەکوردستان و ئەو گرفتە سیاسییانەی، کە لە ئارادا بوون، ئاستەنگ و گرفتی زۆری بۆ یانەی هەولێر دروست کرد بەهۆی ئەوەی هیچ یانەیەکی ناوەڕاست و خوارووی عێڕاق ئامادە نەبوون یارییەکانیان لە شاری هەولێر بکەن، بەمەش یانەی هەولێر سەرجەم ئەو یارییانەی، کە لە یاریگەی خۆیدا بوو بە ناچاری گواستیەوە بۆ یاریگەکانی شاری مووسڵ و بۆ ماوەی چوار وەرزی لەسەر یەک لەنێوان ساڵانی (١٩٩١-١٩٩٥) یارییەکانی لەو شارەدا دەکرد. بەڵام دوای گۆڕانکارییە سیاسیەکانی ساڵی ١٩٩٦ و ڕوودانی گۆڕانکاری لە ئیدارەی شاری هەولێر، جارێکی دیکە دەستەی کارگێڕی یانەکە بڕیاری دا بەشداری خولەکانی عێڕاق بکاتەوە. بۆ ئەمەش یەکێتیی تۆپی پێی عێڕاق بڕیاریدا یانەی هەولێر لەخولی یانە پلە یەکەکان بەشداری بکات، کە لە (١٧) یانە پێک دەهاتن. بەم جۆرە یانەی هەولێر بۆ ماوەی (٣) سێ وەرز بەشداری لەم خولەدا کرد، تاوەکو وەرزی (١٩٩٨-١٩٩٩) کاتێک توانی پلەی یەکەمی خولەکە بەدەست بهێنێت و بۆ یەکەم جار ببێت بە پاڵەوانی خولی یانە پلە یەکەکان و جارێکی دیکە دوای دابڕانی بۆ ماوەی (٤) چوار وەرز گەڕایەوە ڕیزی یانە نایابەکانی عێڕاق.

وەرزی (١٩٩٩-٢٠٠٠) سەرەتای دەرکەوتنەوەی یانەی هەولێر بوو، لەسەر شانۆی خولەکانی عێڕاق، ئیدی لەم ڕێککەوتەوە یانەکە بە بەرگێکی تازە و توانایەکی زیاتر و پاڵپشتی هاندەران، بەشداری لە خولەکان کرد و بوو بە یەکێک لەیانە بەهێزەکانی خولی عێڕاق و توانیان لەماوەی نێوان ساڵانی (١٩٩٩-٢٠٠٣) چەندین ئەنجامی باش بەدەست بهێنن.

دوای ساڵی ٢٠٠٣ و ڕووخانی یەکجارەکی ڕژێمی سەددام حوسێن لەسەر دەستی هاوپەیمانان، یانەی هەولێر بەگوڕوتینێکی زیاترەوە بەشداری خولەکانی عێڕاقی کردەوە و توانی ئەنجامی باش و بەرچاو بەدەست بێنێت و ببێتە خاوەنی چەندین دەستکەوتی

مەزن لەسەر ئاستی عێراق. هەر لەم ساڵانەدا یانەی هەولێر وەکو نوێنەری عێراق بەشداری لە پاڵەوانیەتی یانەکانی عەرەب و خولی یانە پاڵەوانەکانی ئاسیا و جامی یەکێتیی ئاسیا کرد و توانی چەند ئەنجامێکی باش بەدەست بهێنێت، دوای ئەوەی توانی چوار جار نازناوی خولی یانە نایابەکانی عێراق لەوەرزەکانی (٢٠٠٦-٢٠٠٧، ٢٠٠٧-٢٠٠٨، ٢٠٠٨-٢٠٠٩، ٢٠١١-٢٠١٢) و دووجار پلەی دووەمی جامی یەکێتیی تۆپی پێی ئاسیا لە ساڵانی (٢٠١٢-٢٠١٤) بەدەست بهێنێت.

بەدەست هێنانی نازناو و ئەنجامە باشەکانی یانە بە بوونی چەندین ئەستێرەی بەناوبانگ هاتۆتە کایەوە، کە دەکرێت لێرەدا ناوی بەشێک لەمانە بخەینەڕوو، کە زۆرترین کاریگەرییان هەبووە، لەوانە: (نەریمان محەمەد، ئیحسان مەلا عەلی، عومەر سەلیم، خاڵس قۆجە، نەجات عەبدولواحید، محەمەد خەلیل، شێرزاد خەلیل، شێردڵ تەحسین، عەونی سەید ئەحمەد، شەهید موڕسەڵ، سەرکار عەلی خان، خوالێخۆشبوو دکتۆر شاخەوان مەجید، تاریق عەبدولڕەحمان، فازڵ عەباس، کامەران محەمەد، کرێکار زرار، حەمید خالید، سەرتیپ محەمەد، کاوە عومەر، محەمەد خۆشناو، پشتیوان شبیب، سەڵاحەدین سیامەند، ڕافد بەدردەدین، محەمەد کازم، شاخەوان عومەر، عەلی وەهەیب، مەهدی کازم، ئەحمەد عەلی، جوان جۆزێف، عومەر جەبار، فەرید جەعفەر، سەفا عەدنان، ئیبراهیم سالم، محەمەد ناسڕ، مۆفەق یونس، نزار سلێوە، ئەحمەد سەڵاح، لوئەی سەڵاح، ئەمجەد ڕازی، میران خەسرۆ، سەرهەنگ موحسین، دیدار حامد، هەردی سیامەند، بارزان شێرزاد، دیار ڕەحمان، نیاز محەمەد، کۆسرەت بایز).

هاوکات نابێ ڕۆڵی هاندەرانی یانەی وەرزشی هەولێریش لەبیر بکەین کە هەردەم بەشێکی دانەبڕاوی خۆشی و ناخۆشییەکانی یانەکە بوونە و ڕۆڵیان هەبووە لەسەرکەوتنەکان و هاندانی یاریزانان بەدرێژایی یارییەکان.

**"بەدەست هێنانی نازناو و ئەنجامە باشەکانی یانە بە بوونی چەندین ئەستێرەی بەناوبانگ هاتۆتە کایەوە"**




# سالۆنی لاپەڕە (٩)

ئا: ڕەوەست نەوزاد

لە درێژەی کۆڕەکانیدا سالۆنی لاپەڕە ٩ی ناوەندی هەولێری یەکێتیی نیشتمانیی کوردسان لە ماوی ٢٠٢٣/٥/٢٧ تا ٢٠٢٣/٦/١٧ ئەو کۆڕانەی ڕێکخست:

## ٢٠٢٣/٥/٢٧




کۆڕێک بۆ نووسەر و وەرگێڕ خالید هەرکی بە ناوونیشانی (ئەزموونی وەرگێڕان لەنێوان مەبەست و پیشە) هەر لە کۆڕەکەشدا چەند بەرهەمەکی وەرگێڕدراوی نووسەر بەسەر ئامادەبوان دابەش کرا.

## ٢٠٢٣/٦/٣






مەڕاسیمی ناساندن و دابەشکردنی کتێبی (وشەی پێشمەرگە لەپێش کۆمارەوە تا دوای ڕاپەڕین) لەنووسینی نوسەر هەکار تەها

## ٢٠٢٣/٦/١٠





کۆڕێک بۆ خاتوو لاجان محمد عوسمان، بە ناوونیشانی (پەیوەندی دانیشتنەکانی پەرلەمان بەئاسایشی کۆمەڵایەتی و دەروونیەوە) کە بریتی بوو لە نامەی ماستەر لەبواری کۆمەڵناسیی سیاسیی

## ٢٠٢٣/٦/١١



بەشی روناکبیریی مەڵبەندی مووسڵی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان لەبارەگای مەڵبەندی مووسڵ کۆڕێکی ناساندنی بۆ کتێبی (حەمید رەشاش و تولەرێیەکانی کوردایەتی) کە لە نووسینی ستار محەمەدئەمین-ە بەڕێوەبرد. دواتر کتێبەکە بەسەر ئامادەبوانی کۆڕەکە دابەش کرا.

## ٢٠٢٣/٦/١٧







مەڕاسیمی ناساندن و دابەشکردنی کتێبی ڕۆمانی شێت، کە لە نووسینی زرار سەرتاش-ە بەڕێوەچوو

# به باڵابڕین بۆ (دیوان)ی پڕ له جووڵه بۆ؟

لە یەکی ئەم مانگەی حوزەیراندا دوو ساڵی خشت بەسەر دەرچوونی یەکەم ژمارەی (دیوان) ڕابرد، کەواتە دەبوایە ژمارەی ئەم مانگە بۆ ساڵیادی تەرخان بکرابووایە، نەوەک ژمارەی مانگی ڕابردوو. ئەوەی ڕاستی بێت، دوای دەرچوونی چەند ژمارەیەکی بەرایی، من هەستم کرد هەوەستم پێی هاتووە، دڵخۆشیشم بەوەی وا گۆڤارێکی پڕ لە جووڵەی ڕۆشنبیریی کوردیی دەرچوو، بۆیە نەمهێشت ئەوەندەی بەسەردا تێپەڕببێت هەوڵی ئەرشیفکردنی یەک بە یەکی ژمارەکانیم دا، ئەوەبوو دواتر هەر یەک لە (سمکۆ عەبدولکەریم)ی سەرنووسەر و (محەمەد گۆران) لەسەر پێشنیازی (سەعید عەبدوڵڵا) لە ماڵەوە گەورەیان کردم و کەم و کورتییەکانیان بۆ پڕ کردمەوە، دیارە بەم کارە پیرۆزەیان گۆڕانکارییەکی سەیریان خستە نێو ماڵەکەم، جا بڵێن چۆن؟

ئەوە بۆ بیست ساڵ دەچێت لەگەڵ (د. صەباحی غالب) یەکدیمان ناسیوە، ماوەی پازدە ساڵێکیش دەبێت، هەر کاتەی هاتبێتەوە کوردستان، پێی لە ماڵەکەم نەبڕیوە، ئەوەی لام سەیر بووە، ئەو هەموو کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامانە لەو ماڵە بەسەر یەکدا کەوتوون، بە درێژایی ئەم ماوەیە، بۆ تاقە جارێکیش نەمبینیوە لاپەڕەکانی هیچ کام لەم بەرهەمانەی هەڵدابێتەوە، کەچی بەم دواییە دەمدیت وا لەنێو بڵاوکراوەکاندا بە دوای (دیوان)دا دەگەڕێت و ڕایدەکێشێتە پێش خۆی و بابەتەکانی دەخوێنێتەوە، تەنانەت تا دوو جاران پرسیاری لە کوێ دەست دەکەوێتی لێ کردووم؟ بەم حاڵەوەیش من بۆ خۆم هەندێک تێبینیم لەبارەی (دیوان)ەوە هەیە:



١. دەستخۆشی لە کارمەندانی دەکەم بەوەی تاوەکو ئێستە نەدی و بدیانە هەڵسوکەتیان نەکردووە، بەوەی هەر چەند ژمارە و لۆگۆیەکی بۆ بیننە سەر بەرگ، لای منیش دەبێت لۆگۆ، یان ئارم، بۆ گۆڤار و ڕۆژنامە وەک ناسنامەیە، دەبێت لە دوورەوە بناسرێتەوە.

٢. پێشنیاز دەکەم هەموو ژمارەکان، لە ڕووی پانی و درێژییەوە، وەکوو یەک بن، جاران من (ڕۆژنامەنووس)م بناردبایە چاپخانە، ژمارەیەکی کۆنم لەگەڵ دەنارد، تا بە هەمان قەبارە بیبڕن.

٣. بە داخەوە زۆربەی ئەو وێنانەی لە گۆڤارەکەدا بڵاو دەکرێنەوە زۆر کرچ و کاڵ و بی نموودن. پێشنیاز دەکەم لەم لایەنەوە زیاتر بایەخی پێ بدرێت، خۆ ئەگەر پرس بە یەکێکی وەکوو (عوسمان پیرداود) بکرێت، دڵنیام زۆر بە ئاسانی ئەم گرفتەش چارەسەر دەبێت.

٤. ئەوەی تێبینیم کردووە، زۆر جار ئەو وێنانەی دەکەونە لێواری دەرەوی گۆڤارەکە، لە کاتی بڕین، بەشێکیان دەکەوێتە بەر دەمی مەقەست، خۆ ئەگەر یەکێکی وەکو من بیەوێت جزوبەندیان بکات ئەوەندەی دیکەی بە بەرەوە دەچێت، بنەبڕکردنی ئەو گرفتەش زۆر ئاسانە.

٥. من دەستخۆشی لە (ئاسۆ حەسەن ئەحمەد)ی نەخشەساز دەکەم بۆ ئەو هەموو ماندووبوونەی و کارە جوانەکانی لەنێو ئەم گۆڤارەدا، بەڵام هەندێک بنەمای کاری ڕۆژنامەوانی هەن، لە هەموو لایەکی جیهان هەمووان پێیەوە پابەندن، هونەری (سەرفەقەرە) یەکێکە لەو بنەمایانە، بەم دواییە دەبینم ئەمە لەم گۆڤارە و چەند کتێبێک فەرامۆش کراوە، ئەوەیان پەیوەندی بە جوانیی و هونەری ڕۆژنامەوانی و جووڵەی چاوەوە هەیە، هەقە لە (دیوان) ئەو هەقە لە خوێنەر زەوت نەکرێت.

عەبدوڵڵا زەنگەنە